# هەل و هەڵدێرگە

گەشتێك بە ناخی مێژووی خۆکوژی کوردان دا

حاتەم مەنبەری

ناوی کتێب: هەل و هەڵدێرگە
ناوی نووسەر: حاتەم مەنبەری
دیزاین و بەرگ:  ئارتین رۆژهەلاتی
چاپی: یەکەم ٢٠١٨
چاپخانەی:
تیراژ:
مافی چاپ © پارێزراوە بۆ نووسەری  کتێبەکە

حاتەم مەنبەری

# هەل و هەڵدێرگە

گەشتێك بە ناخی مێژووی خۆكوژی كوردان دا

ستۆكهۆلم - 2018

«ئەو نەتەوەی مێژووی خۆی لە بیر نەمێنی،
مەحکوومە بە دووپاتکردنەوەی››

# پێرست


پێشەکی ........ ٧
گەشتێک بە ناخی مێژووی یەکترکوشتنی کورداندا ........... ٩
تەپڵی شەڕ لێ مەدەن، «س.... تان» ببەستنەوە ............ ٣٥
پەیمانێکی ستراتیژیک لە نێوان پ.د.ک و پ.ک.ک دا ....... ٣٩
با هەوڵی سارێشکردنی برینەکانمان بدەین ........ ٤٣
ڕێز لە یەکگرتن، هونەرێک کە ئێمە هێشتا فێری نەبووین ....... ٥١
حیزبەکانمان بکوتین بەڵام وردیان نەکەی ........ ٥٥
زیانەکانی یەکتر قبوڵنەکرد، ئەزموونی خومان و ........ ٥٩
لە پەیمانی سایکس- پیکۆ، تا کۆبوونەوەکانی ژنێڤی ٢٠١٧ ... ٦٥
بارزانی و «ئەوانی دیکە» ........ ٨٥
پێش ڕێفورم بەخۆداچوونەوە پیویستە ........ ١٠٧
سووتاندنی ئاواییەکانی نیەر و تەنگیسەر ........ ١١٥
کتێبەکانی ئێوە ........ ١٢٩
چۆن موستەفا کەماڵ بوو بە باوکی تورکان؟ ........ ١٣٣
کاتێک تورکان شاری سمیرنایان (ئیزمیری ئیستا) سووتاند ..... ١٥٧

سێ گۆشەی شوومی ئێران، تورکیە و عەرەبستان ............ ١٦٥
باشووری کوردستان، دیموکراتیک، دیکتاتۆری .............. ١٨٩
کورد و هاوسییەکانی ................................ ١٩٧
هەلێکی زێڕینیتر بۆ کوردلەرێ دایە ........................ ٢٠٧
دژمنانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ....................... ٢١٣
گێژاوی سیاسەتکردن لە رۆژهەڵاتی کوردستان و .............. ٢١٩
رابوردووی لێڵ داهاتووی لێڵتری لە دوایە .................... ٢٢٧

# پێشەکی

ئەم نامیلکەیەی بەردەستت کۆمەڵێک بابەتی رەنگاورەنگن و من بە بۆنە و لە سەر ڕووداوگەلێکی جیاواز نووسیومن. چوونکە تێما و نێوەرۆکی گشت بابەتەکان لە سەر ئەو دەرفەت و مەترسیانەیە کە پێشتر، ئیستا و بگرە تاهاتووش رووبەڕووی بزووتنەوەی کوردستان ئەبنەوە، ناوم لێ ناون «هەل و هەڵدێرگە».

مەبەستم لە هەل ئەو بارودۆخەیە کە گەلێک جار و بە کۆمەڵێک هۆی جیاواز هاتووەتە پێش و لە ئاکامیدا داگیرکەرانی کورد لاواز، ناساز، دژ بە یەک و نەیانتوانیوە، یان ناتوانن پێکەوە پیلانی هاوبەش لە دژمان پێش بخەن. هاوکات دەرفەتێکیش بۆ پەلوباڵ وەشاندنی کورد وەک نەتەوە و رێکخستنەکانی وەک پێشەنگی گەل خولقاوە. دەرفەتگەلێک کە ئەبوایا بە باشترین شێوەی مومکین لە قازانجی رزگاربوونمان بە کار هاتبا و هەنگاوێک لە سەرکەوتن مەنزڵگەیەک لە ژینی دیلیی دووری خستباینەوە.

هەروەها لە هێنانی وشەی هەڵدێرگەیش مەبەستمە بێژم کە، ناکۆکیی، ناپاکیی، خیانەت و شەڕی یەکترکردن بەرو هەڵدێران و کەوتنێکی دیکەمان ئەبات، وەک چۆن مێژوومان لەم بارەوە پڕە لە نموونەی تاڵ.

چوونکە هێشتاکەیش ئێمە نەتەوەیەکی ژێردەستە و داگیرکراوین، هاوکات ئەو هەل و مەترسییانەش باسم کردوون لە جێگای خۆیاندان، رەنگە خوێندنەوەی ئەم بابەتانەی منیش هێشتا وەختیان بە سەر نەچووبێت و تۆ، خوێنەری هێژا بتوانیت چتێکیان لێ هەڵکڕێنی.

٢٠١٨/١/٩

# ١

# گەشتێک بە ناخی مێژووی یەکترکوشتنی کورداندا

# گەشتێک بە ناخی مێژووی یەکترکوشتنی کورداندا

## هۆیەکان، بیانووەکا، جنێوەکان، تۆمەتەکان و ئاکامی هەمووشیان

ئەگەر تۆ، وەک دڵسۆزێکی راستەقینەی نەتەوەی کورد، توانیوتە تاوانباری شەڕی ناوخۆیی کوردان لە ناو هێز و حیزبەکانیدا و، ئەوەیکە بۆچی ئەم شەڕە ئەکات بدۆزیتەوە، ئیتر پیویست ناکات درێژەی ئەم نووسراوەی من بخوێنیتەوە. چوونکە من گەرەکمە پێچەوانەکەیت پێ بێژم. گەرەکمە بێژم کە، ئەوەی ئەم شەڕە دێنێتە بەر دەرگامان، ئەو رێبەرە «خائین» و «بەکرێگیراوەی» کورد نیە کە لە بنی ئەشکەوتێکی تاریک، یان لە هۆتێل و کافەتێریایەکی پایتەختی یەکێک لە دژمنانماندا دادەنیشێ و بە هاوکاریی ئەوان پیلانی ئەم شەڕانە دادەڕێژێ.

نا و بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم نا. ئەوە میتی تورکان، ئیتلاعاتی ئێرانیان و موخابێراتی دوو بەعسە بەدناوەکان نین کە ئەم کارە دەکەن. بەڵکوو بە دەرەجەی یەکەم، ئەو مێشکە پووچ و لە قوڕچەقیوەی من و تۆیە عەقڵێک و فامێک بەرهەم دێنێ کە، حازرە خوی بخنکێنێ!، برا و خوشکی خوی بکوژێ و بێ شەرمانەش ئیدەعای کوردپەروەری و دڵسۆزیی بۆ نیشتمانی دیلی کوردان بکات.

ئەوە من، تۆ و بەشی فرەی بەشدارانی سیاسەتی کوردین کە، هەموو جارێک «بە کەوچکێک ئاو دەکەوینە مەلە» و بە دوو قسەی پووچ و بێ بناغەی بەرپرسێکی نەزان، سەرجەمی حیزب و لایەنێکی دیکەی کوردیمان لێ ئەبێتە دێو و درنج، جاش و خایەن، نیشتمانفرۆش و بەکرێگیراوی

دژمن و، کە رۆژێکیش ناچار گەییشتینە یەک، ئیتر رێگایەک جگە لە یەکتر کوشتنمان بۆ نامێنێتەوە. ئەوە تەنیا ئەم جارە و ئەم شوێنە و ئەم ئاکتۆرانەی رۆژی ئیمڕۆشمان نین کە ئەم تراژێدیانەمان بۆ تۆمار دەکەن، بەڵکوو ئەم کولتوورە سەقەت و ماڵوێرانکەرە بەشێکی تاڵ و پڕئازاری مێژوومانە و، هەر جارەش بێ پەروا دێن و شیتانە دووپات و سەد پاتی ئەکەینەوە!

بڕوا ناکەیت؟

وەرە با پێکەوە گەشتێکی کورتی ناو مێژووی ٥٠ - ٦٠ ساڵەی کورد و سیاسەتە سەقەتەکەی بکەین و کۆی کارەساتەکە بە چاوی خومان ببینین. بێ تا بزانیت  ئەگەر دار و بەردەکانی کوردستانیش لەم ماوەیەدا چەندین جار گۆڕاوبێتن کە حەتمەن گۆڕاون، بەڵام مێشک و عەقڵی ئێمە لەم بارەوە هەر هەمان عەقڵی سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابوردوویە و، ئەگەر گۆڕابێتیش، دڵنیام کە بە باری خراب دا بووە نەک پێچەوانە.

حەز ئەکەم بزانیت کە نە من و نە تۆ ناتوانین رێکەوتێکی روون، بۆ یەکەم شەڕی ناوبەری کوردان دەستنیشان بکەین، چوونکە رەنگە یەکەم رۆژیشمان هەر بە شەڕ و بە یەکترکوشتن دەستی پێ کردبێت! راستییەکەی من خەریکە گومان بکەم کە هابیل و قابیلیش، کورد بووبن دەنا....

ئەوەی مێژووی کوردانی لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە خوێندبێتەوە، حەتمەن بۆشی دەرکەوتووە کە تێکڕای عەشیرەتە کوردەکانی گشت پانتایی کوردستان، «ستراتیژی»خویان لە سەر تێکشکاندنی عەشیرەتەکانی هاوسێ و هاوسنووری خویان داڕشتبوو. بۆ گەییشتن بەم ئامانجە گڵاوەش، دژمن و داگیرکەر نەماوە دەستەودامێنی نەبن وملکەچیی و جاشایەتیی بۆ نەکەن. بە سەدان بەڵگە و سەنەدی جێ بڕوا سەلمێندراوە کە، گشت ئەمارەتەککانی کوردییەکانی سەدەی نۆزەدەمان، لە هەر چوار بەش و قوژبنی کوردستاندا بە دەستی کورد خوی و، بۆ خزمەتی یەکێک لە دژمنەکانمان (رۆم یان

عەجەم) رووخێندراون و هەر ئەم خۆخۆرییەشە کە بناغەی ژێردەستییەکی سەدانساڵەی بۆ دارشتووین.

کارەساتی لەم چەشنە، لە هیچ شوێنێکی دنیا و لە هیچ ملەتێکی دیکەدا بەم هەراوی و بێ سنووریە رووی نەداوە دەنا گەل و نەتەوەیەکی دیکەی هاوشێوەی کورد دەبینرا کە یەکێک لە گەورەترین شاخ و شوێنە سەختەکانی دنیای بە دەستەوە بێت و، شوێنگەی پڕ لە شەرمی «گەورەترین نەتەوەی ژێرکەوتوی جیهانیش» بۆ خوی داگیر بکات. نا، بە دڵنیایەوە هیچ ملەتێکی دیکەی جیهان نیە وەک کورد دوای چوار قەرن خەباتی خوێناویی و پڕئازار، دوای کۆچ و ئەنفال، راونان و قڕکران، تاڵان و توانەوەی بێ ڕوحمانە، هێشتا یەخسیر و وەک کویلەکانی سەردەمی چاخی بەردین دەست و پێی زەنجیر بێ.....

لە گشت ئەم سەردەمە دور، درێژ و تاڵانە دا، گەلێک سەرکردە و بنکردەی هاوکاری دژمن لە ناو کوردان دا دەبینرێن. بەڵام ئامرازی کاولکاری هەر هەموویان ئەو عەقڵە گەنیوەیە کە ئیستاش بۆ من و تۆ بە میرات ماوەتەوە و، من و تویچ وەک گلێنەی چاومان ئەیپارێزین و بە زۆریش لێ دوور ناکەوینەوە.

# سەرەتای شەڕەکان لە قاڵبی حیزب و سیاسەتی «مودێڕن» دا

## باشووری کوردستان

مەلا موستەفای بارزان، دوای شکانی شۆڕشی شێخ مەحموود و لە مەیداندا نەمانی شێخ، بوو بە ڕێبەری ئەو خەڵکە سەربزیوەی کە نەیاندەویست ملکەچی ڕێژیمی تازە و بە زۆر دامەزراوی ئەوکاتی ئێراق بن. ئینگلیزیەکان، کە بنەمای سیاسەتیان لە سەر دابەشکردنی دنیای عەرەب دارڕشتبوو، بە تەواوی هێزیانەوە پشتی دەوڵەتی لەرزۆک و نەزۆکی ئەو دەمی ئێراقیان گرتبوو و دەیانپاراست. مەلا موستەفاش بێ دوودڵی شەڕی لەگەڵ ئەم دەوڵەتەدا ئەکرد بەڵام نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان خێڵ و هۆزە کوردەکاندا و نەبوونی ڕێبەریاتیەکی توانا بۆ ڕێکخستنی ئەم هێزە، هەروەها هاوکاریی بەشێکی بەرچاوی کوردان لەگەڵ دوژمندا، هێزی بەرهەڵستکاری کوردی لە چوارچێوەی خێڵی بارزاندا کورت کردەوە و سەرکوتکردنیشیانی بۆ دژمن هاسان کرد. سەرەنجام بارزانی لە ژێر بۆمبارانی فڕۆکەی بریتانیاییدا کشایەوە بۆ ناوچە سنوورییەکان و لەوێشەوە بۆ ناو قووڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا دوورکەوێتەوە لە زیانی فرەتری هێزەکانی.

گۆڕانی بارودۆخ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قازانجی کوردان، کە ئاکامی لاوازبوون و کشانەوەی هێزی داگیرکەری تاران لە ناوچەی موکوریان بوو، دەرگای بە رووی مەلا موستەفا و عەشیرەتی بارزان دا کردەوە تا روو بکەنە مەهاباد و بەشداریی دامەزرانی کۆماری کوردستان بکەن. بە ئیلهام

وەرگرتن و چاولێکردن لە حیزبی تازە دامەزراوی دیموکراتی کوردستان، بە رێنوێنی شەخسی قازی موحەمەد و پێشەنگایەتی مەلا موستەفا بارزانی حیزبێکیش بۆ باشووری کوردستان دامەزرا و ناوی نرا پارتی دیموکراتی کوردستان.

وەک دیترا بە داخەوە چارەنووسی تاڵی کۆمار بوو بە چارەنووسی بارزانییش، دوای رووخانی قەڵای کۆمار و بڕانی هیوا بە سەرکەوتن، بارزانیش ناچار بوو خوی و بەشێک لە خێڵەکەی روو بکەنە وڵاتی سۆڤیەت و بۆ ماوەیەکی زۆر لەو وڵاتە دا بمێننەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەک، بێ حزوور و رۆڵی بارزانی، درێژەی بە کاری نهێنی خوی دا و کاتێک، لە ساڵی ١٩٥٨دا بارزانی بە حورمەتەوە گەڕێندرایەوە ئێراق، حیزب خاوەنی کۆمەڵێک کادر و ئەندامی چالاک و تێکۆشەر بوو کە جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد لە ناسراوترینیان بوون.

مەلا موستەفا وەک سەرۆکی پارتی دیاری کرایەوە و ژمارەیەک کەسایەتی تریش، لەوانە ئیبرایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی مەکتەبی سیاسییان پێکدێنا. تا ئەو رۆژەی دەسەڵاتدارانی بەغدا پشتیان لە بەڵێنەکانی خویان بۆ مافی کورد نەکردبوو، کەس هەستی بە ناکۆکی لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەی ناو سیاسەتی کوردی نەکردبوو. بەڵام کە شەڕ لە نێوان کورد و بەغدادا بەرپا بوو، کێشەکانی ناو بەرەی کوردیش تەقینەوە، گرژی گەییشتە لووتکە و سەرەنجام مەجالێک بۆ پێکەوەسازان و لەگەڵ یەکدا هەڵکردن نەما و ئەم وەزعەش رۆڵ و کاریگەری نیگاتیڤی خوی لە سەرجەمی بوارەکاندا لە سەر سیاسەت و شۆڕشی کورد نیشاندا.

بەم شێوەیە بوو کە، یەکەم قۆناخ لە شەڕی نێوان دوو باڵ، دەستە، یان حیزبی کوردیدا لە دایک بوو کە هێشتاش سەرهەڵدەدا، دەڕزی، دەمرێ،

بۆگەنی دنیا دادەگرێ و دیسان وەک دێوەزمە لە گۆڕ هەڵدەستێتەوە، بەردەبێتەوە گیانی ئەم بزووتنەوە خوێناوییە کە بڕیارە رۆژێک کورد لە ژێردەستی چوار گورگی هار و دڕەندەی بێ بەزەیی دەربێنێ.

## هۆیەکانی ئەم ناکۆکیانە

دیارە هەردووک لایەنی ئەم ناکۆکیە گەلێک شتیان لە سەر هۆ و سەبەبی ئەم ناکۆکیانەی نێوان مەکتەب سیاسی و مەلا موستەفا بارزانی باسدەکرد، لەوانە:

١- بارزانی تاکڕەوە، گوێ لە قسەی کەس ناگرێ، هیچ حیسابێک بۆ مەکتەبی سیاسی ناکات و تەنیا گەرەکیە ئەو بڕیار بدات و ئێمەش ( مەکتەب سیاسی) بڵین بەڵێ.

٢ - مەکتەبی سیاسی هەر خەریکی قسەی زل و بێ ناوەرۆکن. لە شەڕ و بەرگریدا تەنیا قسەیان هەیە و دەیانەوێ بارزانی بخەنە ژێرباڵی خویان......

## بۆختانەکان

١ - بارزانی عەشایەرە، کۆنەپەرەستە، نەخوێندەوارە، دەستی لەگەڵ دەرەوە تێکەڵ کردووە و نایهەوێ کەس ئاگاداری کارەکانی بێت....

٢ - مەکتەب سیاسی خەریکی ئاژاوەگێڕین، دڵی پێشمەرگە سارد دەکەنەوە، لە ژێرەوە خەریکی پێوەندین لەگەڵ دژمنان و دەیانەوێ کودەتا لە بارزانی بکەن.....

هەڵبەت وەک منالێکیش دەتوانی پێشبینی بکات، ئاکامی ئەم یەکتر پێناسەکردنە کێشایە لای لێدان، گرتن و سەرەنجام شەڕی خوێناویی. مەکتەبی سیاسی بە دەستووری راستەوخۆی بارزانی و کوڕەکانی ( ئیدریس

و مەسعوود) لە گشت ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دەرکران. هەوەڵجار گەییشتنە ژێر دەستی دەوڵەتی شای ئێران و دواتر گەڕانەوە بەغدا لای دەوڵەتی ئێراق ( ماجەرای ساڵی ١٩٦٦) و دەستیان کردە دژمنایەتی بارزانی. هەڵبەت ئەمەش خوی سەرەتای جۆرێک سیاسەتی سەقەتە کە گەلێک جاریتر دووپات کراوەتەوە و زامی قووڵ و زیانی گەورەی لە جەستەی بزووتنەوە خستووە.

## جنێوەکان

مەلا موستەفا هێزی پێشمەرگە، رادیۆ، گۆڤار و رۆژنامەکانی شۆڕشی لە دەست دا بوو. کۆمەڵێک خەڵکی جنێوفرۆشی لەم دەستگایانەدا دانابوون و ئەوەی بە دەمیاندا دەهات، بۆ نەیارانی بارزانی نەیاندەگێڕایەوە. لە ناو ئەم کەسانەدا ژمارەیەک کوردی رۆژهەڵاتی و یەکێکیان هەژاری موکوریانی کە ئەودەم شاعێرێکی کەمناسراوی کورد بوو و هەردووک باڵی بارتی بێ پەردە و پەروا بە ئێرانی ناویان دێنان، لەم دەستگایانە دا کاریان ئەکرد و ئەوەی وشەی سووکی ناو زمانی کوردییان شک ئەبرد، بێ دوودڵیی لە سەر رادیۆ و لە لاپەڕەی بڵاوکراوەکاندا لە دژی باڵی مەکتەب سیاسی بە کاریان دێنان کە جاش تەنیا یەکێکیان بوو.

مامۆستا هەژار و دەستگای تەبلیغی ئەوکاتی بارزانی، بەوەشەوە نەوەستان و شابەرهەمی بەنرخی ئیبراهیم ئەحمەد، واتا شێعری بەرزی «شیرین بەهارەشیان» دایە بەر هێرش، وەک گاڵتە لە سەر رادیۆ و لە رۆژنامەدا بڵاویان ئەکردەوە و دانەرەکەشیان بە شێوەیەکی بێ حورمەتانە بە «بلەی ئەحە رەش» ناو دێنا.

دیارە باڵی مەکتەب سیاسیش لەم بارەوە بێ کار دانەدەنشتن و ئەوەی

نەشیاوە بۆ بارزانی و شۆڕشەکەی بە کاریان دێنا و عەشایەری پیاوی زایونی تەنیا یەکێک لە جنێوە ئاساییەکانیان بوو.

ئەم شەڕە چەپەڵەی ناو ماڵی کورد، بوو بە یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی بە لارێداچوونی سەرجەمی شۆڕشەکە و دواتر دیتمان بە چە شێوەیەکی کارەساتبار هەرەسی هێنا. هەروەها بوو بە بنەما بۆ دابەشبوونی کۆمەڵگەی باشووریش بۆ ((جەلالیی)) و ((مەلایی)) و هێشتاش دوای تێپەڕینی دەیانساڵ و چەندین قۆناخی جیاواز، بڕیارە چارەنووسسازەکانی باشووری کوردستان لە سەر ئەم بنەما ماڵوێرانکەرە ئەدرێن. لە ژێر سێبەری ئەم شەڕە گەورەیەی نێوان باڵەکانی باشووریش دا بوو کە، شۆڕشگێڕانی ئەودەمی رۆژهەڵات، کە لە ژێر چەتری حیزبی دیمۆکراتدا کۆببوونەوە، بە سەر دوو بەرەی شومی ئەم کاولکارییەدا دابەشبوون. عەبدوڵای ئیسحاقی سکێرتێری ئەوکاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هاوبیرانی بوونە ئامرازی دەستی مەلاموستەفا، بۆ مەبەستی تایبەت بە کاری هێنان و کە کاریشیان تەواو بوو، بە هاسانی بارزانی پشتی تێ کردن و بوونە قوربانی کۆمەڵێک پیلانی چەپەڵ کە هێشتاش بە روونی کەس وردەکارییەکانی نازانێ. بەڵێ بە ڕاستی هیچ کەسێک بە وردی نازانێ کە ئەحمەد تەوفیق لە کوێ، چۆن، لە سەر چی و لە لایان کێیەوە کوژرا. تەنانەت گۆڕ و گڵکۆیەکێشی نیە تا بنەماڵە و خزمانی بچن سەردانی بکەن و لەمەش تاڵتر، ناو و وێنەیەکی لە ناو لیستی شەهیدانی هیچ کەس، لەوانە ئەو حیزبەی کە دە ساڵ سکێرتێری بوو نیە.

دەستەی دووهەمیشیان کە سولێمانی موعینی دیارترینیان بوو، لە بەر بێدەنگنەبوون و ملکەچنەکردن بۆ بارزانی، لە لایان رێبەرانی ((شۆڕشەوە)) راونران، گیران، ئێعدام کران و تەحویلی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانیش درانەوە کە ئەویش خوی جۆرێک شەڕی کوردکوشتن بوو.

( بۆ خوێندنەوەی زۆرتر لەم بارەوە، کتێبی چل ساڵ خەبات نووسینی

شاد ڕەوان د قاسملوو، بیرەوەریی ئەندامانی ئەودەمی حیزبی دیمپکرات لەوانە، عەبدوڵا حەسەنزادە، جەلیل گادانی، کەریم حیسامی، ئەمیری قازی، سەعید کوێستانی، موحەمەد خزری، مەلا ڕەسووڵ پێشنماز و... سەرچاوەی باشن)

دوای ئاشبەتاڵی بارزانی و دامرکانەوەی شۆڕش لە باشوور، بەشێک لە ڕێبەرانی باڵی مەکتەب سیاسی و نەسڵێکی تازە لە خەباتکارانی کورد، حیزبێکی نوێیان بە ناوی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان پێکهێنا و بە فیداکارییەکی بێ وێنەوە ئاگری شۆڕشیان لە نێو سووتمانەکانی تەسلیمبووندا بەرپا کـردەوە. باڵی نەیاریش، دوای بیستنی دەنگۆی سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، لە چوارچێوەی () قیادەی مەوەقەت () دا گەڕایەوە باشوور و زۆری نەبرد هەردووک هێز تووشی تێکهەڵپرژان و شەڕ بوونەوە.

کۆمەڵێک وردەشەڕ و، هەوڵێکی زۆر بۆ بەدناوکردنی یەکتر، سەرەنجام کارەساتی حەکاری ١٩٧٨ ی لێ قەوما کە بە قسەی زۆربەی مێژوونووسانی کورد و بیانی، گەورەترین کارەساتی تا ئەوکاتی شەڕی ناوبەری کوردان بوو.

لە کارەساتی حەکاری دا پاسگا و بنکە سنوورییەکانی ئێران و تورکیە چالاکانە هاوکاری قیادەی مەوەقەتیان لە کوشتاری پێشمەرگەکانی یەکیەتی دا کرد و، بەشێک لە عەشیرەتەکانی باکووریش، کە جاشی تورکیە و دوستی بنەماڵەی بارزانی بوون، ڕۆڵی سەرەکی و ڕاستەوخۆیان لە کۆمەلکوژکردنی ئەو هێزە چالاک، گەنج و فیداکارەی ئەو دەمی کورد دا هەبوو.

ئەم ڕوداوە بە کردەوە پشتی یەکیەتی و ڕیبەرانی ئەودەمی بزووتنەوەی باشووری شکاند و تا ئاستانەی لێکبڵاوبوون لاوازی کردن. بەڵام رووخانی ڕێژیمی شا، لە ساڵی ١٩٧٩ دا وەزعەکەی بە قازانجی یەکیەتی سەد و هەشتا دەرەجە گۆڕی و دوای نەمانی دەسەڵاتی تاران بە سەر سنوورەکانی باشوور

و رۆژهەڵات دا، بە کردەوە یەکیەتی لە خانەقینەوە تا قەندیل و حاجی ئومەران مەیدانی هەڵسووڕان و مانۆری سیاسی سەربازی بۆ کرایەوە.

تێکچوونی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانیش، دوای رووداوەکانی ١٣٤٦-٤٧ و ئێعدامی سولێمانی موعینی لە لایەن بارزانییەوە کە لە لای تێکڕای رێبەرانی ئەودەمی رۆژهەڵات، بە خیانەتی نیشتمانی مالی بارزانی ناو دەبرا و رێبەرانی حیزب بە هەراوی باسیان لە سەر ئەکرد، دیسان لە بەرژەوەندی یەکیەتی وەرچەرخا و ئەم وەرچەرخانەش خوی بناغەی دۆستایەتییەکی قووڵ و پتەوی لە نێوانیان دا، بە تایبەتی لە نێوان شەخسی مام جەلال و دوکتور قاسملوو دا خوش کرد.

لەم رۆژانە و لە ژێر کارتێکەری ئەم فەزایە دا بوو کە هەردووک نامیلکەی (خیانەتەوەکانی قیادەی مەوەقەت بە نەتەوەی کورد و، خودفروختەگان کرد بە ساوک) لە لایان حیزبی دیمۆکراتەوە لە دژی ماڵی بارزانی و قیادە مەوەقەت بڵاوکرایەوە کە زیانێکی گەورەی بە ئێعتباری قیادە لە ناو رۆژهەڵاتی کوردساندا گەیاند.

دیارە ئەو رێکخستنە تازەیەش کە لەگەڵ رووخانی رێژیمی شا دا بوونی خوی بە شێوەیەکی بەرین و هەراو نیشانی خەڵک دا و ناوی نرا «کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران» ، لە مێژ بوو پێوەندی لەگەڵ یەکیەتی دا هەبوو. تەنانەت دوو کەس لە کادرە دیارەکانی ( دوکتور جافر شەفێعی و ساعد وەتەن دۆست) بە ساڵان لای ئەوان کار و خزمەتیان ئەکرد و یەکێکیان وەک دوکتورێکی دڵسۆز، دڵی خەڵکی باشوور و سەرنجی رێبەرانی ئەو کاتی یەکیەتی بۆ لای خوی راکێشا بوو. شێعری بەرزی «دە لالۆی» شێرکۆ بێکەس بۆ دوکتور جافری شەفێعی هەڵقوڵاوی ئەم سەردەمەیە.

ئەم رووداوانەی سەرەوە گشتیان لە زیانی قیادەی مەوەقەت و بنەماڵەی

بارزانی بوون و بە تەواوی لە ناو بزووتنەوەی ئەو دەمی کوردی هەرچوار بەشی کوردستان دا تاک و تەریک کەوتبوونەوە. لەم دۆخە نالەبارەدا، تەنیا هیوایەک کە بتوانێ ئەم وەزعە لە نەفعی ئەوان، (بارزانییەکان) بگۆڕێ، سەرنەگرتنی ئەو دانوساندنە لەرزۆکە بوو کە لە نێوان کورد و دەوڵەتی تاراندا لە ئارادا بوو. لە ئەگەری تێکچوونی ئەم هەوڵانەدا، فرسەتێک بۆ پشتیوانی تاران لە قیادە و کوڕەکانی بارزانی دەهاتە پێش تا وەک ئامرازێک لە دژی هێزە کوردییەکان بە کاریان بێنێ کە راست وای لێ دەرچوو.

پێشتر نوێنەرانی کوردی رۆژهەڵات، کە دوکتور قاسملوو و کاک فوادیشی تێدا بوون، بە ئاشکرا و لە یەکێک لە خاڵەکاندا وەک داوای خویان لە تاران، خوازیاری دەرکرانی قیادە لە ئێران و سەد ئەڵبەتە لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش بوون. ئەم داوایە کە لە خاڵی هەشتەمی داواکانی کورد دا گونجێنرابوو، دواتر گەلێک باس و قسەی لێ کەوتەوە و کەم کەس خوی بە خاوەنی ئەکرد، بەڵام هیچی لە راستییەکانی ئەودەم نەگۆڕی.

گوفتوگۆی کورد و تاران بە ئاکام نەگەییشت. سێناریۆی دەرهێنانی تەرمی مەلا موستەفا بارزانی و، تاوانبارکردنی حیزبی دیموکرات و شەخسی دوکتور قاسملوو بەو تاوانە نائینسانیە، ئەو بیانووە تازەیە بوو کە بۆ کردنەوەی بەرەیەکی تری شەڕی یەکترکوشتنی کوردان، ئامادە و کاری وردی بۆ دەکرا کە هەردووک کوڕی مەلا موستەفا، واتا ئیدریس و مەسعوود رۆڵی فرە نیگاتیڤیان تیدا گێڕا. ئەم کارە دزێوە، کە لە مێژووی کورداندا وێنەی نەبینرا بوو، ( هەڵدانەوە و دەرهێنانی گۆڕی یەکێک لە رێبەرانی کورد بە دەستی کورد خۆی) وەک تۆپ دەنگی دایەوە و سەرەڕای هاواری حیزبی دیموکرات و دوکتور قاسملوو، کە ئەوان دوور و نزیک بچووکترین رۆڵیان لەو تاوانەدا نەبووە، ماڵی بارزانی لە تەبلیغات و سازکردنی فەزای شەڕ رانەوەستان و بە کردەوە بوونە بەشێک لە سپای دەوڵەتی تاران لە دژی

هەردووک هێزی ئەودەمی رۆژهەڵات، واتا حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە.

ڕێژیم سەرەتا هێرشی تەبلیغاتی و، دواتر پەلاماری سەربازی کردە سەر کوردستان. لە پاوە و کامیارانەوە تا ورمێ و سەڵماز بوو بە مەیدانی شەڕێکی خوێناوی لە نێوان ڕێژیم و خەڵکی کوردستان دا. بەرگریکارانی کورد لەو سەردەمە دا ڕێکخراوی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات بوون کە سەرەڕای نەبوونی ئەزموون و چەک و ئیمکاناتی پیویستیش، شانیان دایە بەر ئەرکی بەرگری و لە هەمبەر داگیرکەری ئێرانی راوەستان.

یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە چەندین شوێن بە ئاشکرا و، لە هەموو شوێنێکیش بە نهێنی، هاوکاریی و پشتیوانیی بێ دریغی پێشمەرگەی هەردووک حیزبی رۆژهەڵاتی لە دژی تاران دەکرد. پێچەوانەی ئەمە، ڕێبەرانی قیادە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران ڕێککەوتن. هێزەکانی قیادەی مەوەقەت بە کردەوە بەشداری شەڕی تاران لە دژی هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیان کردە سیاسەتی رەسمی و ئاشکرا و بێ پەردە لاپەڕەیەکی نوێ، بەڵام پڕتراژیکیان لە مێژووی شەڕی خۆکوژیدا کردەوە.

ئەم شەڕەی نێوان قیادە و کوردی رۆژهەڵات گەلێک زیانی گەورەی لێ کەوتەوە و چەندین کادر و ڕێبەری ناسراوی حیزبی دیموکراتیشی تێ دا لە دەست چوون. شەڕ سەرەتا بە شێوەیەکی بەرین و، دواتر بە شێوەی تاک و تەرا، تا کۆتاییەکانی دەیەی شەستی هەتاوی بەردەوام بوو. بەڵام لەگەڵ بەرتەسکبوونەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی کورد و، هاوکات لەگەڵ کرانەوەی بەرەیەکی تری شەڕی خۆکوژی لە رۆژهەڵات لە نێوان کۆمەڵە وحیزبی دیموکرات دا، شەڕی قیادە مەوەقەت کەم - کەم بووبە شەڕێکی لاوەکی و سەرەنجام بێ ئەوە هیچ باس و قسەیەکی لێ بکرێ و ئاشتییەک بێتە سەر کاغەز، لە بیری گشتمان برایەوە و ڕێبەران دەستیان

کردەوە ملی یەک و بوونەوە «برا».

لە بەرەی باشوور ئاشی یەکترهاڕینی نێوان یەکیەتی و پارتی (دواتر لە قیادەی مەوەقەتەوە گۆڕدرانەوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان) هەر وا بەردەوام بوو. بە تایبەتی کاتێک لە ساڵی ١٩٨٣-٨٤ دا دوکتور قاسملوو بوو بە نێوانگری دەوڵەتی ئێراق و یەکیەتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد، جارێکی تر پارتی دیموکرات ماشینی ئەدەبیاتە کۆنەکەی هەڵکردەوە و مام جەلال و یەکیەتی بەجاش و خائێن تاوانبار کردنەوە. دیارە هیچ جیاوازییەکێشی لەم بارەوە لە نێوان حیزبی دیموکرات و یەکیەتی دا دانەدەنا و «عادڵانە» هەردووکیانی جنێو و تۆمەتباران ئەکردن.

رادیۆ و تەبلیغاتی ئەو دەمی پارتی، وک سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و بگرە بێ تامتریش، رۆژانە هاواری ئەکرد:

دەی باشە، باشە، باشە. مام جەلال دیسان ج.....

بژی دوکتور قاسملوو. مام جەلالت دا بە.......

لە سەراسەری ئەم ماوە درێژ و پڕژانەدا ( لە ١٩٦٤ - ١٩٨٧) هاوار و داوای هیچ کوردێک و هیچ دڵسۆزێکی ئەم نیشتمانە خوێناویە نەگەییشتە لای ئەم دوو هێزەی کورد و، باسی ئاشتیکردن لەگەڵیان سەد قات سەختتر بوو لە باسی شەڕ و خوێنڕشتن. بەڵام دیتمان سەرەنجام لە سەر دەستی دوو پاسداری بێ ناو و نیشانی قەرارگەی رەمەزان، مام جەلال و کاک ئیدریس بارزانی لە هۆتێلێک و بە بەشداری نوێنەرانی دەوڵەتی تاران، ماچی یەکترینیان کرد و بە رواڵەت « ئاشتبوونە». هەڵبەت تەنیا بە ڕواڵەت دەنا بە کردەوە ئەو خەرواره رق و قینەی کە لە ساڵی ١٩٦٤ ەوە لە دەروونیاندا کەڵەکە ببوو، لە «چەندین کارتۆندا» پێچایانەوە و هەر کەسە بەشی خوی هێنایەوە ماڵ تا لە ئارشیڤی حیزبی خویدا ئەنباری کات و هەرکە کاتی پیویستی هاتەوە، لاپەڕە بە لاپەڕە هەڵیانداتەوە و وەستایانە بیکاتەوە بناغەی

شەڕێکی دیکەی خۆکوشتن.

هەڵبەت ئەبێت دەستنیشان بکرێ کە ئەم ئاشتبوونەوە کاتییەی نێوان یەکیەتی و پارتی دوو ئاکامی جیاوازی لێ کەوتەوە:

یەکەم بوو بە هۆوی ئەوە هەردووک حیزب بکەونە رەقابەتێکی خراب و زیانبار کە کامیان فرەتر و ((دڵسۆزانەتر)) خزمەتی داگیرکەری ئێرانیی دەکات و لەم رێگایەدا هەردووکیان بوونە پێشقەرەوڵی سپای دژمن بۆ ناو قووڵایی خاکی باشوور و بێ هیچ شک و گومانێک خنکانی هەڵەبجە لە ئاکامی ئەم سیاسەتە سەقەتەوە هاتە بەرهەم.

بەڵام دیوەکەی دیکەی، هیچ نەبێ ئەو قازانجەی هەبوو کە یەکتر کوشتن بۆ ماوەیەک نەما، ئەم لێکنزیکبوونەوەیە بوو بە بنەمایەکی باشیش بۆ درووستکردنی ئەوەی لە مێژووی کورد دا پێ ئەوترێ بەرەی کوردستانیی کە لە هەل و مەرجێکی چارەنووسسازدا رۆڵێکی گرانقەدری لە یەکخستنی هێز و هەڵویستی باشووری کوردستان دا گێڕا.

لە دوای کارەساتی حەکاری تا ئەم ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکیەتی، دەیان شەڕی ورد و نیوە گەورەی دیکەش لە نێوان یەکیەتی و حسک، یەکیەتی و شێوعی و پارتی و ئەوانی دیکە دا روویاندا. کارەساتبارترینی ئەم شەڕەانە هێرشی یەکیەتی نیشتمانی بوو بۆ سەر بنکەکانی حیزبی شیوعی لە پشتئاشان کە کوشتارێکی بێ روحمانەی پێشمەرگەکانی شیوعی لێ کەوتەوە. دیارە باسکردنی وردی ئەم شەڕانە لە تاقەت و حەوسەلەی ئەم بابەتە کورت و کرۆنولیژیکەی من دا نیە و کەسانێک گەرەکیانبێت لەم باروە زانیاری زیاتر بزانن، ئەتوانن کتێبەکانی نەوشیروان موستەفا، بە تابەتی لە بناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، بیرەوەرییەکانی فاتێح رەسووڵ ئەندامی ک. ن. حیزبی شیوعی، بیرەوەرییە بەنرخەکانی پشکۆ نەجمەدی و کتێبە زل و قەبەکەی کاک حەمەی حاجی مەحموود بخوێنێتەوە......

هەر وەک چۆن راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ی باشووری کوردستان خەونێکی گەورە بوو هاتە دی، کۆڕەوە میلیونەکەی دوای ئەویش مەرگەسات و ماڵوێرانییەکی گەورە بوو کە کەس بیری لێ نەکربوەوە رۆژێک روودەدا. لە هەردووکی ئەم رۆژە شیرین و تاڵانە دا کوردی باشوور و دوو حیزبە سەرەکییەکەی هاودەنگ و هاوکار بوون. ئەمەش لە مێژووی کورد دا بەرز نرخێندراوە و ئەبوا مایەی لێ فێربوون بێت بۆ هەموو لایەک بەڵام...

پشتگری ناونەتەوەیی، دیاریکردنی سنوورێک بۆ دەستدرێژییەکانی سەدام حوسەین و کێشانی هێڵی ٣٦ دەرەجـە وەک (( شاری ئەمن)) بۆ کوردانی باشوور، بوو بە بنەمای ئەوەی ئیستا لە باشوور پێ دەوترێ دەسکەوتەکانی کورد کە ئەگەر بەڵای یەکترکوشتن نەبوایا، لە مێژبوو ئەبووە بنەما بۆ دامەزرانی دەوڵەتێکی شیاوی پشتیوانی خەڵکی هەرچوارپارچەی کوردستان.

## باکووری کوردستان

بەشی فرەی راپەڕینەکانی سەدەی نۆزدە و بیستی کورد لە باکووری کوردستان روویان داوە و رێبەر و پێشەنگی زۆربەی بزووتنەوەکانیش پیاوانی ئاینیی، یان دەرەبەگ و خانەدان بوون. شۆڕشی ئارارات هێندێک جیاوازترە و جگە لە کۆمەڵێک سەرۆکخێڵ و شێخ، ژێنراڵێکی خوێندەواری وەک ئێحسان نووریش رۆڵی پێشەنگایەتی ئەم شۆڕشەی لە دەست بوو کە هەردەم ئەبێت تایبەتیتر خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ.

لە ناوەڕاستەکانی دەیەی هەشتای سەدەی بیستەوە، حیزب و هێزێکی دیکە لە باکووری کوردستان هاتە مەیدان و رۆژ بە رۆژیش پەرەی سەند. ئەم هێزە تازەیە کۆمەڵێک جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ ئەوانەی پێش خوی، تەنانەت

شۆڕشی ئاراراتیشدا هەبوون بۆ نموونە:

١ - سەرجەمی ڕێبەرەکانی، بە دامەزرێنەرەکەشیەوە نەناسراو و لە بنەماڵەی هەژارانی کوردستان بوون. ئەم دیاردەیەش جۆرێک حەساسیەتی لای سیاسیکارانی ئەودەمی کورد، لە ئاستی ڕێبەریی حیزبەکان دا سازکردبوو کە خویان بە زۆری کوڕە شێخ، مەلا، دەرەبەگ و دەسترویشتووی ناو کۆمەڵگا بوون.

٢ - ئەم حیزبە هاوکات لەگەڵ چەپبوونیدا، درۆشمی کوردستانی سەربەخۆشی بەرز کردبوویەوە و بۆ یەکەم جار لە مێژووی سیاسەتی کوردی دا دەستەواژەی باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و باشووری بچووکی هێنایە ناو ئەدەبیاتی کوردیەوە.

٣ - پارتی ناوبراو لە سەر ئەم ڕوانینە فیکرییەی حیسابێکی بۆ سنوور و حاکمیەتی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان نەدەکرد و سەرجەمی حیزبەکانی پارچەکانی دیکەشی بە توندی ڕەخنە دەکردن کە ((پاشڤەڕۆ و پارچەگەران)).

پێش دامەزرانی حکوومەت و پارلەمانی باشووری کوردستان هیچ جۆرە شەڕێک لە نێوان پ.ک.ک و هێزەکانی باشووردا نەهاتبووە ئاراوە. بە پێچەوانەکەی دوو کەس لە ئەندامانی ڕێبەری پ.ک.ک (موحەمەد قەرەسونگەر و ئیبراهیم بێلگین) لە ناوبژوانی نێوان یەکیەتی و حیزبی شیۆعی دا گیانیان لە دەست دابوو.(نۆشێروان موستەفا لە شوێنێکی کتێبەکەیدا ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە و زۆر بێ بایەخ باسی بوون و تەنانەت کوژرانی ئەو دوو کادرەی پ.ک.ک دەکات) نێوانی پ.ک.ک و پارتی دیموکراتیش گەرم و تەنانەت گەلێکجار هاوکاریی یەکترینیشیان ئەکرد و دانشتنی ڕەسمی لە نێوان عەبدوڵا ئۆجەلان و هەردووک ئیدریس و مەسعوود بارزانیدا هاتبوونە ئاراوە.

بەڵام پارتی کرێکارانی کوردستان، لە سەر بنەمای ئەو سیاسەتە جیاوازەی هەیبوو بە هۆی حەساسیەتی رکەبەرەکانیانەوە، لەگەڵ زۆربەی ئەو حیزب و هێزانەی کە لە باکوور کاریان دەکرد و دۆست و هاوپەیمانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، تووشی شەڕ بوون و زۆر جاران لە یەکتریشیان کوشت. روانگەی توند و ناسازگاری پ.ک.ک رێگایەکی بۆ دیالۆگ لەگەڵ بیری خێڵەکی حیزبەکانی دیکە نەدەهێشتەوە و سەرەنجام بە زەبری چەک تێکڕایانی لە مەیدانی سیاسەتی باکووری کوردستاندا دەرپەڕاند.

لە سەردەمی دامەزرانی حکوومەتی باشووردا، چاوەڕوانی و داوای ئاشکرای هێزەکانی باشوور لە پ.ک.ک و گشت حێزبی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەوە بوو کە، پشتگیری و هاوکاریی ئەوان بکەن و تەنانەت خوازیاری راگرتنی شەڕ و تێکەڵچوون لەگەڵ دەوڵەتانی ئێران و تورکیە بوون. حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەو دەم دوو بەش بوو. یەکیان لە قەندیل و ئەوی دیکەیان لە دۆڵێک لە ناوچەی رانیە. هەردوو باڵی ئەم حیزبە، خاوەن هێز و فێرە خەبات، بە ساڵان سنووریان بۆ گەڕانەوەی ناو خەڵکی خویان بە کار هێنابوو. بەڵام وەزعی تازە، ئەژنۆی گەلێک کەسیانی شل و مەیلی گەڕانەوەی بۆ ناوەوەی کوردستانی کەم کردبوو. کۆمەڵەش هەر وەتر بەڵام لەم دۆخە تایبەتییە دا ئەوان لە وەزعێکی نالەباری تەشکیلاتی و لە حاڵی ئینشعابێکی پشتشکێن دا بوون. بە ئاشکرا و بە لێشاو پێشمەرگە و ئەندامانیان دادەنشتن و بە نیازی رویشتن بۆ ئورووپا رێزی کۆمەڵەیان بە جێ دەهێشت.

ئەم دوو لایەنە (دیموکرات و کۆمەڵە) دوای تۆزێک ملەجێڕێ و دانووساندن لەگەڵ رێبەرانی یەکیەتی (زۆربەی بنکە و بارەگاکانیان لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی یەکیەتیدا بوون) سەرەنجام داخوازیەکانی باشووریان

قبووڵ کرد و لە زڕگوێز و کۆیە گیرسانەوە کە تا کاتی نووسینی ئەم بابەتەش ( مانگی یازدەی ٢٠١٧) لەوێن. کۆمەڵە و دیموکرات ئەم هنگاوەیان، ( لانی کەم لە تەبلیغاتیاندا وای باسدەکەن) بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی باشوور هەڵگرتووە. بەڵام باشوور و بە تایبەتی لایەنی یەکیەتی لە بەرانبەر ئەم دڵسۆزییەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتدا کەمترین وەفاداری و بەرپرسایەتی لە خوی نیشان داوە. کۆڵێک بەڵگە لە بەر دەستدان کە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەوان و گەلێک جاریش راستەوخۆ بە دەستی خویان ( بۆ نموونە لە سەیتەرەی کۆیە) سەدان پێشمەرگە و ئەندامی ئەم دوو حیزبەی رۆژهەڵات تێرۆر کران وتا ئەو جێگایە من بزانم هیچ کەسێکیشیان لە سەر نەدراوەتە دادگا کە تاوانباری راستەوخۆی کوشتنەکانە.

بەڵام پ.ک.ک لە یەکەم رۆژەوە نەچووە ژێر ئەم بارەوە و بێ گوێدانە داوای هێزەکانی باشوور درێژەی بە مانەوە و بەردەوامی شەڕەکانی لە سنوورەکانی باشوورەوە بۆ سەر سپای تورک دا. تورکیە فشاری خستە سەر لایەنەکانی باشوور و سەرەنجام پارلەمانی ئەودەمی ( کۆتاییەکانی ١٩٩٢) باشووری کوردستان، بە تێکڕای دەنگ بڕیاری دەرکردن و لە ئاکامدا شەڕێ لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان دەرکرد.

شەڕێکی خوێناوی گەلێک زیانبار هاتە ئاراوە. سپا و ئاژەنەکانی تورک بە ئاشکرا لەم شەڕەدا بەشدارییان کرد و لاپەڕییەکی پڕ لە شەرمەزاری دیکە لە مێژووی کوردستان دا تۆمار کرا. هەڵبەت هەردوو لایەنی ئەم شەڕە ئەوی تریان وەک خیانەتکار و پیاوی دژمن ناوهێنا. پارتی کرێکاران، پارتی و یەکیەتی بەوە تاوانبار دەکردن کە پیلانی تورکیە جێ بەجێ دەکەن و بەشداری ئاشکرای سپای تورکی لە بەرەی پارتی بە نموونە دێنایەوە. ئەوانەی باشووریش بێ ئەوە بوێرن بێژن کام دژمن، پ.ک.کەیان بە هاوکاری دژمنان تاوانبار دەکرد و ئەیانوت گەرەکیە « ئەزموونی دەوڵەتداری باشوور» تێک

بشکێنێ.

ئەم قۆناخەش بە پاشەکشێ و شکانێکی نیسبی پ.ک.ک تێ پەڕی و ئاشتبوونەوەیەکی کاتی لە نێوان پ.ک.ک و لایەنەکانی باشوور دا هاتە ئاراوە. بەڵام هاوکات دەرگای شەڕی ئەسڵی لە نێوان پارتی و یەکیەتی دا کرایەوە کە بە کردەوە باشووری دابەش کرد و ئیستاش دوای زیاتر لە بیست ساڵ، ئەو دابەشکردنە تەنیا بە قسە و لە سەر قاغەز نەماوە، دەنا پارتی بەشی خوی و یەکیەتیش بەشی خوی لەم وڵاتە دابڕ کردووە و بێ ئیزن و رەزایەتی ئەوان کەس ناتوانێ میترێک زەوی بکرێ یان بفرۆشی. کارەساتی تەسلیمکردنی کەرکووک، ( ١٦- ١١- ٢٠١٧) نموونەی تاڵ و پڕئازاری ئەم دابەشبوونەیە کە گەورەترین شکستی سیاسی و سەربازیی، وەک جامی ژار بە گەرووی برینداری کورداندا کرد..

لە گەرمەی شەڕی نێوان پ.ک.ک و پارتی دیموکراتی کوردستان دا، کۆمەڵێک پێشمەرگەی یەکیەتی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە رێکخستنێکی بچووکی رۆژهەڵاتی کوردستان بوون، چووبوونە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پ.ک.ک، لەگەڵ گریلاکانی ئەواندا تووشی شەڕ بوون و هەموویان کە نزیک بە بیست کەس بوون کوژران. ئەم رووداوە گەلێک لایەنی شاراوەی هەبوون کە هێشتاش بە تەواوی روون نەبوونەتەوە. بۆ نموونە ئەو ئیدەعایانەی هەردووکلا لە سەر هۆ و سەبەبی تتێکەڵچوون و پێکهەڵپڕژانەکەیان.

پارتی کرێکارانی کوردستان یەکیەتی شۆڕشگێڕانی تاوانبار دەکرد کە هێزەکانیان بۆ جاسووسیکردن لە قازانجی پارتی و میتی تورک نێردراونەتە ئەو ناوچەیە و یەکیەتی شۆڕشگێڕانیش وێڕای رەدکردنەوەی ئەم ئیدەعایەی پ.ک.ک، ئەیوت ئەوان بە فیتی ئێتلاعاتی ئێران پێشمەرگەکانی ئێمەیان کۆمەڵکوژ کردوون و دواتر تەرمەکانیان داونەتەوە بە ئێران.

هەر چۆنێک بێت ئەمەش کوردکوشتنێک بوو کە تاوانباری سەرکی تێدا

پ.ک.ک بوو چوونکە بە هۆی ئەوە هێزەکەی یەکیەتی شۆڕشگێران کەم بوون، ئەکرا ئەسیریان بکەن و دواتر بیانئێرنەوە بۆ شوێنی خویان بەڵام، لە بری ئەوە کۆمەڵکوژیان کردن و تەرمەکانیشیان نەدانەوە بە بنەماڵەکانیان.

دواتـر و لە درێـژەی شەڕی ناو خۆیاندا لەگەڵ یەکیەتی، پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پەیمانی چەپەڵی ٣١ ی ئابدا چوو سپا و تانکی سەدام حوسەینی هێنا و هەولێر و تەنانەت سلێمانیشی لە دەستی یەکیەتی دەرهێنا. پارلەمان و حکوومەتی کوردستانی بۆ یەکەمجار پەک خست و بێ ئێعتباری کردن. یەکیەتیش لە بەرانبەردا بە هێنانی سپا و تۆپخانەکانی ئێران وەڵامی پارتی دایەوە، سلێمانی وەرگرتەوە و تا سەر پردەکەی دێگەڵە پارتی پاشەکشێ پێ کرد. دواتر شەڕی پارتی و پ.ک.ک بە جیا دەستی پێ کرد کە شەرم و تاوانی گەورەی کۆمەڵکوژکردنی دەیان کادر و ئەندامی پ کەکەی لە هەولێر بە دەست پارتی لێ کەوتەوە و هێشتاش جێگای جەنازی گیانبەختکردوانی ئەو رووداوە بە بنەماڵەکەیان نەوتراوە. یەکیەتی لەم شەڕەدا پشتی پ.ک.کەی گرت بەڵام فرەی نەبرد دوای ئەمەش شەڕی یەکیەتی و پ.ک.ک، هەڵگیرسا. ئەم شەڕە کە بە هێرشی یەکیەتی بۆ سەر بنکەکانی پ.ک.ک لە قـەرەداخ دەستی پێ کرد، تێدا ژمارەیەکی زۆر گەنجی رۆژهەڵاتی کوژران و بریندار بوون و ئەوانەش کە بە دیل گیران لە لایەن ی.ن.ک وە رادەستی جەلادانی کۆماری ئیسلامی کرانەوە. وەک دیارە ئەم رووداوەش بە نۆبەی خۆی زیانی گەورەی بە هەردووکلا و کوردیش گەیاند کە پێچەوانەکەی ئەبێتە قازانجی دژمن.

دوایین رووداوەکانی شەڕی ناوخۆمان، تێکەڵچوونێکی کورتی نێوان حدکا و هێزەکانی پ.ک.ک بوو لە قەندیل و تێ دا پێشمەرگەیەکی حدکا گیانی بەخت کرد و لە شەنگاڵیش هێزەکانی پارتی، لە پێش چاوی کامێراوە دوو گریلای پ.ک.ک یان کوشتن. بە خوشییەوە لە هەردووک رووداوەدا

زوو پێشی پەرەسەندنی وەزعەکە گیرا و کۆتایی بە شەڕ هات.

هەڵبەت بەشەر ئەگەر مێشکی بڕیاری بۆ بدات لە جێ سۆز و هەست، بە روونی دەبینی کە سەرەنجامی گشت ئەم شەڕانە پەشیمانی، پەشیمانی و دیسان پەشیمانی بوو کە من هەوڵ ئەدەم لە کۆتایی ئەم باسەدا بێمە سەر ئاکامەکان و ئەوەیکە چۆن دەکرا خومان لەم شەڕانە لابدەین.

لە کرۆنۆلۆژی شەڕەناوخۆیەکاندا باسی شەڕی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەم نەکرد. هۆی سەرەکی ئەم کارەش ئەوەیە کە من پێشتر بە درێژی باسی ئەم شەڕەم لە کتێبی (( ئازار و ئەزموون)) دا کردووە و بەشی زۆری بەردەنگانی ئەم باسەم خوێندوویانەتەوە. بەڵام بۆ وە بیرهێنانەوەش بێت دوو رووداوی تاڵی ئەو قۆناخەش بە پیویست دەزانم.

رووداوی یەکەم:

ساڵی ١٣٦٣ هەتاوی ژمارەیکی ٣٠-٤٠ کەسی پێشمەرگەی کۆمەڵە چوون بۆ هەورامان و راست لەو شوێنەدا حیزبی دیموکرات چەندین بنکە و بارەگای هەبوو دامەزران. کۆمەڵە بە هیچ شێوەیەک حازر نەبوون پێش چوونیان بۆ ناوچەکە و ڕێکەوتنی هێزەکەیان، یان تەنانەت دوای گەییشتنەجێ ئەو هێزە، هیچ پرس، راوێژ و دانشتنێک لەگەڵ حیزبی دیموکرات دا، بۆ جێگیربوونیان لەو شوێنەدا بکەن. مەتقێک کە ئەودەم کۆمەڵە پەیڕەوی لێ ئەکرد ئەوە بوو:

ئێمە بۆ هاتوچوو، خەبات و کاری سیاسی، پرس بە هیچ کەس و لایەنێک، بە تایبەتی بە حیزبی دیموکرات ناکەین.

(راست وەک ئەو مەتقەی لە کاتی قەومانی رووداوەکەی قەندیل، کە دیموکرات بێ پرس و ئاگاداریی پ..ک گەڕانەوە ئەو دەڤەرە و ئەیانوت ئێمە بۆ گەڕانەوەی قەندیل و خەباتکردن پرس بە هیچ کەس، بە تایبەتی

پ.ک.ک ناکەین.)

مەتنتقی ئەو دەمی حیزبی دیموکراتیش لە پێوەندی لەگەڵ گەڕانەوەی کۆمەڵەدا بۆ هەورامان بەم شێوەیە بوو:

ئێمە بە ساڵانە پارێزگاری لەم شوێن و جێگایانە دەکەین. ئەگەر هەر کەس و هێزێک بیهەوێ لەم شوێنانەدا هەڵسووڕان و هێزی چەکداری هەبێت، حەتمەن ئەبێت بە هەماهەنگی، هاوکاری و ئاگاداری هێزەکانی ئێمە بێت دەنا، رووداوی ناخوش و نەخوازراوی لی ئەکەوێتەوە.

(راسـت وەک مەنتقی ئەم جـارەی پ.ک.ک لە پێوەندی لەگەڵ گەڕانەوەی دیموکراتدا بۆ قەندیل).

ئاکامی ئەو پێداگرتنەی کۆمەڵە بۆ گەڕانەوە و، هەوڵی حیزبی دیموکرات بۆ رازیکردنی کۆمەڵە بە پرس و راوێژ، شەڕێکی خوێناوی بوو کە دیتامان و هێشتاش برینەکانی، (لانی کەم لە دڵ و بە جەستەی منەوە ) ماون.

رووداوی دووهەم:

لەگەرمەی شەڕەکاندا حیزبی دیموکرات بە غروور و شانازیەوە دەیگوت ئێمە کۆمەڵەمان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دا دەرکردوون و ئەوان ئیستا، تەنیا لە چوارگۆشەی سەقز، مەریوان و سنە دا ماون. کۆمەڵە بۆ پێچەوانە نیشاندانی ئەم ئیدەعایە، گوردانی ٢٢ ی ورمێ خوی، ناردەوە بۆ ناوچەکانی شنۆ و پیرانشار بۆ چالاکی و شەڕ لەگەڵ رژێم. ئەم گوردانە پێشمەرگەی کۆمەڵە بەرەبەیانێکی سارد، لە دۆڵێکی تەنگەبەر و لە شوێنێک لە نزیک کێلەشین دا کەوتنە نێو داوی هێزەکانی حیزبی دیموکرات و زۆربەی نزیک بە تەواوی گوردانەکە تێداچوون......

(بۆ خوێندنەوە و زانیاریی فرەتر لەم بارەوە، بیرەوەرییەکانی مەجید ئازەری، لە پاشکۆی کتێبی (( رقابت کور))، نووسینی موحەمەد سەیار،

سەرچاوەیەکی بەنرخە).

لە روانگەی منەوە ئەم دوو رووداوە و گشت رووداوە تاڵەکانی شەڕی خۆکوژی ئێمە، سەرچاوەکەی بۆ ئەو عەقڵە لە قوڕ چەقیەوە ئەگەڕێتەوە کە لە سەرەتای ئەم باسەدا ئیشارەم پێ کرد. واتا تۆ حازری من، برا و خوشکی خوت، بێ بیرکردنەوە لە ئاکامەکانی، بکوژی. من تۆ ئەکەمە شەیتان، دژمن، خائێن و... دوایە حازرم بێ دوودڵی بتکوژم.

ئەزموونی شەخسی خوم بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری ئەم قسەیەمە:

ئەو کۆمەڵەیە ئێمە لە کاتی شەڕ دا لە لای خومان درووستمان کردبوو، (یان بۆیان درووست کردبووین)، لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە کە لە کوردستاندا کار، چالاکی و خزمەتی خەڵکی ئەکرد، ئاسمان تا زەوی فەرقی هەبوو.

کۆمەڵەی ئێمە «تاقمێک کەسی سەرلێشێواوی بێ ئامانج بوون کە فریوی تاقمێک کەسی شۆڤینیستی ئێرانییان خواردبوو تا بە نەزانی خویان زەربە لە جووڵانەوەی میلی دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان بدەن». دیارە لە باری سیاسیشەوە گرووپێکی مەترسیدار بوون لە چەشنی خەمیرە سوورەکانی کاموجیا. پۆلپۆتییەک کە ئەبوا لە بین ببرێن دەنا گەییشتبانە دەسەڵات، حەتمەن کوردستانیان وێران ئەکرد. (کتێبی «پۆپۆتیزم بە کردەوە» بۆ تەوجیهو ئامادەکاری ئەم روانگەیە لە لایان حیزبەوە چاپ و بڵاو کرایەوە).

بەڵام کۆمەڵەی واقێعی رێکخراوێکی پڕئێنرژی، جدیی، خاوەن بیر و بڕوایەکی چەپی عەداڵەخوازانە بوون بە روانگەیەکی وشکی مارکسیستیەوە. حەتمەن لایەنی خراب، لاواز و هەڵەی خوشیان هەبوو بەڵام بێ هیچ گومانێک هەڵس و کەوتی ئەوان لەگەڵ خەڵک لە هی ئێمە باشتر نەبوویێت هیچکات خراوتر نەبووە.

حیزبی دیموکراتێکیش کە کۆمەڵە لای خوی سازی کردبوو، لەگەڵ ئەو حیزبی دیموکراتەی لە سەر ئەرزی واقێع کار، چالاکی و خزمەتی خەڵکی

ئەکرد نەگونج، ناسازگار و ناحەقییەکی گەورە ش بوو.

حیزبی دیموکراتی کۆمەڵە () حیزبێکی کۆنەپەرەستی، دژی خەڵکی بوو کە ڕێبەرەکانی خان، شێخ، مەلا و مالکی ستەمکار بوون. ئەندامەکانیشی نەزان، نەخوێندەوار و قوربانیی ئەم ڕێبەرە بورژوایانە بوون.)).

بەڵام حیزبی دیموکراتی سەر ئەرز و واقێعی، حیزبێکی گەورەی جەماوەری بوو کە ڕێبەرانی لە کورەمالک، شێخ و مەلاوە ، تا ڕۆڵەی هەژارترین خەڵکی کوردستانی دەگرتەوە. بەشێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە و دیموکرات خزم، ئامۆزا و تەنانەت برای یەکتریش بوون. بەڵام هیچ کات ئەم خاڵە زەقە نەدەبینرا و بچووکترین ڕۆڵیشی لە باس و بڕیارەکان دا نەبوو. بێ هیچ گومانێک ئەم ڕوانگەی سەرەوە بۆ تێکڕای حیزبە ناکۆکەکانی دیکەش، زۆر تا کەم دەگونجێ و وێکچوونی تەواویان هەیە.

قسەی ئاخرم لەم باسە دا:

١- سەرجەمی ئەو هۆیانەی شەڕی یەکترکوشتنی کوردانیان لێ کەوتووەتەوە ( لە سەردەمی عەشیرەکانەوە تا دوا ڕووداوی تاڵی یەکترکوشتن کە بوو بە هۆی گیانلەدەسدانی چەند گریلاا لە شەنگاڵ سەرەتای ساڵی ٢٠١٧)، بۆ ئەوە نەدەبوون بگەنە شەڕ. ئەکرا عەقڵی سەلیم، هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە بەرانبەر دۆخی خراوی کورد دا و دڵسۆزیی بۆ خاک و خەڵک بەری ئەم شەڕانە بگرێ.

٢ - تێکڕای ئەو بیانووانەی کە لە لایان گشت لایەنەکانی ئەم شەڕانەوە بۆ دەستپێکردن، درێژەدان و گەورەکردنەوەی ناکۆکییەکان هێنراونەتەوە، لای من پووچ و بێ بایەخن و هیچ گەل و نەتەوەیەکی عاقڵ و ژیری دنیا، بەم بیانوانە، هاونشتمانیی خوی ناکوژێ. بۆیە لە سەر بنەمای ئەم ڕوانینەم تەواوی شەڕسازکەر، بڕیادەر و بەشدارانی ئەم شەڕانە (جا لە شەڕی ڕەوانی

و پڕوپاگاندەوە بگرە تا دەگاتە تەقەکردن) لای من تاوانیان دەرحەقی خەڵکی بێ مافی کورد کردووە و ئیستاش دوای دەیانساڵ بچووکترین پاساوی مەنتقیی لای کەسیان دەستناکەوێ کە: بۆ لە بارەگای خەڵکی خۆیاندا تووشی ئەم تاوانانە بوون؟

٣ - ئاکامی گشت ئەم شەڕانە تەنیا، خزمەت بە دژمنانی کورد، (ئەو دەوڵەتانەی کە بە

ژێردستهێشتنەوەی ئێمە، رۆژانە خەریکن ماڵ و وڵاتمان تاڵان دەکەن) بووە و هیچ لایەنێکی کوردی بەشداری ئەم تاوانکاریانە، بچووکترین قازانجی دەست نەکەوتووە، دیارە ئەگەر قازانج مانای رووسووری بەردەرگای گەل بێت.

٤- چاو لە ئەزموونەکانی پێشوو بکەن، دوای هەرکام لە شەڕەکان، رێبەران ئاشت ئەبنەوە، ئەکەونە تاریفی ناراست و ناڕەوا لە یەکتر و ئێمەش، قوربانییانی راستەقینەی گشت جارێکی ئەم شەڕانە، بۆ شەڕی لایەنێکی دیکەی کورد ئامادە و ساز دەکەنەوە. درێژەدان بەم خۆکوشتنە بێ شک کارەساتە. کارەساتێک کە تا عەقڵی ئێمە لەو قوڕە چەقیبێ کە لە سەرەتاوە باسم کرد، حەتمەن بەردەوام دوپات و سەدپات ئەبێتەوە و ماڵوێرانی تازە لە سەر یەک کەڵەکە ئاکات.

٥ - ئەکرێ کورد تا دەیانساڵی دیکەش ژێردەست بێ، بەڵام تاوانێکی گەورەیە ئەگەر ئێمە لەمە زیاتر بێ مەسئولیەتانە کۆمەک بەم ژێردەستمانەوەیەی خومان بکەین. بەشداری لەم شەڕانەدا، بۆ هەر دڵسۆزێکی راستەقینەی ئەم وڵاتە، گەورەترین بێ مەسئولیەتییە کوردێک ئەتوانێ لە خوی نیشانی بدات جا لە ریزی کام حیزب و بە کام بیانوو دەبێت با ببێت.

*نووسین*

*٢٠١٥-٦-٤*

# ٢

## تەپڵی شەڕ لێ مەدەن،
## "س.... تان" ببەستنەوە

# تەپڵی شەڕ لێ مەدەن، «س.... تان» ببەستنەوە

ئێمە لەم بارەوە مێژوویەکی نەک تەنیا خوێناویی، بەڵکوو خوێناویی و پڕ لە شەرمیشمان هەیە. تەنانەت ئەو کەسەشمان خوی لا فریشتەیە، رۆژێک، لە جێگایەکدا و بە شێوەیەک بەشداری شەڕێکی خۆکوژی و بگرە زیاتریشی کردووە. بۆیە ئەم شەرمەزارییە بەری گشتمان، بە تاک و کۆمانەوە ئەکەوێ.

هەموان ئەمە دەزانن کە لە قۆناخی ئیستای بزاڤی کورد دا بە کۆمەڵێک هۆی جیاواز، تەنیا دوو حیزبن بڕیارە سەرەکییەکانی ناو بزووتنەوەی کوردستان ئەدەن و حیزبەکانی تر بە جۆرێک پاشکۆ، یان پەیڕەوی بڕیارەکانی ئەوانن جا با یەکێکیان تا ملان ملکەچ و، ئەوی دیکە تا ئەژنۆ بێت.

ئەم رەوشە ئەکرا فرە زیانبار نەبێت ئەگەر، ئەم دوو حیزبە (پ.ک.ک و پارتی) بە بەرپرسیاریەتییەوە جووڵابانەوە و هەستیان بە ناسکی، هاوکات چارەنووسسازبوونی ئەم قۆناخەی بزاڤی ئێمەی تێداین کردبا. بەڵام مخابن چەندین تێست و تاقیکاری ئەم چەند مانگەی رابووردوو دەریانخست کە ئەم داوا ساکار و بچووکە خەونێک زیاتر نیە و، خۆسەپێنیْ و خۆ بە مێحوەربینی هێشتاش گرینگترین جێگای لای ئەوان هەیە.

ئەگەر ئەم دوو لایەنە گرنگ و کاریگەرەی ناو جووڵانەوە (گرنگ و کاریگەر لای من بە مانای بەرحەق و رەوابوون نیە) بیانویستبا و ئیستاش درەنگ نەبووە بیانەوێ، ئەتوانن کورد و بزووتنەوەکەی لەم قۆناخە دژوار و هەڵبەت چارەنووسسازە دا، سەربەرزانە و بە کۆمەڵێک دەستکەوتەوە بپەڕێننەوە و سەربەرزییەکی گەورەش بۆ خویان دەستەبەر بکەن. سەربەرزییەک کە تەنیا بە هاوکاریی و نەک دژمنایەتی ئەم دوو لایەنە

دەستەبەر دەکرێت دەنا ئەبێتە کارەسات.

کوێرێش دەزانێ کە ئەگەر ئەم دوو هێزە تەبا و هاوکار بن، فشاری دەوڵەتی ئێراق بۆ سەر باشوور کەمتر، یان کەم ئەهەمیەت تر ئەبێت. هیوای دەوڵەتی تورک بۆ پاشەکەشە و پووچکردنەوەی ئەم هەوڵانە بۆ جۆرێک چارەسەریی پرسی کورد ئەپووکێتەوە، دنیا و بە تایبەتی وڵاتانی رۆژاوا بە جۆرێکی دیکە سەیری ئەو وەزعە زێڕینەی رۆژاوای کوردستان و پرسی کورد بە گشتی دەکەن و ئێران و سووریەش لە دواڕۆژی رەشی خویان ئەترسن و دژوارتر ئەتوانن سەرکوت و کوشتاری خەڵکی ئێمە بکەنە کاری رۆژانەیان.

.

## ئەزموونی پیشوو لانیکەم بە من ئێژێ:

لەم جۆرە حاڵەتانە دا کۆمەڵێک کەسی هیچ لە دەستنەهاتوو و هەڵەشەکار، تەپڵی شەڕەکانیان بە دەستەوە گرتووە و لە دوورەوە و، تەنیا بە قسە، هێرشی توند بۆ سەر لایەنی بەرانبەر دەست پێ دەکەن. لە بەر ئەوەش خویان هیچ پرەنسیپێک، تەنانەت لە بەرانبەر بایەخە گشتییەکانی گەل دا ناناسن، بە هاسانی وەزعەکە وا ئاڵۆز ئەکەن کە ئارامکردنەوەی کاری هەر کەس نیە و زۆر بە هاسانی ئەتوانێت بمانباتەوە ئەو دۆخەی کە ماڵی بە قوڕ گرتین و ئێعتباری جووڵانەوە بەرحەق و رەواکەمانی تا ئاستی دوو عەشیرەتی خوێنڕێژ و بێ مێشک هێنایەنە خوار.

بۆیە من وەک تاکێکی دەروەستی کورد، بێ ئەوە سەمپاتی و نزیکایەتیم لە لە بەرەی چەپ و عەداڵەتخوازی ناو بزووتنەوەی کورد، کە پارتی کرێکارانی کوردستان، بە گیان و خوێنی رۆڵەکانی بەرگریی و پێشەنگایەتیی دەکات لە کەس بشارمەوە، دیسانیش بێ جیاوازی لەم بارەوە بە هەردووک

ڕەوتی ناو بزووتنەوەکەمان ئەڵێم:

بڕۆنە سەر مێزێک، سەرجەمی کێشەکانتان وەک مرۆڤی ئەم سەردەمە چارەسەر کەن و ئەو کەسانەش لە مێدیاکانتان دوور خەنەوە کە خەریکن ڕۆژانە تەپڵی شەڕ لێ ئەدەن و ئاگریماڵوێرانییەکی تازە ئەگەشێننەوە.

تێبی نی:

ئەم بابەتە کە بڕێک توورەیی پێوە دیارە، لە گەرمەی شەڕێکی لەڤزی و مێدایی، بە تایبەتی لە دنیای مەجازیدا کە لە نێوان لایەنگرانی پ.ک.ک و پارتی دیموکرات هەبوو، نووسراوە و من پێم وابوو، خەریکە بگاتە شەڕی کرداریش.

٢٠١٤-٥-٢

# ٣

# پەیمانێکی ستراتیژیک لە نێوان پ.د.ک و پ.ک.ک دا پێویستییەکی هەنووکەییە

# پەیمانێکی ستراتێژیک لە نێوان پ.د.ک و پ.ک.ک دا پێویستییەکی هەنووکەییە

گومانێک لەوە دا نیە کە ئەم قۆناخەی ئێستا کە ڕۆژهەڵاتی ناوینی پێ دا تێپەڕ دەبێت گەلێک مەترسی گەورە و ڕاست هێندەی مەترسییەکانیش، دەرفەتی بۆ کورد تێدایە. قوستنەوەی مەترسی بۆ دەرفەت و قازانج، پێش هەمووشتێک پیویستی بە یەکڕیزی و هاودەنگی ئاکتۆرە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستان هەیە. ئاکتۆرە سەرەکیەکانیش ئەو ڕێکخستن و حیزبانەن کە خاوەنی پێگەی جەماوەری، ئیمکاناتی ماڵی و کاناڵی پێوەندین بە دەسەڵاتدارانی دنیاوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان دوو لەو هێزانەن کە هەر کامەیان بە شێوەی تایبەتی خوی خاوەنی ئەو ئیمکاناتەی سەرەوەن و بەو نیسبەتەش ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی لە سیاسەتی کوردی دا دەگێڕن. ئەم دوو حیزبە لە گەلێک بارەوە جیاواز و خاوەن بیر و روانینی لێکدوورن بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکانی ناو کۆمەڵگە و بزووتنەوەی کورد. بەڵام هاوکات چارەنووسی هاوشێوەی کورد، وەزعی حاکمی ناوچەکە و دژمنی هاوبەش، ئەیانباتەوە لای یەک و وەک گەلێک جاری دیکەش رووی داوە، ناچار و بگرە مەحکوومن بە هاوکاریی یەکتر.

لە بیرمان نەچێ کە یەکگرتنی راستەقینەی ئەم دوو هێزە، بە مانای یەکگرتنی دوو پارچە و نیوی کوردستان دێت وئەگەر هەنگاوی وا ببێتە کردار و راستی، کاریگەریی زۆر لە سەر کۆی خەباتی کورد دەبێت، گارانتییەکی گرنگ بۆ ئەو دەستکەوتانە کە تا ئێستا بە دەست هاتوون و زەمینەی گەلێک

دەستکەوتی نوێش فەراهەم دەکات.

دوای هێرشی داعش، بەرگری قارەمانانەی گریلا، شەڕڤان و پێشمەرگە لە بەرانبەر ئەم هێزە هار و وەحشییە دا، دنیا بە چاوێکی ترەوە سەیری کورد دەکات. بە چاوی رێز و خوشەویستی. چاوی سەمپاتی، دەرککردن بە دەردی کورد و تێگەییشتن لەو ئازارانەی چێشتوومانە. گەورەترین مێدیاکانی جیهان، بەو پەڕی رێز و حورمەتەوە باسی کچی پەلکەزێڕینی کۆبانی و پێشمەرگەی ئازادی خوڵقێنی کورد دەکەن و شاعێر و نووسەرانی ناوداری جیهان، رۆژانە شێعر و سروودی بۆ دەڵێن. ئەم روانینە لە رێبەر و سەرۆکی وڵاتانی بڕیاردەری جیهانەوە تا خەڵکی ئاسایی سەر شەقامی زۆربەی وڵاتانی دنیای گرتووەتەوە.

ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ سەرجەمی کورد و بۆ گشت حیزب و رێبەرانشی. هیچ کەس و بە تایبەتی حیزبە گەورەکان نابێت بهێڵن ئەم دەستکەوتە بەنرخە لە بار ببرێ، یان تەنانەت لێ کەم بێتەوە. بە پێچەوانەوە ئەبێت کار بۆ زیادکردن و گەورەتر کردنی ئەم ئێعتبارە بکرێ. گەورەترین کاریش لەم بارەوە یەکخستنی دەنگ و سەنگی هێزە سەرەکییەکانی ناو بزاڤی کوردستانە کە پارتی و پ.ک.ک دوو لایەنی سەرەکییانن. بەشی فرەی هێزەکانی کورد پێوەندی و هاوکارییان لە ئاستێکی باشدایە و تەنیا ئەم دوو لایەنە روون و دیار لە سەر کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش رێکنەکەوتوون.

روونە کە ئەم یەکگرتن و یەکهەڵویستییە کاتێک دەگاتە لووتکە کە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بەرفراوان ببەسترێ، ئەرک و کارەکانی دەستنیشان بکرێ و سەرۆک و بەرپرسانی هەڵبژێردرێن، بەڵام هیچکات، هیچ کۆنگرەیەکی راستەقینەش ناگاتە هەوارگەی سەرکەوتن ئەگەر هێزە گەورە و کاریگەرەکانی کورد، لە پرسە سەرەکی و گرنگەکان دا نەگەییشتبنە یەک و مۆری خویان لە ژێر رێککەوتنێکی ستراتژیک نەدابێت.

بۆیە لای من لەم قۆناخە گرنگ و چارەنووسسازەی شۆڕشی کورد دا، پەیمانێکی ستراتژیک، کە گشت کێشەلاوەکی و زیانبارەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان لە گۆڕ بنێ و بناغەی هاوهەڵویستییەکی درێژماوە داڕێژێ، پیویستییەکی حەتمی و هەنووکەییە و هەردووک لا ئەبێت هەنگاوی جدیی بۆ هەڵگرن.

ئەم دوو هێزە رێکنەکەون، بێ هیچ شکێک زیانێکی گەورە بەر کورد و بزووتنەوەکەی ئەکەوێت و ئەم هەلە زێڕینە (کە فرەی نەماوە لە کیسی بدەین) لە کیس ئەچێ و دوارۆژێکی تاریک و تاڵ چاوەڕوانی خەڵک و وڵاتەکەمان ئەکات.

٢٠١٣-٥-٢٥

٤

# با هەوڵی ساڕێشکردنی برینەکانمان بدەین

# با هەوڵی سارێشکردنی برینەکانمان بدەین

(ئەم نووسراوە بە دەرەجەی یەکەم و بە شێوەی راستەوخۆ رووی دەمی لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، بە حیزب و رێکخراو و گشت تاکەکانیەوە)

- ئێمە نەتەوەیەکی برینداریندار. برێندار نە تەنیا لە لەش و جەستەدا، بەڵکوو رۆح، گیان، دڵ و دەروونی دانە دانەمان خوێنی لێ دەچۆڕێ. ئاخر نەتەوەیەک هەر چواردەوری دژمنی دڵڕەش و بێ بەزەیی بن، زۆربەی نزیک بە تەواوی دۆستەکانیشی دووڕوو، دەبلموراڵ و درۆزن بن و، رۆژێک لە پشت سەر و رۆژێک روو بە ڕوو خنجەری لێ بدەن ناتوانێت وەزعی لەمە باشتر بێت.

- دووسەد ساڵە بە پلان و بەرنامە هەوڵی توانەوە و سڕینەوەمان، لە سەر خاکی خومان ئەدرێ. لەم رێگایەشدا تاوان نەماوە لە دژمان ئەنجام نەدرێ و شێوەی سڕینەوە نیە لە سەر ئێمە تاقی نەکرابێتەوە. راگواستنی دەیان و سەدان هەزارکەسی. بومباران و تۆپباران و شیمیای باران و جوێنباران و شەقباران و تفباران و دەیان شتبارانی دیکەیان کردووین.

- چەند میلیون کوردی خوراسان، کە سەدان کیلوومێتر لە نزیکترین گوندی کوردستانەوە دوورە، رۆژگارێک بۆ تەمبێ و توانەوەیان راگوێزراون. ئیستەمبووڵ، شام، بەغدا و بەسرە لەو شوێنانەن کە کوردی بۆ کۆچێنراون تا لە ناخی کولتووری کولتوورخوراندا ()حەلیان () کەن و ببینە ئاردی بنی دڕکان. من بە تەواوی لەوە دڵنیام کە، ئێمەی کورد هێندە لە دەستی زاڵمان رووما لە کێو و دۆڵی کوردستان کردووە، نیو هێندە بۆ گەشت و سەیران بۆ ئەم شوێنانەی وڵاتی خومان نەچووین.

- زەحمەتە کوردێک بدۆزیتەوە کە خوی، یان خزمێکی نزیکی، رۆژێک لە دەست زاڵمێکی داگیرکەر ماڵ و مناڵ لە کۆڵ، زۆر جاران پێخواس و برسی، دەشت و کێوی نەگرتبێتەبەر و ئاوارەی دیوێکی تری وڵاتی خوێ نەبوو بێت.

- سەرجەمی ئەم رووداوانە لە کات و شوێنی خویاندا جەستەی ئێمەیان زامدار کردووە. بەڵام بۆ هەتایە برینێکی گەورەتریشیان لە رۆح و بیرماگی گشتیماندا سازکردووە و لە بەر ئەوەش ساڵ لە دوای ساڵ، کارەساتی نوێ لە ژیان و مێژووماندا دووپات و سەدپات بوونەتەوە، ئیتر زام لە سەر زام، بێ سارێشبوون کەڵەکە بوون و ئیستا ئیتر هەم وەک تاک و هەمیش وەک نەتەوە برینداریین.

- دژمنانمان کە لە نەتوانەوە و ملکەچنەکردنمان توورە بوون، تەنیا بەگرتن، ئەشکەنجەدان، دوورخستنەوە و لە ناوبردنمان تێریان نەخواردووە. بەڵکوو هەوڵێکی زۆریشیان داوە پارچەمان کەن، بەگژ یەکترماندا دەن و هۆرە و پوازمان لێ بتاشن. پواز و هۆرەیەک کە، لێکمان دابڕێ، لە یەکتر دوورمان خاتەوە، دامانڕزێنێ و لە یەکتر بێزارمان کات. ئەبێ و ئەشێ تێ بگەیەن کە، دیاردەی جاش و پیاوخراو لەم شوێن و کاتەوە دەستی پێ کردووە. جاشایەتی زامێکی کاریی، گەورە و گرانی لە جەستە، رۆح و دەروونی تاک بە تاکمان دا درووست کردووە. ئەوەی وەک جاش کوژراوە، هەر لە خومان و ئەوەش بە دەستی جاش کوژراوە هەر لە خومان بووە. ئەمە دەردێکی پڕ ئازارە و برینێکی قووڵی جەستەی هەر گەلێکە کە تووشی ئەم بەڵایە بێت.

- خالۆ قوروان لە بەرگی جاشدا بە دەستی سمکۆی شکاک کوژرا. ژمارەیەک جاشی دیکە بەشداری شەڕەکانی ناوچەی سەقز لە دژی هێزەکانی پارێزەری کۆماری کوردستان بوون. شەریفزادە کوێخا شەریف

کوشتی و ئاوارەش هەر بە دەستی چەند جاشەکوردێک شەهید بوو. ئەم سێ حاڵەتەی سەرەوە کە وەک میناک هێنانمەوە، سەرەتای سەرهەڵدانی برینداربوونی جەستەی ئێمەیە لە رۆژهـەڵات و، ساڵەکانی دواتر، بە دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێ لە شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی کورد و داگیرکەری ئێرانی، بەرەی خیانەت فراوانتر، هەژماری جاش زۆرتر و ئاستی برینیش قوڵ و قووڵتر بوویەوە.

- لە ئاکامی ئەو دووبەرەکییەی دژمن خستیە ناومانەوە جەستە و رۆحمان خوێنی لێ دەتکا. هەوڵدان بۆ یەکخستنی بەرەی گەل و شۆڕش ئەیتوانی دەرمان و مەرهەمێکی باش بێت بۆ سارێشبوونی برینەکانمان. بەڵام ئێمە لە بری ئەوە شەڕی ناوخۆییمان دەست پێکرد کە خوی برینێکی نوێ، بەڵام ناسۆر و گەلێک پڕ ئازار بوو. ئەم جارە جگە لە زیانە گیانی و مادییەکانی کە بە دەستی خومان لە خومان ئەدان، تۆێ ناهومێدیچمان لە دڵی ئەویندارانی شۆڕشدا چاند و ئیستاش کە ئیستایە بە کردەوە هەوڵێکمان بۆ تیماری زامەکۆنەکان نەداوە.

ئێمە گەل و خەڵکێکی بریندارین. برینی کاری و قووڵ لە جەستە و رۆحماندایە. پیویستە لە باتی سەرلەنوێ هەڵدڕینی جەستەی خومان، لە بیری مەرهەم و سارێشکردنی زامەکانماندا بین......

بەشێکی هەرە بەرچاوی ئەو ئازارە دەروونیانەی ئێمە پیانەوە ئەتلینەوە شکست و ناکامیەکانمانن. هەر کەسمان لە خەڵوەتی خوماندا بە دوای تاوانبارێکدا ئەگەڕین تا بەرۆکی بگرین و داخی دڵمانی پێ بڕێژین. چوونکە زەحمەتە تاقە تاوانبارێکیش بۆ گشت ئەم کارانە بدۆزرێتەوە، دیسان تووشی ناکامی دەبین.

عەلاجی باش و دەرمانی ئەم برینا چیە؟

عەلاجی و دەرمان بۆ ئەم کارە لە روانگەی منەوە تەنیا بە خۆداچوونەوەیە.

بەخۆداچوونەوەیەک کە بمانگەڕێنێتەوە بۆ رابوردوو بە بێ ئەوە رەشبین، یان خوشبین بین. بەڵکوو ((واقێعبینانە)) رابوردوومان بخوێنینەوە.

بخوێنینەوە کە بۆ سەرنەکەوتین؟

بۆ ئەم جارە و لەم مەیدانەشدا دۆڕاندمان؟

بێ گومان ناکامی شکەستەکانی بزووتنەوەی کورد دەیان هۆ و سەبەبی جۆراوجۆریان هەن کە تەنیا بەشێکی بۆ خرابکارکردنی خومان ئەگەڕێتەوە. دژمنێکی زۆردار، بێبەزەیی و بێ ئێخلاقیش رۆڵی سەرەکی لە شکستەکانی ئێمەدا هەبووە. بەڵام مرۆڤ بۆ هەڵەی خوی ناتوانێ بەرۆکی خەڵکی تر بگرێت و باشترە بە خویدا بچێتەوە و خوی ناتەواویەکانی خوی چارەسەر بکات.

با لە دواپین خاڵەوە کە لە بەشی پێشوودا ئاماژەم پێ کرد دەستپێ بکەین، واتا شەڕی ناوخۆیی. گشتمان هاوڕاین کە ئەم دیاردەیە زیانی گەورەی لێداین و برینێکی قووڵی لە لەش و دەروونماندا بە جێ هێشت. تاوانباری ئەم رووداوە تاڵە کێیە؟

لای تۆ من و لای منیش تۆ. ئەمە هەم راستە و هەم هەڵەیەکی گەورەشە. واقێبینانە بیر بکەینەوە و قەزاوەت بکەین، بە هاسانی بەڵگەکان پێمان ئەڵێن کە تاوانبار هەردووکمانین. هەردووکمان بە سەرۆک و رێبەر و رێباز و بیرکردنەوەمانەوە. چوونەناو وردەکاریی ئەم رووداوە تاڵانەوە کۆلانەوەی زامەکانمانە. هاوکات پووشبەسەرکردنیچیان گەناندن و ناسۆرکردنیانە.

پێشنیاری من ئەوەیە کە:

١ - بێ پێچ و پەنا و بیانووی پووچ، هەڵەکانی خومان قبووڵ کەین، داوای لێبووردن بکەین لە خەڵک، لە بنەماڵەی قوربانیەکان و لەو رێبازەی کە بڕوامان پێ هەبوو و ئیستاش شەڕی لە سەر ئەکەین. با لە کەسانی دیکە

و گەلانی دیکەوە فێر بین کە هەم لە ناو خومان و هەم لە دنیاش دا نموونە فراوانن.

٢- ئەگەر لە سەر ئەم خاڵە درووست و باش بجوولێنەوە، ئێتر دەرگا بۆ گرفتەکانی دیکەشمان واڵا دەبێت. ئاسانتر ئەتوانین بڕوانینە دیاردەی ماڵوێرانکەری جاشایەتی و خزمەتی بێگانە. هاسانتر ئەتوانین تێبگەین کە (بۆ نموونە) کەسایەتییەکی خاوێن و جێگای ڕێزی خەڵکی وەک ئەحمەدی موفتیزادە، چۆن و بۆچی لە چەند ڕۆژدا بوو بە داردەست و هاوکاری ڕێژیمێکی داعشی و تاوانبار و، بۆ ئیستاش هەن کەسانێک کە ئەو بە حەق و جووڵانەوەی حەقخوازانەی ئێمە بە خراو ئەزانن.؟

دیارە ئەم شتە بۆ ئەو کەسانەش راستە کە لە روانگەی خویانەوە ئەڕوانن‌ە بزووتنەوەی کورد و هێشتاش «یەک دەندە» پێ لە سەر هەڵەی پێشوویان دائەگرن و سەرەڕای ناکامییان لە هاوکاریی دژمن، دیسان ئێمە ئەکەنە پاساو بۆ لادانی خویان.

٣ - ئێمە ئەبێت لە دەرگایەکی تر و بە عەقڵ و مەنتێقێکی دیکەوە لەگەڵ ئەو دەیان هەزارە کەسە بدوێن کە باوک و برایان بوونە هاوکاریی دژمن و لە سەنگەری دژمنێکی خوێنڕێژدا خوێنی ئێمەیان ڕشت. ئەبێت بە زوانێکی سەردەمیانە و شیاو قسە بکەین تا وەرچەرخانێکی گەورە لە کۆمەڵگەی خنکێنراوی رۆژهەڵات دا بخولقێنین و بۆ هەمیشە خیانەت و نیشتمانفرۆشیی لای هەموان بکەینە چتێکی عەیب! زوانی تاڵ، قسەی سووک و پەیامی دوور لە حورمەت، تەنیا رووبەڕووی یەکتر رامان ئەگرێ کە ئامانجی داگیرکەران و تاڵانچیانی وڵاتمانە.

٤ - تۆ بیر و بڕوایەک، حیزبێک و رێبەرێکت هەیە. دەمارگرژ و تووڕە، چوویتەسە پشتسەریان و جگە لەوەی خوت باسی ئەکەیت، قسە و روانگەی کەس بە راست و رەوا نازانی.

منیش عەینی تۆ لەو سەرەکەوە راوەستاوم و بە کەوچ و گەزی خوم ئەپیێوم.

حیزب و رێبەری من هەڵە و خەتا ناکات و هی تۆیش هەر وەتر!

بە خۆداچوونەوەیەکی عاقڵانە بۆمان دەردەخات کە هەردووکمان لە هەڵەیەکی کوشەندەداین.

ئاخر ئەگەر رێبەر و حیزبی من، کە بە ئیدەعای خوم زۆربەی هەرە زۆری بەرپرسایەتییە گەورەکانی لە ئەستۆ بووە، هیچکات هەڵە و خەتای نەکردبێت، ئەی ئەم گشتە شکست و ناکامیانە چین کە ئیستا بەم شێوە کارەساتبارە دەروونی منیان هەژاندووە؟

حەتمەن بەشێک لەم هەڵانە لە من، حیزبەکەم و رێبەر و رێبازەکەمەوە سەرچاوەیان گرتووە، دەنا لەگەڵ ئیدەعاکانمدا ناگونجێ کە...

بۆیە جارێکی دیکە داوا دەکەم:

بە جێ هەڵچوون، بیرکردنەوە. بە جێ داپۆشین و حاشا لێ کردن، لێکدانەوە. بە جێ جنێو و بێ حورمەتی، حورمەت و قەدرزانی. بە جێگای هەڵهاتن لە راستییەکان، بەخۆداچوونەوە و قبووڵکردنی خەتا، پێشنیار و مەرهەمی منە بۆ ئەم زام و برینانەمان کە تێکڕامان ئەگرێتەوە.

٢١-٧-٢٠١٣

# ٥

## ڕێز لە یەکگرتن، هۆنەرێک
## کە ئێمە هێشتا فێری نەبووین

# ڕێز لە یەکگرتن، هونەرێک کە ئێمە هێشتا فێری نەبووین

ڕێز تەرجومەی ((ئێحترام)) ی عەرەبی و)) ڕێسپێکت)) ی وڵاتانی لاتینی زمانە.

ڕێز، گەورەترین خەڵاتە کە مرۆڤێک ئەتوانێ وەک دیاریی بیداتە مرۆڤێکی دیکە و شاد و بەختەوەری کات، بەڵام:

مرۆڤی کورد لە لای نورماڵ و ئاساییە کە ڕێزی هەموان بۆ نموونە مێوان، گەورە، سەرۆک (هەڵبەت سەرۆکی خوی)، دەسەڵاتدار و تەنانەت داگیرکەری خوشی بگرێ. بەڵام بۆی زەحمەت و زۆریش لای گرانە ئەگەر ناچار بکرێ حورمەتی هاونیشتمانی، هاوسێ، برا، خوشک و تەنانەت دایک و باوکی خوشی بگرێ ئەگەر تەنیا تۆزێک پێچەوانەی ئەو بیر بکەنەوە.

ئەم خەسڵەت و عادەتە نەشیاو و زیانبارە، تایبەتی ناوچە، پارچە و تەنانەت ئەندامانی لایەنێکی تابەتی کوردستانیش نیە. بەڵکوو جۆرێک ((تەمپرامێنتی)) نەتەوەییە، کە بەری هەموومان کەوتووە و بەشی دانە - دانەمانی پێوەیە.

کاتێک دینە سەر ڕەخنەگرتن لە لایەنێک، کە دوورە لەو ((دۆڵەی)) ئێمە خومانی تێدا دەبینینەوە، ئێتر سەراپا مخالێف هیچ، ئەبینە پارچەیەک ئاگر و گەرەکمانە خەرمانی دەیانساڵ ڕەنج و ئازار، خوێن و فرمیسک و بەرگری و فیداکاریی سەرجەم ئەندامانی بسووتێنین. ئەم لایەنە بەر غەزەبکەوتووە ئەتوانێ یەکیەتی نیشتمانی، پارتی دیموکرات، کۆمەڵە، حیزبی دیموکرات یان پارتی کرێکارانی کوردستان بێت. هیچ جیاوازییەک لەم پێوەندییەدا

نابینرێ.

که رووی رەخنەکەش لە ئێمە بوو(دوور لە رووتان) ئەبینە ئەو کەسەی کە ئەدەب، ئێخلاق و ئێحترامی نەدیوە و بە چنگ و ناخوون ((دیفاع)) لە خومان، حیزبی خومان، رێبەری خومان و رێباز و سیاسەتی دڵخوازی خومان دەکەین. دیفاعێک کە نەیکەین قازانجی سەد قاتی کردنیەتی.

سادە و ساکار لە بیری ئەکەین کە :

١-ئێمە نەتەوەیەکی مافژێرپێ کراوین.

٢-ئامانجی کۆتایی گشتمان رزگاربوونە لە دەست دیلی و ژێردەستی.

٣-سەررەرای گشت ناکۆکییەکانمان، ئێمە (وەک چالاکی سیاسی کورد) خاڵی هاوبەشمان سەد جار لە جیاوازییەکانمان فرەترن.

٤-کورد سەرەرای تێکرای عەیبەکانیشی، بێ ریا و خۆهەڵکێشان، تاقە نەتەوەی ناوچەکەیە کە، رێز بۆ مرۆڤ، مافەکانی و پێکەوەژیانی یەکسان دادەنێ و ئەو کەسانەش کە ئێمە بێ روحمانە سووکیان ئەکەین کوردن. (وەک ئێمە، وەک من، وەک تۆ و..).

تۆزێک بگەرینەوە دواوە:

بێ حورمەتییەکانمان بە نـاسری رەزازی لووتکەی هونەری رزگاریخوازانەمان، تەنیا لە سەر ئەوە وشەیەکی پێچەوانەی دڵی ئێمەی، لە پرۆگرامێکدا، بۆ کەسایەتییەکی ناسراومان بە کارهێنا.

هێرشی بەسیجانەی ١٥ ساڵ پێشی سەر شوانپەروەر شا هونەرمەندی ئەودەمی کورد.

جنێوی سووکدان بە عەبدوڵای موهتەدی، سەی برایم عەلیزادە، موستەفای هیجری، مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە، مام جەلال، مەسعوود

بارزانی، عەبدوڵا ئۆجەلان و تەنانەت ئەو ڕێبەرانەشمان کە ئیستا لە ژێر گڵدان.

من لەم بارەوە بەشی خوم تاوانبارم و بڕیارە دەست لەم تاوانە هەڵبگرم بێ ئەوە دەست لە رەخنە و گازندە لە هیچ حیزب و ڕێبەرێکی ئیستا و داهاتووی کورد هەڵگرم.

تۆیچ بڕیا بە دەستی خوتە، ئەگەر شتێک لەم وتنانەی مندا ئەبینیتەوە، بریار بدە یان بەم بارا، یان بەو بارەکەی دیکە دا.

١٠-٤-٢٠١٥

# ٦

# حیزبەکانمان بکوتین بەڵام..

# حیزبەکانمان بکوتین بەڵام ..

بڕوا ناکەم کەسێک لە ناو کوردانی ڕۆژهەڵاتدا هەبێت لە من ناڕازیتر بێت لە کار، ئیدەعا و سیاسەتی ئەم بیستساڵەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە پێکەوەهەڵنەکردنیان، لە بوونەپاشکۆی سیاسەتی پارچەکانی دیکە و لە دیفاعی بێ مانایان لە پرۆژەی تاڵانکاری سەروەتی خەڵک لە باشووردا، بە ناوی درۆزنانەی دامەرزراندنی دەوڵەتی کوردیی و دەسکەوتەکانی باشوورەوە.

من لەم بار و بوارانەدا گەلێک ڕەخنەم لە تێکڕای لایەنەکان گرتووە و بە ئاشکرا و ڕوونیش ئەم ڕەخنانەم بڵاوکردوونەتەوە.

لە بەر ئەوە کە ئیستاش کار، ئیدەعا و سیاسەتی تێکڕای حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەر هەمان کار، ئیدەعا و سیاسەتی چەندینساڵەیانە و گۆڕانێکی مانادار لە لای ئەوان هەست پێ ناکرێ، ڕەخنەکانی منیش هەر لە جێگای خویاندان و دەستیان لێ هەڵناگرم بەڵام ئەبێت ئەم ئەسڵە گرنگەش ببینین کە:

١- یەکێک لە ئامانج و پلانەکانی داگیرکەرانی کوردستان و لەم بوارەدا کۆماری سێدارەی ئێران، کوتان و بێ ئێعتبارکردنی هێزەکانی کوردە، گەرەکیانە بە خەڵکی ڕۆژهەڵات و ئێرانیش بێژن کە، داوای ئەم حیزبانە و خەڵکی کورد لێک جیاوازن.

٢- لە ژێر پەردەی ئەم سیاسەتە چەپەڵەدا، ئیدەعا بکەن کە ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگوزەرێ، هێندێک «ئێختشاشە» و دانشتوانی ئەو

دەڤەرە داوا و گازندەیەکیان لە دەوڵەت و دەسەڵاتداران نیە. گەرەکیانە بێژن ئێمە گشتمان ئێرانین و لەم بارەوە تەبعیز و هەڵاواردنێک بوونی نیە.

٣ - ئەم سیاسەتە گڵاو، چەپەڵ و کولۆنیالیستییە.ئەمە سیاسەتی هاوبەشی گشت دەوڵەتانی داگیرکەرە و گەرەکیانە لەم ڕێگایەوە بزووتنەوەکە پووچ و بێ ناوەرۆک بکەن.

نیازیانە کە داخوازیی خەڵک تا ئەو شوێنە نزمە، بێرنە خوارەوە کە بە گۆڕینی حوکمی ئێعدامی لاوێکمان بۆ زیندانی ئەبەد رازی هیچ، هەڵپەڕین و هەلهەلە بکێشین و () خوشحاڵ بین کە بە هاووڵاتی دەرەجە چوار قبووڵمان کەن.

هەڵبەت منیش بە گۆڕینی حوکمی ناڕەوای گەنجێک لە ئێعدام بۆ ئەبەد خوشحاڵم، لە خوشحاڵی بنەماڵەکەی ئەگەم و دەستخوشی گەرمیش لە گشت تێکۆشەرانی ئەم ڕێگایە دەکەم کە توانییان ئەم حوکمە بگۆڕن، بەڵام ئەمە تەنیا داخوازی و ئامانجم نیە.

داخوازی من و میلیونان کوردی دیکە ژیانێکی ئازاد وئینسانییە.

ژیانێک کە ملهۆڕێکی داگیرکەر لە دوورەوە نەیەت و شەقێکی تێ هەڵدا.

ژیانێک کە چەقۆکێشێکی تارانی، ئێسفەهانی، تەورێزی و... نەیەت و لە ماڵی مندا ببێتە دەسەڵاتدار و منیش بەردەس و خزمەتکاری ئەو بم.

حیزبەکانی ئێمە رۆژگارێک بۆ گەییشتن بە ئامانجێکی لەم چەشنە دامەزراون و لە پێناویشیدا گەلێک فیداکارییان کردووە.

ئەوان بە گژ هەژدیهایەکی دڕەندەی وەک جمهووری ئیسلامی ئێران دا چوون کە نزیک بە چل ساڵە رۆژهەڵاتی ناوینی ئاگر تێ بەرداوە و لە ئێرانیش دا قەسابخانەی داناوە بۆ ناڕازییانی خوی.

بۆیە پیویستە هۆشیار بین، رەخنەکانمان لە جێگای خوی با بەردەوام

بن، بەڵام ئاو نەکەینە ئاسیاوی دژمن. بێ ئێعتبارکردنی حیزبەکان، یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی کۆماری تاوان و سێدارەیە.

بۆیە من زۆر پێش ئیستا و رەنگە چوار ساڵ لەمەوبەرلە بابەتێکدا نووسیبووم:

حیزبەکانمان بکوتین، بەڵام وردیان نەکەین

٢٠١٧-١١-١٢

# ٧

# زیانەکانی یەکتر قبووڵنەکرد، ئەزموونی خومان و خەڵکی دیکەش

# زیانەکانی یەکتر قبووڵنەکرد، ئەزموونی خومان و خەڵکی دیکەش

(ئەم بابەتەم بۆ کۆڕێک لە ستۆکهۆڵم ئامادە کردبوو، بەڵام لە بەر کەمی وەخت نەمتوانی وەک خۆی پێشکەشی بکەم.)

مێژوو شتێک نیە جگە لە رووداوەکانی رابوردوو. ئەوەی دوێنێ روویدا ئەمڕۆ رابوردووە و ئەوەش ئەمڕۆ رووەدەدا سبەێنێ ئەوێتە رابوردوو.

ئێمە هەم وەک نەتەوە و هەم وەک تاکیش، رابوردوویەکی تاڵ، خوێناوی و پڕلە کارەساتمان هەیە. رابوردوویەک کە دژوارە تاکە ساڵێکی لێ پەیدا بکەیەت کە رەوتی روولەپێشی کۆمەڵەگای کورد لە سەر رەیل و رێگای هەموارەوە بووبێت و بێ گرێ و گۆڵ خوشبەختییەکی بۆ خەڵکەکەمان بەرهەم هێنابێت.

داگیرکراوی و ژێردەستییەکی ستەمکارانە کە هەموو جۆرە تاوانێکی تێدا بەکار هاتووە، دەسەڵاتی زاڵی سەر حاڵی ئێمە بووە و گشت قوربانیەکانیشی هەر ئێمە بووین. دەسەڵاتدارە هاوسێی داگیرکەرەکانی کورد، جیاوازن لەگەڵ گشت داگیرکەرێکی دیکە. ئەمان زیاتر وەک گورگی هار و ورچی بریندار دەچن. دڵیان پڕ لە قین و کرداریان بەزەیی ناناسێ. لەداپڵۆسین، هەڵدڕین و تەنانەت سەربڕینی ئێمەش ناپرینگێنەوە. تورکەکان خراوتر لە عەرەب و عەرەبەکان خراوتر لە فارسەکان تاوانیان لە ناو ماڵ، خەڵک و وڵاتی ئێمەدا ئەنجام داوە. بە راستی مرۆڤ سەرسام دەبێت کاتێک لە رابوردووی سەدانساڵەی (ئەگەر نەڵێم هەزارانساڵە) کورد ورد دەبێتەوە و ئەبینێ هێشتاش ئەم نەتەوە بە سەر پێیانەوە ماوە.

بێشک یەکێک لە سەبەبە سەرەکییەکانی ژێرچەپۆکمانەوەی کورد ئەو دڕەندەخووییەی دژمنەکانیەتی، بەڵام هۆیەکی سەرەکی دیکەش خۆخوری، یەکتر قبووڵنەکردن و نەسازانی کوردان لەگەڵ یەک بووە.

شەرەفنامە جێ بڕواترین کتێبی مێژووی کوردە چوونکە، نووسەرەکەی لە لایەک ریشەی لە ناو ئەمارەتێکی کوردیی دایە و لە لایەکی دیکەوە لە دەربار و ناو قورنگەی دەسەڵاتی داگیرکەرێکی کورددا مەزن بووە.

لەم سەرەوە بۆ ئەوسەری ئەم کتێبە گەورە و بەنرخە، باسی شەڕی نێوان هۆز و خێڵە کوردەکانە لە دژی یەک و لە قازانجی یەکێک لە داگیرکەرانی کورد. هەر خێڵ و سەرۆک هۆزە پەنا بۆ دژمنێک دەبات تا چەک و پیاوی بداتێ و بڕوات خێڵ و ئەمارەتێکی تری کوردی بۆ بڕووخێنێ، هۆزێکی دیکەی کوردی بۆ دیل و ملکەچ بکا و ئەوسا پاڵداتەوە و بێژێ ئۆخەی!

هاواری ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیە و عەبدوڵا پەشێو لە دەست ئەم ئافەتە گەییستووەتە عەرش و نووسەرانی دیکەی کوردیش وەک ئەمین زەکی بەگ، کەماڵ مەزهەر، نۆشیروان موستەفا، سادقی شەرەفکەندی و.... بە درێژی باسی ئەم ئافەتە گشتگیرەیان بۆ کردووین. نووسەرانی بێگانەش، لە واسیلی نیکیتین و مینورسکییەوە بگرە تا، ئێدمونز، میجێرسۆن، مارتین فۆن براونسێن و کریس کۆچەرا و... دەستیان لە سەر ئەم ئازارە پڕژانەی کوردان ناوە و وتوویانە تا لەم وەزعەدا بمێنن ژێردەسە ئەمێننەوە.

میر و سەرۆکخێڵەکان بە زۆری نەزان و نەخوێندەوار بوون.هاسان و فرە هەرزان لە داوی دژمن دەکەوتن و ریشەی خویان بۆ دەبڕیەوە. بەڵام زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ حاڵی ببێت کە چۆن حیزب و رێکخستنی کوردیش کوێرانە و بێ سڵمینەوە، درێژەی ئەم رێچکە روو لە هەڵدێر و زیانبارەیان گرتەبەر و ئەوە بۆ نزیک حەفتاساڵیش دەچێت کە ئەم ئامرازە لە رواڵەتدا

پێشکەوتووە (حیزب) لە ماڵ و وڵاتی کورد، عەینی عەشیرەت و خێڵ کار دەکات؟ چۆن حیزب و رێکخستن نەیانتوانیوە ببنە هۆی یەکخستن و لێکنزیککردنەوەی لایەنە لێکزویر و لێکدوورەکانی ناو کۆمەڵگە؟ چۆنە کە تانەت کاتێک خەڵکیش یەکریز و یەکهەڵویستن، حیزبەکان ناکۆک، ناتەبا و خەریکی سڕینەوەی فیزیکی و رێسواکردنی سیاسی یەکترن؟

من هیچ گومانێکم نیە کە شەڕی ناوخویی کوردان و هی حیزبان بە تایبەتی چەندین قات زیاتر لە گشت هێرش و فشارەکانی دژمن زیانی بە بزاڤی ئێمە گەیاندووە و هەر بەو نیسبەتەش لە بایەخ و ئێعتباری ئەم رابوونە رەواویەی کەم کردووەتەوە.

لەم قۆناخە چارەنووسسازەی ئیستا دا، وەزعی کوردی رۆژهەڵات و حیزبەکانی لە هەرکات و ساتێکی دیکە خراپترە. لە لایەک لێکدابڕاو و ناسازگارین، لە لایەکی دیکەوە لاواز و بێ کاریگەرین لە سەر سەرجەمی رووداوەکانی کۆمەڵگە. هەر کەسە خوی بە «مێحوەرێک» ئەزانێ و روو لە خەڵکیش باسی رۆژهـەڵات مێحوەری دەکات. لە کاتێکدا کوێر و مناڵیش دەزانن کە، بەم وەزعە ناهەموارەی ئیستامانەوە، نەک هەر مێحوەر و ئەنجامدەر، بەڵکوو هەموومان ئامرازێکی هاسانبەکاهاتووی دەستی کەسێکن و هیچی دیکە.

ئەمە ئافەت و بەڵایەکی گەورەیە و من ناوی ئەم بەڵاو ئافاتە ئەنێم نەخوشی یەکتر قبووڵنەکردن. کۆسپێک کە راستەوخۆ پێش گشت هاوکاریی و هاوخەباتییەکی لێ بەربەست کوردووین و ئێمەش بە دەوریدا دەسووڕینەوە بێ ئەوە بگەینە مەقسەد.

بێن با ئازایانە و بەرپرسانە، هەرکەسەمان بەشی خوی بەرپرسایەتیی ئەم کردارە زیانبارانە هەڵبگرین و بوێرانە داوای لێبووردنیش لەو خەڵکەی کە زیانمەندی ئەم هەڵەشەبوونەی ئێمە بوون بکین. بەم کارە لای خەڵک

خوشەویست و لە دنیای واقێعیشدا گەورە ئەبین نەک پێچەوانەکەی.

دوای ئەم دوو هەنگاوە بوێرانانە، تێکڕا دەست لە ملی یەکتر بکەین و وێڕای ڕێزگرتنی روانگە و بۆچوونی جیاوازی لایەنی هەمبەر، بوون و بەشداریی یەکتر لە مەیدانی خەباتی کورددا قبووڵ بکەین، خەتێکی سوور بە سەر ئەم ڕێڕەوە روو لە هەڵدێرەشدا بێنین کە ئێمەی تووشی ئەم ماڵوێرانییە کرد. هێمەت و هاوکاریی یەکتر بکەین و پێکەوە جووڵانەوە و خەڵکی کورد بخەینە سەر ڕێبازی هەستانەوە و پێشخستن.

سەیرێکی دەور و بەری خومان کەین. ئێرانییەکان (فارسەکان) هەموو شتێکیان هەیە بۆ ئەوە وڵات و نیشتمانێکی ئازاد و ئاوەدانیان هەبێت. زیاتر لە سەد ساڵە خەریکن دەوڵەت و دەسەڵاتێکی شیاوی مرۆڤ بنیاد بنێن بەڵام هێشتاش لە سەرەتای ڕێگادان و تاقە هەنگاوێک نەچوونەتە پێش.

لە دوای تێکڕووخانی دەسەڵاتی قاجار، بە نیازبوون شازادەیەک بدۆزنەوە، کڵاوی لە سەر نێن و بڵێن تاجە! لە پەنایەوە دەوڵەت، پارلەمان و سیستەمێکی دیموکراتیک دامەزرێنن.

بەڵگە مێژوویەکان نیشان ئەدەن کە یەکتر قبووڵنەکردن و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکتر بوو بە ئافاتی کۆمەڵگەکەیان و دایرزاندن. دواتر دیتیان لە منالڵدانی بزاڤی «مەشرووتە» دا دیکتاتۆرییەکی خوێنڕێژ لە ژێر ڕێبەری نیزامییەکی بێ ناو و نیشاندا هاتە دەر و گشت ماف و ئازادییەکی لێ زەوت کردن.

٥٠ ساڵ دواتر هەل و دەرفەتیان بۆ رەخسایەوە، بەڵام دیسان ئافەتی یەکتر قبووڵنەکردن لە گیان و ژیانیان کەوت وئاکامی خوێن و فرمیسکی دەیانساڵەیان هەیولایەک بوو بە ناوی کۆماری ئیسلامی و مرۆڤخورێکی وەک خومەینی...

ئیستاش٣٩ ساڵ دواتر، هێشتا هیچ ئاسۆیەک بۆ دواڕۆژیان دیار نیە و

کەس نازانێ حکوومەتی دوای ئەم «هەیولایەی» ئیستایان چە رەنگ و لە چی جنسێک ئەبێت.

دیارە بۆ درێژنەبوونەوەی باسەکە نموونەی ئێران بە کافی ئەزانم دەنا سەدان نموونەی دیکەی هاوچەشن هەن و هەمووشیان مایەی لێفێربوونن.

کاتی ئەوەیە گشتمان، بە حیزب و تاک و کۆمەڵگامانەوە، لە ئەزموونی تاڵی خومان و خەڵکی دیکەش دەرس وەرگرین و وەک گەل و نەتەوەیەکی خاوەن دەرک و ئاوەز، قبووڵ بکەین کە بیر و بۆچوونی جیاواز تەنیا قازانجی بۆ کۆمەڵگا هەیە و پێچەوانەکەی درێژەدانە بەم کارەساتەی کە هەموو مێژووی ئێمەی ئاخنیوە.

١١-١-٢٠١٥

# ٨

# لە پەیمانی سایکس ـ پیکۆ
# تا کۆبوونەوەکانی ژنێڤ

# لە پەیمانی سایکس ـ پیکۆ تا کۆبوونەوەکانی ژنێڤ

تێ بینی:

ئەم بابەتە پێش دەرکەوتن و سەرهەڵدانی بەڵای داعش نووسراوە. لە کۆتایی باسەکەدا تێکهەڵکێشێکی رووداوەکانی ئەم دوایەشی پێ زیاد کراوە.

لە ناو خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوین دا بە شێوەی گشتی باوە کە هەرکات گۆڕانێکی گرنگ لە پیوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکانیاندا روو بدات، ئێژن کاری ئینگلیسە. ئەم دیاردەیە گەلێک جار لە قسەی سەرزارەکیش تێپەڕیوە وشێعر، کتێب و تەنانەت فیلمیشی لێ سازکراوە کە، شێعری بەناوبانگی ((٢٧ ساڵی)) فایەق بێکەس لەلای خومان و سێریاڵی دوور و درێژی ((دایی جان نابولیون))ی لای ئێرانیەکان بەرچاوترینیانە.

بەڵام بەڕاستی ئەم ((زەیهنیەتە)) گشتی و روانگە بەرفراوانە چەندە لە راستییەوە نزیکە؟ چارەنووسی شووم و ژیانی پڕ لە ژانی سەدانساڵەی گەلانی ئەم ناوچەیە چەندی لە دەست خویان و چەندیشی لە چنگ زلهێزانی دەرەکی دا بووە؟ یان ئیستاش پاش تێپەڕینی سەدان ساڵ، داخوا گۆڕانێکی بنەڕەتی لەم بارەوە هاتووەتە گۆڕێ؟ ئەم وتارە هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە.

سەرنجێکی سەرپێیی لە مێژووی ئەم گۆشەیەی دنیا بە هاسانی بۆمانی دەردەخات کە لەوەتەی مرۆڤ هاتوەتە سەر زەوی، ئەم ناوچەیەش جێگەی ژیان و، هەر لە چەند چەرخێکی مێژووش دا جارێک شوێنی پێکدادان و بەگژیەکداچوونی هێزە گەورەکانی بڕیاردەری جیهان بووە. هەر گەورەهێزێک ویستوویەتی باڵادەستی خوی بە سەر ئەوی دیکەدا بسەپێنی،

یان بسەلمێنێ، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەم جێگایەی داوە و لە ئاکامی ئەم هەوڵانەش دا شەڕ، شکان و دابەشکردن هاتووەتە ئاراوە.

هەرکام لەم زلهێزانە بە نۆرەی خویان بیانوو، ئایدۆلۆژی وئامانجی جیاوازیان بووە. بەڵام ئەوەی خاڵی هاوبەشی سەرجەمی هێرش و دابەشکردنەکان بووە ئەوەیە کە، لە هیچ سەردەمێک و لە پلانی هیچ زۆردارێک دا نەبووە خەڵکی ئەم ناوچەیە، راستەوخۆ بەشداری بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی خویان بکەن. هەڵبەت زۆر ئاشکرا و روونە کە، پێش ئەوەی بریتانیای گەورە، لە ساڵی ۱۷۰۷ی زایەنی دا، بە وەسەریەکخستنی خاک و سپای چوار دەوڵەت و دۆڕگەی دژبەیەکی بریتانیا پێک بێت، رۆژهەڵاتی ئێمە سەدان جار کەوتبووە بەر هێرش و لەت و پەت و شەلاڵی خوین کرابوو. بەڵام کە نۆرە دێتە سەر باندەستی بریتانیا، ئیتر وەزعەکە فرە جیاوازترە، ئێشەکان گەورە و زامەکان هەردەم پەترۆکە بەستوو، ئامادەی کولانەوە ماونەتەوە. کاری ئەوان لە سەرەخۆ و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە و، ئیدی هێرش، داگیر و دابەشکردنەکانیش بە پلان و نەخشەی داڕێژوا ئەنجام ئەدرێن. بۆیە خەڵکیش زیاتر لە گشت هێرشکاران و داگیرکەرانی تر، رۆڵی «ئینگلیز» لە مێشک و بیرماگیان دا دەمێنێ و تەنانەت کار و هەڵویستی کەسانی دیکەش هەر بە هی ئەوان دەزانن!

## وەزعی ئورووپای پێش شەڕی جیهانی یەکەم:

کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، ئورووپا لە کێشە و ناکۆکی نێوان دەوڵەتە جیاوازەکانی دا دەکولا. فەرانسە و بریتانیا دوای مێژوویەکی پڕ لە شەڕ و خوێنڕشتنی یەکتر، لە ئاشتی و هاوپەیمانی دا دەژیان و هەوڵیان ئەدا دۆستایەتی خویان لەگەڵ زلهێزەکانی دیکەی وەک

ئیمپراتۆری نەسما- هەنگاریا لە لایەک و، رووسیای تەزاریش لە لاکەی ترەوە بپارێزن. وڵاتی ئاڵمان کە لە ژێر ڕێبەرایەتی ((ئوتۆ بیسمارک)) دا یەکیەتی خوی بە دەست خستبوو و لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە دا ببوە هێزێکی گرنگ و کاریگەر، سەرئێشەی سەرەکی هاوپەیمانان، بە تایبەتی بریتانیا و فەرانسە بوو. ئاڵمانی نوێ لەگەڵ ئەوان نەدەحاواوە و بۆ خوشی بەو بەشە رازی نەبوو کە ((برا گەورەکان)) بۆیان دادەنا.

هاوکات ئەمپراتۆری عوسمانی، کە سەدان ساڵ وەک باڵانسی هێز، لە نێوان رووسیە و ئورووپای رژاوا دا رۆڵی سەرکی گێڕابوو، ئیستا پیر و پەککەوتە، هەر رۆژە پەلێکی لێ دادەبڕا و لە ئەدەبیاتی سیاسی ئورووپاش دا بە ((پیاو نەخوشەکەی ئورووپا)) ناوی لێ دەبرا. ئەڵمان مرخی لە میراتی عوسمانی لە بالکان و باشووری ئورووپا خوشکردبوو و رووسیاش لە چاوەڕوانی لاوازتربوونی دەسەڵاتی سوڵتان دا، تەمای داگیرکردنی ((قوستەنتەنیەی)) لە سەر کەوتبوو.

میسر پێشتر بە ڕێبەرایەتی پیاوێکی ئاڵبانی (موحەمەد عەلی) سەربەخۆیی خوی لە عوسمانی راگەیاندبوو و یونانیش دوای رزگاری لە چنگی تورکان، کەڵکەڵەی سەردەمی ((ئەسکندەری)) ئەکرد و خەریکی هێز و کەشتی پێکەوەنان بوو. بریتانیا لە بە سەربەخۆیی گەییشتنی ئەم دوو وڵاتەدا، واتا میسر و یونان رۆڵی سەرەکی و چارەنووسسازی گێڕا و لەم ڕێگایەوە توانی بناخەیەکی دڵنیا بۆ هەڵوەشانەوەی ئەمپراتۆری حەوسەد ساڵەی تورکان دارێژێ و خوی جێگا خاڵییەکەی پڕکاتەوە.

رۆڵی ئاژانەکان لە پلانی زلهێزەکان دا ((گەرتروود، مارگارێت بێل)) و (( لۆرانسی عەرەبی)) وەک نموونە

دوای جیابوونەوەی میسر لە عوسمانی، کاربەدەستانی بریتانیا کەوتنەخویان تا بە بەرنامە، هێز و خێڵە عەرەبەکانی شێوە دوڕگەی

عەرەبستان، تا دەگاتە ((مێز و پۆتامیا)) کۆکەنەوە، بانگی هەستانەوەی نەتەوەیکی دیلیان (نەتەوەی عەرەب) بە گوێدا بدەن و هانیان بدەن بۆ وەدەرنانی تورکان و بۆ گەییشتن بەم ئامانجەیان ڕێگای شەڕ و بەرخۆدانیان پێشان دان.

بریتانیای هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەم مەبەستە دوو کەس لە شارەزا و شیاوترین کەسەکانی خویان راسپارد تا ئەم ئەرکە سەخت، پڕ مەترسی و پڕسووده بگرنە ئەستۆ. ئەم کەسانەش یەکەمیان ((گێتروود، مارگارێت، بێل)) و دووهەمیش ((توماس، ئێدڤارد، لۆرانس)) بوون کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بوونە پردی پەڕینەوەی هێز، کولتوور و دەسەڵاتی بریتانیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین و توانیان مانەوەی هێزی ڕۆژاوا بە شێوەی نوێ بکەنە راستییەک و ئێستاش دوای سەد ساڵ هێشتا نیشانەیەک نیە کە باسی کۆتایی ئەم هێز و هێژموونیەی ڕۆژاوا لە سەر چارەنووسی خاک و خەڵکی ئەم ناوچەیە بکات.

گێتروود بێل، خانمێکی گەنج و ڕەبەنی ئینگلیزی سەر بە یەکێک لە بنەماڵە ساماندارەکانی بریتانیا بوو کە وەک یەکەم ژن لە زانکوی ((ئۆکسفورد)) خوێندنی تەواو کرد. لە چەندین سەفەری جۆراوجوردا بەشی زۆری شارەگەورەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەوانە ئیستانبووڵ، تاران، ئیسفەهان، قاهێرە و بەغدای بینی و زمانی ئەو وڵاتانە فێر بوو. دواتر بۆ فێربوونی عەرەبی بە باشترین شێوە، چوو بۆ فەلەستین و لەوێ وێڕای فێربوونی عەرەبی بە گشت زاراوەکانیەوە، لە نزیکەوە کاریگەری ئەو شتەی سەردەمێک کارڵ مارکس بە ئوپیومی کۆمەڵانی خەڵکی (مەسهەب) ناو بردبوو لە مانا راستیەکەی تێگەییشت. مارکس تەنیا وەک تێئۆری باسی لەم ((ئەفیومە)) کردبوو کە کۆمەڵانی خەڵکی پێ سڕ و بێ حاڵ ئەکرێن، بەڵام گێتروود بە باشی و لە نزیکەوە فێر بوو کە چۆن لە مەیدانی کردەوە و لە

کاتی گونجاوی خوی دا بە کاری بێنێ.

کاتێک هەموو ئامادەکارییەکانی بەڕێکرانی ئەم ژنە ژیر، زیرەک و دەگمەنە بۆ ئەم دنیا جیاواز، سەیر و پڕخەتەرە کۆتاییان هات، رووی کردە ناو خێڵ و عەشیرەتە بیابانییەکانی عەرەب و بە زمانێکی چەور و فریوکارانە، بە زاراوەی تایبەتی ئەو خێڵەی لەو ماوەیە دا لە ناویان دا دەمایەوە، دەستی بە پروپاگەندەی ئامانجەکانی دەکرد و کە دەچووە لای خێڵ و عەشیرەتێکی نوێ، دیسان دەبوو بە یەکێک لەوان و زوان، زاراوە و تایبەتمەندییەکانی جێگای نوێ دەکردە سەر لۆحەی کارەکانی. دیارە شانبەشانی گێتروود، لۆرانسیش، کە ئەفسەر و ئارکۆلۆگێکی پایەبەرزیش بوو لە شوێن و کانالی خویەوە کەوتە کار و ئەو جێگایانە بۆ گێتروود وەک ژن دژوار بوو بە لۆرانس دەسپێردرا و ئەوەش جێبەجێ کردنی بۆ ژنێک هاسانتر بوو، گێتروود بە باشترین شێوە بە ئەنجامی دەگەیاند.

سەرەنجام لە کاتی سەرهەڵدانی شەڕی جیهانی یەکەم دا، بریتانیای گەورە، بە هاسانی توانی لە ناو گشت خێڵ و هۆزە عەرەبەکانی ئەو ناوچە بەرینە دا ببێتە خاوەن ئێحترام و وەک هێزی پشتگر بۆ سازکردنی دەوڵەت و دەسەڵات بۆ نەتەوەی دابەش و بێبەشکراوی عەرەب ببینرێ. بەشێکی زۆر لە پاشا و ئەفسەرانی سپای عوسمانی، کە رەچەڵەکیان عەرەب و تەنانەت کوردیش بوو، پێوەندیان بەم دوو کەسە و هاوکارانیانەوە کرد و سەرەنجام وەک دیترا بە هاوکاری ئەوان و کوڕە میرێکی حیجازی، بنەمای دەوڵەتی نالەباری ئێراقیان دانا. هەروەک دواتر وە خەبەر هاتینەوە و دیتمان، بەشێک لە کوردیان بە زۆر و بێ پرس کردە پاشکۆی ئەم دەوڵەتە و لەو کاتەشەوە تا ئەم ساتە وەختە زامی ئەم پەیوەندە ناموبارەکە خوێنی لێ دەچۆڕێ. پیویستە بزانرێ کە میجر سۆن، میجر نۆئێل، ئێدمونز، فرایزێر و کەسانی دیکە کە ئێمە رۆڵ و ناویان لە مێژووی ئەو سالانەی خومان دا دەخوێنینەوە، تەنیا

کاراکتەرێک و بەردەستێکی گێتروود بێل و توماس لۆرانس، یان (( لۆرانسی عەرەبان )) بوون و هیچی دیکە.

## پەیمانی سایکس ـ پیکۆ:

لە هەل و مەرجێکدا کە شەڕی جەهانی یەکەم لە گەرمەی خوی دا بوو، ئاسەوارەکانی لێکدارِمانی عوسمانی دوور و نزیک دەبینران و ناوچەیەکی گرنگ لە ژێر کۆنترۆڵی ئەم زلهێزە ناوچەیە دا بێخاوەن دەمایەوە. دوو هاوپەیمان و هێزی سەرەکی ئوروپاش، واتا فەرەنسە و بریتانیا رۆژ لە دوای رۆژ لێک نزیکتر دەبوونەوە و پلانی دوارِۆژی دابەشکردنی ناوچەکەیان لە نێوان خویان دا دادەرِشت.

شان بەشانی کاری جاسووسی و رێکخستنی عەشیرە عەرەبەکان کە لە سەرەوە ئیشارەی پێکرا، دوو کۆنەکاری شارەزای ناوچە و کولتووری خەڵکەکە، نوێنەرایەتی ئەم دوو دەسەڵاتە ئورووپییەیان دەکرد کە ((مارک سایکس))ی بریتانیایی و ((فرانسوا لرد- پیکۆ))ی فەرەنسی بوون. ئەم دوو دیپلۆماتە کۆنەکارە، لە پلانێکی نهێنی دا مۆری خویان لە سەر رێککەوتنێک دانا کە بە کردەوە سووریە و لوبنانی بۆ فەرەنسە و ئێراق و فەلەستینیشی بۆ بریتانیا دابڕ دەکرد. لەم رێککەوتنە کولۆنیالیستییە دا، بێ هێنانی هیچ ناوێک لە کورد و وڵاتەکەی، کوردستانیش دەکرا بە سێ بەشەوە، هەر بەشێکی دەبووە خاکی وڵاتێکی دیکە و بۆ جارێکی دیکە مێژوویەکی رەش بۆ نەتەوەیەکی خەوتووی بێ رێبەر و پێشەنگ دووبارە دەکرایەوە.

رووسیە، کە ئەکات تا ملان لە گێژاوی شەڕ و کێشەی ناوخۆیەوە گلابوو، دوای هێندێک گلە و گازندە لە دوورەوە بەم پەیمانە رازی بوو وساڵی دواتریش، واتا ١٩١٧ کە شۆڕشی ئوکتوبر بەرۆکی دەسەڵاتدارانی

ئەو وڵاتەی گرت و لە سەر کورسی دەسەڵات دایبەزاندن، ئیدی بە هاسانی مەجال بۆ بریتانیا و فەرانسە خولقا تا بێ گرفتێکی بەرچاو، میراتی لە عوسمانی بە جێماو تاڵان کەن، تەنگ بە سوڵتان و سپاکەشی هەڵچنن تا دوایین سەنگەرەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیەی ئیستا لە دەست بدات و وەک دەزانرێ ئەم میراتبەشکردنەش خوی لە پەیمانەکانی دواتری سێڤر و لۆزانی سویسرا دا بینییەوە کە لە یەکەمیان دا مافی بوون و بڕیاردان بۆ کورد دەستەبەر کرا و لە دووهەمیش دا بۆ دەیان ساڵ کرا بە دیل و قوربانی بەرژەوەندی ئەم زلهێزانە.

ئەگەر سەیری رووداوەکانی بیست و چەند ساڵی هەوەڵی سەدەی بیستەم بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە گرێدانێکی ئاشکرا لە نێوان پەیمانی سایکس- پیکۆی ١٩١٦ و پەیمانی سێڤری ١٩٢٠ دا هەبوو. هەردووک پەیمان بۆ دابەشکردنی ئەو ناوچانە بوون کە لە ژێر جنگ و کۆنترۆڵی عوسمانی دا دەرهاتبوون و براوەی هەردووک پەیمانیش فەرانسە و بریتانیا بوون. بەڵام ئەوەی سێڤری تایبەت و جیاواز دەکرد باسکردنی ئاشکرای کوردان و تەرخانکردنی چەند خاڵی تایبەتیش بە دوارۆژ و چارەنووسی ئەوان بوو.هەرچەند نابێت لە بیرمان بچێت کە باسکردن لە کوردان و لە بەرچاوگرتنی هێندێک مافی سەرەتایش بۆیان، پەیوەندی بە دوو خاڵی سەرەکییەوە هە بوو کە خوێنەر و تەنانەت مێژوونوسانیشمان کەم بە لایدا رووویشتوون:

یەکەم: بۆ فشار هێنان بۆ موستەفا کەماڵ کە بە بەرپاکردنی بزووتنەوەیەکی گەورە خەریک بوو جێگای خاڵی و دەسەڵاتی رووخاوی سولتان پڕکاتەوە و، بۆ دەرپەڕاندنی یونانیەکانی هاوپەیمانی بریتانیا و فەرانسە، خەریکی شەڕێکی قورس و گران بوو.

دووهــەم: هاوکات لەگەڵ تێکڕووخانی ئەمپراتوری عوسمانی،

ئەمپراتورییەکانی رووس و، ئوتریش-هەنگاریاش تێکەوە پێچرابوون و وڵاتی پۆلۆنیا کە پێش هەڵگیرسانی شەڕی یەکەم، وەک کوردستانی ئیستا، لە نێوان چوار وڵاتدا دابەشکرابو، رێبەرانی لە هەلی هەڵکەوتوو کەڵکیان وەرگرتبوو و خەریکی وەسەریەکخستنەوەی وڵاتەکەیان بوون. بریتانیا بۆ دروستکردنی سپەرێک لە بەرانبەر دەسەڵاتدارانی تازەی بولشەڤیکی رووسیەدا، بە گەرمی پشتی یەکگرتنەوەی پۆلۆنیای دەگرت و سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئامریکاش،وودرو ویلسۆن، بە دانانی دوکتورینی «مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان» لایەنگرێکی توندی پۆلۆنیەکان بوو. بۆ ئەوە پشتگرییەکەیان لە پۆلۆنیا زۆر زەق نەبێت و رووسەکان بە تەواوی تووڕە نەکات، لە دانشتنەکانی سێڤر دا باسی کورد و ئەیالەتی یۆنانی نشینی سێمیرنا (ئیزمیری) ئیستاشیان تێکەڵی باسی پۆلۆنیا کرد و لە پەیماننامەکە دا گونجاندیان کە دوای راپرسی خەڵکی ئەم شوێنانە (پۆلۆنیا، کوردستان و سێمیرنا) بۆیان هەبێت بڕیاری چارەنووسی خویان بدەن.....

## کاردانەوەی موستەفا کەماڵ بە پەیمانی سێڤر:

کەماڵ پاشا کە سەرەتاکانی تێوەگلانی وڵاتەکەی لە شەڕی جیهانی یەکەمەوە لەرزی دارمان و دابەشبوونی عوسمانی هەموو لەشی داگرتبوو، بە گشت توانایەوە هەوڵی پێکەوەنانی هێزێکی توکمە و تەیاری دا تا لە ژێر خۆڵەمێش و وێرانەکانی ئەمپراتۆریە رووخاوەکەی دا شوێنێکی شیاو بۆ تورکان دیاری بکات و ئەوەی لەم سەرزەوییە بەرینە بۆی بپارێزرێت بیپارێزێ. کاتێک چەندین پەیمانی ئاشکرا و نهێنی نێوان وڵاتانی زلهێزی بینین و نەیتوانی ببێتە بەربەستێک لە سەر رێگایان، لە هەلی گۆڕانی دەسەڵات لە رووسیا (رووخانی ئیمپاتۆری تەزاری و سەرکەوتنی بولشەڤیکەکان)

کەڵکی وەرگرت و سەرەڕای دژمنایەتی توندی لەگەڵ کومونیسم، پەیوەندی بە لێنین و رێبەرانی دیکەی سۆڤیەتەوە کرد و بە ناردنی یەکێک لە کەسە نزیکەکانی خوی، «کازم کارابەکر» بۆ باکوو و دواتر هەیئەتێکی رەسمی بە سەرپەرەستی بەکر سامی وەزیری دەرەوەی دەوڵەتەکەی پەیوەندییەکی کاتی، بەڵام پتەو و گرنگی لەگەڵ سۆڤیەت،واتا گەورەترین دژمنی بریتانیا و رۆژاوا گرێدا. ئەم نزیکایەتییە و پێشرەوی هێزە سەربازییەکانی تورک لە مەیدانی شەڕ لەگەڵ یونانییەکان دا، هاوپەیمانانی رۆژاوایی هێنایە سەر ئەو بڕوایە جیاواز لەو ئاراستەیەی پەیمانی سێڤێر گرتبوویە پێش، پەیمانێکی نوێ ببەستن و نوێنەرانی موستەفا کەماڵیش بۆ ئەم دانشتنانە بانگهێشت بکەن، واتا ئەو شتەی ئێمە بە پەیمانی رەشی لۆزانی دەناسین.

کاتێک عیسمەت ئینێنۆ و دێلەگاسیۆنی هاوڕی گەییشتنە لۆزان تا نوێنەرایەتی تورکیەی نوێ بکەن، لە رێگاوە خویان لە بەرانبار سێ وڵاتی هاوهەڵویست، بریتانیا، ئیتالیا و فەرانسە دا بینیەوە. هەر سێ وڵاتیش ساخ ببوونەوە لە سەر ئەوە کە تورکەکانییش وەک گشت نەتەوەکانی دیکەی ناو ئەمپراتۆری رووخاوی عوسمانی (عەرەب،کورد، ئەرمەن،یونان و...) خاوەنی مافی دیاری کردنی چارەنووسی خویان بن و ئەو شوێنەش وەک خاکی جێگای ژیانی تورکان لە لایان ئەم سێ وڵاتەوە لە بەرچاو گیرا بوو بەرتەسک، دوور لە سنووری دەریاکان و تەنانەت میترێک لە خاکی کوردیشی نەدەگرتەوە. جگە لەم سێ هاوپەیمانە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاش بەشدار و پشتیوانی ئەم هەڵویستەی ئورووپایەکانی ئەکرد.

ئینێنۆ سەرەتا خوی لە بەرانبەر هێز و دەسەڵاتێکی گەلێک گەورەتر لە توانای خوی دا بینی، دەترسا بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە لای سەرۆکەکەی، واتا موستەفا کەماڵ و شەرمەزار بێت. بەڵام کاتێک رۆژی دووهەمی دانشتنەکان وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت «چی چرین» وەک نوێنەری

وڵاتەکەی بەشداری دانشتنەکانی کرد وبە گەرمی لە سەر دۆستایەتی نێوان رووسیا و تورکیەی نوێ ئاخەفی، ئیدی عیسمەت ئینینۆش ورەی بەرز بوویەوە، هەستی بە پاڵپشتێک کرد و دەستی بە پێچەقاندن لە سەر هەڵویستی نەگۆڕی تورکیە کرد. لۆرد کارزن، نوێنەری بریتانیا لە دانشتنەکە دا هێشتا عیسمەت ئینینۆی بە جدی نەدەگرت و کاتێک گوێ لە ئیدەعای بێ بناغەی عیسمەت لە سەر هێندێک رووداوی مێژوویی لە سەر مووسڵ و بە تایبەتی ((تورکبوونی کوردەکان)) بوو، بە شێوەیەکی گاڵتەجار رووی تێ کرد و پێ وت:

((ئەبێت ئەم دۆزینەوە نوێیەت لە مێژوو دا تۆمار بکرێ کە پێش تۆ کەس نەیزانیبوو ((کوردەکانیش تورکن))!

بەڵام دواتر دەرکەوت عیسمەت زۆریش کەسێکی ساویلکە نیە و دوای چەندین دانشتن، پێچەقاندنی هەئیەتی تورک و بیانووگرتنی رۆژاواییەکان، دەرکـەوت سەرەنجامی پەیمانی لۆزان ئەوە بوو کە موستەفا کەماڵ و تورکەکانانی هاوپەیمانی دەیانەویست و، جگە لە خنکاندن و لە بیرکردنی بەندەکانی ناو پەیمانی سێڤر، بە کردەوە خەتی سووری بە سەر گشت باسێک دا هێنا کە ناوی کورد و کەمایەتییەکانی دیکەی ناو جێئۆگرافیای تورکیە بە ئیستانبووڵ و ئێزمیریشەوە بوو کە ئەودەم مانەوەی هەردووک باژێر لە ژێر کۆنترۆڵی تورکان دا بە توندی لە مەترسی دا بوو....

## وەزعی کورد لەو سەردەمە دا:

بە رای من ئەو هەلەی لە ساڵەکانی ١٩١٥ تا ١٩٢٣ بۆ سەرجەمی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان هاتبووە پێش تا ببێتە خاوەن ماڵ و بڕیاری چارەنووسی خوی، دەیان جار لەو هەلانەی دوای رووخانی شای ئێران

و رووخانی سەدام حەوسەین بەنرختر بوو. ئەگەرئەو سەردەمە ئێمەش وەک گەلانی دیکە، خواست، ئیرادە و رێبەرییەکی شیاومان هەبایا، ئیستا باسکردنی ژێردەستی کوردستان تەنیا چیرۆکێکی مێژوویی بوو کە نەسڵی ئێمە بۆ زاروەکانی خوی دەگێڕایەوە.

وەزعی سەرجەمی هێزە کاریگەرەکانی ناوچە لەو سەر و بەندە دا تەقریبەن بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

- دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتای شەڕەوە کەمترین هێز و لە کۆتاییەکانیش دا تاقە سەربازێکی لە هیچ شار و گوندێکی کوردستان دا نەمابوو.

- ئینگلیز و فەرانسە بەو دەلیلانەی لە سەرەوە باسکران سەرقاڵی لە خەوهەستاندنی عەرەبان بوون و تا ملانیش لە شەڕێکی دنیاگرەوە گلابوون.

- رووسیە هەم تووشی شەڕی دەرەوە و هەمیش بزووتنەوەی جەماوەری ناو کۆمەڵگەکەی خوی بنکۆڵی ئەکرد و هێز و توانای پەلامار و داگیرکردنی شوێنێکی سەخت و دوورەدەستی وەک کوردستانی نەبوو.

- ئێراق و سووریە هێشتا نوتفەکەشیان لە زکی دایکی دەغەڵکاریان (بریتانیا) دا سازنەکرابوو و ئێرانیش دوای هەڵوەشانی سیستەمی رزیوی قاجار، وەیلان و سەرگەردان بە دوای سەرکردەیەک دا دەگەڕان تا وڵات بگرێتە دەست و لەم بێ خاوەنی و بێ رێبەرییەش دا بوو کە رەزا خانی میرپەنج لە دەرەجەی گرووبانیەوە گەییشتە پلەی شاهەنشایی!

بەڵام کورد، جگە لە سەرهەڵدانەکەی شێخ مەحموودی بەرزنجی، کە ئەویش هیچ کات سنوورەکانی شاری سلێمانی (نەک پارێزگەکە بە گشتی) تێنەپەڕاند، لەم سەرەوە بۆ ئەو سەری وڵات، جەماوەر و ئاغای مێشکپووچ پاڵیان لێ دابوویەوە و ئەگەر بە هەڵکەوت هێزێکی عوسمانی، یان وڵاتێکی تر رووی لە گۆشەیەکی کوردستان کردبا (وەک نموونەی ناوچەی موکوریان) بەشێک لە پیاوانی ئاغایەک بەشداری «خەزا» و شەڕی

((کافران)) دەبوون و ئەوەی بە مێشک و بیری فەقیرانەیان دا رانەدەبرد، رزگاری و ئازادکردنی نیشتمان لە داگیرکەران بوو. دیارە سەبەبی ئەم بێ خێالّییە زۆرن کە سەرەکیترینیان نەبوونی رێبەرانێکی ژیر و خاوەن بیر و زاڵبوونی دێوەزمەی دواکەوتوویی بە سەر سەرجەمی کۆمەڵگەکەمان دان. شۆڕش و سەرهەڵدانی شێخ مەحموودیش هەرچەند شوێنێکی تایبەت و گرنگی لە مێژووی ئێمە دا هەیە و لە راستی دا تاقە بەڵگەیە کە ئەو دەم ئێمەش ویستوومانە ببینە خاوەن ماف و بڕیاری چارەنووسی خومان، بەڵام هێندە هەڵەی ستراتێژیک، خرابحاڵیبوون لە وەزعەکە و ناشیانە جووڵانەوە لەگەڵ ئاکتورە سەرەکییەکانی مەیدانەکەی تێدا روویان دا کە هیچکات نەیتوانی گۆڕانێکی بەرچاو و بەردەوام بە سەر وەزعەکە دا بێنێ و دیتمان سەرەنجامی شکان و بێبەشمانەوەی کورد بوو.

کاردانەوەی کورد بە پەیمانی لۆزان وەک سەرەتای بە یاسایی کردنی ژێردەستییەکەی، جگە لە هەوڵی بێ ئاکامی کەسانی وەک شەریف پاشا لە هەندەران، شتێک بوو نزیک لە سفر. تەنانەت هەڵویستی هێندێک بە ناو نوێنەری کورد لە مەجلیسی تازە دامەزراوی تورکیەی کەمالیستی دا، جۆرێک بوو کە یارمەتی بە موستەفا کەماڵ و تورکانی هاو بیری کرد تا بێ گرفت گشت ناوچە کوردییەکان بخەنە ژێر چەپۆکی خویان و ساڵەکانی دواتریش بە هاسانی شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران و سەید رەزای دێرسیم هەر بە هاوکاری ئەوان سەرکوت بکەن.

کەس ناتوانێ حاشای لێ بکات کە کورد لە بەر بێخەبەری و نەبوونی هیچکام لە ئامرازەکانی بە دەسەڵاتگەییشتن (هێزی چەکدار، رێکخستنی پتەو و بەرین، رێبەرانی ژیر و شیاوی رۆژ و....) ئەو هەل و فرسەتە زێڕینەی لە دەستی خوی دا و ئەوە سەدەیەکیش بە سەر دا هات کە هێشتا ژێردەستە و بێ مافە. یەکێک لە بایەخە گرنگەکانی دیرۆک و رابوردوو بۆ

هەر گەل و نەتەوەیەک ئەوەیە وەک قوتابخانە کەڵکی لێ وەرگیرێ، لە دووبارەکردنەوەی هەڵە و پەڵەکانی پارێز بکرێ و لە یەک رستە دا رابوردوو ببێتە چرای رێگای دوارۆژ. بەڵام داخوا کورد ئەزموونێکیی دەردخواردووی لەم رابوردووە پڕ لە ماڵوێرانی و یەکجار تاڵەی خوی ورگرتووە؟

ئێستا ئیتر هەموان دەتوانن ببینین کە دوای تێپەڕینی سەدەیەکی پڕ لە ئێش و ئازار، جارێکی دیکە گۆڕانە گەورەکە گەییشتووەتە بەر دەرگای ئێمە. ناوچەکەمان لە گێژاوی وەرچەرخانێکی دیکەی مێژوویی دایە و سیستەمی دیکتاتۆرانەی زاڵ بە سەر وڵاتانی ناوچەکە دا رزیوە و بەرگەی سووڕی ئەم گێژاوە ناگرێ. بە چاوی خومان ئەبینین زۆردار دوای زۆردار ژێر و ژوور ئەبێت و ئەوەی توانای خۆرێکخستنی لەگەڵ ئەم چەرخە نەبێت ئەبێت بسپێردرێتە زبڵدانی مێژوو.

لە چەند ساڵ پێش ئێستاوە دەبینین دەسەڵاتدارانی دەور و بەرمان یەک لە دوای یەک خەریکن ئەڕووخێن و مەیدان بۆ هێز و دەسەڵاتی دیکە چۆڵ دەکەن. رووخاندنی سەدام و نەمانی بەعسی ئێراق وەک سەرەتای ئەم گۆڕانکاریانە پەنجەرەیەکی بەنرخی بە سەر دنیای داخراو و زیندانئاسای کوردان دا کردەوە. کوردی باشوور لە لێواری توانەوە و تەواوبوون دا، نووری هومێدی بۆ دەرکەوت، دەستی بە هەستانەوە کرد و سپای داگیرکەری لە سەر بەشێکی بەرچاوی خاکەکەی وەدەرنا.

سەرەڕای تۆمارکردنی هەزاران هەڵە و گەلێک پەڵەی پڕ لە شەرمیش، سەرەنجام بە خومان دا هاتینەوە و لەم وەزعە نوێیە دا، کورد و رێبەرانی دەستیان کرد بە بناخەداڕشتنی دەسەڵاتێکی کوردیی و ئەوە ٢٣ ساڵیش تێپەڕین و لە هەوەڵ باشتر و بەرفراوانتر بەشێکی وڵاتی خوی بەڕێوە دەبات. داگیرکەر، سەرەڕای پێچخواردن و پیشخواردنەوە، بێدەسەڵات لە دوورەوە سەیری پێشکەوتنی کوردستان دەکات و جگە لە حورس و ئاخهەڵکێشان

هیچی دیکەی لە دەست نایە.

هاوشان لەگەڵ ئەم بەشە رزگارکراوە، بزووتنەوەیکی بەرین و لە زۆر بارەوە لە دنیاش دا بێ وینە لە باکووری وڵات دا بەردەوامە. پێچەوانەی سەرەتاکان، نێوانی دەسەڵاتدارانی باشوور و گەورەترین دژمنی کورد (تورکیە) باش و دیالۆگێکی باش و(بۆ کورد) زۆر بیویستیش لەگۆڕێ دایە کە تا ئیستا بەرهەمی بەنرخی لێ کەوتووەتەوە. بوونی ئەم بزووتنەوە بەرینە لە باکوور و ئەم دیالۆگە پیویستە لە باشوور تەواوکەری یەکتر بن و هەر ئەمەشە بووەتە هۆی ئەوە دەوڵەتی تورک واز لە سیاسەتی بێ ئاکامی پیشوو بێنێ و بە نابەدڵیش بووە دەرگای قسەکەردن و باس لە چارەسەری لەگەڵ بزاڤی باکوور بگرێتە بەر...

## رۆژاوا پەنجەرەی دووهەمی ئازادی کوردا:

لە گێژاوی رووداوەکانی سووریە دا کوردانی رۆژاوا پەنجەرەی دووهەمیان بە سەر دنیای کورد دا کردووەتەوە. راست وەک ساڵی ١٩٩١ی باشوور دەوڵەتی بەعس لە سووریەش بەچۆک دا هاتووە و مەجال و مەیدان بۆ کوردان هاتووەتە پێش تا وێڕای خۆڕێکخستن و پارێزگاری لەو دەستکەوتانە دەستیان کەوتوون، دەنگی خوشیان بە دنیای دەرەوە بگەیینن و سەرەنجام قەڵەمبازێکی بەرچاو لە پێشوەچوون، بۆ رزگاری یەکجاری تۆمار بکەن. ئەکرێ مرۆڤ رەخنەی توند و گازندەی زۆریشی لە رێبەرانی رۆژاوا هەبن، سیاسەت و بڕیارێکیان بە هەڵە بزانێ و لەگەڵ سەرجەمی کردەوەکانیان هاودەنگ نەبێت وەک چۆن رەخنە لە لایەن زۆر کەس و لایەنەوە رووبەرووی رێبەرانی باشوور ئەکرێنەوە. بەڵام کەس نابێت ئەم دەستکەوتانە (هەم هی باشوور و هەم هی رۆژاوا) نەبینێ و ئەوەی ئەم کارە

بکات نە خەڵک، بەڵکوو خوی فریو ئەدات. ئێمە کوردان ئەبێت ئەزموون لە رابوردووی تاڵ و پڕ لە کارەساتی خومان وەر بگرین. هەڵە و کاری نەشیاو بەسە. راستییەکەی هێندەمان هەڵە کردوون بەشی خومان هیچ، بەشی چەندین نەسڵی دیکەشمان دەکەن و لێشیان زیادە. لەم قۆناخە مێژوویە دا یەکڕێزی کوردان لە رۆژاوا و، سەد هەڵبەتە پشتیوانی دەوڵەت و دەسەڵاتی باشوور، بێ هیچ بیانوویەک لەو دەستکەوتانەی رۆژاوا گرنگترین هەنگاون ئەبێت بێدرەنگ هەڵبگیردرێن و پێچەوانە جووڵانەوە ئەبێتە هەڵەیەکی مێژوویی کە خەسارەکەی سەرجەمی کورد ئەیدەن.ا

وەزعی سووریە هێشتا بە لایەک دا نەکەوتووە، وڵاتانی رۆژاوا پلانی تایبەتییان بۆ ناوچە و لەوانە سووریە هەبوو کە ئێران و رووسیا لێ یان تێکدان و ئەمڕۆ ئیدی، دوای دەرکەوتن و گەورەبوونەوەی قەیرانی ئوکرانیا نابێت وەک شتێکی کاتی سەیری وەزعی سووریە بکرێ. قیرانێکی قووڵ و بەرژەوەندی گشت زلهێزێکی تێ هاتووە. دیار و ئاشکرایە کە هەر زلهێزێک پشتی لایەنێکی کێشەکە، کە لە خۆیانەوە بە نزیکی ئەزانن ئەگرن و تێکشکانی ئەو لایەنەش (جا دەوڵەت بێت، نەیارانی عەرەب یان کوردەکان) ئاوتوماتیکی وەک تێکشکانی یەکێک لە زلهێزەکان دێتە هەژمار. بۆیە ئەبێت بزانین و قبووڵی بکەین کە هیج زلهێزێک ناهێڵێ بە هاسانی تێکبشکێنرێ و مانای ئەمەش ئەبێتە ئەوە کە ئەم کێشەیە جارێ بەردەوام ئەبێت.

کورد لەم چەند ساڵە دا لە رۆژاوا بە دنیا و خوشمانیان نیشان داوە کە هێزێکی جدین و ئامادەن بۆ پارێزگاری لە خویان و مافەکانیان فیداکاری بکەن. هەر وەها لە ناو گشت ئاکتۆرەکانی مەیدانی سووریە دا تاقە هێزن بیر و روانگەیەکی مەدەنی و مرۆڤدۆستانەیان هەیە و هێزەکانی دیکە تێکڕا کۆنەپەرەست و تاریکی پەرەستن. لە مەیدانی سیاسەتی کوردی دا دوو هێزی سەرەکی کورد (پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی دیمکراتی

کوردستان) لەو بەشەی کوردستان دا نفووز و لایەنگری تایبەتی خویان هەیە و بڕیار و پشتیوانی ئەم دوو هێزە لە کوردانی ئەو پارچەیە چارەنووسسازە. ئەوەی تا ئیستا بینراوە هاوکاری و پشتیوانی ئەم دوو هێزە ناهەماهەنگ و هێندێک جاریش پێچەوانەی یەکترە. ئەکرێ ڕۆانگە و بۆچوونی جیاواز لە سەر ئەم هەڵویستەی پارتی و پ.ک.ک هەبێت بەڵام من بە مەبەست و بۆ نەگۆڕینی ڕەوتی باسەکەم بێ ئەوە یەکێک لەم دوو هێزە زیاتر، یان کەمتر تاوانبار بکەم، ئەتوانم بێژم کە ئەم ناکۆکیەی ئەوان زیانی گەورە بەو بەشەی بزووتنەوەکەمان ئەگەیینێ و بۆشم دژوارە بڕوا بکەم کە ڕێبەرانی ئەم دوو هێزە ئەم هەڵە گەورەیەی خویان نابینن!

ئەگەر ئەزموونێک لە رابوردوو وەرگیرابێت و کوردیش فێر بووبێت واز لە بڕینەوەی ریشەی خوی بێنێ، ئەبێت بێ دواکەوتن هاوکاریی (نەک دەست تێوەردان) پارتی و پ کەکە بۆ ڕۆژاوا هەماهەنگ بکرێ، خەتێکی سووریش بە سەر گشت ناکۆکیەکانیان دا بهێنرێ تا هەم هیوایەکی گەورەتر بە خەڵکی شەریفی ڕۆژاوا بدرێ و هەمیش زلهێزەکان بزانن کە کورد یەکسەدست و یەکهەڵویستن.

کۆبوونەوەکانی ژنێڤ هەر لە هەوەڵەوە دیاربوو بێ ئاکام دەبن و بەشداریی ژمارەیەک لە ڕێبەرانی کوردیش بە دەستی خاڵی لەو دانشتنانە دا دەریخست کە کورد پیویستە لە پێش دا ماڵی خوی ڕێکخات دواتر بڕواتە ناو کۆبوونەوە و کۆنفەرانسان. بینیمان زلهێزەکان لە کۆنفەرانسی ژنێڤ دا نەک ماف، بەڵکوو ناوی کوردیشیان لە ئاجیندای خویان دا نەگونجاندبوو. بۆیە بەشداری ئەم ژمارە کوردە لەو جێگایە ئیدی لە بێ ماناش بێ ماناتر بوو. دەرکەوتن و پەلامارهاویشتنی بەڵای داعش و هێرشی بۆ سەر باشووری کوردستان گومانێکی بۆ کەس نەهێشتووەتەوە کە کورد لە گشت پارچەیەک دا پیویستی بە یەکدەنگی و یەکهەڵویستییە و ئەگەر ئەم کارە نەکات ئاگاهانە

زیان و زەرەرێکی گەورە بە خوی دەگەیەنێ.

گومانی تێ دا نیە کە دوارۆژی سووریە و بەم نیسبەتەش کوردی رۆژاوا سەرەنجام لە دانشتن و کۆنفەرانسێک دا دیاری دەکرێت و لە بەر گرنگی و ئێعتباری وڵاتی سویس و شاری ژنێڤ، دوور نیە هەر لە ژنێڤیش دا ئەم کارە بکرێت. بەڵام کورد ئەتوانێت بە هێز و پەیامێکی هاوبەشەوە، بە بەشداری گشت حیزب و رێکخراوەکانی بەشدار بێت و پشتیوانی راستەقینە، هاوئاهەنگ و بێ دریغی پارچەکانی دیکەشی لە پشت بێت، بێ گومان هیچ زلهێزێک نە ئەتوانێ و نە ئەیهەوێ هێزێکی وا گرنگ و کاریگەر لە دەرەوەی حیسابەکانی خوی دا بهێڵێتەوە.

خاڵێکی دیکە کە ئەبێت سەرنجی وردی بدرێتێ هەڵویستی کاربەدەستانی تورکە لە مەڕ رۆژاوا، ئەویش ئەوەیە کە درەنگ یان زوو سیاسەتی تورکیە بە نیسبەت رۆژاوای کوردستانەوە دەگۆڕدرێ و ئەزموونی پەیوەندی نێوان باشوور و تورکیە بە روونی ئەمەمان پێ ئێژێ. بۆ هەر چاوەدێرێکی ژیر ئەمە روونە کە بوونی هێزێکی سێکۆلاری دیموکراتی کورد سەد قات باشترە هاوسنووری تورکیە بێت تا دڕەندەکانی داعەش و تەنانەت ئەرتەشی بە ناو ئازادیش. لە حاکم بوونی هێزێکی سێکۆلاری کورد دا ئەمنیەت بۆ تورکان دێتە ئاراوە و لە بوونی ئەمنیەتیش دا دەرگا بۆ سەدان و هەزاران شەریکەی ئەو وڵاتە ئەکرێتەوە تا بێن و بە لێشاو قازانج بماشنەوە. هەر وەک چۆن چەندین ساڵە لە باشوور دەیکەن. بۆیە بە هیچ شێوەیەک نابێت سیاسەتی هیچ هێزێکی کوردی هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو قسە کاتییانەی کاربەدەستانی تورک لە بەر دەیان مەسڵەحەتی حیزبی و جیناحی خویان ئەیکەن. پێشتر سەدان جار ئەم قسانەمان لێ بیستوون لە سەر باشوور کردوویانە و دواتر سەد و هەشتا دەرەجە پێچەوانەی جووڵاونەتەوە.

**ئاکام:**

- ئەوەی ئیستا لە رۆژهەڵاتی ناوین دا روو دەدات زۆر لە رووداوەکانی سەردەمی پەیمانی سایکس – پیکۆ وە نزیکە و رەهەندەکان و قووڵایی گۆڕانکارییەکانیشی زۆر و کەم وەک یەکن. ئەوەی ئەم دوو سەردەمە لێک جیا دەکاتەوە هاتنە مەیدانی هێزێکی دڕەندە و تاریکی وەک داعش و هێزێکی مرۆڤدۆستانە و پێشکەوتووی کوردە لە بەرانبەری دا.

- کوردی سەد ساڵی پێشوو گەلێکی ناهۆشیاری، گرفتاری دەستی هەژاری و نەخوێندەواری بوو. سترووکتوور و قەوارەی کۆمەڵگەی عەشایەری و دواکەوتوانە بوو و لەم جۆرە کۆمەڵگایانەش دا چاوەڕوانی بۆ هاتنەکایەی بیری نەتەوەیی و رزگاری وەک ئەوەیە لە دەشتی عەرەبستان دا بە دوای کانیاو دا بگەڕی. لەم سەد ساڵەدا ئاستی تێگەییشتن، بیری رزگاری و پلەی خوێندەواری کۆمەڵگەی ئێمەش شان بەشانی دنیا گەشەی سەندووە و رەنگە لە زۆر بارەوە ئێمە بۆ رێکخستن و دەروەستبوون بە چارەنووسی سیاسی خومانەوە، لە پێشەوەی دەور و بەریشمانەوە بین.

- لە گشت پارچەکانی کوردستان دا جۆرێک لە رێکخستن و خەباتی خەڵک لە ئارادایە و ئەگەر ئەم خەبات و خۆڕاگرییە یەکبخرێ هیچ هێزێک لە دنیا دا نیە بتوانێت تێکی بشکێنێ. دوو پارچەی وڵاتمان ئازاد و نیوە ئازادە، بۆ یەکەمجار لە مێژوو دا بزاڤی رەوای ئێمە هاوسۆزی و پشتیوانی بەشێکی زۆری دنیای لە پشتە و بە کردەوەش بەشداری شەڕن لەگەڵمان. دوارۆژ نازانرێ چۆن دەبێت بەڵام هیچ شتێک نیە وەک نیشانەی تاریکبوونی ئاسۆی کورد و ژیرانە و بەرپرسانە بەرەو ئاسۆ رۆویشتن لە سەرکەوتنی یەکجاری نزیکمان ئەکاتەوە.

- لە رابووردوو ئەزموون وەرگرین. ناکۆکی نە تەنیا هێزمان، بەڵکوو ژیان

و چارەنووسمان دەخاتە مەترسییەوە. بۆیە پیویست و ئەریشە لە ناکۆکی ناو ریزەکانی گەل و حیزبە سیاسییەکانمان خۆ بپارێزین.

نووسین
٢٠١٣/١١/٥

سەرچاوەکان
بۆ نووسینی ئەم بابەتە لەم سەرچاوانەی خوارەوە کەڵک وەرگیراوە:

1- Gertrude Bell Öknens Drottning : av Janet Wallach
2 - Henry Kissenger: Från Krig till fred
3- A Biography of Mustafa Kemal Father of Modern Turkey
4- Med Förtvivlans Mod Kampen om polen: Av Mathias Forsberg och Artur Szulg

# ٩

# بارزانی و "ئەوانی دیکە"

# بارزانی و «ئەوانی دیکە»

*(ئەم بابەتەم ساڵی ٢٠١٥ نووسیوە. لای خوم خاڵ به خاڵی پێشبینییەکانم وە ڕاست گەڕاون و گەلێکیش خەمبارم بۆ ئەم وەڕاستگەڕانە.)*

جووڵانەوەی کورد، بە شێوەی حیزب و ڕێکخستنی سیاسی سێ چارەکە سەدەی تەمەنە. پێش ئەوەش زیاتر لە سەدەیەکی تەواو، ویست و داخوازی گەل بۆ سازکردنی کیانێکی سیاسی لە لایان سەرۆک خێڵ، شێخ و کەسایەتی ئایینی جۆراوجۆری کوردەوە هێنراونەتە مەیدان و خەباتی سەخت و خوێناوییان لە پێناودا کراوە. گەلێک سەرکردە و ڕێبەری ئەم قۆناخانە گیرۆدەی دەستی ستەمکار هاتوون، دڕەندانە گیانیان لێ سەندراوە و بە دەیان جار خێڵ و هۆزی کورد تێکڕا کۆچبەر و ماڵوێران کراون. دیارە سەرجەمی ئەم ڕووداوانە، بە چاک و خرابیانەوە مێژووی خوێناوی و پڕ لە کارەساتی ئێمە پێکدێنن و ناکامییەکانیشمان هەر ئەبێت لەم سۆنگەوە سەیر بکرێن. باسکردن لە هەرەکام لە قۆناخەکانی ئەم بزاڤە، بێ هێنان و باسکردنی ڕۆڵی چاک و خراپی ڕێبەرانیان باسێکی سەقەت و شیاوی بایەخ و خوێندنەوە نیە.

هەموو شارەزایانی بواری پرسی کورد لەم بارەوە هاودەنگن کە خێڵی بارزان و بنەماڵەی بارزانی یەکێک لە دیارترینی هۆزەکانی کوردن کە بە درێژایی نزیک بە یەک سەدە، ڕۆڵی ڕێبەریی بەشێک لەم بزاڤەیان لە سەرشان بووە و هەر بەو نیسبەتە بەشێکی گەورە و گرنگی مێژووی جووڵانەوەکەش

(بە چاک و خراپییەوە) پێکدێنن.

بەشداربوون و رۆڵی یەکەمگێڕان لە مێژووی نەتەوەیەکدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێـژ، خوی لە خویدا هیچ کات بەمانای باش، یان خراب حیسابکردن بۆ کەس نیە. پێچەوانەکەی، ئەتوانێ ئەم بەشداربوونە یەکجار خراپ بێت. بۆ نموونە بنەماڵەی ئالی سعوود لە عەرەبستان تێکڕای مێژووی نوێ ئەو وڵاتە پێکدێنن، ئەگەر بە پێوەری مرۆڤێکی سالم و ئەمرۆژی حیسابی بکەین، بچووکترین خاڵی پۆسیتیڤ لە رۆڵی ئەم بنەماڵە زاڵم، گەندەڵ و کۆنەپەرەستەدا لە مێژووی یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناویندا نابینین. هاوشێوەی ئالی سعوود لە ناو کۆمەڵگای خێڵەکی عەرەبدا زۆرن و ئەتوانین بنەماڵەی دیکەی وەک قەزافی، موبارەک، ئەسەد و سەدام لە چوار وڵاتی تری عەرەبیدا وەک نموونە بێنینەوە کە چۆن ببوونە خودا و خۆدانی ئەو وڵاتانە.

پێچەوانەی ئەمەش ئەتوانین رۆڵی بنەماڵەی گاندی – نەهرۆ [1] کە بوونە بناغەی سەربەخۆیی و دیموکراتیزەبوونی وڵاتێکی گەورە و زەبەلاحی وەک هێند و سەرەڕای گەلێک هەوراز و نشیو و توربولەنسی سیاسی (بە تایبەتی لە دەورەی دووهەمی دەسەڵاتی ئیندیرا گاندی دا) دیسان کەشتی سەربەستی و دیموکراسی وڵاتیان گەیاندە کەنار و ئیستا ئیتر لەو وڵاتە دا جێهێشتنی دەسەڵات وەک وەرگرتنی، بۆ گشت حیزب و لایەنەکانی وڵاتی گەورە و گرنگی هێند ئاسان و ئاساییە. هەڵبەت هاوشێوەی بنەماڵەی گاندی لە مودێرنترین وڵاتانی دونیاش دا هەن کە رۆڵی کلیدی و گرنگیان لە مێژووی دەیانساڵەی وڵاتی خویاندا گێڕاوە و هەر کات باسی ئەو سەردەمەی وڵاتەکانیان بکرێ، حەتمەن لاپەڕەی ئەوانیش تایبەت دێتە بەرباس. بۆ نموونە وەک بنەماڵەکانی فورد، راکفێلەر، کێنێدی و بووش لە ئامریکا. یان بنەماڵەی ڤالێنبەری لە وڵاتی ئارام و بێ ئازاری سوێد کە ئیستاش بڕیاری

یەکەم لە سیاسەت و ئابووری وڵات دا دەدەن و هەر کامەشیان خاوەنی میلیاردەها دولار سامانن.

بێ گومان رۆڵ و پێگەی هەر کام لەم بنەماڵانە ئەکرێ بە جیا لێکبدرێنەوە و باسی تایبەتیان لە سەر بکرێ. بۆ نموونە بنەماڵەی بووش و کێنێدی هیچ کات بۆ بەراوەردکردن لەگەڵ یەک نابن، بەڵام تێکڕای ئەم جۆرە بەشدارییانە لە رۆژاوا بە شێوەیەکی دیموکراتیک بوون و لە ئاکامدا پێشخستنی کۆمەڵگای وڵاتەکانی بە دواوە بووە. ئەوەی رۆڵی مێژوو لە ژیانی خەڵک دا بە جدی بگرێ، حەتمەن وەک خوشی، واتا چۆن رووی داوە ئەیخوێنێتەوە. لە قەزاوەت و بڕیاردان لە سەر ئەو دوو شێوە بەشداربوونەی بنەماڵە، یان خێڵێکی تایبەت لە مێژووی وڵاتانیش دا ئاکام بە بنەما وەردەگرێ نەک سێعر و پێداهەڵگوتنی باو لە سیاسەتی دیکتاتۆراندا.

ئاکامێک کە مرۆڤ لە نموونەی یەکەمدا ئەیبینێ، وێرانی وڵات، هەژاری خەڵک، مافیایی ئێدارەکردنی دەوڵەت و دەستگاکانی و، سەرەنجام بێ داهاتوویی گشت کۆمەڵگاکەیە. لە نموونەی دووهەمیش دا وڵاتێک کە خاوەن یاسا و رێسایەکی دیار و مرۆڤانەیە. رۆڵی دەوڵەت و دەستگاکانی دیار و ئەرک و مافی خەڵکیش بۆ هەموان روونە. لەم نموونەی دووهەمەدا مرۆڤ هیوای بە دواڕۆژە و هەست بە ئەمنیەت، بەشداری لە بونیادنانی شار و شوێنی خوی و سەرەنجام ئینتیمای گەورەی بۆ نیشتمانەکەی لا درووست بووە. هەڵبەت مەبەستم نیە بێژم کە ئەم کۆمەڵگایە بەهەشت و عەیبی تێدا نیە. نا، بە پێچەوانەوە. ئەم کۆمەڵگایانەش هێشتا پڕن لە ستەم و جیاوازی نێوان مرۆڤەکان و لە گەلێک باری ژیاندا هێشتا زەق و بەرچاوە. بەڵام کۆمەڵگە لە سەر رەیل و چەرخی راستەقینەی خوی ئەڕواتە پێش و ساڵ دوای ساڵ بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێ. لە سایەی ئازادی و سیستەمێکی دیموکراتیکەوە، مرۆڤ بە هاسانی ئەتوانێت نەیار و موخالێفی دەستەی دووهەمی ئەم

بنەماڵانە بێت و سیستەمێک کە مافی بە دەوڵەمدیەکەیان داوە بە توندترین شێوە ڕەخنە بکات. بەڵام نەیارانیش، لەو پەڕی ڕەخنەکانیاندا حاشا لە ڕۆڵی پۆسیتیڤی ئەم بنەماڵانە لە کاروانی پێشکەوتن و دیموکراسیزاسیونی وڵاتەکانیاندا ناکەن و قبووڵیانە کە بە بێ کەسێکی وەک هێنری فۆرد، سەنعەتی ترۆمبیلسازی ئامریکا بەم ڕۆژەی ئەمڕۆ نەدەگەییشت.

## ڕۆڵ، ڕێباز، یان مێتوودی بارزانی لە سیاسەت و شۆڕشدا:

دوای شێخ مەحموودی حەفید، مەلا موستەفای بارزانی یەکێک لە دیارترین کەسایەتییە کانی کوردە کە ڕێبەریی بزووتنەوەی سیاسی کوردی لە باشوور کردبێت. سەرهەڵدانی شێخ مەحموود ڕاست لەو چاخەدا بوو کە بریتانیا خەریکی دابەشکردنی ئیمپراتۆری عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی گوێلەمستی خوی لە ناوچە عەرەبیەکانی ئەو ئیمپراتۆرییەدا بوو. ئێراق بە چەندین هۆ شوێنێکی ستراتیژی لە سیاسەتی بریتانیا دا هەبوو، بۆیە نوێنەرانی یەکێک لە زلهێزەکانی ئەودەمی دنیا، بەو پەڕی هێزەوە بە گژ شێخ و سۆڕشەکەیدا چوونەوە چوونکە دەیانەویست بەغدا لاوازتر لەوە نەبێت ئەوان گەرەکیانە و باشووری کوردستانیان، بە زۆرەملی لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراق دا هێشتەوە. بارزانی نەیهێشت ئاڵای شۆڕشی شێخ بکەوێتە عەرز و تا توانی بە شێوەی جۆراوجۆر بەرهەڵستی سپای ئێراق و دەوڵەتی دژی کوردی ئەو وڵاتە وەستایەوە.

شێوەی بەرەنگاریی مەلا موستەفاش وەک شێخ مەحموود کۆکردنەوەی خەڵکی ڕەش و ڕووت لە دەوری خوی و بە گژ دژمندا کردنیان بوو. هیچ کام لەم دوو ڕێبەرەی کورد، پلانێکیان بۆ ڕێکخستن و کۆکردنەوەی سەرۆکخێڵ و کەسایەتییەکانی دیکەی کورد، کە بڕیاردەری کۆمەڵگەی

ئەو سەردەمەی باشوور بوون نەبوو تا بە هاوکاریی ئەوان سپای بێگانە لە نیشتمانی خویان وەدەربنێن. بە تایبەتی بارزانی تەنیا حیسابی لە سەر خێڵی بارزان ئەکرد و کاتێکیش ناچار کرا باشوور بە جێ بێڵێ و روو بکاتە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەگمەن نەبێت کەسێکی جگە لە بارزانیەکانی هاو عەشیرەتی خوی لەگەڵدا نەبوو. چوار ئەفسەرە کوردەکەی پاڵپشتی کۆمار، کە شوێنێکی تایبەتیان لە مێژووی ئێمە دا هەیە، بۆ خویان و جیاواز چوونە مەهاباد و دوای رووخانی کۆماریش لە بری چوون بۆ سۆڤیەت بە دڵخوازی خویان گەڕانەوە بەغدا و بە داخەوە ئێعدام کران.

سەردەمی کۆماری کوردستان، سەردەمێکی زێڕینە بۆ مەلا موستەفا بارزانی. هەم وەک کوردی پارچییەکی دیکە رچەشکێنی بەشداریی چالاکانەی دامەزراندنی کیانێکی گرنگ و مێژوویی کوردی کرد و هەم رۆڵی پارێزگاریی ئەو کۆمارەی بە ئەستۆ بوو. مێژوو شاهێدە ئەگەر رێبەرانی کۆمار هێندەی هێزی بارزانیەکان، کەسی فیداکار و شەرڤانیان لە ناو کوردی رۆژهەڵات دا هەبا، حەتمەن چارەنووسی کۆمار جۆرێکی تر ئەبوو.

رووخانی کۆمار تەنیا قۆناخێکی نوێ لە ژیانی کوردی رۆژهەڵات دا نەبوو، بەڵکوو سەردەمێکی دوور و درێژی پڕ ئازاری ژیانی مەلا موستەفاش بوو. ١٢ساڵی رەبەقی (١٩٤٦- ١٩٥٨) لە پەنابەرییەکی سەخت و پڕ ئازاردا بردە سەر. سەردەمی دوای جەنگی جیهانی دووهەم لە سۆڤیەتی ستالینی دا نەک هەر بۆ مەلا موستەفایەکی موسوڵمانی خاوەن فەرهەنگی خێڵەکی، بەڵکوو بۆ کومونیستانی گەرم و گوڕیش سەردەمی سەهۆڵبەندان بوو.

کوودیتای قاسم لە ١٩٥٨و وەرچەرخانی سیاسەتی ئێراق لە سیستەمێکی پاشایەتی گوێلەمستی بریتانیاوە بۆ جۆرێک روانگەی چەپی نزیک لە بەرەی سۆڤیەت، دەرکەوتنی ئەستێرەی بەختی مەلا موستەفاش بوو. ئەم وەرچەرخانە رێگای بۆ دەرکەوتن و ناسرانی دەیانجار زیاتری

بارزانی هەموار کرد. بە گەڕانەوەی بۆ بەغدا بوو بە شەریکی دەسەڵسەڵاتی دەوڵەت و لە لایان کوردەکانیشەوە وەک سەرۆک وەرگیرا. لەو ١٢ ساڵەیدا بارزانی لە کوردستا دوور بوو، کۆمەڵگەی کورد گۆڕانی گەورەی بە خۆوە بینیبوو. وەزعی دنیاش، دوای شەڕێکی گەورەی ماڵوێرانکەر ژێر و ژوور ببوو. جگە لە رووخانی نازیزم و فاشیزم، خەڵکی هەژاری دنیا سەرکەوتنی سۆڤیەتیان بە سەرکەوتنی خویان ئەزانی. چین و هێند لە دەست داگیرکاری رزگار ببوون و یەکەمیان خەریک بوو ببێتە جۆرێک لە رووگە و هیوای نەوەیەکی نوێ. لە زۆر شوێنی دنیا و کوردستانیش، گەلێک کەس خویان بە مائۆئیست دەزانی، خەریکبوون رێبازەکەی لە وڵاتی خۆیاندا تاقیکەنەوە، رۆژانە درۆشمیان بۆ چین و مائۆ تسە تۆنگ بەرز دەکـردەوە و هیوای سەرکوتنی زیاتریان بۆ دەخواست.

بەڵام مێتوودی مەلا موستەفا هەمان مێتوودی پێش روویشتنی بۆ سۆڤیەت بوو. ئەو بە چاوی خوی و لە نزیکەوە سۆڤیەت و سیستەمەکەی بینیبوو و بچووکترین عەلاقەی لا درووست نەکردبوو. هێندێک جار گاڵتەشی بەوانە دەهات کە درۆشمی پشتیوانی سۆڤیەتیان ئەدا و بە «نەزانی» دەزانین.

بارزانی نەیتوانیبوو گۆڕانکاریەکانی دنیا لێکبداتەوە و کاریگەری ئەو ژێر و ژووربوونەی دنیا لە سەر کوردستانی دەرک نەدەکرد. بوونی نەوەیەکی نوێ لە سیاسەتی کوردی دا پێ هەزم نەدەکرا و لە بڕیار و داڕشتنی سیاسەتێکی روون و ستراتێژییەکی دیاریکراودا بە هیچ شێوەیەک بەشداری نەدەکردن. کاتێک یەکەم کۆنگرەی پارتی لە بەغدا گیرا، بارزانی حازر نەبوو تێدا بەشدار بێت و دوای ئەوە ئەندامانی حیزب لە کۆڵی نەبوونەوە و بە داوای ئەوان و فشاری شێخ ئەحمەدی براگەورەی ناچار بوو بێتە کۆنگرە، لە وتارەکەیدا پێ پەردە وتی من پێم خوشە حیز بم حیزبی نەبم. من پێم خوشە

سەرۆکی ق... خانەیەک بم تا سەرۆکی حیزب. ئەم قسانەی ناو یەکەم کۆنگرەی پارتی لە بەغدا هەم لە کتێبەکەی نۆشیروان موستەفادا بە وردی باس کراوە و هەم جەلال تاڵەبانی لە چەندین شوێن و لەوانە لە دیمانەیەکدا لەگەڵ عەلی کەریمی کە پێوەندی بە باسی عەبدول رەحمان زەبێحییەوە هەیە باس دەیگێڕێتەوە.

ئەم قسانەی مەلا موستەفا لە کاتێکدایە کە هێشتا هیچ کەس لە رێبارانی پارتی رەخنەیەکیان لێ نەگرتووە و تەنیا ویستوویانە بە زۆر و رەنگە لە بەر خوشەویستیش بیکەنە سەرۆکی حیزب لە جیاتی خێڵی بارزان. بەڵام وەک دواتر دەرکەوت کێشەی گەورە لەیرەوە سەری هەڵدا و ئەوەی ناکۆکی گەورە و دووبەرەکی مێژوویی نێوان روانگەکانی لە باشوور درووست کرد، مێتوودی سەرۆک خێڵێکی نیشتمانپەروەری قاڵبووی ناو سەرهەڵدانە سونەتیەکان و، کۆمەڵێک کەسی خوێندەواری خوازیاری خوێندنەوەی وەزعی دنیا بوو جا گرنگ نیە خوێندنەوەیان راست یان پڕ لە هەڵە بووبێت.

کاراکتەرە دیارەکانی ئەم ناکۆکیانە لە بەرەیک بارزانی و لە بەرەی دووهەم تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد بوون. بەڵام ئەمە تەنیا رواڵەت و رووتینی رووداوەکەیە. لە راستیدا بەکردەوە زۆربەی کۆمەڵگەی ئەو دەمی باشوور لەم دابەشبوونەدا بەشداربوون. دەیان نووسەر و خۆ بە رووناکبیرزان، رۆژانە درز و قڵشی نێوان ئەم دوو بەرەیان گەورەتر ئەکرد و لە پشت بارزانی، یان لە پەنای تاڵەبانیەوە خویان حەشار ئەدا. جنێو و بێ حورمەتیی سووکیان ئەنووسین، ناویان ئەنان وتار ولە گۆڤار و راگەیەنەرەکانی ئەوکات دا بڵاویان ئەکردنەوە. کۆمەڵێک کوردی رۆژهەڵات، کە هەژاری موکوریانی پێشەنگیان بوو لەم بارەوە گەرمتر لە باشوورییەکان جنێوی سووکیان کۆئەکردنەوە و حەواڵەی برایم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی و گشت سلێمانییان ئەکردن و لەم بارەوە رۆڵێکی زۆر نێگاتیڤیان لە قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکاندا گێڕا. چێشتی

مجیوری مامۆستا هەژار، ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو ڕوانگەیەیە کە پشتیوانی مێتۆدی بارزانی بوو و حەتمەن خوێندنەوەی لەم بارەوە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەییشتن لە دۆخی ئەوکات.

ئەم دوو ڕوانگە لە شۆڕشی ئەو سەردەمی باشووری کوردستان دا ڕاستییەکی دیار بوون و ئەبووا بە زووترین کات و، زۆر ژیرانە ئاشتی بدرێن. ئەبوا قبووڵ بکرێت کە ڕاستی و حەق تەنیا لای یەکێکیان نیە و ئەو بەرەکەی دیکەش نیاز و مەبەستی ڕزگاری نیشتمانی کوردە. بەڵام لە بری ئەوە بزووتنەوەکە دابەشی بەرەی باش و جاش کرا و هەر لایەک ئەوی دیکەی بە خایەن و تێگدەری شۆڕشەکە تاوانبار دەکرد. سەرەنجامی کار بوو بە هۆی، هەڵخلیسکانی ئابڕوبەرانەی شەست و شەش بۆ بەرەی نوێ و دواتریش، هەر ئەم سیاسەتە سەقەت و خێڵەکییە دارمان و ئاشبەتاڵی تاڵی تووشی پیری ماندوو و بێ پلان و هیوای شۆڕشی باشوور کرد.

ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ کۆتایی بە ڕۆڵی مەلا موستەفا لە بزاڤی سیاسی کورد دا هێنا، چەند ساڵ دواتر لە غوربەتا سەری نایەوە و سیاسەت و نیشتمانێکی برینداری بۆ ئێمـە بە جێ هێشت. بەڵام بنەماڵە و خێڵی بارزانی نا، ئەوان مانەوە و ئیستاش، سێ دەیە و نیو دواتر نەک یەک بارزانی، بەڵکوو چەند بارزانی لە سیاسەت و چارەنووسی کورد دا بڕیاردەری یەکەمن و بەم زوانەش دەست لە چارەنووسی کورد هەڵناگرن.

لە شۆڕشی ئەیلولدا دوو دانە لە کوڕەکانی بارزانی لە بەرەی دەوڵەتی بەعسدا، لە دژی باوکی خویان و شۆڕشەکەی کاریان ئەکرد. یەکێکیان (عوبەیدیلا)، با یاوەری وفدێکی دەوڵەتی بەعس لە ئورووپا دەگەڕا و وڵات بە وڵات قسەی بۆ خەڵک ئەکرد کە باوکی ((پیاوی بێگانەیە)) و دژی شەعبی عەراقی یاخی بووە. بەڵام دوو کوڕی دیکەی، ئیدریس و مەسعوود لە گەڵ بابیان بەشداری بڕیار و گشت کارەکانی شۆڕش بوون و هەر کام لە لای

خوی تەمرینی ئەوەی ئەکرد کە جێگرەوەیەکی باشی باوکیان و درێژەدری مێتوود ، یان «رێبازەکەی» بن.

توانەوە و هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول، هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی بە دوای خویدا هێنا. درووستبوونی یەکیەتی، راست پێچەوانەی مێتوودی بارزانی بوو. ئەمجارە بەشدارانی شۆڕش نەک سەرۆک خێڵێکی دیکە لە قوژبنێکی تری کوردستان، بەڵکوو لە زۆربەی ئەو خوێندەوار و کتێبخوێنەی کە لە بارزانی رەنجابوون، پێچەوانەی ئەو ئەیانروانیە دۆزی کورد و رەوشی دنیا، پێکیان هێنابوو. ئەم جیلە تازەیە دەیانەویست شۆڕشێک بونیاد بنێن کە روانگەی چەپ و پشتگری زەحمەتکێشان بێت. لە ستراتێژی جیهانی دا، وەک تێکڕای بزووتنەوە رزگاریخوازییەکانی ئەوکاتی دنیا، لە بەرەی وڵاتانی «سوسیالیستی» و دژی ئەمپریالیزم بوەستێتەوە. لە ناوخۆی کوردستانیش هەوڵی سڕینەوەی شوێن و جێگای بارزانی و شێوەی خەباتکردنەکەی گرتبووە بەر و بە توندی کاری بۆ دەکرد.

لەم قۆناخەدا لە پارچەکانی تری کوردستانیش گۆڕانی گرنگ هاتنە ئاراوە. رووخانی رێژیمی شا و ئاشکرابوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سیاسەت و سکرتێرێکی تازەوە، دوکتور قاسملوو، کە بە پێچەوانەی سکێرتێری پێشوو (ئەحمەد تەوفێق) کە خوی بە قوتابی بارزانی دەزانی، ئەم یەکێک لە سەرسەختترین رەخنەگرانی مێتوودی سیاسەتکردنی مەلا موستەفا بارزانی بوو و ئەمەش خوی لە قازانجی نەوەی نوێ شۆڕشگێڕی باشوور بوو. هەروەها دەرکەوتنی رێخراوێکی چەپ و گەنجی وەک کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە رۆژهەڵات و پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکوور مەیدانی سیاسەتکردنیان لە بنەماڵەی بارزانی و شێوەی کۆن و خێڵەکی ئەوان تەنگەبەر کردبوو. هەم رێبەرانی شۆڕشی نوێ لە باشوور

و، هەم هەردووک حیزبی سیاسی لە رۆژهەڵات (کۆمەڵە و دیموکرات) بە چەندین نامیلکە و وتاری دوور و درێژ هێرشیان کردە سەر بنەماڵەی بارزانی و بە تایبەتی شێوەی تاکرەوانە و عەشیرەتی ئیدارەکردنی شۆڕشیان وەک مودێلێکی کۆن و لە باوکەوتوو لە قەڵەم دا و لە کلاس و کۆبوونەوەکانی ئەندامانیشدا شکانی جەرگبڕی شۆڕشی ئەیلوولیان ئەخستە سەر تاکڕەوانە ئیدارەکردن و بڕیاردانی بارزانی.

**لە یەک رستە دا:**

لە سەرەتای دەیـەی هەشتای چەرخی بووریدا، دەگمەن هێز و رێکخستنێکی کوردی، لە هەر چوار پارچەی کوردستان دا دەبینرا کە رەخنەی توند و جدی لە شێوە و مێتودی سیاسەتکردنی مەلا موستەفا و بنەماڵەی بارزانی نەگرێت. هیچ کەس باسی لە شتێک بە ناوی رێباز و روانگە ی بارزانی نەدەکرد، بەڵکوو تێکڕا ئەو مێتوودەیان رەد دەکردەوە کە رێچکەی سەرۆک هۆزەکانی پێشتر و مەلا موستەفایان بە دوا قۆناخی ئەو مێتووده دەزانی....

ئەو گۆڕانە گەورەیەی لە پانتایی سیاسەتی کوردیدا، دوای ئاشبەتاڵی بارزانیەکان هاتە ئاراوە، ئەو ئاسۆیەی پێشانی هەموان ئەدا کە ئیدی دەورانی خێڵ و بیری بنەماڵەیی، بۆ هەتایە لە بزووتنەوەی کوردیدا تەواو بوو. دامەزران و پەرەگرتنی بەرچاوی ٣ حیزبی نوێ لە ٣ پارچەی کوردستان و هەستانەوەی حیزبی دیموکرات کە حیزبی دامەزرێنەری یەکەم کۆماری کوردستانیش بوو و بڵاوبوونەوەی بە ناو کۆمەڵگە دا بە روونی ئەم مزگێنیەی ئەدا بە جەماوەر.

یەکیەتی نیشتمانی لە باشوور، سەرەڕای زەربەی پشتشکێنی حەکاری کە لە دەست قیادەی مەوەقەت و هاوکارانی بەری کەوت، دیسان مەیدانداری

ئەو بەشەی کوردستان مایەوە و ڕۆژ دوای ڕۆژیـش لای جەماوەر خوشەویستتر دەبوو.

لە ڕۆژهـەڵات حیزبی دیموکرات لە ژێر ڕێبەرایەتییەکی تازە و نوێخوازدا، گەورەتر لە هەر کاتێک هاتبووە مەیدان و بە هێزێکی گەورەی پێشمەرگانەوە بە گژ دژمنێکی دڕەندەی وەک کۆماری ئیسلامیدا چوو بوو. ئەم حیزبە ناوی ٥ دانە لە کاراترین هێزەکانی پێشمەرگەی خوی بە ناوی ئەو شەهیدانەوە کردبوو (موعینی، ئاوارە، شەریفزادە، شەهیدانی وردی و نەحۆ) کە یان ڕاستەوخۆ بە دەست و دەستووری مەلاموستەفا بارزانی شەهیدکرابون، یان لە دەست ئەو هەڵاتابوون و دواتر لە شەڕی هێزەکانی شای ئێراندا گیانیان بەخت کردبوو. دوکتور قاسملوو پێچەوانەی سکێرتێری پێشووخوی (ئەحمەد تەوفێق) کە بە سەر وماڵەوە لە خزمەتی بارازانی و شۆڕشەکەی دا بوو بە توندی شێوە و مێتوودی ڕێبەریکردنی بارزانی ڕەخنە دەکرد و هەوڵی ئەدا ئەم جۆرە سیاسەتکردنە لە ناو بزووتنەوەی کورد دا بنەبڕ بکات. ئەمەی لە تێکڕای باس و کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ ئەندامان و بە تایبەتی لە دەورە سیاسییەکانی کادرانی حیزب دا باس دەکرد. لە ڕاستی دا زیاتر لە ژێر کاریگەگەری ئەو ڕەخنانەش دا بوو کە وێنەی سکێرتری حیزب (واتا خوی) لە شوێنە گشتی و ناو بنکەکانی حیزب دا قەدەغە کرد و ئەم کارە پێشکەوتوانەشی لە ڕۆژهەڵات بوو بە فەرهەنگی گشت حیزبەکان کە ئیستا ئیتر هیچ حیزبێک وێنەی ڕێبەری زیندووی خوی، لە هیچ شوێنێک هەڵناواسێ. دوکتور قاسملوو لە بری وێنەی خوی، کۆمەڵێک پرەنسیپی جوانی بە ناوی «سیمای دیموکرات»، لە چەند خاڵدا (پێم وایە هەشت خاڵ) ریز کردبوون و لە تابلۆیەکی جواندا ڕازێنەرەوەی بنکە و بارەگاکانی حیزب بوون. خاڵەکان باسی ئەو ئەسڵانەیان ئەکرد کە مرۆڤێکی دیموکراتیان، لە کەسێکی خێڵەکی و نادیموکرات جیا ئەکردەوە.

کۆمەڵەش لە گەلێک بارەوە پێشتر و لێبڕاوانەتر لە حیزبی دیموکرات دژی بیری خێڵ و رێبەرایەتی خێڵەکی هەڵویستی خوی بە راشکاوانە نیشان دابوو و پشتیوانییەکی بەرینی جەماوەریشی بۆ ئەم هەڵویستانە لە پشت سەر بوو. لە باکوور پ.ک.ک وەک بیر و روانگەیەکی نوێ هاتبووە مەیدان و نەک هەر دژی بیری عەشیرەتی تەبلیغی ئەکرد، بەڵکوو پیاوە ناسراوەکانی ئەم مەیدانەی دەکوشت و نیازی بوو ریشەی خێڵ و عەشیرەت بە شێوەی فیزیکی دەربێنێ. ئەو هێز و تاقمانەی لە باکوور خویان بە پاشکۆ و درێژەدەری مێتوودی بارزانی دەزانی، دوای کوودتای ژنراڵەکان لە سەرەتای دەیەی هەشتادا، تێکەوە پێچران و بە کۆمەڵ روویان لە وڵاتانی ئورووپایی کرد و بە کردەوە مەیدانی سیاسەت و خەبات لەو پارچەیە کەوتە دەست پارتی کرێکارانی کوردستان.

لە ناوەڕاستی هەشتاکان دا پارتی دیموکرات لە رەهەندی گشتی کوردستانی دا، تەنیا و تەریککەوتووترین حیزبی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو:

لە باشوور شەڕی لەگەڵ یەکیەتیدا بەردەوام بوو بەڵام لە بەر لاوازی و بێ پشتیوانی جەماوەریی، تەنیا لە ناوچەیەکی بەرتەسکی باشوور دا مەیدانی مانەوە و مانۆڕی هەبوو.

لە رۆژهەڵات بە کردەوە هاوسەنگەری سپای پاسداران و هێزەکانیتری کۆماری ئیسلامی و دژمنی هەردووک حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە بوو.

لە باکووریش هەرچەند نەگەییشتبووە حاڵەتی شەڕ، بەڵام نێوانێکی خوشی لەگەڵ پ.ک.ک نەبوو و بە توندی لە گەورەبوونەوەی ئەو حیزبە تازەیە دەترسا.

زامی کوشتینی سلامانی موعەینی و شۆڕشگێرانی دیکەی رۆژهەڵات سارێش نەببوو کە زامی هاوسەنگەری پاسدارانیشی هاتبووە سەر و زامی

تاوانی حەکاریش هێشتا خوێنی لێ دەچۆڕا. زۆربەی جەماوەری کوردستان لەم بارەوە پارتی و بنەماڵەی بارزانییان بە تاوانبار و سەبەبی ئەم وەزعە دەزانی.

هەوڵی کـۆمـاری ئیسلامی ئێران لە کۆتایی هەشتاکاندا بۆ لێکنزیککردنەوەی یەکیەتی و پارتی، کە بە نیازی هاوکاری فراوانتری ئەو دوو حیزبە لەگەڵ خوی بوو، گەورەترین هەل و شانس بوو تا پارتی هاسان و بی لێ پێچینەوە بگەڕێنرێتەوە ناو کۆمەڵگای حیزبەکانی دیکە. بەرەی کوردستانی ئامرازێکی باشی ئەم ئامانجە و سەرەنجام دەروازەی گەرانەوەی پارتی دیموکرات بوو بۆ ناو گشت پانتایی سیاسەتی کوردی کە بە حەق، باش و ژیرانە کەڵکیان لێ وەرگرت.

ئەگەر دوای راپەڕین و کاتی گەڕانەوەی هێزەکان بۆ ناو کۆمەڵگەی باشوور، ئەم پرسیارەت لە هەر شارەزایەکی بواری جووڵانەوەی کورد کردبا کە، کام حیزبی کوردیی، هێزی باندەست و پڕجەماوەری مەیدان ئەبێت لە باشورردا، بێشک زۆربەی نزیک بە تەواویان یەکیەتییان دەستنیشان ئەکرد و تێکڕا نفووز و جەماوەری پارتییان لە چوارچێوەی بادینان و هێندێک ناوچەی بچووکی تر دا دیاریی ئەکرد. بەڵام وەک بینیمان رووداوەکانی دوتر پێچەوانەی ئەمەیان نیشان دا و تەنانەت رووداوی پڕ شەرم و شوورەیی ٣١ ی ئاب و هاوسەنگەریی ئاشکرای پێشمەرگەی پارتی و ئەسکەری تورک لە شەڕی دژی پ.ک.کەش دا، پارتی و بنەماڵەی بارزانی نەکردە حیزبێکێکی پاشکۆ و یەکیەتی نەبردە سەر. بە پێچەوانەوە پارتی یەکیەتیی ناو ریزەکانی خوی پاراست، لە رێگای هەڵبژاردنیشەوە بوو بە حیزبی یەکەم و لە بەرانبەردا یەکیەتی نیشتمانی لێکهەڵوەشا و لە دوایین هەڵبژاردنی پارلەمانیشدا کە ساڵی ٢٠١٣ کرا، وەک حیزبی سێهەم دەنگی جەماوەری بە دەست هێنا.

لە درێژەی باسدا هەوڵ ئەدەم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە داخوا

پارتی دیموکرات گۆڕانێکی لە مێتودی سیاسەتکردنی دا پێکهێناوە بۆیە بوەتە سەردەست، یان یەکیەتی و حیزبەکانی ترن ویستوویانە بگەڕێنەوە بۆ مێتوودی بنەماڵە و خێڵەکی پارتی و تێدا سەرنەکەوتوون؟.

بێ ئەوە پیویست بێت لێکۆڵینەوەیەکی وردیش بکرێ، بە ئاسانی دەزانـرێ کە پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانی هەموو شتێکی خویان، لە بەرنامەی حیزبیەوە تا ئامانج و ئارەزووە درێژماوەکانیان گۆڕیبێ، مێتودی سیاسەتکردنیان نەگۆڕیوە. ئەوان هەر بە هەمان شێوەی پێشوو پابەندی فورم و ناوەرۆکی عەشیرەتیمانەوەی کۆمەڵگەن و بنەماڵەی بارزانیش بە سەروەری ئەم سیستەمە ئەزانن.

هەڵبەت پیویستە لە پێشدا دەستنیشانی ئەو خاڵە بکەم کە بنەماڵەی بارزانی بە تێکڕا و شەخسی یەکەمیان کە ئیستا کاک مەسعوودە، بە زۆر و زۆرداریی نەبوونەتە سەرۆکی حیزبی خویان، بەڵکوو لای ئەندام و لایەنگرانی پارتی خوشەویست و جێگای قەدرن. گەلێک جار لە کادرە ناسراوەکانیانەوە دەبیسرێ کە ئەوان خزمەتی بنەماڵەی بارزانی بە ئەرک و شانازیی دەزانن و لەم بارەوە نەک هەر گازندەیەکیان نیە، بەڵکوو زۆریش خوشحاڵن کە بارزانییەکان رێبەریان بن. دیارە تا ئەو شوێنەش بە خودی پارتییەوە بەندە، ئەبێت رێز لە هەڵبژاردنیان بگیردرێ چوونکە خاوەنی دەنگی بەشێکی گرنگی جەماوەری کوردستانن و کەس ناتوانێت ئینکاریی ئەم پێگە جەماوەرییە بکات. قسەی ئەم نووسراوەیە ئەوە نیە کە ئەم ئەسڵە بنەڕەتییەی هەڵبژاردنی خەڵک نەبینێ. بەڵکوو مەبەستیەتی بێژێ کە ئەوان، سەرەڕای تێپەڕینی دەیانساڵ و چەندین قۆناخی جیاواز، هەر لە سەر هەمان میتوودی پیشووی خویان ئەڕۆن و هیچ گۆڕانێک لەم بارەوە بە پیویست نازانن.

مەلا موستەفا کوڕەکانی خوی بۆ گرتنەوەی جێگای خوی دانابوون و کاک مەسعودیش هەر هەمان کاری کردووە. مەلا موستەفا سەرجەم

١٣ساڵ (١٩٥٨ - ١٩٧٥) سەرۆکایەتی شۆڕش و پارتی کرد، کاک مەسعوود ئەوە لە چوارەمین دەیەی سەرۆکایەتی خویدایە و هێشتاش نە بڕیارە و نە دیارە کە کەی ئەم دەورەیە تەواو دەبێت. لە ناو حیزبەکەشیدا لە دەسەڵاتی یەکەمەوە تا دەهەم تایبەت و قۆرخی بنەماڵەی بارزانیە و هیچ کەس و گرووپێکی دیکە (ئەگەر گرووپێک بوونی هەبێت) بۆی نیە لە سامان و دارایی حیزب و رێبەرانی یەکەمی بپرسێ.

پێوەندی پارتی و داگیرکەرانیش هەر هەمان شێوەی پێشوو و دژایەتی بێ پەردە لەگەڵ پارچەکانی دیکەیە. ٣٦ ساڵ پێش ئیستا، ئەو دەم کە هێزەکانی رۆژهەڵات هێزی گەورە و خاوەن جەماوەری بەرین بوون و بەشێکی فرەی جەماوەری کوردستانیان لە پشتسەر بوو، پارتی راستەوخۆ هاوکاری رێژیم و دژمنایەتیی ئەوانی دەکرد. حیزبێکی بەزیوو و هاوکاریی رێژیمی تارانی (ح.د.ك پەیڕەوی کۆنگرەی چوار) لە بەرانبەردا قوت کردبوونەوە و کۆمەڵە و دیموکراتیشی بە ئاژاوەگێڕ و نۆکەری بەعس پێناسە دەکردن.

ئیستاش عەینی سیاسەتی لە بەرانبەر باکوور و رۆژاوادا گرتووەتەبەر. ئاشکرا و نهێنی هاوکاری تورکیەیە و دژی گەورەترین حیزبەکانی باکوور و رۆژاوای کوردستان هەڵویستی گرتووە. لە دوایین هەڵبژاردنی پارلەمانی تورکیە دا ئاشکرا (لە رێگای چەند تاقمی عەشیرەتی هاوشێوەی خوییەوە، داوای کرد کوردەکان دەنگ بە جەلاد ئەردۆغان بدەن نەک بە عوسمان بایدەمیر و دەمیرتاش) بۆ رۆژاواش لەمە باشتر نەبووە. لە خەندەککەندنەوە تا خنکاندنی ئابووری خەڵکەکەی، هەوڵی پارتی بووە لە بەرانبەر ئەو بەشەی کوردستان دا و هاوپەیمانی ئەرتەشی ئازاد و نەیارانی تا سەر ئێسقان دژی کوردی بەشار ئەسەدی هەڵبژاردووە. هێشتاش تاکە هێزی باشووری کوردستانە کە کانتۆنەکانی رۆژاوای بە رەسمی نەنانسیوە و هاوتەریب لەگەڵ تورکیە دژایەتییان دەکات.

پێوەندی پارتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەر ئەوەی جارانە و ئەوەی گۆڕاوە پەیدابوونی رەقیبێکی لە خوی بێ پرەنسیپترە بە ناوی یەکیەتی نیشتمانی کە گەلێک سیاسەتی درێژکراوەی سیاسەتی دەوڵەتی ئێرانە. لە بەرانبەردا ئەم سنوورتێکەڵبوونەدا، لای پارتی بە لای تورکاندا شکاوەتەوە دەنا لە گشت بۆنەکاندا پارتی لای ئێرانیش لە پێشترە تا یەکیەتی.

بزووتنەوەی گۆڕان و هەوڵەکانی نۆشیروان مەستەفا، هەنگاوێکی نێوە سەرکەوتووە بۆ بە تەواوی نەکەوتنی یەکیەتی و و گێرانەوەی بۆ دۆخی سەردەمی بەرەی کوردستانی. بەڵام بە داخەوە ئەوانیش لە مەنگەنەی سیاسەتی خێڵەکیانە و ژاری کوشەندەی ئیسلامیزمدا چەقیان بەستووە و لای من ئاسۆیەکی روونی پێشکەوتوانەیان لێ چاوەڕوان ناکرێ.

بۆیە پارتی و بارازانی، بە مسقاڵ و زەڕە نەگۆڕان و بڕیاریش نیە بگرۆردرێن. ئەوەی گۆڕاوە و دۆڕاوە، سەد و هەشتا دەرەجە ((بایداوەتەوە)) و بە تەواوی پشتی لە ئامانج و پرەنسیپەکانی دوێنێ خوی کردووە ((ئەوانی دیکەن)):

## ئەوانی دیکە کێن؟

١- یەکیەتی نیشتمانی مارکسیست - لێنینیستی دوێنێ و «سۆسیال دیموکراتی» ئەمڕۆیە. ئەوانن لە شۆڕشگێڕێکی خزمەتکاری خەڵکەوە بوونەتە عەشیرەت و تێدا سەرنەکەوتوون. ئاخر عەشیرەتیش یاسا، چوارچێوە و پرەنسیپی تایبەت بە خوی هەیە. مرۆڤ ناتوانێ هەم عەشیرەت بێت و هەم مودێڕن. عەشیرەت سەرۆکێکی سەنگین و خاوەن ئۆتوریتەی وەک مەسعوود بارازانی گەرەکە. عەشیرەتێکی وەفادار و یەکدەستی وەک خێڵی بارزانیەکانی پیویستە. تۆ ناتوانی ناوەندی دەسەڵاتەکەت ناوبنی ((پێتەختی

ڕۆشەنبیری›› و بە کردەوەش وەک سەرۆک خێڵێکی ناشیی و سووک، لەگەڵ دەور و بەردا بجووڵێتەوە.

٢ - ئەوە حیزبی شیوعی و هێزە چەپەکانیترن گۆڕاون و بەم گۆڕانەش لە مەیدانی سیاسەتی کوردستاندا بە پارتی دیمکرات و ماڵباتی بارزانی دۆڕاون. ئەوە حیزبی سوسیالیستی کاکە حەمەیە کە خێڵەکی سیاسەت ئەکات و پێشکەوتوانە درۆشم ئەدات و سەرەنجام ئەوە تێکڕای ئەو هێز و حیزبانەی باشوورن کە دوای ئاشبەتاڵ و لە ناو سووتمانی شۆڕشە فرۆشراوەکەی ئەیلولدا ژیانەوە، هەستانەوە و بە دەنگی دلێر وتیان:

کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە، بەڵام ئیستا تێکڕایان بوونەوە خێڵ و دەستیان کرد بە لاساییکردنەوەی خێڵی بارزان.

٣ - سەرەنجام ئەوە حیزبەکانی رۆژهەڵاتن کە لە بنەڕەتدا بەباری خراودا وەرسووڕاون و هێندێکیشیان هێندە خراو گوڕاون کە خەریکی زیندووکردنەوەی مێتودی لە باوکەوتووی خێلایەتی، لە ناو حیزبی خویانداندان و بە تەمان جارێکتر ببنەوە ئاغاکەی پێشوو.

ئەو حیزبانەی کە کاتێک مەلا موستەفای بارزانی، لە دووره وڵاتیشدا کۆچی دوایی کرد، هیچیان حازر نەبوون سەرەخوشی لە ڕێبەرایەتی پارتی، کوڕەکانی مەلا موستەفا و تەنانەت لە هاوژینەکەی بکەن. بەڵام کاتێک چەند ساڵ پێش ئیستا، دایکی کاک مەسعوود و دوایین خێزانی مەلا موستەفا کۆچی دوایی کرد، جارێک بە ناوی دەفتەری سیاسی و جارێکیش بە ناوی سکێرتێرەوە سەرەخوشی دوور و درێژیان بڵاوکردەوە.

**قسەی ئاخری ئەم بابەتە ئەوەیە:**

١ - بنەماڵەی بارزانی ناتوانرێ لەگەڵ بنەماڵەی کێنێدی، بووش، فورد یان گاندی – نەهرۆ بەراوەرد بکرێن. جیاوازی کردارەکان و ئاکامەکانیان، جیاوازی نێوان ئاسمان و رێسمانە. لەگەڵ بنەماڵەی قەزافی، موبارەک و ئەسەدیش، ئەگەرچی گەلێک لێکچوونی زەقیان هەیە دیسان بەراوەرد ناکرێن چوونکە، بارزانیەکان هێشتاش حورمەتیان لە ناو بەشێکی بەرینی کورد دا هەیە و ئەم حورمەتەش هی ئەو قۆناخانەیە کە مەلا موستەفای تێدا بووە نەک ئەم دەستەی دواتر. پێوەندی ئەوان لەگەڵ لایەنگرانیان پێوەندییەکی خوێنی و رەچەڵەکیە و کەسێک مەجبوور نەکراوە ئەوانی خوشبوێ، یان بیانکاتە رێبەری خوی. بەڵکوو دڵخواز و ئەوان سەرۆکخێڵ، یان سەرۆکی حیزبن.

٢ - سەرەڕای گەلێک خەتا، هەڵە و تاوانیش کە لە قۆناخی جیاوازدا دەرحەقی خەڵکی کورد کردوویانە، دیسان بنەماڵەی بارزانی بەشێکن لە مێژووی بزووتنەوەی کورد و ئەبێت بەشدارییان لەم ماوە درێژەدا وەک خوی بخوێنرێتەوە ، خەتاکانیان دیاری بکرێن و رێز لەو خزمەتانەشیان بگیردرێ کە بە پێشبردن و گەورەکردنەوەی ئەم بزووتنەوە کردوویانە.

٣ - تا ئەو کاتەی کەسانێک هەن دەنگ بەم بنەماڵە و رێبەربوونیان ئەدەن، ئەو دەنگە (لانیکەم لای من خوم) جێگەی حورمەتە و ئەبێت مەیدان بۆ بەشدارییان لە سیاسەتی کوردیدا ئاواڵە بێت، بەڵام مێتوودی بارزانی و شێوەی سیاسەتکردنیان نەک ئیستا کە ساڵی ٢٠١٥ ی زایەنییە، بەڵکوو ساڵی ١٩٦٤ یش کۆن و داڕزیو بوو و ئەبوا نەبێتە مودیلی باندەست. ئەوەیکە

ئەم خێڵەکی لە دنیای مودێڕن و ڕۆژانە لە حاڵی گۆڕاندا ڕوانینە هێشتاش مودیلی باو و سەردەستی باشووری کوردستانە، خوی کارەساتێکی گەورەیە، هیچکات بەم شێوەیە دەوڵەت و وڵاتێکی شیاوی ژیان دانەمەزرێ و حەتمەن ڕۆژێک سەری بە جەنگەڵستانێکەوە دەردەچێ کە ئەوەی ساڵی ٧٥ بە لایەوە بچووکترە..

٤ - پشتکردنی لایەنەکانی دیکە بە گشتی و یەکیەتی نیشتمانی بە تایبەتی لە مێتوودی سەرەتای دامەزرانی خویان و گەڕانەوە بۆ مێتوودی بارزانی، خوی جۆرێک مردنی سیاسییە بۆ ئەو حیزبانە و ئەگەر کەسێک بە جدی بڕوانێتە سیاسەت، حەتمەن چارەنووسی ڕەش و تاریکی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان عیبرەتێکە بۆی.

٥ - بیرێکی کرج و کاڵی مناڵانە هەیە کە، بێ پەروا هێزەکانی کورد بە سەر دوو بەرەی هاوکاری دژمن و خزمەتکاری خەڵکدا دابەش دەکات. من بە توندی دژی ئەم ڕوانینەم. لای من هەموو هێزەکان نیاز و ئامانجیان ڕزگاری کورد و نیشتمانەکەیەتی جا هەر کامەیان مێتوودی تایبەت بە خوی بۆ ئەم مەبەستە هەیە.

٦ - تێکڕای هێزەکانی کورد مڵکی خەڵکی کوردن و هەڵەکانیشیان لە سەر کورد ئەکەون. ئەندام و لایەنگرانیان وەک من و تۆ خەڵکی ئاسایی کوردستانن و تۆزێک چاویشت بکەیەوە، بە ڕوونی ئەبینی کە ڕۆژانە گیان و خوێنی خویان بۆ ئامانجەکانیان ئەبەخشن. حیزبەکەی من و تۆ چەند سەد، یان چەند هەزار شەهیدی هەیە. حیزبەکەی لای دەستیشت ببینە چەندین هەزار و هێندێکیان چەندین دە هەزار.....

خوێنی تۆ و شەهیدەکانی تۆ رەنگینتر لە هی ئەوان مەبینە. ئەوانیش وەک من و تۆ ویستوویانە بژین و بە بڕواوە پێیان لەم رێگایە ناوە. دیارە حیزب و لایەنی بێ عەیبیش هەر حیزبەکەی خوایە کە عەیب ناهێڵێ چاکەی دەرکەوێ.

(١) ئیندیرا گاندی کچی جەواهێر لەعلنەهرۆ، یەکێک لە رێبەرانی سەربەخۆیی و یەکەم سەرۆکوەزیرانی هێند بوو. پاشناوی گاندی، هیچ پێوەندی بە ماهاتما گاندی، رێبەری سەربەخۆیی هێندەوە نیە. ئیندیرا پێش سەربەخۆیی هێند لە ئورووپا دەیخوێند و لەوێ مێردی بە گەنجێکی هێندی بە ناوی فێرووز گاندی کرد و بوونە هاوژین. فێرووز گاندی هیچ پێوەندیی یان خزمایەتیی لەگەڵ ماهاتما گاندە نەبوو. کوڕي تاجرێکی بوو بۆ خوێندن چووبووە لەندن و لەوێ بە رێکەوت ئندیرای بینی. دوای کوژرانی ئیندیرا گاندی بە دەست پاسەوانەکانی خۆی، یەکێک لە کوڕەکانی، راجیف گاندی بوو بە سەرۆکوەزیرانی هێند و دواتر ئەویش وەک دایکی لە لایان سیکێکەوە تێرۆر کرا. دوای راجیف گاندی، هاوسەرەکەی، سۆنیا گاندی بوو بە سەرۆکوەزیر و دوای سەرک نەمانیشی ، دیسان بنەماڵەی گاندی رۆڵێکی گەورە و کاریگەریان لە سیاسەتی هێنددا هەیە.

# ١٠

# پێش ڕێفورم بەخۆداچوونەوە پیویستە

# پێش ڕێفورم بەخۆداچوونەوە پێویستە

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستان (ڕەوتـی چاکسازی) خەریکی خوسازکردن بۆ کۆنگرەیە. ئەم کۆنگرەیەگرینگە بەڵام تەنیا لەبەر ئەوەی نا کە پاش جارێکیتر لەتبوونی حیزبەکە و زیان و زەرەر لێکەوتنی دەبەسترێ. بەڵکوو لەبەر ئەوە ش ڕەنگە ئەمە دوایین دەرفـەت و ئیمکان بێ بۆ ساخکردنەوە و دیاریکردنی ڕێگا و دواڕۆژێکی دیار بۆ ئەم حیزبە. بۆیە تەنیا ڕێفورم و ئیدەعای گۆڕان بەس نیە، بگرە بە خوداچوونەوەییکی ورد و ڕەخنەگرانەش پیویستی یەکەم هەنگاوەکانی ریفورمێکی ڕاستەقینەن.

## مەبەست لە بەخوداچوونەوە چیە؟

کۆمەڵە یان هەر حیزبێکی دیکە مێژووییکی هەیە و بەدرێژایی ئەو مێژووەشی، وێڕای کاری باش و شانازی گەورە، هەڵە و خەتای زەبەلاحیشی بووە. ئەوەیکە کۆمەڵە لە حیزبێکی خاوێنی خەڵکی،چالاک و جێ هیوا و متمانەی خەڵکەوە هاتووەتە سەر چەندین حیزب و بەشی بچووک. ئەم بەشانەش لەگەڵ یەک ناکۆک، ناچالاک،کەم کاریگەری، (ئەگەر نەڵین بێ کاریگەر) ئایەندە نادیار، خوی لە کۆمەڵێک هەڵە و خەتای گەورەوە سەرچاوە دەگرێ. کەسێک بیهەوێ کۆمەڵە بێنێتەوە سەر هێڵی ڕاست و بەهیوای چالاک،خوشەویست و موئەسێر بوونی بێت،ئەبێت بەشە هەڵە و خەتای خویشی وەئەستۆ بگرێ و بە ڕوونیش بۆ کۆمەڵانی خەڵکی باس بکات. پاشان ئەوەش دەسنیشان بکات کە چۆن چاکسازی و ڕێفورم

دەکات. کاریک کە لە ساغکردنەوەی جاری پیشووی کۆمەڵە دا نەکرا و بووبە بنەمای کێشەکانی ئەم دوایە!

## هەنگاوی یەکەمی ریفورم:

هەنگاوی یەکەمی ریفورم لە روانگەی منەوە، بەڕەسمی ناسینی وەزعی «مەوجوودە». واتا قەبووڵکردنی ئەو بار و دۆخە نالەبار و شپرێوەی ئیستا کە هەموو « تەیفی» کۆمەڵەی تێدایە. واتا بە ڕوونی و راشکاوی باسبکرێ کە سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران (کۆمەڵە) هەیە و وەک خوی ناوی بهێنرێ. کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان هەیە و وەک خوی ناوی بهێنرێ و کۆمەڵەی سۆڕشگێری کوردستان (رەوتی چاکسازی و گەشە) هەروەتر. دوای ئەمەش گوتار و قسە لەگەڵ ئەم بەشانە نەک کێشە لەسەر ناکۆکییەکان، بەڵکوو دیالۆگ لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بێ. لەتەبلیغات دا زیاتر باس لەوە بکرێ کە رێفورمخواز دەیهەوێ چیبکات تا رێفورم نەکردنی لایەنەکانی دیکە لە ناو خەڵکدا ببێتە پرسیار و رووبەروویان بێتەوە.

لەسەر بنەمای ئەوەی لە سەرەوە باسکرا، بەکردەوە دەردەکـەوێ کە مەبەست لە ئاڵ و گۆڕ، پێشخستنی بیری کۆمەڵەیە نەک ناودەرکردنی کەسەکان و سەرەنجام بەهێزبوون و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵە بەرەوپێشچوونی هەموانە.

**لادان لەریبازی کۆمەڵە:**

کۆسپی سەرەکی سەر ڕێگای ریفورم لە حیزبی کوردیی دا ئەوەیە کە کەسانێک هەن پێیان وایە ڕێبازی سیاسی نابێت بێتە گۆڕان. بەڵام ئەم بیرە هەم دواکەوتوانە و هەمیش زیانبارە. ئەگەر قەبووڵ بکەین کە کۆمەڵە ۱۳۴۸ی هەتاوی دامەزراوە، ئیستا دەبێتە ۳۹ ساڵ. ئەم سی و نۆساڵە پڕ ئاڵوگۆڕترین دەیەکانی میژووی بەشەرن. تێکنیک قەت لە هیچ دەورەییکی میژووی مرۆڤ دا وەک ئیستا، دەور و رۆڵی نەک لە گۆڕانی دنیا دا، بەڵکوو لە گۆڕانی مرۆڤ خوشی دا نە بووە. ئەم گۆڕانکارییە بە حەدێک فراوانە کە، نەسڵەکانی ئێمە بەسەختی لێک حاڵی دەبین! باوک و دایک لەمبارەوە کێشەییکی گەورەیان لەگەڵ منداڵەکانیان هەیە!

سیاسەت و نەخشەی سیاسی دنیاش بەتەواوی گۆڕاون. شەڕی سارد تەواو بووە و جۆرێکیتر ململانێ هاتووەتە ئاراوە. یەکیەتی ئوروپا فراوان بووە و خەریکە هەموو وڵاتانی ئەم قارەیە ئەگرێتە خوێ. شوورەوەی کە لەماوەی دەیان ساڵ دا هیواو هومێدی میلیۆنان مرۆڤ بوو، دەرکەوت کە چی قەسابخانەییکی بۆ بەشەر دانابوو. تێکڕمانی ئەم نیزامە بە رواڵەت «عەداڵەت» خوازە زەربەییکی گەورەی لە بیری یەکسانیخوازی داوە و بۆ هەمیشە بیری سیستەمی تەک حیزبی و تووتالیتەری لە گۆڕ ناوە. دەیان و بگرە سەدان حیزبی کومونیست و چەپی وڵاتانی دیموکراتیکی ناچار بە هەڵوەشانەوە یان بە خوداچوونەوەیکی بنەڕەتی کردووە. چین، دووهەم قیبلەی عەداڵەتخوازی بەشێکی فرەوانی بەشەر، ئیستا کاپیتالیستیتر لە ژاپۆن بە رێوە ئەچێت و هێشتاش دەسەڵاتی لە دەستی پیاوانی دیکتاتۆری فکرە....

ڕەنگە کەسانێک هەبن بڵێن کە کۆمەڵە هەرلە سەرەتاوە جیا لەم ڕەوتە

بووە، بەڵام وەڵامی تێئۆریزەکراوی کۆمەڵە بە و هەموو پرسیارە کە مرۆڤی ئەم سەردەمە دەیانکات، زیاتر لە «شۆخی» نزیکە تا بەڵگە و سەنەدێکی جیدی و گونجاوی هەلومەرجی سەردەم!

بۆیە گۆڕینی ڕێباز و شیوە و فورمی تێکۆشان نەک هەر دروستە، بەڵکوو بێ ئەوە، گۆڕان مانای نیە. بەڵام ئەمە قەت بەمانای ئەوە نیە کە کۆمەڵەی نوێخواز پشت لە پرەنسیپە عەدالەتخوازانە و خەڵکییەکەی بکات. پرەنیسیپێک کە کۆمەڵەی کرد بە حیزب و بزووتنەوەیەکی جەماوەری. پرەنسیپی پشتبەستن بە چینی هەژار و زەحمەتکێشی کۆمەڵ. بە پێچەوانەوە تا دنیا هەبێت عەداڵەت لە رۆژەڤدایە و ئەوەی بیهەوێ لە رۆژەڤدا بمێنێ ، دەبێت عەدالەت خواز، یان دژبەری بێت!

کۆمەڵە لەمبارەوە خاوەنی رابوردوویکی پرشنگدارە و ئەبێت شانازیشی پێوە بکات. بەڵام هەروەک بەردیش گۆڕانی بەسەردا دێ، ڕێبازی کۆمەڵەش پیویستی بە گۆڕانە و ئەویش گۆڕانێکی بنەڕەتی. ئەوانەی کە لەسەر نەگۆڕینی پرۆگرامێکی چل ساڵە پێدادەگرن، با سەیری جسم و قیافەی سی ساڵ پێش و ئیستەی خویان بکەن و بزانن کە چە ئاڵوگۆڕێک هەست پێدەکەن!

## کۆمەڵە و کێشەی کورد:

لەفەرهەنگی سیاسی کۆمەڵە دا هەوڵ دراوە بەینی ناسیۆنالیزم و ئەوان دا دەریای خوین فەرز بکرێ. ئەم دەریای خوێنە وەهمی و لە بنەڕەتدا دیاریی و بەرهەمی فێکری مەنسوور حیکمەت و سەهەندییەکان بوو. دەکرێ بڵێن بەڕاستی ئەم بیرۆکەیە گەورەترین سەم و ژار بوو کە کرایە جسمی کۆمەڵە و تا ئیستەش پێوەی دەتلێتەوە. بە هەموو زاوانەکانی دنیا تەرجومەی بکەیت،

مانای ناسیۆن هاومانای نەتەوە و میلەتە و ئەوەی بەبەرنامەوە کار بۆ چارەسەری گرفتێکی ناسیۆنالیستی «ملی» بکات و بی هەوی چارەی بکات، بەشێکە لەم بزووتنەوەیە! تا ئەیرە کۆمەڵە و حیزبەکانی تر جیاوازییکیان نیە. کۆمەڵە بوونی ئەم کێشەیە بەڕەسمی دەناسێ و بەرنامەشی بۆی هەبووە. حیزبەکانیتریش هەروا. کۆمەڵە پێیوابووە کە دوای چارەسەری کێشەی «ملی» عەداڵەت دانامەزرێ و ئەوان سۆسیالیزم بە چارەسەری ئەم گرفتە دەزانن. حیزبەکانی دیکەش لەمبارەوە کێشەیکیان نیە و تەنانەت بەرنامەشیان بۆ سۆسیالیزمی جۆری خویان هەیە. بۆ کەسێکی بێلایەن دیتنەوەی ئەم دەریای خوێنە لەم بەینە دا، سەخت و نامومکینە. چوونکە بەکردەوە کۆمەڵە (خویشی نەیهەوێ) بەشێکی ئەساسی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی (مافی چارەنووسی ناسیۆن- نەتەوەی کورد) لە کوردستان بووە و هەوڵیشیداوە خوی بە ساحیبی بزانێ! بۆیە پارادۆکس و دژبەری بۆ چوون و کردەوەی کۆمەڵە سەری بە بیابانەوە و دەرچوو و ئەم وەزعەی ئیستەی پێکهێنا کە هەیە. ناسیونالیزمی ئێفراتی و فاشیست هیچ کات لە کوردستاندا و لە قاڵبی هێزی سیاسیدا بوونی نەبووە. بێ هیچ گومانێک، ئەگەر رۆژێک هێزێک پەیدابێت کە مرۆڤەکان لە سەر بنەمای ئێتنیک و نەتەوە، بە چاک و خراب دابەش بکات، نەک هەر کۆمەڵە کە پێشەنگی بیری یەکسانبوونی مرۆڤەکانە، بەڵکوو تێکڕای جووڵانەوەی کورد ئەبێ لە دژی راوەستێ و رێسوای بکات.

کەوابوو پیویستە رێفورم خوازانی ناو کۆمەڵە بە چاوێکی کراوەوە جارێکیتر کۆمەڵە و شوێنی کار،نفووز و ئێعتباری «بدۆزنەوە« و هاوپەیمانە سرۆشتییەکانی خویان بە دیقەتەوە دیاری کەن.

**ئاکام:**

١- هیچ کەس لە ڕێفورمکردن دا سەرناکەوێ تا لە خویەوە دەست پێ نەکات و هەڵە و خەتاکانی خوی شەفاف، ئاشکرا و راشکاو بۆ خەڵک و هاوڕێیانی باس نەکات.

٢- نزیکترین هاوپەیمانی کۆمەڵە بەشە جیاوزەکانی خۆین و پیویستە ستراتیژی یەکخستنی توانای بزووتنەوەی کورد (لەلایان رێفورمخوازانی کۆمەڵەوە) لە نزیک بوونەوەی پەل و بەشەکانی کۆمەڵەوە دەست پێبکات.

٣- مەبەست لە گۆڕینی رێبازی وشک و خۆپەسەندانەی چل ساڵ پێشی کۆمەڵە، دوورکەوتنەوە لە پرەنسیپی عەداڵەتخوازانە، پێشکەوتوانە و ئینسانی کۆمەڵە نیە کە ژمارەیەکی زۆر ئینسانی شەریف گیانیان لە پێناویدا بەخت کردوە. بەڵکوو سەردەمیانە کردنی ئەو روانگانەیە.

۴- کۆمەڵە بە ناو و نێوەرۆکیش کورد و کوردستانییە و، لە خوڕا ئینرژی بە خیاڵ و خەونەوە سەرف نەکات. بەشی سەدساڵی دیکە کار لەکوردستان بۆ کۆمەڵە و حیزبی خزمەتکاری خەڵک هەیە و با لەو جێگایهدا کار بکات کە هەم پیویست و هەم کارایە.

٢١٠۵-٢٠٠٨

# ١١

# سووتاندنی ئاواییەکانی نیەر و تەنگیسەر لە لایان کۆماری ئیسلامییەوە

# سووتاندنی ئاواییەکانی نیەر و تەنگیسەر لە لایان کۆماری ئیسلامییەوە

وەک هەموو رۆژەکانیتری ساڵ، ئەو رۆژەیش دەوروبەری ئاوایی و، ناو باخەکانی «گەورەجۆ» پڕ بوو لە پێشمەرگە. ماڵەولای خەڵک ئەیانزانی لەوێن و بە کۆڵ و بە بار خواردن و پێداویستییان بۆ ئەبردن. ژمارەیەکی بەرچاو لە پێشمەرگەکان خەڵکی نیەر و کەسوکاری خومان بوون. بەر لەم جارەیچ پێسمەرگە هاتبوونەوە نزیک ئاوایی، هەواری مێرگەوار و ناو باخەکانی گەورەجۆ، بەڵام وەک ئەم کەڕەتە فرە نەبوون. بنی هەر دارێک و ژێر هەر تەوەنێکی «جوەقووڵێ» ت ئەڕوانی جمەی ئەهات. جیاوازییەکی دیکە ئەوە بوو کە فرەیک لە پێشمەرگەکان تازە بوون. هەوەڵجار بوو ئەمانبینین و ئەوانیش ئەوەڵجاریان بوو ببینن بەم شێوە بەرین و بەرفراوانە خەڵک بێنە لایان و رێزیان لێ بگرن.

رێژیم هەستی بە جمووجووڵی ئەم جارەی پێشمەرگەکان کردبوو یان نا، نازانم، بەڵام لە سنەوە نزیک بە ٥٥ پاسدار و چەند جاشی دیواندەرەیی هێابوون و بە سەر پایەگای بەرانبەر ئاوایی و پایەگای تەنگیسەردا دابەشی کردبوون. جگە لەم هەژمارە هێزە کە رێژیم هەمیشە هەیبوون، گرووەزەربەتێکیش هەبوو کە لە یەکێک لە مزگەوتەکانی ئاواییدا دەخەوتن و ئەگەر شتێک روویدابا، ئەوان بە دوایدا دەچوون نەک پاسداری ناو پایەگاکان.

پایەگای ناو ئاوایی جگە لە چەند پاسدارێکی فارس، ئەوانیتریان خەڵکی ئاوایی بوون کە دەوڵەت بە زۆرچەکداری کردبوون تا لەم رێگایەوە ئاوایی

لە هێرشی پێشمەگە دوور ڕابگرێ. واتا پێشمەرگە لە بەر بوونی ئەمانە کە بە زۆری باوک و برای خویان بوون نەیەنە سەر پایەگاکە و بیگرن.




*ئاوایی تەنگیسەر*

بەڵام پایەگای ئەوبەر دێ، تەپەکەی پشت «پیرزەیتوون» کە زاڵە بە سەر گشت ئاواییدا. وانەبوو. ئەوانە گشتیان فارس و ئەیچیانوت تەواویان حیزبولاهین. ئەم دەسەتە لە هێزەکانی دەوڵەت کەم ئەهاتنە ناو خەڵک، تەنیا لە ناو سەنگەرەکانیان و لە دوورەوە تەواشای ئاوایی و جمووجووڵی ئێمەیان ئەکرد. پێشمەرگە فرەیەک لە شەوەکان ئەهاتنە ناو دێ و بە ڕۆژێچ لە نزیک ماڵەکان، لە ناو باخ، یان لە کەوێڵێکدا خویان ئەشاردەوە و خەریکی کاروباری خویان ئەبوون. خەڵکی ئاوایی گشت کەس بە جێگاکەیانی ئەزانی، هاتوچووی لایانی ئەکرد و هیچ کەسیش، تەنانەت تاقە کەسێک نەبوو شوێنەکەیان بە رێژیم و پایەگاکەی نیشان بدات. دیارە ئەگەرهەر کەسێک ئەم کارەی کردبا حەتمەن ئەبوا ئاوایی بە جێ بهێڵێ و بڕوات بۆ

دەگایەکی دیکە دەنا خەڵکی ژیانیان لێ ئەکرد بە قوزڵەقۆرت.

گەنجەکان شاد و خەڵکی تێکڕا بە بوونی پێشمەرگە سەربەرز و دڵخۆش بوون. ئەگەر یەکێک لە پێشمەرگە نیەرییەکان شەهید ئەبوو،(شتێک کە بە داخەوە گشت مانگیک رووی دەدا) حەتمەن چەند کەس دەچوون و سەنگەرەکەیان پڕدەکردەوە. ئەم کاروانە بەردەوام بە رێگاوە و گەنجانی ئێمەیش بەم رێگا سەخت و پڕئێشەوە لە هاتوچوودا بوون. هاتوچوویەک کە هێشتاش نەبڕاوەتەوە و ناشزانم کەی ئەگاتە مەنزڵگەی ئاوات............



*ئاوایی نیەر*

نیوەشەوی ۱۳۶/۷/۱۷ بوو. دەقێق و درووس نازانم سەعات چەند بوو کە بە دەنگی تەقە لە خەو هەڵسام. لە نزیک پایەگاکەی ئاوایی هەراهەرایەک

بەرپابوو. کەس نەیئەزانی چە خەوەرە، بەڵام دیاربوو شتێکی گەورە رووی داوە یان، خەریکە روو ئەدات.

نیو سەعات دواتر، لە نزیک پایەگاکەی ئەوبەرەوە تەقە هەڵسا. لە ئاواییەوە بە جوانی دیاربوو کە تەقەی دوو تەرەفەس. گەورە و بووچکی ئاوایی هاتبوونە بەر پەنجەرە و تەواشای پایەگایان ئەکرد. پاسدارەکان بە چوار دەوری خویاندا تیریان دەهاویشت و کەس نەیدەزانی ئەسڵی مەسەلەکە چەس. فرەی نەبرد تەقەی ئەم دەس، کە روو بە سەنگەری پایەگاکە ئەکرا تەواو بوو. بێدەنگییەکی خۆفناک باڵی بە سەر «دەگا» (بە هەورامی دەگا واتای گوند ئەدات) دا کێشا و سەعاتێک دواتر زانیمان کە نیەر دیسان کۆستی تازەی کەوتووە. جارێکیتر رۆڵەیەکی ئەم گوندە، کە عادەتیانە «پێشمەرگی» ئەوانی دیکە بن، گیانی بەخشیوەتە نیشتمانی ژێردەست تا بەڵکوو هەنگاوێک لە سەربەستی نزیکی کاتەوە. بەڵێ کاک ئۆلەسەن، پێشمەرگەی بە وەفای حیزبی دیموکرات و رۆڵەی خوشەویستی ماڵ بە ماڵی نیەر، لە یەکەم تەقە و دەستڕێژی بەر سەنگەرەکانی پایەگادا شەهید بووە. لەگەڵ رووناکبوونەوەی هەوادا، ئاگادار بووین کە پێشمەرگە بێ گرفتێکی بەرچاو پایەگاکەی ناو گوندیان گرتووە. گرووزەربەتەکەی مزگەوتیچ خوی بە دەستەوە داوە و پاسدارەکانی ناو ئاواییش کوژراون یان بە دیل گیراون. بەڵام لە گرتنی پایەگای ئەوبەردا شکستیان خواردووە. ئەیانوت نەخشەکەیان نەیگرتووە، شکستی خواردووە یان چتێکی بەم جۆرە. خەڵک ئەلەرزین، دڵیان، دەستیان و تەواوی لەشیان. لەرز لە ترسی تۆڵەی دژمن و لە ئێشی لە دەستدانی خوشەویستترین پێشمەرگەیان، کاک ئۆلەسەن. لەرز لە ناڕوونبوونی چوارچێوەی رووداوەکە و لەو ئاکامە ترسێنەرانەی کە پێشبینییان ئەکرد.

هاوکات لەگەڵ نیەر لە تەنگیسەریش تەقە گەرم بوو بەڵام هێشتا کەس بە روونی نەیدەزانی سەرکەوتنێک بە دەست هاتووە یان لەوێش پلان و گەڵاڵەی پێسمەرگە تووشی کێسە بووگە. وەزعەکە بۆ ئێمە و بۆ پێشمەرگانەش کە لە نیەردا بوون ناروون بوو، هەوا رووناک، پێشمەگە بە ئاشکرا و بە بەرچاومانەوە دەهاتن و دەچوون بەڵام وەزعەکە نادیار و نارۆشن بوو. کەس نەیدەزانی لە کوێ و چۆن ئەم سەعات و رۆژانە تەواو دەبن.

لە حاڵێکدا بەشێک لە خەڵکی ئاوایی خەریکی سپاردنە خاکی تەرمی کاک ئۆلەسەن بوون، پێشمەرگەکان دیسان خویان کۆکردەوە و لە چەند لاوە هێرشیان کردەوە سەر پایەگای بەرانبەر. شوێنی پایەگا هەم بەرز و هەم فرەیچ رووتەنی بوو. چواردەوری بە تەلدڕک گیریا بوو و گوایا مینیشیان بە دەور خویاندا دانابوون. پێشمەرگە لە پشتەوە تەقەیان لە سەنگەری پاسدارەکان ئەکرد، بە جۆرێک کە گولەکانیان نەیەنە ناو ئاوایی. بەڵام پاسدارەکان بە چواردەوری خویاندا تەقەیان ئەکرد و نیوەی تیرەکانیان ئەهاتنە ناو ماڵەکان. بە سەر و بناگوێماندا ویزەیان ئەکرد و خویان لە بنی پاسار، کۆنیدیواری ماڵەکان، یان بەرمەیتاوی ماڵێکدا بە عەرزدا دەدا. بۆیە خەڵک، کە پێشتر لە سەر بانەکان و لە بەر دەرگاوە تەواشای شەڕەکەیان ئەکرد، ناچار چوونەوە ناو ماڵەکانیان و لە پەنجەرە، یان لە درزی دەرگاکانەوە تەواشایان ئەکرد. دوای دوو سەعاتێک شەڕی سەخت، پایەگا کەوتە دەست پێشمەرگە و دەستیان کرد بە راگواستنی ئەو چەکوچۆڵەی کە لە هەردووک پایەگاکاندا کەوتبووە دەستیان. خەڵک سەرەڕای ئێشی کاریی شەهیدبوونی کاک ئۆلەسەن، دیسانیش خوشحاڵ بوون چوونکە شەهید و برینداری دیکە نەدرا. بەشێکی پاسدارەکان، کە تا دوا هەناسە بەرگرییان لە پایەگاکە کرد کوژران، بەڵام

بەشێکییان بە دیل گیران وهێنایانەوە بۆ ناو ئاوایی. دواتر پێشمەرگەکان ئەم ژمارە پاسداره دیلەیان بە بەر چاوی خەڵکەوە گولەبارانیان کردن و خەڵکیش لە ترس و لە بەر نەبوونی فرسەتی کافی، هەموویانی لە تەنیشت یەک، لە باخێکی نزیک ماڵەکاندا، بە شێوەی کاتیی بە خاک سپاردن. رووداوێک کە دواتر بوو بە نەفت و بە سەر رقی پەنگخواردووی دەروونی بەرپرسانی حکوومەت دا ڕژا و کردیە ئاگر. ئاگرێک کە بەربووە جەستەی گوندی نیەر و لەم سەرەوە بۆ ئەوسەر سووتاندی.

کەم-کەم خەوەر هات کە لە تەنگیسەریش دوو شەهیدی پێشمەرگە هەیە. شەوی پێشتر موزەفەر رەحمانی، کە خەڵکی تەنگیسەر بوو لە ناو ئاویی و پێش دەستپێکرانی شەڕەکە شەهید ببوو. لە جەرەیانی شەڕەکەشدا پێشمەرگەیەکی دیکە بە ناوی سەعید نەدیمی شەهید بوو. دوای شەڕێکی سەخت پایەگاکانی تەنگیسەریش گیران و گشت ئەو پاسدارە حیزبوڵلایانە و چەند جاشە دیواندەرەیەکەش کە رێژم تایبەت هێنابوونی لە شەڕەکەدا کوژران.

خەڵکی هەر وا چاوەڕوان و نگەران مابوونەوە. ئەیانزانی کە درەنگ یان زوو پێشمەرگە ئەیرە چۆڵ ئەکەن و رێژیم ئەگەڕێتەوە. دانشتوانی ئاوایی شکێکیان لە دڕەندەیی رێژیم و ئەو رقە گەورەیەی کە لە خەڵکی ئەم دوو ئاواییەی هەڵگرتبوو نەبوو. ئەیانزانی کە دەوڵەت بە هێز و ئیمکاناتێکی فرەترەوە دێتەوە و تۆڵەی خوی لەوان دەکاتەوە. لەم بارەوە گومانێک لە لای کەس نەمابو.

ئێوارەی رۆژی سێهەم، دوای ئەوە پێشمەرگەکان چوون پایگای گوندی مێراویشیان گرت و گەڕانەوە، دەستیان بە کشانەوە و گوندەکانیان چۆڵکرد. لە ئاوایی بو ناو باخەکان و لەوێشەوە بۆ بەرزاییەکان دوور کەوتنەوە. دەنگی چەند هێلیکۆپتێرێک لە دوورەوە دەبیسترا، گرم و هۆڕی تۆپ و چەکی

قورس لە بەرزاییەکانەوە دەهات و خەڵکیش گەڕابوونەوە ناوماڵەکانیان بوون و چاوەڕوانی چارەنووسی نادیاریان ئەکرد.

کاتێک پێشمەرگەکان رۆیشتن و نیەریان چۆڵکرد، هێشتا هەوا رووناک بوو. دەنگی هێلیکۆپتێرەکان تا دەهات نزیکتر ئەبوویەوە. دانەیەکیان هێندە نزیک بوویەوە هەستمان کرد خەریکە بۆمبارانی ئاوایی بکات. بەڵام وا نەبوو، تەنیا شیتانە دەسووڕایەوە و دەنگوهۆڕی ئازاری گوێچکەی خەڵکی ئەدا. لە دورەوە دووکەڵێکی چڕ لە باخەکانی پشت ئاوایی تەنگیسەرەوە هەستا. ئەمە نیشانەی گەڕانەوەی هێزەکانی رێژیم بوو بۆ ئەوێ بەڵام کە هەوا بڕێک لێڵ بوو گڕ و گڵپەی سووتانی کەوێڵەکان دەرکەوت و ئەمەش نیشانەی نیازی تۆڵەسەندنەوەی دەوڵەتی دەردەخست.

لەگەڵ تاریکداهاتنی هەوا دەنگی هێلیکۆپترەکانیش نەما. تەقە و گرموهۆڕی تۆپەکانیش کەمی کرد. جار و بار تۆپێکی وێڵ، لە دۆڵێکی دووردا دادەکەوت و بریسکەی ئاگرەکەی ناوچەی رووناک ئەکرد، بەڵام پریشکەکانی نەدەگەییشتنە ناو ماڵەکان. تا بەیانی کەس خەوی لێ نەکەوت. دەنگێکیش لە هاتنی پاسدار و هێزی رێژیم بۆ ناو نیەر نەبوو. ترسێکی گشتی حاکمی ئاسمانی گوند و هەموان لە دڵەخورپەیەکی ناخوشدا شەومان کردە رۆژ.

بەیانی کەس لە گوند نەچووە دەر. پیاواەکان لە مزگەوت کۆبوونەوە تا تەگبیرێک بکەن و بزانن چۆن بە پیری ئەم وەزعە ناڕوونەوە بچن. چێشتەنگاو دەنگی تەقە لە تەنگیسەردەستی پێکردەوە. دووکەڵێکی گەورە ئاسمانی ئاوایی داپۆشی و دەرکەوت کە سەرەتای تاوانە گەورەکە دەستی پێ کردووە. جارێکیتر هێلیکۆپتێرەکان هاتنەوە ئاسمانی ناوچە. ئەم جارە چوار دانە بوون. سەر و تای هێزەکانی رێژیمیش گەییشتە یەکەم ماڵەکانی نیەر و لە هەوەڵ ماڵەوە دەستیان بە گرتن و لێدانی خەڵکی کرد. بەشێکی

فرەی هێزەکانی ڕێژیم جاشەکوردی ناوچەی خومان بوون. نیەر و تەنگیسەر جاشی نەبوون بەڵام ئاواییەکانی دەوروبەر بۆچە نا. پایگەلان، گەلێن، دۆڵاو و چەند گوندێکی تر ژمارەیەکی زۆریان ببوونە داردەستی دەوڵەت و لە تاوانەکانیشدا دڵڕەقتر لە دژمن بەشدارییان ئەکرد.

سەرۆکی جاشەکان کابرایەک بوو بە ناوی «حەمەدەمین کەڵاتێ». ئەم پیاوە چەند جاری دیکەش هاتبووە نیەر و هەڕەشەی کردبوو کە ئەگەر بێت واز لە هاوکاری پێشمەرگە نەهێنن کارێکتان پێ دەکەم قەت لە بیرتان نەچێتەوە. هەڵبەت بیرۆکەی بە زۆر چەکدارکردنی خەڵکی نیەریش هەر هی ئەو بوو. یەکێک لە جاشەکان، کە لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتدا هاتبوو، بە دزییەوە بە گوێ خەڵکیدا دابوو کە بڕیاریان داوە ئاوایی بسووتێنن، ئەگەر چتێکی دەردخواردووتان لە ناوماڵەکانتاندا هەس دەریکەن با نوسووتێ. حەمەدەمین کەڵاتێ لە بڵەندگوی مزگەوتەوە دەستووریدا هەرکەسێک لە ئاوایی بچێتەدەر تەقەی لێ دەکرێ و دەکوژرێ. دوای ئەوە پیاوەکانی ئاوایی بە جیا و، ژن و مناڵەکانیشیان بە جیا کۆکردنەوە. چەپوڕاست بە شەق و قۆناخەتفەنگ لە خەڵکیان ئەدا و ڕەحومیان بە ژن، پیر و مناڵیش نەدەکرد.

لای سەعات دوو، کاتێک جاشەکان لە لێدانی خەڵک ماندوو بوون، وازیان هێنا و سەرجاشەکەیان دیسان لە بوڵەندگوی مزگەوتەوە دەستووریدا کە گەورە و بووچکی خەڵک لە ئاوایی دەرکەن و وێڵیان کەن با بچن بۆ لای سەدام:

ئێوە پیاگ سەدامن. خیانەتکارن. جەنایەتکارن، دژمن جمهووری ئیسلامین......بۆیە ئێران جێگای مانەوەی ئێوەی لێ نیە. بڕۆن، بڕۆن بۆ عێراق، بڕۆن بۆ لای سەدام ئەی خائێنەکان.

بە شەق و لێدانێکی بێ بەزەیانە نزیک بە ٢٠ کەس لە پیاوەکانیان جیاکردنەوە و ئەوانیان بەرەو تەنگیسەر خستینە ڕێگا بەڵام جەماوەرەکە هەر

وا مانیان گرتبوو لە جێگای خویان چەقیبوون.

هەر چوار دەوری ئاوایی بە جاش و چڵکاوخوری خوێڕی گیرابوو. ٣ هێلیکۆپتر بە ئاسماندا دەسووڕانەوە و یەکێکیشیان لە خوار ئاواییەوە چەند جار نشتەوە و دیسان هەڵسایەوە. ئەیانوت جەنازەی کوژراوەکانیان کۆئەکەنەوە و ئەیانبەنەوە بۆ سنە.

ژن بە قیژەقیژ، مناڵە بە گریان و هاوار لە دەست شەق و بێ حورمەتی پیاوەکانی دەوڵەت بە ناو یەکدا دەچوون و ئەتوت ڕۆژی قیامەتە. بەشی فرەی زارۆڵەکان میزیان بە خویاندا کردبوو و، ئیزنی سەر ئاویشیان بە کەس نەدەدا.

لە پڕ ژمارەیەک پاسدار، کە تا ئیستا لە دوورەوە راوەستابوون و تەماشای کـردەوەی قیزەونی جاشەکانیان دەرحەق بە خەڵک دەکرد، هاتنەپێش و دەستیان بە جنێو، شەق و تێهەڵدانی پیاوەکان کرد. ئەیانوت جەنازەی ئەو پاسدارە ئێعدامکراوانەیان دیوەتەوە کە بە کۆمەڵ و لە تەنیشت یەکتر شاردبوونمانەوە، بۆیە ئەوانیش شێت و هار بوون. لێدان و بێ حورمەتی هەروا بەردەوام بوو. لە پڕ دووکەڵ لە چەند لای ئاواییەوە بەرز بوویەوە. خەڵکەکە لە تاو سووتانی ماڵەکانیان ئاگریان لە دڵی بەربوو بێ گوێدانە شەق و لێدانی جاشەکان روو بە شوێنی ئاگرکە دەستیان بە هەڵاتن کرد.

نیەر ئاواییەکی گەرە بوو. ئەوانیش هەر چەند ماڵێکیان لە گۆشەیەکەوە ئاگر تێ بەردابوون بۆیە کوژاندنەوەشی بۆ خەڵکەکە سەخت و زەحمەت بوو. خەڵک بە تەنەکە، قاولەمە، یان هەرچتێکیان بە دەستەوە دەهات ئاویان لە «ئاساوجۆ» یان شێرەی ماڵەکان دەبرد و لە ژێر شەق و جوێنی سووکی جاشەکاندا بە مل ئاگرەکەیاندا ئەکرد بێ ئەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت. هەوڵی دڵسۆزانە بەڵام بێ ئاکامی خەڵک و، شەق و بێ حورمەتی پیاوانی دەوڵەت تا درەنگانێکی ڕۆژ درێژەی هەبوو. پاسدارە فارسەکان لە

دوورەوە راوەستابوون. هێندێکیان ماتی مات و، بڕێکیشیان پێ دەکەنین، بە ئێمە، بە جاشەکان، یان رەنگە بە کورد و خۆخورییەکەی بە تێکرا........

خالۆ حەبیب منالی نەبوو، پشیلەیەکی هەبوو فرەی خوشگەرەک بوو. ئەیانوت روحمی بێ منالی خوی، بەم کتکەوە ناوە. کاتێک ئاگر گەییشتە ماڵەکەی، داوای لە جاشەکان کردبووئیزنی بدەن تا بچێت پشیلەکەی لە سووتان رزگار بکات. ئەوانیش ئیزنیان دا بەڵام تەنیا بۆ چوونەناو. دوایە دەرگاکەیان لە سەر داخست و نەیانهێشت بێتەوە دەر. لالۆ حەبیبی قسەخوش، بێ ئازار و مرۆڤدۆست لە ناو ماڵەکەیدا بە پشیلەکەیەوە سووتا.

رەنگە پیاوەکانی دژمن فیلمیان لەم چەند سەعاتە قیامەتە هەڵگرتبێ، نازانم، بەڵام ئیستاش دیمەنە مرۆڤهەژێنەکانی وەک فیلمێک لە پێش چاوی من و گشت ئەوانەوە کە ئەم رۆژە تاریکەیان بینی دێن و دەچن و هیچ کاتیش لە پێشچاو ون نابن.

لای ئێوارە، کاتێک زیاتر لە هەشتا ماڵی ئاوایی سووتان و بوونە وێرانەیەکی ترسناک، حەمەدەمین کەلاتێ دەستووریدا تا خەڵکەکەیان روو بە تەنگیسەر دانەبەر و لە پشت «باوەڕەمەوان»، شوێنێک لە ژوورەوەی ئاوایی تەنگیسەردا کۆیان کردینەوە. تا بەیانی لەوێ، بێ هیچ ئیمکانێکی شیاوی ژیان رایان گرتین و بەیانیش ژمارەیەکی فرەی خەڵکی تەنگیسەریان هێنا بۆ لامان کە لە شوێنێکیتر و، راست وەک ئێمە عەزیەت و ئازاریان دابوون. دەستمان کرد بە گێڕانەوەی رووداوەکە بۆ یەکتر و تەقریبەن ئەوەی لە نیەر رویدابوو عەینەن لە تەنگیسەریش کردبوویان. لە ئاوایی تەنگیسەرەوە بڕێک نان و پێخوریان بۆهێناین. پاسدارێک هات بە فارسی دەستی بە قسە کرد. دوای کۆمەڵێک تاریفی عەداڵەت و ئینسانیەتی کۆماری ئیسلامی و ئیمام خومەینی، کە گوایا لە کوردستان و بۆ خەڵکی کورد کردوویە وتی:

ئێوە ئیستا ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئاواییەکانتان، بەڵام کەس لە ئاوایی

نەچێتەدەر. کەسێک لە دەستووری دەوڵـەت سەرپێچی بکات وەک دژیشۆڕش لەگەڵی دەجووڵێنەوە و......

مەودای نێوان نیەر و تەنگیسەر ڕێگای نیو سەعات پیادەڕێیە. بەڵام بەو وەزعە شەلوپەتەی ئێمە هەمانبوو و، بەو گشت مناڵ و پیرە هێزلێبڕاوەوە کە چەند ڕۆژ بوو ئازار و عەزیەت ئەدراین، بوو بە تاریکانی شەو کۆتایی خەڵکەکە گەییشتینەوە نیەر. کاتێکیش گەییشتینەوە ئاوایی نە چرایەک، نە ڕووناکاییەک و نە دەنگی مرۆڤێک دەبیسترا. دێیەکەمان بۆنی دووکەڵ و وێرانەی لێ دەهات.

هێشتا کەس هەواڵی ئەو بیست پیاوەی نەدەزانی کە ڕۆژێک پێشتر بە شەق و لێدان لە خەڵکەکەیان جیاکردبوونەوە. بەشی فرەی ئەمانە برا و باوکی پێشمەرگە بوون. کوڕی گەنجی حەڤدە- هەژدە ساڵە و، پیاوی پەنجا- شەست ساڵەشیان تێدا بوون. ڕۆژی دوایی کە لە تەنگیسەرەوە گەڕابووینە دیتمان چەند کەسێکیان بە هێسترەکانیانەوە، لە ژێر چاوەدێری چەند چەکدارێکدا خەریکی کارن بۆ هێزەکانی ڕێژیم و کەلوپەل، یان چەک و تەقەمەنییان پێ رادەگوێزن. کەم-کەم خەوەر هات کە هەموو زیندوون و هەر کامەیان لە شوێنێک و بۆ جڵەیەک لە هێزەکانی دژمن بار و کۆڵ رادەگوێزن.

لە یەکەم ڕۆژەوە کە شەڕ دەستی پێ کردبوو خەڵک مەجالی لێ پرسینەوەی لە مەڕ و ماڵاتی خوی نەبوو. بێ خاوەن بە ناو باخەکان و بەر ئاواییدا بەرەڵا کرابوون. پاسدارەکان لە هەر کوێەک جووڵەیەک دەهات، یان تاپۆیەک دەردەکەوت، وەیاندەزانی پێشمەرگەیە و کوێرانە تەقەیان لێ دەکرد. لەم ڕێگایەوە بەشی فرەی ئاژەڵی خەڵک، کە گەورەترین سامانی ژیانیان بوو لە ناو چوون.

دوای چەند ڕۆژ کار و بێ حورمەتی بێ کردن بەو بیست کەسە کە لە

سەرەوە باسکرا، هەموویان هێنانە ناو چەمەکەی بەر ئاوایی، بە جۆرێک کە خەڵک بە باشی ئەیتوانی بیان بینێ. پێکەوە ریزیان کردن و پێیان وتن لەیرە بێسن، تەکان نەخون، ئیسە حەمدەمین کەڵاتێ، (بەرپرسی جاشەکان) دێت پووڵی ئەم چەند رۆژەتان پێ ئەدات. پیاوەکان کە لە ناو عارەقە و تۆزدا نوقم ببوون هیوایەکیان وەبەر هاتەوە و چاوەڕوانی کابرای جاش راوەستابوون. لە پڕ لە لایان ئەو چەندین جاش و پاسدارەوە کە کرابوونە پاسەوانیان درانە بەر دەسترێژ و هەموو شەلوپەت بە مل یەکدا کەوتن. خەڵکی کە لە ناو ماڵە سووتاو و کۆڵانە وێرانەکانی گوند دا دەسووڕانەوە، بێ گوێدانە شەق و تەقەی هێزەکانی رێژیم خویان گەیاندە لای کەسەکانیان و لە ژێر چنگ و دەستی قاتڵاندا دەریان هێنان. یەکێک لە پاسدارەکان کە دیاربوو بەرپرسی یەکەمە، روو لە خەڵکەکە وتی:

بە دەستووری رەئیس (مەبەستی کەڵاتێ خائێن بوو) لە کەمەر بۆ خوارەوە تەقەمان لێ کردوون تا نەمرن، بەڵام ببنە عیبرەت بۆ ئێوە و جارێکیتر خیانەت بە ئێران و کۆماری ئیسلامی نەکەن.

هەر بیست کەسەکەیان بە سەختی بریندار ببوون. کەسیان هەبوو چوار گولەی بەرکەوتبوو. خەڵک گشتیانی هێنانە مزگەوت، و داوایان کرد هێزەکانی رێژیم بێن و دەرمانیان کەن. بەڵام هێزەکانی رێژیم هیچ هاوکارییەکیان نەکرد و گشت رێگاکانیشیان بەست و نەیانهێشت بیانبەین بۆ شار. ناچار چەند حەکیم و «ژیرلەی» گوند هەبوون بۆ زامدارەکانی نیەر بوونە دوکتر و لە کاریترین بریندارەوە دەستبەکار بوون. تا نزیک ئێوارەیەکی درەنگ بەستن و تیماری بریندارەکان لە مزگەوت بەردەوام بوو و ئێوارە گوێزرانەوە بۆ ئەو ماڵانە کە لە دەست سووتان دەرچووبوون. ئەم بیست کەسە هیچ کات نەچوونە نەخوشخانەیەک و تا نزیک بە بیست رۆژیش پاسدارەکان نەیانهێشت کەسێک لە ئاوایی بچێتە دەر تا لە شوێنێک دەرمانیان

بۆ بێرین. بەڵام بە هێوا و هیمەتی خویان و حەولی بێ دریغی مامۆ عەلی مراد و دێدە مەلێ، کە «جەڕاح» و «نوشدار»ی نیەر بوون گشتیان خاس بوونەوە و هیچ کەسیان فەلەج نەبوو.

ڕێژیم دوای ئەم تاوانە، بەشی فرەی بنەماڵەی پێشمەەرگەکانی لە نیەر و تەنگیسەر گرتن، ئازارێکی فرەیدان و هێندێکیشیانی لە ئاوایی دەرکردن. بەڵام خەڵک لە هەر هەل و فرسەتێکدا بە هــەرەوەز و تێکڕا، هەوڵی سازکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی ماڵە سووتاوەکانیان ئەدا و لە ماوەی شەش مانگادا (دەگمەن نەبێت) ماڵێکی سووتای رووخاو نەما ساز نەکرێتەوە. نیەر و تەنگیسەر جوان و رازاوەتر لە رابوردوو بوونەوە چەقڵی چاوی دژمن و هێزەکانی ڕێژیم، کە بۆ سەرکوت و داگیرکاری دەهاتنە ناوچە، لە ناو خویاندا بەم دوو گوندەیان ئەوت قەڵای زدی ئینقلاب. بەڵام خومان و خەڵکی دەوروبەریش ئەیان وت:

نا، قەڵای سەربەرزی.

٢٠١٦-٧-١٢

١٢

# کتێبەکانی ئێوە

# کتێبەکانی ئێوە

هــەردووک کتێبەکەی کاک موستەفای هێجری و بەڕێز عەبدوڵای حەسەنزادەم بە نابەدڵی، بەڵام ناچار بە دیقەتەوە خوێندنەوە.

ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەو دوو کتێبەدا دەستم کەوت:

١ شەڕی ئەم دوو بەڕێزە گەلێک کۆنە، کۆنتر لە دیسان سەرهەڵدانەوە، گەورە و زەقتربوونەوەی دوو گرفتە زکماکەکەی ناو حیزب - ناوچەگەرایی و جەناحبازی- (دواتر هەوڵ ئەدەم لە بابەتێکی درێژتردا باسی ئەم دوو گرفتە ((زکماکە)) بکەم.

٢- ئەوەی ئەم دوو پیاوە شەریف و جێگای ڕێزە شەڕیانە لە سەری، نەک بەرژەوەندی خەڵک و بەرزبوونەوەی حیزب، بەڵکوو باندەستبوونی شەخسی خویان و جەناحەکەیانە و، ڕاست ئەم کارەش حیزبی دیموکراتی بەم ڕۆژە تاڵ و ڕەشانە گەیاندوە.

٣- پلەی سکرتێر و ئەندامی دەفتەری سیاسی پێش بوونە سکرتێری ئەوان، قەدر و حورمەتێکی شیاوی هەبوو. لە ئاکامی ئەم شەڕە بێ مانایەی ئەواندا ئەم دوو پۆستە تا نزمترین ئاستی خوی دابەزیون کە چی هێشتا ئەوان پێیان کەمە و هەر کامەیان لە لایەک، بۆ خوارتر ڕایئەکێشن!.

٥- لەم دوو کتێبەدا هەردووک مامۆستا یەکتر بە درۆزن، بەرژەوەندیخواز، ئاژاوەگێڕ، باندباز و فرە چتی تریش تۆمەتبار دەکەن. من نازانم ئەم تۆمەتانە چەندەیان بە نیسبەت هەر کامیانەوە ڕاست، یان پێچەوانەن. بەڵام ئەگەر یەک لە سەدی ئەم تۆمەتانە لە سەر هەر کەسێکی سیاسی ڕاست بن، کەمترین کارێک کە ئەبێت دەرحەقیان بکرێ ئەوەیە کە، لە ڕێبەر و ڕێبەریی حیزبێکی

خاوەن خەڵک و ئێعتباری وەک حیزبی دیموکرات، دوور بخرێنەوە و بە راشکاوانە پێیان بوترێ کاکە:

برۆن لە شوێنێکی ئارام و دوور لە خەڵکدا دانیشن و تۆزێک بە خۆتاندا بێنەوە. بیربکەنەوە و جارێکیتر ئەو وشە و تۆمەتە سەیرانەی بۆ یەکتری بە کار دێنن بخوێننەوە و بزانن شتێک ماوە نەتان نووسیبێت؟.

بە داخەوە ئاستی تێگەیشتن و شێوەی روانینی ئێمە بۆ سەرهەڵدان، تەشەنەسەندن و تەقینەوەی کێشەکانمان، هێشتاش ساکار و نەگەیشتوینەتە ئەو ئاکامەی دڵخوازی منە. بۆیە تا رۆژێک ئەم روانگەمان هەبێت بۆ سیاسەت، کێشە و رێگەچارەسەرەکانیان، سەرگەردان لەم چاڵەدا دەتلینەوە و لەو ئێعتبارە گرانبەهایەش کەم دەکەینەوە کە رۆژگارێک بە خوێنی رۆڵەکان و فرمیسکی دایکانمان بە دەستمان هێنا.

٢٩-٤-٢٠١٥

# ١٣

# چۆن موستەفا کەماڵ بوو
# بە باوکی تورکان؟

# چۆن موستەفا کەماڵ بوو بە باوکی تورکان؟

تورکییە نەک هەر بەشی زۆری جوغرافیا و خەڵکی ئێمەی لە ژێر دەست دایە، بەڵکوو بەهێزترین و لە ناو کۆمەڵگەی جیهانیشدا دەسترویشتووترین دوژمنی کوردە. ڕێژیمی ئیستای تورکیە کە نزیک بە سەدساڵ پێش ئیستا بناغەکانی دارێژران، بەرهەمی بیر و تێکۆشانی کەسێکە بە ناوی موستەفا کەماڵ ئاتا تورک (باوکی تورکان). بۆیە گرنگ و پیویستیشە کە کوردان بەوردی مێژووی ئەم سەدساڵەی تورکیە و بە تایبەتی ئەتاتورک و بیرەکانی بخوێننەوە. ئەم وتارە هەوڵ ئەدات هەنگاوێکی بچووک بێت لەم بوارەدا.

## ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە مێژووی عوسمانی:

سەرەتاکانی ١٣٠٠ ی زایەنی هێندێک خێڵ و عەشیرەتی تورک لە ئاسیای ناوەڕاستەوە کە لە دەست کوشتار و تاڵانی تورکە مەغۆلەکان هەڵاتبوون گەییشتنە ئەناتۆلیا. لە لایەن عەلائەدین کەیقباد، سولتانی سەلجووقییەوە جێگایان پێدرا و لە ناوچەیەکی نێوان ئەمپراتۆری بیزانس و سەلجۆقیدا نشتەجێ بوون. ئامانجی سەلجووقییەکان لەم کارە قایمکردنی سنوورەکەیان بوو کە هەردەم مەترسی هێرشی بیزانیسەکانی لە سەر بوو.

وردە وردە عەشیرەتی دیکەی تورک هاتنەلایان، ناوچەی دیکەیان بۆ خویان داگیرکرد و لەگەڵ لاوازبوونی سەلجووقییەکانیش دا ئەم خێڵە کۆچەرانە لە مێوان و ئاوارەوە بوونە خاوەن ماڵ و لە هەردووک دەسەڵاتی روو لە لاوازی ناوچەکە خاکیان دابڕ کرد و شاری بورسەیان کردە پێتەختی خویان. ساڵی ١٤٥٣ سوڵتان موحەمەدی یەکەم، کۆنستانتینپوول، پایتەختی

ئەمپراتووری بیزانسی داگیر کرد، ناوی ئیسلامبووڵی لە سەر دانا و بناخەی ئەمپراتۆری عوسمانی دارشت کە ئیدەعای رێبەری گشت موسوڵمانانی جیهانی دەکرد.

ساڵی ۱۵۱۴ سوڵتان سەلیمی یەکەم لە چاڵدران، شا سمایلی سەفەوی تێکشکاند، تەورێز پایتەختی سەفەوییەکانی داگیر، تاڵان و وێران کرد و دواتر رووی کردە شام، بەغدا، قاهێرە و لەوێ سوڵتانی میسری هەڵواسی ودواتر قودس و سەرەنجام مەکەی گرت. خادەمی «ماڵی خودا»ی بانگ کرد، کلیلی «حەرەمەینی شەریفەینی» لێ سەند وخوی وەک خەلیفەی موسوڵمانانی دنیا و خادەمی ماڵی خودا راگەیاند.

ستراتێژی بەردەوامی دەسەڵات لە عوسمانیدا لە سەر رازینەبوون بەو دەستکەوتانە کە هەن دانرا بوو، بۆیە سوڵتانەکانی دوای سەلیم، پەلاماری ئەورووپایان دا و لە سەردەمی سلێمانی قانوونی دا سنووری عوسمانی تا نزیک دەروازەکانی ئوتریش درێژ کرابووەوە.

شورشی ۱۷۸۹ ی فەرانسە وەک هەموو دەسەڵاتە ستەمکارەکانی دیکە، دەسەڵاتی خوێنرێژی عوسمانیشی لەرزاند و رووداوەکانی دواتر کاریگەری گرنگیان کردە سەری.

ئەمپراتۆرییەکانی بریتانیا، ئوتریش و رووس بۆ ماوەی سەدەیەک راستەوخۆ و ناراستەوخۆ هاوکاری یەکتریان کرد بۆ بەرتەسک کردنەوە، لاوازکردن و سەرەنجام رووخاندنی دەسەڵاتی حەوسەد ساڵەی عوسمانی.

## کۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانی:

سوڵتان عەبدول مەجید لە ترس و کاریگەری شۆرشی فەرانسەدا و بە رێنوێنی هێندێک کەسی شارەزا (۱۸۳۹-۱۸۶۱) کۆمەڵێک ئاڵ و گۆری لە

شێوەی ئێدارە و قانوونی ئەساسی ئەمپراتۆریدا جێبەجێ کرد کە مەجالی بە ئێلیتی سیاسی و خەڵکی عەلاقەدار بە سیاسەت ئەدا کە خویان نیشان بدەن. ئەمە خوی سەرەتایەک بوو تا خەڵک جۆرێکیتر لە سوڵتان و بڕیارەکانی کە ژیان و چارەنووسی ئەوانی لە دەستدا بوو بڕوانێ. بە تایبەتی لە ئیستانبوڵ و بەشی ئەورووپایی ئەمپاتۆری کە بە «رۆملی» بە ناوبانگ بوو، رۆژنامە و کتێبی تا ئەو کات نایاب دەرکەوتن و تەنانەت لە ناو ئەفسەران و «پاشاکانیش» دا کەسی رەخنەگر و ناڕازی دەبینرا

بە هاتنە سەر دەسەڵاتی سوڵتان عەبول حەمید (١٨٧٩) ئەم ئازادییانەی بەربەست و دواتر بە تەواوی نابوود کران. سوڵتانی نوێ ژمارەیەکی زۆر جاسووسی بە سەراسەری وڵاتدا بڵاو کردنەوە و لە هەرکۆیەک نەیارێکی دەست دەکەوت دەیگرت، دەیکوشت یان بۆ شوینی زۆر دوور بەڕی دەکرد. یەکێک لە ناڕازییانی بە ناوی مەدحەد پاشا کە وەک رێبەری فکری سەرجەم ناڕازییانیش دەناسرا، بە فێڵ و بێ رەوشتی لە سویسەوە هێنایەوە و دەستگیری کرد، سەری بڕی و پێستەکەیان پڕ کرد لە کا تا خەڵکیتری پێ بترسێنن!

بەڵام ئەم کارانە نەیان توانی عەلاجی دەردی «پیاوە نەخوشەکە» بکەن و رۆژ لە دوای رۆژ سەرهەڵدان و نارەزایەتی لە دژی سوڵتان لە ناو تورکاندا و لە دژی عوسمانی لە ناو خەڵکی ناتورکدا پەرەی دەسەند. میسرییەکان بە هاوکاری بریتانیا خویان لە چنگی عوسمانی دەرهاویشت و سێرب، بورلغار و مونتەنێگرۆ بە هاوکاری رووسەکان سەربەخویی خویان لە عوسمانی راگەیاند. کروات، مەقدوونیا و یۆنان حازر بە ژێردەستی نەبوون و هەر رۆژە سەرهەڵدانێکیان ساز دەکرد و سەرەنجام ئەوانیش سپای سوڵتانیان لە وڵاتی خویان وەدەرنا و بوونەوە خاوەن ماڵی خویان.

ئەفسەرانی تورکی سپای عوسمانی رۆژانە بەچاوی خویان ئەیانبینی کە

دەسەڵاتیان کەم دەبێتەوە و کەسانێک کە تا دوێنێ خزمەتکار و بەردەسی ئەوان بوون، ئیستا خویان پێ لەوان کەمتر نیە و نەک حازر بە برا بچووکی نین بەڵکوو لە هێندێک جێگاش بە ئاشکرا بێڕێزی بە تورک ، ئەفسەران و تەنانەت خەلیفەش دەکەن!

لە ناو ئەم ئەفسەرانە دا دووکەس لە هەموان بەرجەستەتر بوون کە یەکیان ئەنوەر و دووهەمیان جەماڵی ناو بوو. کەسێکی سێهەمیش هەبوو بە ناوی تەلعەت بەڵام ئەو ئەفسەر نەبوو، کاربەدەستێکی ئاسایی بەڵام بە بڕوا و ئیرادەوە کاری دەکرد تا پێشی داڕمانی دەسەڵاتی تورکان بگرێ و بە گەرمی هاوکاریی ئەنوەر و جەماڵی دەکرد.

ئەم سێ کەسە دواتر بناغەی کۆمەڵەی تورکانی لاو، (ترکهای جوان) یان ئەنجومەنی تەعالی و تەرەقییان داڕشت. سەرەتاکان ئەم تاقمە ئامانج و ڕێگایەکی روونی سیاسییان بۆ ئاڵتێرنەتیڤی وەزعەکە نەبوو، تەنیا لێکهەڵوەشانی ئەمپراتۆری و لاوزی و بێ دەسەڵاتی سوڵتان تووڕەی کردبوون و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کەوتبوونە کار. بەڵام کەم کەم ناچار بوون وەک جووره حیزبێکی سیاسی کار بکەن و لە باری چەندایەتی و چۆنایەتیشەوە گۆڕانیان بە سەردا بێت و پەل و پۆ باوێنە شوێنەکانیتری ئەمپراتۆریش.

شاری سالۆنیکای مەقدوونیا ناوەندی ئەم ناڕازییانە بوو، بەشی زۆری ئەفسەرانی ناڕازیی و دژی سوڵتان و ئێدارەکەی لەم شارە دا بوون کە شوێنی لە دایەک بوونی موستەفا کەمالیشە.

رووسیە لە لایەک هەوڵی ئەدا لە میراتی عوسمانی بەشی گەورەی بەرکەوێ، بەڵام بە هوی شکانێکی قورس لە گەڵ ژاپۆند دا (١٩٠٥) و هەوەها کێشەی ناوخۆ کە خەریک بوو تێکڕای دەسەڵاتەکەی بکەوێتە دەست کومونیستان، مەجالی کەمی بۆ مابووەوە و ئینگلیسیش بە داگیرکاریی هێند

و ئافریقاوە سەرقاڵ بوو و مەجالی تەواوی نەبوو لەم گۆڕانەدا وەزعەکە لە قازانجی خوی بگۆڕی. بۆیە تەنیا دەسەڵاتی نوێ و بە هێز قەیسەری ئاڵمان بوو کە لە ژێر ڕێبەری «بیسمارک»دا خوی ریکخستبوو، بە کردەوە لەگەڵ ئێلتی نوێ تورکدا کەوتبووە دانووساندن، خەریک بوو دەسەڵاتی روو لە مەرگی عوسمانی زیندوو کاتەوە و وەک هاوپەیمانی خوی لە دژی رەقیبانی ئەورووپایی خوی بە کاری بێنێ. هەڵبەت هەر ئەم هاوکاریی و هاوپەیمانییەی ئاڵمان بوو کە دواتر عوسمانی لە شەڕی جیهانی یەکەمەوە گلاند و خستییە بەرەی ئاڵمان لە دژی ئەوانیتر...

دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی و رووخانی ئەمپراتۆری عوسمانی

رووداوەکـان زۆر بە توندی دەچوونە پێش. سولتان عەبدولحەمید کە پێشتر دەسەڵاتی دەگەییشتە سنووری ٣ قارەی دنیا، ئیستا لە ترسان چواردیواری کۆشکی دوڵمەباخچەشی لێ ببوە دژمن و رۆژانە دەمانچەیەک بەدەستەوە، تەقەی لە هەر خشە و جووڵەیەک دەکرد کە بەر گوێ دەکەوت! هەر لەم رێگایەشەوە سێ کەس لە خزمەتکار و تەنانەت کچێکی ١٤ ساڵەی خوشی بەر کەوتن و بە دەمانچەی سوڵتان کوژران!

لەگەڵ رەوتی رووداوەکاندا رۆژانە گۆشەیەکی ئەو وڵاتە بەرینەی ژێردەستی تورکان دابڕ دەکرا و دەخرایە سەر ئەمپراتۆرییەکیتر، یان دەبووە وڵاتێکی سەربەخۆی دژی عوسمانیی. بۆ پێشگیریی لە توانەوەی تەواو، ئەنوەر و هاوکارانی بە کوودێتایەک عەبدول حەمیدیان لابرد و برایەکی شێت و نەخوشی بە ناوی ڕەشادیان لە زیندان دەرهێنا و کردیانە سوڵتان! (سولتان موحەمەدی پێنجەم).

ئەنوەر پاشا کە زمانی ئاڵمانی بە باشی دەزانـی، بە تەواوی خوی لە ئاڵمانەکان نزیک کردەوە و لەم رێگاشەوە تەواوی دەم و دەزگاکانی ئەمپراتۆری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خستە دەست ئەوان. ئەم نزیکایەتییە

بە ئەندازەیەک بوو کە بڕیاری تورکان نەبوو بۆن و ڕەنگی ئاڵمانی پێوە دیار نەبێت و بەرژەوەندیی ئەوانی مەبەست نەبووبێت.

سەرەنجام کوژرانی وەلی عەهد (جێنشینی شا)ی ئوتریش لە شاری سارایيڤۆ بوو بە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری شەڕێک کە تا ئەوکات وێنەی لە مێژوودا ڕووی نەدابوو - شەڕی یەکەمی دنیاگر-.

هەروەک پێشتریش باسکرا ئەمپراتۆری پان و بەرینی عوسمانی لەم ڕۆژانەدا وەک وڵاتێکی بێ هێز و بێ خاوەن کەوتە بەر پەلامار و لە هەوەڵ ڕۆژەکانی شەڕیشدا پایتەختەکەی کەوتە بەر مەترسی داگیرکردن!

شەڕی گالیپۆلی، کە دواتر بوو بە شوێن و ناوی ڕووداوێکی مێژوویی،بە هوی فیداکاری و کارزانی ئەفسەرێکەوە بە ناوی موستەفا کەماڵ (کە مەبەستی سەرەکی ئەم وتارەش ناساندنی ئەوە) پێشی پێشڕەویەکانی بەرەی دژی عوسمانی گرت و ئیستانبووڵ پایتەختی سوڵتانی تورکانی لە تەسلیمبوونێکی کوتووپڕ و ئابڕووبەرانە ڕزگار کرد!

تورکەکان سەرەتا لە سەر گشت موسوڵمانان حیسابیان کردبوو کە وەک جاران بێنە فریایانەوە و وەک ڕابوردوو لە «جیهاد» و شەڕ دژی «کافران» دا ئەمپراتورییەکەیان بپارێزن. لە ڕاستی دا ئاڵمانەکانیش زۆر و کەم حیسابیان لە سەر هەستی ئایینی موسوڵمانان کردبوو، بەڵام لە لایەک بە نیسبەتی شەڕەکانی پیشووتری عوسمانی ئەم جارەیان زیاتر تێکنیک و چەکی پێشکەوتوو بوو کە دەوری دەگێڕا. شتێک کە ئەفسەرانی عوسمانی نەک هەر لێ بێبەش بوون بەڵکوو ئەو چەکانەش کە لە ئاڵمانیان وەرگرتبوون هێشتا نەیانئەزانی بەباشی کەڵکی لێ وەرگرن. لە لایەکیترەوە گەلانی موسولمان بەڵام ناتورکی ناو ئەمپراتۆری عوسمانی بەتایبەتی عەرەبەکان هۆشیار ببوونەوە و وەک جاران تەنیا هەستی ئاینی نەبوو کە بڕیاری بۆ دەدان. بەڵکوو بوونەخاوەن ماڵی خویان، ببووە خەونێکی نزیک لە ڕاستی

و ئەورووپاییەکانیش قەولی بەدیهاتنی ئەو خەونەیان پێدەدان و بە هاسانی دەیان خستنە بەرەی خویانەوە.

لیبی بۆ ئیتالیا، جەزایەر و مەراکێش بۆ فەرانسە، میسر و ئێراق بۆ ئینگلیس و... ملیان کەچ کرد و بە جێ فریا کەوتن و بە هاوارەوەهاتن، لە دووروە بە گیانکەنشتی ئەمپراتۆری زاڵم و خوێنڕێژی عوسمانی، لە ژێر چەقوی «کافران» دا پێ دەکەنین و کەیفیان دەکرد!

پێشتر سوڵتان عەبدول حەمید لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتیدا بڕیاری کۆمەڵکوژکردنی ئەرمەنییەکانی دەرکردبوو و، سەدان هەزار کەسیشی لێ کوشتبوون، بەڵام ماوەیەک ئەم تاوانە بە هۆی جۆرا و جۆر راگیرابوو و هێشتا زۆربەی شوێنەکانی ئەوجێگایەی ئیستا پێ دەوترێ تورکیە، کۆمەڵگەی ئەرمەنییان لێ دەژیا. لەم رۆژانەی شەردا کە زۆربەی موسوڵمانی ناتورک، بە ئاشکرا پشتیان لە تورکان ئەکرد، ئەنوەر پاشا و هاوبیرانی هەم لە رقان و هەم لە ترسان، بڕیاری کۆمەڵکوژکردنی یەکجارەکی ئەم خەڵکەیان دا و لە ماوەی ساڵ و نێویێکدا (کۆتایی ۱۹۱۴ تا ناوەڕاستی ۱۹۱۵) تەقریبەن ئاسەوارێکی وایان لە کۆمەڵگەی نزیک لە یەک میلیۆن و نیوی ئەرمەنی نەهێشت. دیارە کوردانیش لەم تاوانەدا وەک نۆکەر و خزمەتکاری تورکان رۆڵی نێگاتیڤیان گێڕا و بەشی خویان شەرمیان بەرکەوت.

بێگومان کوردانێکیش هەبوون کە بۆ پاراستنی گیانی ئەرمەنییان و شاردنەوەیان لە دەستی خوێنینی دەوڵەتی تورک، ریسکیان بە گیان و ژیانی خویانەوە کردبێت بەڵام مێژووی نووسراوی دەستی بێگانە، تەنیا خراپە و لایەنی تاوانەکەی بۆ تۆمار کردووین و دەگمەن پێچەوانەکەی، واتا هاوخەمیی، یا دەربازکردنی ئەرمەنییەکانی بۆ کورد نووسیوە.

پاش ۴ ساڵ، شەڕی دنیاگر کۆتایی پێهات. عوسمانی خراپتر لە ئاڵمانی هاوپەیمانی تەسلیم بوو و، چارەنووسی کەوتە دەست وڵاتانی

سەرکەوتووی شەڕ، بە تایبەتی ئینگلیس و فەرانسە. بەڵام لە بەر ئەوە ئەودەم هێشتا رۆڵی ئامریکا کەم و بێ بایەخ بوو و رووسیەش کۆتایی شەڕ بوو بە کۆتایی دەسەڵاتی تەزار، رۆڵی ئەو دوو وڵاتە کە دەیەکانی دواتر بوونە بڕیاردەری چارەنووسی دنیا، کەمڕەنگ و لاواز بوو لە دواڕۆژی ناوچەکەدا. شۆڕشی ئوکتوبەر کە لە رووسیە دا هاتە ئاراوە، نەک هەر رووسییە وەک وڵات، بەڵکوو روانگە و نەزمی دنیاشی بەرەو ئاقارێکی تر برد و مانا و شێوەی دەوڵەتیشی بە تەواوی ژێر و ژوور کرد.

لەگەرمەی ئەم رووداوانە دا کۆمەڵێک ئەفسەری تری تورک پەیدا بوون کە لە ئەنوەر و هاوبیران بێزار، لە سیاسەت و بڕیاردانیان تووڕە و لەو وەزعەی بە سەر وڵاتەکەیاندا هاتبووە شەرمیان لە خویان ئەکرد. ئەم ئەفسەرانە لە ژێرەوە خەریکی پلان و بەرنامەدارشتن بوون و لە هەل و فرسەتێک دەگەڕان تا دەسەڵات بگرنە دەست خویان و مەسیری چارەنووسی وڵاتە ژێرپێنراوەکەیان بگۆڕن. رێبەر و سەرکردەی ئەم تاقمە کەسێک نەبوو جگە لە موستەفا کەماڵ کە دواتر دەبینین چۆن لەم رێگا سەختەدا سەرکەوت و تورکان و تورکیەی لە ژێردەستی دژمنانی سەدان ساڵەیدا رزگار کرد.

## موستەفا کەماڵ، یان ئاتا تورک:

ساڵی ١٨٨١ لە شاری سالدۆنیکای مەقدونیا، کە حەشیمەتەکەی ئەودەم تێکەڵاوێک بوو لە زۆر گەل و رەگەزی جوراوجور، کوڕێک لە دایک بوو بە ناوی موستەفا. باوکی ناوی عەلی رەزا و دایکی ناوی زوبەیدە بوو کە هەردووکیان هەژار و سەربە چینی کەم دەسەڵاتی کۆمەڵگە بوون. هێشتا موستەفا مێرمنداڵێک بوو کە باوکی مرد و هەتیو کەوت. دایکی کە هەموو ئاواتی ئەوە بوو کوڕەکەی بچێتە بەر خوێندن و ببێتە مەلا، هەوڵیدا

لای مەلایەک جێگای بۆ بکاتەوە. بەڵام موستەفا هەر لە سەرەتاوە کەیفی بە خوێندنی شەرعی نەدەهات و پاش ماوەیەک و دوای چەندین شەڕ لەگەڵ ماموستاکەی، ئەو شوینەی بەجێ هێشت و دواتر لە قوتابخانەیەکیتردا کە دەرسی تازە و ناشەرعی فێری منداڵان دەکرد دەستبەکار بوو.

ماموستاکەی ناوی موستەفا بوو بۆیە لە بەر تێکەڵ نەبوونی ناو و هێندێکیش وەک تەشوێق، ناوی کەماڵی لە سەر موستەفای قوتابی دانا و لەو رۆژەوە موستفا بوو بە موستەفا کەماڵ.

سەردەمی گەورەبوون و پێگەییشتنی موستەفا کەماڵ بەرانبەر بوو لەگەڵ لاوازبوون و توانەوەی ئەمپراتۆری عوسمانی. سوڵتانێکی شێت و نەزان، لە بەرانبەر خەڵکی خویدا بێ روحم و دڵڕەق، لە بەرانبەر دژمنانی فراوانی خوی و وڵاتەکەیدا لاواز و بێ دەسەڵات حوکمی وڵاتێکی بەرین و گرنگی دەکرد. موستەفا کە دواتر چووە قوتابخانەی سەربازی و بوو بە ئەفسەر، لە یەکەم کەسەکان بوو کە نیگەرانی لاوازیی هێز و دەسەڵاتی تورکان بوو و پڕ بە دڵ دەیهەویست هاوکاریی ئەو ئەفسەرانە بکات کە دەیانەویست پێشی خراپتربوونی وەزعەکە بگرن. بەڵام زۆربەی ئەفسەرانی ناڕازی ئەوکات، بەتایبەتی ئەنوەر و جەماڵ پاشا کە پێشەنگایەتی سپای تورکیان ئەکرد، حیسابێکی وایان بۆ موستەفا کەماڵ نەدەکرد و شیاو و هاوشانی خۆیان نەدەزانی. دواتریش کە بە باشی ناسییان بە تەواوی هەوڵیان ئەدا لە ریزی خویاندا دووری خەنەوە.

کەماڵ کەسێکی زیرەک، بەڵام نەسوڵح، خۆبەزلزان و دەسەڵاتخوازبوو. نە وەک کەسی یەکەم جێ پەسەندی ناڕازییان بوو، نە ئەویش وەک فەرمانبەر حازر بوو هاوکارێکی باشی ناڕازییان بێ.

لەگەلێک رووداو و سەرنجام شەڕێکی دنیاگردا ئەمپراتۆری عوسمانی بەکردەوە رووخا و تەنیا قابڵۆخێکی بێکەڵکی لێ بە جێمابوو. سپای بێگانان

لە ئیستانبووڵ دامەزرابوو، بڕیارەکانی سولتان لە پێشدا لە لایەن ئەوانەوە دەدران و دواتر وەزیرە تورکەکان تەنیا جێبەجێیان دەکردن. ئەنوەر و ڕێبەرانی ئێتحاد و تەرەقی کە سەبەبکاری تێوەگلانی عوسمانی لەم شەڕەدا بوون، هەڵاتبوون و هەرکامەیان خوی لە وڵاتێکی دووردا شاردبووەوە. مەیدان بۆ دەرکەوتنی ڕێبەرێکی نوێ و خاوەن ئیرادە کە بتوانێ ئەرکی خوی بباتە سەر، بە تەواوی ئامادە بوو.

موستەفا کە لە ماوەی چوارساڵ شەڕی جیهانیدا بە گشت توانای خویەوە بەشداری کردبوو و بەتایبەتی لە شەڕی گالیپۆلیدا سنووری فیداکاریی و کارزانی تێپەڕاندبوو، بۆ سوڵتان و زۆربەی ئەفسەرانی سپای تێکشکاوی تورک ناوێکی دیار بوو، بەڵام هێشتا خاوەن پۆست و دەسەڵاتێکی وا نەبوو کە چاوەڕوانی، یان مەترسی وە ئەستۆگرتنی ئەم ئەرکەی لێ بکرێ.

لەگەڵ دابەزینی کەشتییەکانی ئینگلیز لە ئیستانبووڵ، سپای یونان و ئیتالیاش لە ئەستیرنا (ئەزمیری دواتر) و دەوروبەری دابەزین و خاکی تورکانیان داگیر کرد. هەرچەند تا ئەوکات عوسمانی زۆربەی هەرەزۆری خاکی خوی لە دەست چووبوو بەڵام ئەو شوێنانە وەک خاک وماڵی تورکان نەبوون و خەڵکی تورکیان تێدا نەدەژیان. بەڵام ئەم ڕووداوانەی داوایی بە تەواوی جیاواز بوون چوونکە پاش سەدان ساڵ یەکەمجار بوو کە تورکان بێگانەیەکی دەسەڵاتدار لە ماڵی خویاندا ببینن و ناچار بن ئەمر و دەستووری ببەنە ڕێوە!

موستەفاکەماڵ کە هەر لە سەرەتای شەڕەوە لە بیری سازکردنی گرووپ و دەستەی هاوبیری خویدا بوو بۆ ڕۆژێکی وا، بە هەزار زەحمەت و فێل وتەڵەکە توانی سولتانی بێ دەسەڵات رازی بکات تا وەک نوێنەری خوی بۆ ڕۆژهەڵاتی وڵات بەڕێکات و بەو بیانووەی کە بڕوات سەر و سامانێک بدات بەو هێزە پرش و بڵاوەی عوسمانی کە لە ناوچەدا سەرگەردانە و نەزم

و ئارامیش بۆ ناوچەکە بگێڕێتەوە و لە ژێر پەردەی ئەم مەعمووریەتەشدا خەریکی ئامانجەکانی خوی بێت!

سوڵتان و سەرۆک وەزیرەکەی سەرەنجام بە نابەدڵییەوە رازی بوون و موستەفا کەماڵ لەگەڵ کۆمەڵێک ئەفسەریتر کە هەموو هەڵبژاردە و هاو بیری خوی بوون بە کەشتیەک، رۆژی١٩ ی مانگی مای ١٩١٩ گەیشتنە شاری سامسون و بنکە و بارەگای شۆڕشێکیان دامەزراند کە دواتر تەختی سولتان و دەسەڵاتی بێگانەکانیشی تێکرووخاند.

دواتر کە لە موستەفا کەماڵیان دەپرسی کە کام رۆژ لە دایەک بوویت؟ بە غروور و خۆهەڵکێسانەوە دەیگوت: ١٩ مای ١٩١٩!

دیارترینی ئەو ئەفسەرانەی کە لەم سەفەرە پڕخەتەرەدا لەگەڵ موستەفا کەماڵ بوون بریتی بوون لە : رەئووف، کازم کارابەکر، رەفعەت، عارف و عەلی فواد کە دواتر و پاش ئەوە سەدان فیداکارییان لە رێگای بە دەسەڵاتگەیاندنی موستەفا کەماڵ دا کرد، یەک لە دوای یەک گیران و وەک خائێن موحاکێمە و تەنانەت چەند کەسیشیان بێروحمانە ئێعدام کران.

هاوکات لەگەڵ گەییشتن بۆ قووڵایی خاکی ئانادۆڵ موستەفا کەماڵ و هەڤاڵانی دەستیان کرد بە رێکخستن و هاندانی خەڵک بۆ پێکهێنانی هێزێکی بەرگری لە دژی هاوپەیمانان، بە تایبەتی دژی یۆنانییەکان کە بەشێک لە وڵاتی ئەوانیان داگیر کردبوو و بە نیازی هێرش و داگیرکاریی تریش بوون.

هەر بۆ ئەم مەبەستە پلان و بەرنامەی دوو کۆنفەراسی گرنگ لە شاری ئەرزڕووم لە سەر سنووری ئەرمەنستان و لە شاری سیواس داڕێژرا و مەجال بۆ موستەفا کەماڵ رەخسا تا وەک رێبەرێکی سیاسیش خوی نیشان بدات و بتوانێ ئەوەی بە ساڵان بیری لێ کردووەتەوە بۆ خەڵک و ژێنراڵەکانی هاوبیریشی باس بکات. ئەم کۆنفەرانسانە چەندە سولتان و هاوپەیمانانی لە ئیستانبووڵ تووڕە کرد، هێندەش جێگای موستەفا کەماڵی لە ناو نوخبەی

تورکدا کردەوە و ئێعتباری پێ بەخشی.

زۆری نەخایاند موستەفا کەماڵ و هاوکارانی بوونە خاوەن هێزێکی گەورە و توانیایان شەڕێکی بەرین لە دژی سپای پوشتە و بەرداخی یونان دەست پێ بکەن. لە لووتکەی ئەو شەڕانەدا شەڕی ()ساکاریا () وەک بە ناوبانگترین و شاکاری سەربازی موستەفا کەماڵ دێتە حیسابکردن کە پاش نزیک بە مانگێک رووبەڕووبوونەوەی خوێناوی و کوژرانی دەیان هەزا کەس لە هەردووکلا، سەرەنجام سپای موستەفا کەماڵ کە لە لایەن شەخسی خویەوە رێبەری دەکرا، توانی یونانییەکان تێک بشکێنێ و سەدان کیلوو میتر پاشەکشێیان پێ بکات.

پاش ئەم سەرکەوتنە جارێکیتر موستەفا کەماڵ خوی و هێزەکەی کۆ کردەوە ، هیندێک بە وەزعی دیپلۆماسی و رێکخستنی خەڵکەوە خەریک بوو و سەرەنجام هێرشی یەکجاری کردە سەر سپای یونان لە شاری ئەزمیر و بە تەواوی لە خاکی تورکان دەری پەڕاندن کە لە بەشی تایبەت بە سووتاندنی ئەزمیر، لەم نامیلکەیەدا بە وردیی باسم کردووە.

کاتێک سپای تورک و موستەفا کەماڵ چوونە ناو شاری ئەزمیر ، بێ روحمانە هێرشیان کردە سەر خەڵکی سیڤیلی ناتورکی ئەو شارە و جگە لە کوشتنی هەزاران کەسیان، بە رۆژی رووناک دەستدرێژییان کردە سەر ماڵ و ناموسیان ، هەزاران کچ و ژن بە رۆژی رووناک و هێندێکیان لە سەر جادە دەسدرێژیان پێ کرا.

ئوسقۆفی کلیسای یونانییان لە کلیسا دەر هێنا، بە زیندوویی هەردووک چاویان هەڵکۆڵی و بە شمشێر دەست و لاقیان بڕییەوە! هەموو ئەم تاوان و جینایەتانە بە پێش چاوی هێزی دەریایی سپای ئامریکا و ئیتالیاوە ئەنجام ئەدران کە بێجگە لە موخابێرەکردنی رووداوەکە بۆ کاربەدەستانی خویان، بچووکترین کاردانەوە لەو هێزانە نەبینرا

موستەفا کەماڵ بۆ خوی لە یەکێک لە بەرزترین ماڵەکانی ئەو شارەوە کە هیێ ماڵە دەوڵەمەندێکی تورک بوو و کچەکەیان بە ناوی لەتیفە دواتر بوو بە هاوسەری دووهەمی موستەفا کەماڵ، چاوی لەم تاوانانە دەکرد و وەک سەیری زەماوەند بکات دڵرەقانە بە قیژەو هاواری ژن و منالی گیرکەوتوو پێدەکەنی و هیچیتر!

لە گەرمەی ئەم رووداوانەدا وڵاتانی سەرکەوتووی شەڕ، سەرەتا خەریکی پلان دارشتن بۆ دابەشکردنی پاشماوەکانی میراتی عوسمانی بوون و لە پەیمانی سێڤەر دا کە چەند خاڵیشی باسی چارەنووسی کوردان بوو، بڕیار بوو تورکان بە تەواوی لە ئاوی دەریا دوور بخرێنەوە و دەوڵەتێکی یۆنانی بە درێژی سنووره ئاوییەکان عوسمانی ساز بکرێ. سەرۆک وەزیری خەلیفەش (فەرید پاشا) کە وینستۆن چرچیل خوی و وەزیرەکانی بە کابینەی بووکڵە شووشان ناو دەبات، ئەم پەیمانەی ئیمزا کردبوو. بەڵام موستەفا کەماڵ بەو پەڕی زیرەکی و هۆشیارییەوە ئەم پلانە جیهانییەی گۆڕی و زلهێزانی ناچار کردن کە لە پەیمانێکی تر دا کە بە پەیمانی لۆزان ناسراوە، سەد و هەشتا دەرەجە چارەنووسی تورکان (و هی ئێمە کوردانیش) وەرچەرخێنێ و خەون و خیاڵی کوردانیش کە بڕیار بوو لە راپرسییەکی گشتیدا داخوازییەکانیان بە کۆمەڵگەی جیهانی بگەیینن و ئەگەر خوازیاری سەربەخۆیی بوون لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە داواکەیان قبووڵ بکرێ کردە خیاڵێکی تا ئیستاش بەدی نەهاتوو!

## موستەفا کەماڵ و کورد:

هەموو چوار ساڵی شەڕی جیهانی و ئەو پێنج ساڵەش کە موستەفا کەماڵ خەریکی دەستپێکردن و بەرەوپێش چوون بوو، بزووتنەوەیەکی

دیار و ڕێکخراو لە ناو کوردانی باکوور و ڕۆژاوا دا نەهاتە ئاراوە. واتا لەو سەردەمانەدا کە نەتەوەکانیتر توانییان هەلەکە لە قازانجی خویان بقۆزنەوە و خویان لە داوی یەخسیری رزگار کەن، وێڕای هەوڵی کەسێکی وەک میجێر نۆێل و بنەماڵەی بەدرخان بۆ بەرپاکردنی سەرهەڵدانێک، کورد بێدەنگ و بێ جووڵە بوون. تەنانەت بەشێک لە نوخبەی کورد کە لە ناو سپای تورکدا دەسترویشتوو بوون، بۆ نموونە عیسمەت ئینونو و کازم دیاربەکری و... بەجێ هەوڵدان بۆ مافی کوردان، گەورەترین خزمەتیان بە موستەفا کەماڵ و بزاڤەکەی کرد. عیسمەت ئینێنۆ لە هەردووک دانشتنی پەیمانی لۆزاندا نوێنەری تورکان بوو و تەنانەت لەو دانشتنانە دا ئیدەعاشی کرد کە کوردانیش جۆرێک تورکن کە لۆرد کرزن نوێنەری ئینگلیز لە کۆنفەرانسەکە دا بە گاڵتە پێ وت: ئەمەش کەشفێکی تازەی تورکانە؟!

بەڵام دواتر و لە بەهاری ١٩٢٥ دا، لەو کاتە دا کە موستەفا کەماڵ توانیبووی بە سەر گشت دژمنانیدا زاڵ بێت، یۆنانیەکان لە خاکی خویدا بکاتە دەر و پەیوەندی دیپلۆماتیک لەگەڵ رووسییەی شورەوی و فەرانسەدا دامەزرێنێ و خەلافەتی ئیستانبول هەڵوەشێنێتەوە و... شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دەستی پێکرد و ویستی جۆرێک لە ماف بۆ کورد مسەوگەر بکات. ئەم بزاڤە وێڕای رەنگی تۆخی ئاینی کە پێەوە دیاربوو، بە شێوەیەکی بنەڕەتیش نەتەوەیی بوو. بەڵام لەبەر دێر وەختی و بەهێزی سپای موستەفا کەماڵ، لە ماوەیەکی کورتی چەند مانگەدا تێکشکا و زۆربەی ڕێبەرانی، لەوانە شێخ بۆ خوی بە دیل گیران یان تەسلیم بوون و بێ بەزەیانەش ئێعدام کران. دوای شکانی ئەم سەرهەڵدانە، ڕێگا بۆ بەرەوپێشچوونی بیرۆکەیەکی هار و رەگەزپەرەستانەی دژی کورد بە ناوی کەمالیزم هەموار بوو کە ئامانجی سەرەکی سڕینەوەی ئاسەواری کورد و توانەوەی ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە دارێژرابوو. لەوانە ناوی کوردستان و کورد خوی

وەک خاک و خەڵک!

## هەڵسوکەوتی موستەفا کەماڵ لەگەڵ هاو بیرانی پاش سەرکەوتن:

وەک باسکرا جگە لە خودی موستەفا کەماڵ، ژمارەیەک ئەفسەریتری تورک بەشداری ئەو ڕێگا سەخت و پڕ خەتەرە بوون و لە زۆربەی ڕۆژە سەختەکاندا یارویاوەری ئەو بوون. لە ناو ئەمانە دا کەسێک بە ناوی سەرهەنگ عارف لە هەموان زیاتر وەفادار و بە ڕادەیەکی زۆر خۆشەویستیی موستەفا کەماڵی لە دڵدا بوو. بەڵام دوای ئەوە مەترسی سولتان، داگیرکەرانی بێگانە و بزووتنەوەی کورد لە سەر دەسەڵاتی موستەفا کەماڵ نەما، ئەویش وەک زۆربەی هەرەزۆری دیکتاتۆرانی تری دنیا کەوتە گیانی هەڤاڵانی کۆنی خۆی و بە بیانووی پووچ و بێ بنەما زۆربەیانی دەستبەسەر، موحاکێمە و مەحکووم کردن و ژمارێک لەوانە وەک جاوید، عارف، ڕەفعەت و... ئێعدام کران و ناویان وەک خەیانەتکار بە نەتەوەی تورک لە دەزگای تەبلیغاتی ئەو دەمی تورکدا خوێندرایەوە. بۆ دەرکی ئەو شێوە کردارەی دیکتارۆران بێ جێگە نیە باسی ئەوە بکەم کە ئەو شەوەی قەرار بوو سەرهەنگ عارف (کە پێشتر باسی وەفاداریی بە باوکی تورکان کرا) ئێعدام بکرێ، موستەفا کەماڵ جەژنێکی گەورەی بۆ مێوانانی بێگانەی خوی ساز کردبوو و تا بەری بەیان خەریکی خواردن، خواردنەوە و سەما بوو !

## موستەفا کەماڵ و ژن:

هەموو سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی ژنان بچووکترین مافی ئینسانییان نەبوو. هێندێک لە مێژوونووسان پێیان وایە وەزعی ژنان لە عوسمانیدا جیاوازیەکی بەرچاوی لەگەڵ سەردەمی پەیامبەری ئیسلام

نەکردبوو. سوڵتان و خەلیفە جگە لە چەندین ژنی» شەرعی»، سەدان و بگرە هەزاران ژنی تەمەن جۆراوجۆریان لە حەرەمسەراکانیاندا دیل کردبوون و زۆر خراپتر لە ئاژەڵ لەگەڵیاندا دەجووڵانەوە. پیاوی موسوڵمانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی شانازی بەوەوە دەکرد کە هیچ نامەحرەمێک چاوی بە ژن و کچەکەی نەکەوتووە و ئەم روانگە و بیرە لە سەراسەری بەشی موسوڵماننشینی ئەمپراتۆریدا تا دوا ساتەکانی تەمەنی ئەمپراتۆریش حاکم بوو.

موستەفا کەماڵ پاش بە دەسەڵات گەییشتن، هەوڵیدا هەم وەک قانوون و هەم لە کرداریشدا ئەم روانگەیە بگۆڕی، ژنانی تورک لە ماوەیەکی کورتدا لە گۆنجی ماڵەوە بێنێتە سەر شەقام و مەیدانی ژیانی رۆژانە. بەڵام لە کرداری رۆژانەی خویدا بە کردەوە بچووکترین حیسابی بۆ مافی راستەقینەی ژنان نەدەکرد و زیاتر وەک ئامرازی لەزەتبرنی خوی سەیری ژنی دەکرد. بە شێوەیەک سەراسەری تەمەنی پڕبوو لە کرداری سووک و بێ رێزی بە ژنان و بە تایبەتی ئەو دەمەی کە وەک نوێنەری عوسمانی لە بولغارەستان دەژیا، یەکێک لە مشتەریانی دایمی رووسپیخانە (لەشفرۆش)کانی شاری «سووفیا «و شارەکانیتر بوو. دواتریش کە بە جێگا و مەقامێک گەییشت، کاتێک پێشنیار یان بۆچوونێک لەلایەن ژنێکەوە دەگەیشتە دەستی، بایەخێکی وای پێنەدەدا کە لە قسەکانیدا ئیدیعای دەکرد.

هەر لەم بوارەدا، واتا هەڵسوکەوت لەگەڵ ژن، لەگەڵ هاوسەری یەکەمی خوی (کە ئامۆزاشی بوو) زۆر ناحیساب و بێوەفا بوو. بە شێوەیەک کە ژنێکیتری بە سەردا هێنا و هەر لە سەر ئەم زوڵمەش بوو کە هاوسەرەکەی دوای زەجر و ئازاردیتنێکی فراوان ، پاش ئەوە نەیتوانی حەقی خوی لە موستەفا کەماڵ وەرگرێ، بە دوو گولەی دەمانچە خوی کوشت و کۆتایی بە ژیان و ئازارەکانی هێنا. هەڵبەت پیویستە بێژم کە ئەو کارەستاتەش

بچووکترین کاردانەوەی لە دامودەزگای دەسەڵاتی ئەو دەمی موستەفا کەماڵ نەبوو!

## موستەفا کەماڵ و فەرهەنگی رۆژاوا:

موستەفا کەماڵ هەر لە سەرەتای لاویەتیدا رقێکی گەورەی لە سونەت و داب و نەریتی وڵاتانی موسوڵمان و خەلافەتی عوسمانی بوو، بۆیە بە ئاشکرا دەیگوت: « لە دونیا دا تەنیا یەک شارەستانەت هەیە، ئەویش شارەستانی ئورووپایە و ئەوانیتر کۆنەپەرەست و سونەتی دەست و پێ گیرن». بۆیە بە گشت توانایەوە هەوڵی ئەدا خەڵکی تورکیەش وەک خەڵکی وڵاتانی ئورووپایی هەڵسوکەوت بکەن. بچنە دیسکۆ، سەما بکەن و ژن و مێرد پێکەوە و تێکەڵاو برۆنە شوێنە گشتییەکان. بەڵام قەت لە بیری نەدەکرد کە ئەو تورکە و هەر ئەم ئەسڵەش وای کردبوو کە گەورەترین رقی لە داگیرکەران و لەوانە داگیرکەرانی ئەورووپایی بێ. کەلە ڕاستیدا ئەو دوو شێوە بیرکردنەوهیەشی دژ بەیەک نەبوون، چوونکە لە دونیای واقع دا عەلاقەی ئەو بە کولتووری ئورووپا، بەو مانایە نەبوو کە حەز بە ژێردەستەیی ئەوانیش بکات. بە پێچەوانە هەر لە بەر ئەم کردارانە بوو کە ئەو سولتان و وەزیرەکانی بە خایەن و نۆکەری رۆژاوا و وڵاتانی هاوپەیمان ناو دەبرد و هەوڵی ئەدا لەلای خەڵکی تورک رێسوا و بێ ئابڕوویان بکات. واتا لە کردەوەدا حازر بوو لە رێگای دەرکردنی ئەوان (ئورووپاییەکان) لە وڵاتەکەیدا گیانی خوی ببەخشێ و دەیان جاریش ئەمەی لە کردەوەدا سەلماند!

لە لایەکیتریشەوە، وەک گشت سیاسەتکارانی پراگماتیستی دیکە لە کاتی خویدا لە دین و بە تایبەتی ئایەنی ئیسلام و سونەتەکانی بۆ ئامانجی

خوی کەڵکی وەردەگرت و لای خەڵکی باوەڕدار دەبووە« موسڵمانێکی بێ غەل و غەش».

بۆ نموونە جارێک کە لەگەڵ چەند ئەفسەری تر کە بە نیاز بوون بە نهێنی بە ناو سپای ئینگلیز دا بڕۆن بۆ بەرەی شەڕ، لە لایەن ئەفسەرێکی میسرییەوە ناسرانەوە و کابرای میسری ویستی دەستگیریان کات. لە پڕ موستەفا کەماڵ لە کابرا چووە پێش، خوی پێ ناساند و وتی فەرموو ئەفسەرێکی سوڵتانی موسوڵمانان بفرۆشە بە سپای کافران. بەڵام لە بیرت نەچێ تۆ موسوڵمانی و ئەبێت لەو دنیا جوابی خودا و سولتان بدەیتەوە. کابرای میسری لەشی کەوتە لەرزین و بە گەرووی پڕ لە گریانەوە وتی: فەرموون دەرباز بن ، من حازر نیم خەجاڵەتی سولتان و خوا بم!

## موستەفا کەماڵ و مافی کورد:

وەک پێشتریش ئیشارەم پێ کرد، لە کاتێکدا هەموو نەتەوەکانی تری ژێر چەپۆکی عوسمانی لە لاوازی و رووخانی ئەم دەسەڵاتە ستەمکارە کەڵکیان وەرگرت و خویان رزگار کرد، بەڵام کورد جگە لە ناوچەی سلێمانی و دەور و بەری، ئەوانیتریان بێدەنگ و رەنگە بکرێ بڵێن وەسیلەی دەستی هەردوو بەشی (سولتان و موستەفا کەماڵ) بوون. تەنانەت شێخ مەحموودیش بە نیازی یارمەتی وەرگرتن هەیئەتێکی بە سەرپەرەستی رەفێق حیلمی نارد بۆ ئانکارا بۆ لای موستەفا کەماڵ بەڵام بێ هیچ دەستکەوتێک و دەستی خاڵی گەڕانەوە. واتا سەردەمانێک کە خەڵکیتر خویان رزگار کرد، کورد لە خەودا بوون و کاتێکیش وەخەبەر هاتن تازە درەنگ بوو.

روون و ئاشکرایە کە موستەفا کەماڵ تەنیا پلان و بەرنامەیەک کە بۆ کوردانی هەبوو سەرکوت و توانەوەی ئەوان بوو. بۆیە بە هەموو هێز و

توانایەوە بۆ پووچەڵکردنەوەی پەیمانی سێڤەر کە باسی مافی کوردانی ئەکرد، کاری کرد و پەیمانی لۆزانی لە جێگایدا داسەپاند. بەڵام سەرەتای کار هێشتا هەستی بە مەترسی کوردان نەکردبوو و تا کاتی سەرهەڵدانی دێروەختی شێخ سەعیدیش دەستی بۆ پلانەکانی دژی کوردان نەبرد.

کاتێک دەستی لە شەڕەکانی تری ئاواڵە بوو و بینی کوردانیش پاش «کڵاوی» لۆزان وەخۆ هاتوونەتەوە. ئینجا بێ روحمانەتر لە گشت ئەوانەی پێش خوی هاتە دەست. دوای سەرکوتیش وازی نەهێنا و پاش ئێعدامی زیاتر لە چل رێبەری کورد لەوانە شێخ سەعید،خوی رێگای توانەوە و پاکتاوی رەگەزی کوردانی گرتەبەر، لە شەڕی دێرسیمدا کە بە رێبەرایەتیی سەید رەزا هەڵگیرسا کۆمەڵکوژییەکی وەحشیانە و ئاشکرای کرد و بۆ نەوەکانی دواتری تورکیش میراتێکی بە ناوی «کەمالیزم» بە جێهێشت کە هێشتا فەرهەنگ و بیری زاڵی کۆمەڵگای تورکە.

## موستەفا کەماڵ و گۆڕان لە کۆمەڵگەی تورک دا:

موستەفا کەماڵ بڕوای بە گۆڕانی هەنگاو بە هەنگاو (تەدریجی) نەبوو. بەڵکوو زیاتر بە زۆر و بە شێوەی مێکانیکی دەیهەویست لە ماوەی ژیانی خویدا بەشی زۆری ئەو گۆڕانە ببینێ! بۆیە دوای شکانی دژمنانی و نەمانی بەربەستی ناو رێکخستنەکەی خوی، دەستی دایە گۆڕان و لە ماوەیەکی کورت دا سیستەمی سەلتەنەتی سولتان، ئەلفوبێ عەرەبی و تەنانەت شێوەی جل و بەرگی خەڵکیشی گۆڕی.

لە سەردەمی عوسمانیدا دەیان گەل و نەتەوەی جوراوجور لە وڵاتی ژێر فەرمانی سولتاندا دەژیان و هەرچەند گەلی باندەست لەوێش دا هەر تورک بوون، بەڵام بوونی هیچ گەل و نەتەوەیەک ئینکار نەدەکرا. لە سیستەمی

نویَ دا ئەم دیاردەش گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هات. لەلایەک لە ڕێگای قانوونەوە، بیَ شاردنەوە و ڕاشکاوانە نوسرا کە:

ئەوەی لە تورکیە دا دەژی تورکە و ئەوەی نایهەویَ تورک بێت، تەنیا ئەتوانیَ خزمەتی تورکان بکات!

لە لایەکیترەوە بە کردەوە کار بۆ ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرەستانەیە کرا و لە ڕووبەڕووی دەرگای گشت قوتابخانەی هەموو شار و گوندەکانەوە بە خەتێکی گەورە نووسیبیان :

من چەندە بەختیارم کە تورکم!

ئەم سیاسەتە فاشیستییە ڕۆژانە بە دەستووری موستەفا کەماڵ لە ڕۆژنامە و مێدیای وڵاتیش دا تەبلیغ دەکرا و دوای ماوەیەک نەسڵ و کۆمەڵگەیەکی ڕەگەزپەرەست و دڵڕەقی دروۆست کرد کە جگە لە تورکان هیچ گەل و نەتەوەیەکی تری قبووڵ نەدەکرد.

جگە لەم بەش و ڕەهەندانەی سیاسەتەکانی، ئینجا دەستکرا بە گۆڕانی دڵخواز (ساختەکاری) لە مێژوو و دیرۆکی تورک و گشت ناوچەکە! بە پیَ ئەم تەعبیر و ریوایەتە تازەیە، بەشێکی زۆری خەڵکی دنیا تورک بوون، زمانی تورکی گەورەترین زمانی جیهان ، تاریخی هاتنی تورکانی عوسمانی بۆ ئەنادۆڵ بە تەواوی لابرا و وا نیشاندرا کە هەزاران ساڵە ئەم شوێنە جێگای تورکانە و ئەوەی زیادی و بێگانەیە لەم ناوەدا نا تورکەکانن! لە شوێنێکدا بە ڕاشکاوی باس دەکریَ کە دیاربەکر یەکێک لە پێتەختە کۆنەکانی تورک بووە!

هەر لە سەر ئەم ڕوانگە نادرۆستەش بوو کە ناوی «تورکی کێوی» بۆ کوردان دیاری کرا و هەوڵ درا دوای توانەوە تورکێکی «ڕاستەقینە« یان لیَ ساز بکریَ.

ئەم سیاسەت و ڕێبازە زیانبارە ئەو دەم کە موستەفا کەماڵ لە ژیان دا

بوو هێندێک بەرهەڵەستکاری لە ناو خەڵکی تورکیش دا هەبوون. بەڵام دوای مردنی و بە تایبەتی دوای کۆمەڵێک کوودێتا و دەسەڵاتی نیزامیان لەو وڵاتە، بەتەواوی بوو بە خەت و ڕێبازی زاڵ و تا ئەو رادەیە کە سەخت و زەحمەتە مرۆڤ تورکێک ببینێ کە خاوەنی ئەم روانگە فاشیستییە، یان لانیکەم بەشێکی نەبێت!

### ئاتا تورک (باوکی تورکان):

دوایین «ڕێفورم»ی موستەفا کەماڵ گۆڕانی ناوی خەڵک بوو. سەردەمی عوسمانی خەڵکی تورکیش وەک ئیستای عەرەبان ناوی خویان و باوکیان دەیناساندن. بۆ نموونە حوسەینی کوڕی حەسەن. یان کەسەکان بە شوغڵ و پیشەوە دەناسرانەوە، وەکوو: رەحمان چایی چی و عەبدوڵا بەنا و...

موستەفا کەماڵ بەم شێوە ناوانە زۆر قەڵس بوو. هەر لە سەرەتای مناڵییەوە رقی لەو ناوانە بوو و بە ئاشکرا دەی وت کە تورکانیش دەبێت وەک خەڵکی ئورووپا پاش ناو (ناوی بنەماڵەیی) یان هەبێت. بەڵام گۆڕێنی شتی وا پەیوەندی بە سیستەم و لەوەش گرنگتر دەسەڵاتەوە هەبوو. بۆیە کاتێک هەردووکیانی خستە دەست، دەستی بە گۆڕان کرد و ئیستا کە هەموو سیستەمەکەی گۆڕی بوو، کاتی گۆڕانی ئەم ناوانەش هاتبوو.

رۆژێک لە سەر مێزی نانخواردن هەروا لە بەر خویەوە دەستی کرد بە بەخشینەوەی پاش ناو بە سەر وەزیر و کاربەدەستانیدا و پاشناوی ئینونۆی بۆ عیسمەت پاشا کە ئەو دەم سەرۆک وەزیر بوو دانا. هۆی دانانی ئەم ناوەش ئەوە بوو کە پێشتر عیسمەت لە شەڕێکدا لە جێگایەک بەو ناوە سەرکەوتنی بە دەست هێنابوو. دواتر درێژەی بەم کارە دا تا هەموو وەزیرەکانی بوونە خاوەن پاش ناو. ئەوکات بێ پرس و پێشنیاری کەس ناوی ئاتا تورکیشی

بۆ خوی هەڵبژارد. کە بێ هیچ کێشەیەک بوو بە جێ پەسەندی هەموان و مێژووش قەبووڵی کرد کە ئەو باوکی تورکانە!

موستەفا کەماڵ لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا نەخوش و لاواز، لەلای زۆربەی هەرەزۆری هاوکارانی نزیکی ، بێزراو و مەنفوور بوو. بەڵام لە لای زۆربەی هەرەزۆری خەڵی تورک خوشەویست و وەک نەجاتدەری وڵاتەکەیان دەناسرا. بە گیان و دڵ خوشیان دەویست و هەر لە سەر ئەم بنەمایەش بوو کە بۆ هەمیشە وەک باوکی مەعنەوی زۆربەی تورکانی ئەم سەردەمەش دێتە ناساندن.

ئەگەر هەمووشتێک رەوتی ئاسایی و نورماڵی خوێ پێوابایا و کوردانیش ستەم و بێ رێزی وەک گەلانیتر ئازاری دابان، دەبوا موستەفا کەماڵ ئاتاتورک وەک بناغەدانەری بیری توانەوە و لە بەینبردنی ئەوان و داهێنەری رێبازێکی دژی ئینسانی، لە لای هەموو کوردێک بەو ئەندازەیە تورکان خوشیان دەوێ، بێزراو و جێگای رقلێبوونەوە بووبا و وەک دژمنی سەرەکی بهاتبایە حیسابکردن. بەڵام بەڕاستی وایە؟

*کۆتایی ٢٠١٠-٥-١١*

# ١٤

# کاتێک تورکان شاری سمیرنایان (ئیزمیری ئیستا) سووتاند

# کاتێک تورکان شاری سمیرنایان (ئیزمیری ئیستا) سووتاند

سمیرنا، بووکی سەر لێوارەکانی دەریای ئێژە، یەکێک بوو لەو دەگمەن شارانەی ناوچە کە لە دەست ئاگری شەڕی جیهانی یەکەم پارێزرا بوو و حەشیمەتەکەشی کە نیوەیان یونانیی، یەک لە سەر چواریان تورک و پاشماوەیان تێکەڵاوێک بوون لە فەرانسەوی، ئامریکایی، ئەرمەنیی و جوولەکەی ئوروووپایی، بە ئاشتیی و بە شێوەیەکی هارمۆنیک پێکەوە خەریکی ژیان، بازەرگانی و کاری رۆژانەی خویان بوون.

کاتێک رۆژی ٨ ی سێپتەمبەری ١٩٢٢ هێزەکانی موستەفا کەماڵ، دوای سەرکەوتن لە چەندین شەڕی دیکە بە سەر سپای یونان دا گەییشتنە لێوارەکانی شاری سمیرنا، پاشماوەی سپای تێکشکاوی یونان سواری کەشتییەکانیان بوون و شار و خەڵکەکەیان بۆ سپای تورک بە جێ هێشت. هاوکات چەندین کەشتی جەنگی سپای ئامریکا، فەرانسە، ئیتالیا و بریتانیا، لە لێواری دەریا و لە ٥٠٠ مێترییەوە چاوەدێریی پێشوەچوون و هاتنی تورکەکانیان ئەکرد. دانشتوانی ناتورکی سمیرنا، لە دڵەراوکێ و ترس دا ئەژیان چوونکە هێشتا ماوەیەکی درێژ بە سەر کوشتاری بە کۆمەڵی ئەرمەنییەکان بە دەست سەرباز و سپای تورک دا تێنەپەڕی بوو کە تێیدا زیاتر لە یەک میلیۆن مرۆڤ کۆمەڵکوژ کران. ترس و دڵراوکێیەکە کاتێک زیاتر جەبوو کە، جگە لە بوونی سپای هاوپەیمانان لە نزیک شار کە تەنیا رۆڵی چاولێکەریی دەگێڕا، هیچ گارانتی و زەمانەتێک نەبوو کە لەیرە و راست ئەم سپایەش سێناریۆە تاڵەکانی پێشوو دووپات ناکاتەوە.

.******

موستەفا پاشا یەکێک بوو لەو سەدان ئەفسەرەی سپای سولتان کە لە شوێنی جۆراوجۆر دا خەریکی خزمەتی سەربازیی خوی بوو و پێش لە شەڕی چارەنووسسازی «گالی پۆلی ١٩١٥» تەنیا لە ناو بازنەی بەرتەسک و کەمهەژماری دۆستانی خوی دا ئەناسرا. ناو و ناوبانگی موستەفا کەماڵ دوای ئەو شەڕە دەرکەوت کە نەک هەر سپای رۆژاواییەکانی لەو شێوە دۆڕگەیە دا وەدەرنا، بەڵکوو پێشی پێشڕەوی ئەوانیشی گرت تا نەتوانن لەو هێرشەدا ئێستانبووڵ، پێتەختی لە مەترسیکەوتووی سولتانی عوسمانی بگرن و بۆ ماوەی ٣ ساڵ چارەنووسی شەڕ لەم بەرەیە دا لە قازانجی تورکان بگۆڕێ.

پێش ئەوە موستەفا پاشا وەک ژێنراڵێکی مەیدانی شەڕ و رێبەرێکی کاریزماتیکی تورکان بناسرێ، چەندین پاشای تری سپای تورک هەبوون کە بڕیاری کۆتاییان بۆ سپا و، بگرە بۆ سولتانی بێ ئیرادەی ئەو سەردەمەی عوسمانیش ئەدا کە ئەنوەر و تەلعەت پاشا بەرچاوترینیان بوون. ئەنوەر پاشا جگە لەوە ژێنراڵێکی بە توانا و خوێندەوار بوو کەسێکی خوشناوی سپای عوسمانیش بوو کە زۆربەی پاشا و ژێنراڵەکانی دیکە لە قسەی دەرنەدەچوون و هەر بڕیارێکی ئەویان وەک بڕیاری سولتان قبووڵ بوو. بەڵام ئەنوەر زۆر شیفتە و عەلاقەی بە ئاڵمان و کولتووری ئاڵمانی پەیدا کردبوو. هەر ئەم کارەشی ببوە هۆی ئەوە سپای عوسمانی لە گشت بارێکەوە بخاتە ژێر دەست و دەسەڵاتی «موستەشارە» ئاڵمانیەکان کە ئەودەم لە گشت شوێن و جێگایەکی عوسمانی دا دەبینران. ئاکامی ئەم لێکنزیک بوونەوەیە بوو بە هوی ئەوە لە ١٩١٤ دا سپای عوسمانی ئاوتوماتیک ببێتە هاوپەیمانی سپای ئاڵمان و بەشێک لەو شەڕەی کە تا ئەودەم دنیا بە خویەوە نەیدیتبوو واتا شەڕی یەکەمی دنیاگر!

موستەفا کەماڵ راست بە پێچەوانەی ئەنوەر، تەلعەت و سولتانیش

بیری ئەکردەوە و ئەوەی پێکرا بۆ دوورخستنەوەی عوسمانی لە هاوپەیمانی بێمەرج لەتەک ئاڵمانیا دا کردی. بەڵام لە بەر پلەی نزمی سەربازیی و نەناسراوی لە ناو سپا و خەڵکیش دا، دەنگی بە هیچ کوێیەک نەگەییشت و بە بەرچاوییەوە شەڕی دنیاگر سپای زەبەلاح و ئەمپراتۆی بەرینی عوسمانی لاوازکرد، تواندییەوە و سەرەنجام چوارپەلی پێ ڕاکێشا و گیانی لێ سەند.

******.

دوای ئەوە هێزە هاوپەیمانەکان، واتا فەرانسە، بریتانیا و ئامریکا لە شەڕ دا سەرکەوتن و ئاڵمانیان ناچار کرد پەیمانی ئاشتی وەرسای (کە لە مێژووی ئاڵمان دا بە سەرشۆڕییەکی گەورە بۆ وڵاتەکەیان ئەژمێردرێ) مۆر بکات، بە نیازی خنکاندنی یەکجاری ((پیاوە نەخۆشەکەی ئورووپا)) پێتەختی ئەمپراتۆری عوسمانیشیان داگیر کرد و سوڵتان موحەمەدی سێهەم و ژێنراڵەکانیان مەجبوور کردن تا مۆر و ئیمزای خویان لە ژێر پەێمانێک بدەن کە لە کردەوە دا کۆتایی بە هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی تورکان لە ناوچە دا دێنا و تەنانەت ئەو شوێنەش ئیستا پێ دەوترێت تورکیە، بەشی زۆری لە ژێر دەست و دەسەڵاتی سپای یونان دا بوو کە سمێرنای جێ باسی ئەم وتارە تەنیا گۆشەیەکی بچووکی بوو.

دیارە لەم هەل و مەرجە دژوار و چارەنووس سازە دا بوو کە موستەفا کەماڵ بڕیاری مێژووی خوی دا. بڕیارێک کە نەتەوەی تورکی، دوای گەورەترین تێکشکانی مێژووی خوی لە ژێر دەست و پێ لەقەی سپایەکی سەدان جار لە خوی بە هێزتر دا دەرهێنا و سەرەنجام بە ژێر پێی خستنی نەتەوەی ئێمە، دەوڵەت و وڵاتێکی سەربەخۆی مودێڕنی بۆ تورکانی ئاناتۆلی پێکەوەنا.

موستەفا پاشا هێز و لایەنگرانی خوی (کە بەشێکی بەرچویشیان ئەفسەری کورد بوون) لە گشت شوێنێک کۆکردنەوە و بە کەشتییەکی شەق

و شر پێتەختی داگیرکراوی وڵاتەکەی بە جێ هێشت و روویکردە شاری سامسۆن. لە وێوە پلان و بەرنامەی شۆڕشێکی نوێ دارشت و شەڕی رزگاری تورک و وە دەرنانی ئەرتەشی بێگانەی لە خاکی وڵاتەکەی راگەیاند.

من لە وتارێکی تری ناو ئەم نامیلکەیەدا بە ناوی : چۆن موستەفا کەماڵ بوو بە باوکی تورکان. بە درێژی باسی شەڕەکان و پرۆسەکەم کردووە و لەیرە دا ناگەڕێمە بۆ ئەو بەشانە، بەڵام پیویستە دەستنیشانی بکەم کە هێزەکانی موستەفا کەماڵ، دوای سەرکەوتنی تەواو لە پلان و بەرنامەکانیان دا، بۆ وەدەرنانی یەکجاری یونانییەکان روویان کردە شارێک کە هەرچەند پێشتر سەر بە عوسمانی بوو، بەڵام سەدان ساڵ پێش ئەوە تورک بێنە ناوچە و هێز و ئەمپراتۆری دامەزرێنن، شار و شوێنی بازرگانی و لە راستی دا دەروازەی نێوان رۆژاوا و رۆژهەڵاتی ناوین بوو. شارێک لە تیپ و تەمەنی ((ترۆیا)) کە درامای ((هورموروس)) و شەڕی قارەمانانەی ((ئاکیلووسی)) سەدان ساڵ پێش زاینی تێدا رووی داوە. شارێک کە لە هارمۆنیەکی کەموێنە دا سەدان جۆر خەڵک، دەست لە ملان و پێکەوە ئەژیان و شادیی و شیوەنیان لەم جەو و ئاتموسفەرە پڕ شادییە دا لەگەڵ یەکت بەش کردبوو، بەڵام کاتێک سپای دەوڵەتی ((مودێرنی)) تورکی گەییشتێ، خەڵکەکەی لە ناو خوێن، دووکەڵ و گڕ دا قڕیان کرد و سپای گەورەترین وڵاتانی دنیاش تەنیا چاوی لێ کرد و بەس.

******.

بە دوای گەییشتنی سپاکەی بە ئیزمیر، موستەفا کەماڵ کەسێکی بە ناوی ژێنراڵ نوورەدین، دیاری کرد کە سەرپەرەستی شار و پێڕاگەییشتن بە دانشتوانی بکات. بۆ خوی دوای دیدارێکی کورت لەگەڵ ئەفسەرانی ئامریکایی و بریتانیایی رویشت لە هۆتێلێکی لوکس و جوانی شار دا دانشت و دەستی کرد بە ((راکی)) خواردنەوە. دوو رۆژ دواتر، واتا ١٠ ی

سەبتەمبەر سەربازەکانی بەربوونە ناو شەقامەکانی شار و شناسایی گەڕەک و شوێنە ناتورکە کان. لە ماوەی ڕۆژ دا چەندین کەسی ئەرمەنی و گرێکیان بە بیانووی جۆراوجۆر کوشت، بەڵام هێشتا کارەساتی ئەسڵی دەستی پێ نەکردبوو.

ڕۆژی سێهەم چەند سەربازێکی تورک ئاگریان بەردایە ژمارەیەک ماڵ لە گەڕەکی ئامریکاییەکان و هاوکات کەماڵ داوای لە ٥٠٠٠ هەزار یونانی کە لە ناو کلیساکان دا خویان حەشار دابوو کرد بێنە دەر و بەڵێنی پێدان گیان و ژیانیان بپارێزێ.

دوو ڕۆژ دواتر لە چوار لاوە تورکان ئاگریان بەردایە گەڕەکە نا تورکەکانی شار و هاوکات دەستیان بە کوشتاری خەڵکە سەرلێشێواوەکە کرد. دەستدرێژی سێکسی و تالانی سامانی خەڵک لە گشت لاوە بوو بە کاری سەربازانی تورک. قەشە و پیاوانی کلیسایان لە هەر چوار گۆشەی شارەوە گرتن، بەر شمشێریان دان و بێ پەروا دەست و لاقیان بڕینەوە. بەو پەڕی سەرسووڕمانەوە، سپای ڕۆژاواییەکان لە نزیکەوە سەیری کارەساتەکەیان ئەکرد و گوایە لە سەر بنەمای بەندێکی پەیمانێک کە لە «سێڤر» دا بەسترا بوو (پەیمانێک کە لە سێ بەندی دا جۆرێک ماف و دەستکەوتی بۆ کوردیش دیاری کردبوو) هیچ هێزێکی ڕۆژاوایی بۆی نەبوو دەستتێوەردان بکات لە کێشەی نیوان تورک و یونانییەکان دا. بۆیە دەیان هەزار سەربازی فەرانسە، ئامریکا، ئیتالیا و بریتانیا بە دەیان کەشتی و گشت ئامرازێکی جەنگییەوە نەیانتوانی پێشی کارەساتێک بگرن کە مێژوونووسان تەخمین دەدەن زیاتر لە سەد هەزار کەسی سیڤیل و بێتاوانی تەنیا لە ماوەی چوار ڕۆژ دا بە دەست تورکان تێدا کوژرا!

سەربازە تورکەکان هەر وا خەریکی ڕاونان، گرتن، دەستدرێژی و کوشتنی خەڵکی شار بوون. موستەفا پاشا لە هوتێلەکەی دا خەریکی

راکی خواردنەوە و ئەفسەرانی رۆژاواییش تەنیا بە دووربین، لە سەر بانی کەشتییەکانیانەوە سەیری رووداوەکەیان ئەکرد و «یادداشتیان» هەڵدەگرت. یەکێک لەو ئەفسەرانە دەنووسێ : من بە چاوی خوم بینیم تورکەکان دوو ژنی گەنجیان گرتن، تەجاوزیان پێ کردن، مەمکیان بڕین و دواتر هەردووکیان خستنە چاڵێکەوە. (چارلس هاوس ئەفسەری بریتانی شاهێدی رووداوەکە) یادداشتگەلێک کە دواتر بوونە سەرچاوەی سەرەکی بۆ نووسینەوەی ئەم رووداوە تاڵە.

سەرەنجام تەواوی گەڕەکە ناتورکەکان (سێ لە چوار بەشی شار) لە ناو گڕ و دووکەڵ دا بوو بە قەقنەس و شار بوو بە وێرانەیەکی تەواو. سەد هەزار کەس لە دانشتوانی ناتورکی شار کوژران و ئەوانی دیکەشیان لە تاوی ئاگر، خویان بە ئاودا دا. تەرمی دەیان هەزار کەس لە ناو کۆڵانەکانی شار و لێواری دەریا و تەنانەت لە نزیک کەشتیە جەنگییەکانی وڵاتانی هاوپەیماندا کەوتبوون و هەر دەهات و ژمارەشیان زیادی دەکرد. کارەسات گەییشتە لووتکە، پەیام و هاوار لە نێوان ئەفسەرانی شاهێدی رووداوەکە و بەرپرسانی لەندەن، پاریس و واشینگتون دا ئاڵ و گۆڕ کران و سەرەنجام ئەفسەرە رۆژاواییەکان دەرگای پاپۆڕەکانیان بۆ لێقەوماوانی هەڵاتووی دەستی سپای تورک کردەوە و لە پرۆسەیەکی ٢٠ رۆژە دا بەشی زۆریان گوێزرانەوە بۆ یونان.

رۆژی ١٧ ی سەپتەمبەر موستەفا پاشا لە وڵامی رۆژاواییەکان دا کە کوشتار و سووتاندنی شارەکەیان خستبووە ئەستۆی سپاکەی، تێلگرامێکی نارد بۆ کۆمەڵەی گەلان و گشت تۆمەتەکانیانی رەد کردەوە و بە پێچەوانە یونانییەکانی تاوانبار کرد کە دوای شکان و هەڵاتن «پلانی چەپەڵیان» بووە بۆ وێرانکردنی ئەزمیر و ئیدەعای کرد کە سپای تورک هیچ کردەوەیەکی ناشایستی لە خوی نیشان نەداوە. ئیدەعایەک کە دواتر بوو بە بەشێک لە

کولتووری دەوڵەت و سپای تورک و لەو شوێنانەدا کە خراپترین تاوانیشیان، بە تایبەتی دژی کورد ئەنجام ئەدا، لە بری قبووڵکردنی ئەیانخستە سەر ملی لایەنی بەرانبەر و ئیستاش نزیک بە نوەد ساڵ دواتر هێشتا ئەمە کولتووری زاڵی سەر کۆمەڵگە و سیاسەتی تورکیایە.

٢٢-١٠-٢٠١٣

# ٥

# سێ گۆشەی شوومی
# ئێران، تورکیە و عەرەبستان

# سێ گۆشەی شوومی
# ئێران، تورکیە و عەرەبستان

مێژووی رۆژهەڵاتی ناوین هیچی تر نیە جگە دەسەڵاتی داپلۆسێنەر و دەسەڵاتداری مرۆڤکوژ. لە دەوڵەتی مادەکانەوە (کە گوایا ریشە و نەسەبی کوردیشن) تا دەسەڵاتدارانی فارس (پارس) تێکڕا قاتڵ و شای جینایەتکاری بەرهەم هێناوە. ئەوەی پێچەوانەی ئەمە ئیدەعا بکات، بێ شک هیچ شتێکی راستەقینەی لە سەر مێژووی ئەم دەڤەرە نەخوێندووەتە و خوی و خەڵکیش بە چیرۆکی درۆزنانە و هەڵبەستراوی (( مافی مرۆڤی)) گوورەش و (( کەشفی ئامریاکا )) لە لایەن تورکانەوە ئەخەڵەتێنێ.

شوومترین شێوەی دەسەڵاتداری لەم ناوچەیە دا، ئەوەی ئیستایە کە بە شێوەی ٣ کوچکەیەکی لێکچوو (ئێرانی شێعە، تورکیەی فاشیست-ئیسلامیست و سعوودیەی وەهابی) خوی نیشان ئەدات و بە شێوەیەکی کومدی- تراژیک دژبەری یەکتریشن.

کێشەی ئێران و سعوودی هی سەردەمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ((ئالی سعوود)) نیە. ئەم ناسازگاریی و پێکەوە هەڵنەکردنە هی سەردەمی دەرکەوتنی سەفەوی و عوسمانیش نیە. بەم شێوەیە خوێندنەوەی مێژووی ئەم دوو نەتەوەیە هەڵەیە. هەڵەیەکی هێندە گەورە کە گشت راستییەکانی تر ون دەکات.

بۆ دیتنەوەی ریشەی ئەم کێشەیە ئەبێت مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ دوواوە. بۆ سەدانساڵ دواتر تا ریشە راستەقینەکانی ئەم کۆنەقینە بدۆزێتەوە. بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە فارسەکان خاوەنی دەسەڵاتێکی رەهای

خوێنڕێژ بوون. دەسەڵاتێک کە نەک هەر میسر و بابولیان یەخسیر کردبوو، بەڵکوو خەریک بوون شارەدەوڵەتەکانی یۆنایش، لە ناو دەستگای ستەمکار و داپڵۆسێنەرانەی خویاندا بخنکێنن. شکانی خەشایەر شا لە هێرشەکەیدا، سەرکەوتنی سپای سپارتا بە سەر سپای پارس و دواتر بەشداریی سپای ئاتێنیش لەم شەڕە دا، پێشی ئەم کارەساتە مێژوویەی گرت کە بۆ هەتایە ئەورووپای لە چنگی داگیرکاریی دەوڵەتی پارس نەجات دا.

ئەسکەندەری مەقدوونی ٢٠٠ ساڵ دواتر، بە داگیرکردنی پێتەختەکانی وڵاتی پارس، دوا بزماری لە تابووتی دەسەڵاتی پارس دا و بە تێکشکان، راونان و دواتر کوشتنی داریووش شای فارسان (داریووش دوای هەڵاتن لە لایەن ئەفسەرەکانی خویەوە بە سەختی بریندار کرا و لە کالیسکەی ئەسپکەی دا کەوتە دەست ئەسکەندەر) شکانێکی وای تووشی سپای پارس کرد کە سەدان ساڵی برد تا جارێکی تر پارس وەک وڵات و سپاکەیان وەک هێز هەستێتەوە سەر پێ و لە بەرانبەر سپایەکی داگیرکەردا بەرگرییەکی شیاو بکات.

ئەسکەندەر زۆربەی نزیک بە تەواوی جێۆگرافیای ئەمپراتۆریای پارسی خستە ژێر فەرمانی خوی و مەجالی هەستانەوە و سەرهەڵدانی هەر چەشنە دەسەڵاتێکی خۆجێی و ناکۆک لەگەڵ خوی لە ناوچەکە نەهێشت.

میراتگرانی ئەسکەندەر، کە زیاتر هەڤاڵی نزیک و ئەفسەری پایەپەرزی سپاکەی بوون، ئەمپراتۆیەکەیان دابەش کرد و هەر کامەیان بوونە حاکمی گۆشەیەکی. کەم- کەم و سەرەنجام تێکڕای ئەم دەسەڵاتە بچووکانە بوونە بەشێک لە ئەمپراتۆری تازە پێ گرتووی رۆم و لە ناویدا توانەوە. دیارە لەگەڵ بڵاوبوونەوە و بە هێزبوونی رۆم، ناوچەی ژێر کۆنترۆڵیشیان بەرفراوان بوون و وەک پیویست نەیان ئەتوانی سەرکوتی سەربزێوییەکانی گۆشە و کەناری دەسەڵاتەکەیان بکەن.

لەم قۆناخەدا بوو کە چەندین خێڵ و تایفە جیاواز هەوڵی هەستاندنەوەی ئەمپراتۆری پارسیان، بە شێوە و ناوی جیاوازەوە دا. لە ناو ئەم خێڵ و تایفانە دا هەوڵی ساسانییەکان لە هەموان گەورە و بەرفراوانتر بوو. ئەم هۆزە (ساسانی) کە کۆمەڵێک سەرچاوەی موعتەبەر ریشەکەیان ئەبەنەوە سەر مێدیاکان، نەک هەر توانییان ناوچەیەکی گەورەی دەسەڵاتکانی پێشتر بخەنە ژێر رکیفی خویانەوە، سپایەکی بە هێز درووست بکەن و لە بەرانبەر هێرش و پەلامارەکانی رۆم دا بوەستنەوە، بەڵکوو توانییان بە لاساییکردنەوەی رۆم، بەرگی دینێکی تاکپەرەستانەش (یەک خودایی) بە بەر دەسەڵاتەکەیان دا بکەن و بە هاسانی خەڵکێکی بڕوادار بە ئایەنی زەردوشت، لە بەرانبەر کلیسای مەسێحی کە رۆمەکان دوای کوشتنی عیسا خویان کردبووە خاوەنی پەروەردە بکەن.

دوای چەندین هێرش و شەڕی گەورەی بێ ئاکام لە نێوان «رۆم و عەجەم» دا، سەرەنجام رۆمەکان رێگای دانووساندن و ئاشتییەکی تاکتیکی و نێوەچڵیان لەگەڵ ساسانییەکان دا گرتەبەر و هۆی ئەم وەرچەرخانەشیان زیاتربوونی دووبەرەکی گەورە لە نێوان خویاندا بوو کە هێزەکەی ماندوو لاواز کردبوون.

کلیسای رۆم لە نێوان بەرەی رۆژاوا و رۆژهەڵات دا دابەش بوو و ئەم دابەشبوونەش بوو بە هۆی ئەوە دژمنانی رۆم و مەسێحیەت بتوانن خویان دەرخەن کە نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو شوێنە بوو کە ئەوان پێشتر بە مێدیا - پەرسیا دەیانناسی.

ساسانییەکان ببوونە هیوای سەرخێڵ و ئەلیتی سیاسی «ئێران». چاوەڕوان بوون رۆم لاواز بێت و ئەوان بگەڕێنەوە شوێنە کۆنەکانی خویان. بگەڕێنەوە بابیلۆن، میسر، قوستەنتەنیە و......

لە پڕ شتێکی تازە هاتە ئاراوە. شتێک کە هیچ کام، نە رۆم و نە عەجەم

حیسابیان بۆ نەکردبوو. لە شێوە دوورگەی عەرەب، لە ناو تەپ و تۆزی دەشتێکی کاکی بە کاکی دا بزووتنەوەیەک سەری هەڵدا و بە کەمترین کات بوو بە هێزێکی گەورە. بزووتنەوەیەک کە هەم سپای شمشێر بەدەستی بێ بەزەیی و هەم فکر و ئیدۆلۆژییەک کە ئەیتوانی خەڵکی پێ بنێرێ بۆ مەیدانی مەرگ. دینی تازە لە دایک بووی ئیسلام کە رێبەر و ئەفسەر و تێکڕای سەرکردەکانی لەو خێڵ و هۆزانە بوون کە کەس حیسابێکی وردی بۆ نەکردبوون.

دەسەڵاتدارانی ساسانی سەرەتا بە سەرسووڕمانەوە ئەیانڕوانیە دەرکەوتن و پێشڕەویەکانی ئەم سپا و هێزە تازەیە، بەڵام کە دیتیان رووی هێرشەکانی لەو ناوچانەیە کە بە گرنگ و ستراتێژیک بۆ وڵاتی رۆم دێنە ئەژمار، خوشحاڵ و هاوکات چاوەڕوان بوون تا سپای رۆم بە تەواوی تووش و دەرگیری سپای عەرەب ببن و ئەودەم ئەوانیش لە پشتەوە خنجەری سەدان ساڵ لە کالاندا خەوتووی خویانیان لێ هەڵکێشن و بێ ترس لە پشتی ئەم دژمنە سەدانساڵەیەی خویان بدەن و بگەڕێنەوە دۆخی جاری جاران. کاتێک عەرەب توانییان شاری ئەسکەندەریە (ئالکساندەریا)، پێتەختی فێرعەون و کلۆپاترا (قاهێرە) داگیر بکەن و دوای ئەوێش روو لە شوێنی لە دایکبوون، دەرکەوتن و لە خاچدرانی عیسایچ بڕۆنە پێش، ئیتر گومانێکیان لە بەدیهاتنی ئەم خەوە خوشەیان نەما.

بەڵام فرەی نەبرد سپای عەرەب ملی ئەسپە سەرمەستەکانی وەرسووڕاند و لە بەرەبەیانێکی سارد دا گەییشتە پشت دەروازەی ئەمپراتۆرییە بەرین و گەورەکەی ئەوان.

لە ماوەیەکی کـورت، یەکجار کورتی زەمانی دا، سپای دڕ و بێ رەحمی عەرەب دەروازەکانی ساسانیی شکاندن، سپاکەیانی تار ومار و ئەمپراتۆرییەکەیانی سەر و بن کردن. ئەمپراتۆرییەک کە بەرهەمی سەدان ساڵ

بیرکردنەوەی بژاردە و ژێنرالەکانییان بوو. ئەمپراتۆرییەکە کە دوای شکانە گەورەکەی سەردەمی ئەسکەندەر، خۆی بە میراتگری دوو لە گەورەترین دەسەڵاتەکانی مێژووی بەشەر (پارس و میدیا) و خاوەن دووهەم ئەرتەشی دنیای بچووکی ئەو دەورانە ئەزانی، زۆر بە هاسانی و بەرگرییەکی شیاو، بوو بە بەفری پار و لە ژێر سمی ئەسپی شێت و، بریقەی شمشێری خوێنینی سپای ئیسلام دا توایەوە و بۆ هەتایە تەواو بوو.

ئەم شکانە تاڵە، نەک هەر تەواوی خەون و خەیاڵی سەرۆک هۆز، بژاردە و دەسەڵاتداری «عەجەمی» بۆ گەییشتنەوە بە دۆخی پێش هێرشی ئەسکەندەر پووچەڵکردەوە، بەڵکوو بۆ هەتایە (هەتا رۆژگاری ئەمڕۆش) پێشی بە سەردەستبوونەوەیان لە گرنگترین و ستراتێژیکترین شوێنی دنیا دا گرت و ١٤٠٠ ساڵی دوای ئەوەش، هێشتا گرییە دەروونییەکانی ئەو شکانە، بە بەشێک لە نوخبە و نووسەری دیاری فارسەوە (سادێق هەدایەت، فەریدوون فەرۆخزاد، ئیبراهیم موشیری، سەعید ئەنساری و.....) دیارە و کاتێک بە تووڕەییەوە ئێژن «عەرەب»، حەتمە بۆن و جاری واشە بۆگەنی ئەو دژمنایەتییەی لێ وەدێت.

دوو لەتبوونی بەرەی ئیسلام، بە سەر ئامۆزاکانی موحەمد دا (عەلی ئامۆزا، هاوڕێ و زاواشی بوو، لەگەڵ کچ و کچەزاکانی دا لە بەرەیەک و مەعاویەی ئامۆزای و ئایشە هاوژینی و تاقە ژنی ناو ژنەکانیشی کە خوی و خەڵکیش حیسابیان بۆ ئەکرد لە بەرەکەی دیکە دا) فرسەتێکی بۆ ئەلیت و بژاردەی عەجەم پێکهێنا تا ئاگری ئەم ناکۆکییە گەشتر بکەن و لە بەرژەوەندی خویان کەڵکی پێویستی لێ ورگرن.

کوژرانی عەلی، دەرمانخواردکردنی کوڕەگەورەکەی (حەسەن) و سەرەنجام سەربڕینی حوسەین، کوڕ و برازاکانی و نزیکترین هەڤاڵانی لە دەشتی کەربەلا لە لایان یەزیدی کوڕی مەعاویە و ئامۆزازای موحەمەدەوە،

کێشەکەی گەیاندە ئەو ئاستە کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش زامەکەی ناسۆر و قووڵاییەکەی بۆ هیچ ناوبژیوانێکی نێوان ئەم بنەماڵەیە پڕ نەکراوەتەوە. بەڵام ئەم زامە قووڵە هەردەم بیانوو بەهانەیەک بووە تا «بیرمەندی» بەرەی ناکۆک لەگەڵ حاکمی عەرەب لە شام، لە بەغدا و دواتریش لە مەکە، کەڵکی لێ وەرگرێ و لە فرسەتێکی گونجاویش گەڕاوە بۆ سازکردنی دەسەڵاتێک لە دژی.

سەدان ساڵی کارەساتبار تێپەڕین، بەڵام هەروا «عەجەم» لە ژێر چەپۆکی عەرەب دا ژیانی کۆڵەمەرگی و ملکەچییان دەبردە سەر. بەشێک لە ئەلیت و بژاردەکانیان چووبوونە بەغدا و خزمەتی حوکمی عەباسییان ئەکرد. لە پیلان و دەستەبازییەکانیان دا ڕۆڵی تێکدەرانەیان دەگێڕا تا مەجالێک بۆ کز و لاوازکردنی دەسەڵاتەکەیان پێک بهێنن بەڵام ناکام مابوونەوە. لە پڕ بەڵایەکی کوشەندە لە دوورەوە، لە بنار و پێدەشتەکانی مەگولستانە هات. وەک کولە وێرانی بە دوای خویدا کێش دەکرد و سەرەنجام کاتێک کەییشتە پێتەختی عەرەب، هێرش و پەلاماری دەست پێ کرد. دوای ماوەیەکی کەم دەسەڵاتی عەباسییانی لە بەغدا تێکەوە پێچا و وڵات و گشت ناوچەکەی بە وێرانی لە دوای خوی بە جێ هێشت.

لە ناو زک و ژێر سووتمانەکانی ئەم وێرانکارییەی مەغولدا دوو دەسەڵاتی ڕەش، خوێنڕێژ و قین لە دڵ، واتا دەسەڵاتی سوننیانەی عوسمانی و دەوڵەتی شیعەی سەفەوی لە دایک بوون. لە دایکبوونێک کە لەتبوون و ماڵوێرانی بۆ ئێمەی کورد بە دیاری هێنا و هەتا ئیستاش لەتبوونی دیکە و ماڵوێرانی تری لێ شین ئەبێتەوە.

رووخانی خەلافەتی عەباسی بۆشاییەکی گەورەی دەسەڵاتی لە شوێنی خوی بە جێ هێشت. ناوچەیەکی بەرین و گرنگ، بێ سەرچاوەیەکی دەسەڵات مایەوە کە هەموان پێڕەوی و حیسابی لە سەر بکەن. لەو لاشەوە

ئەمپراتۆری هەزار ساڵەی بیزانس لە ناو کێشە و ناکۆکییەکانی خوی دا دەتلایەوە و رۆژ لە دوای رۆژ لە پەل و پۆ دەکەوت.

پاشەکشەی دەسەڵاتی قوستەنتەنیە گەییشتە جێگایەک کە خێڵێکی رەوەندی نەناسراوی تورک (عوسمانیەکان)، کە لە قۆناخی جیاوازدا لەگەڵ سپای مەغول هاتبوونە ناوچە و، خێڵیکی دیکەی تورک (سەلجووقییەکان) بۆ پارێزگاریی سنوورە رۆژاواییەکانیان لە سنووری ئانادۆڵ بە جێ کردبوون، تەماحیان کەوتە بەر و لەگەڵ پاشەکشەی بیزانس، «تەرێتووریا» و جیئۆگرافیای خویان بەرین و فراوانتر کرد و سەرەنجام هێندە چوونە پێش تا پێتەختی بیزانس، شاری یەکەم پاشای رۆمی شەرقی(کۆنستانتین- یان) داگیر کرد و کلیسای گەورەی شاریان کردە گەورەترین مزگەوتی تا ئەوکاتی دنیای ئیسلام.

دوای ئەوەش بناغەی ئەمپراتۆرییەکی خوێنڕێژی سەدانساڵەیان دارشت بە ناوی ئەمپراتۆری، یان خەلافەتی عوسمانی.

خەلافەتێک کە دەیان خەڵیفە و سولتانی تاوانباری گەیاندە چڵەپۆپەی دەسەڵات.

دەسەڵاتێک کە بە کوێرکردنی هەردووک چاوی برا، خنکاندن و کوشتنی باب یان کەندنی پێستی وەزیر و وەکیلەکانیان دەپارێزرا.

هاوشان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە تاریکە، لە وڵاتی عەجەم و لەو شوێنەی ئیستا ئێرانی پێ ئێژن، خێڵێکی دیکەی بێ ناوونیشان (سەفەوویە) سەریان هەڵدا و بوونە دەسەڵاتداری بەشێکی زۆری ئەو سنوورانەی کە سەردەمی ساسانییەکان دەسەڵاتی «عەجەمی» تێدا حاکم بوو.

دەوڵەتی سەفەوی بە کردەوە هەنگاوی بۆ ئەو ئامانجە هەڵگرت کە ٩٠٠ ساڵ دوای هێرشی عەرەب لە مێشک و دەروونی بژاردەی «عەجەم»دا خوی مات دابوو. واتا جیاکردنەوەی خویان لەو دەسەڵاتەی کە لە وڵات

و پێتەختێکی عەرەبییەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەوان لەم نۆسەد ساڵەدا بە کردەوە ببوونە بەشێک لە دین، کولتوور و سیستەمی ئیسلام بەڵام هێشتا جیاوازییەکان زەق و بۆ ئەوە دەبوون ببنە بنەمای دەسەڵاتێکی جیاواز لەوەی لە مەکە، شام، بەغدا، قاهێرە و لەم ئاخرانەش دا لە ((قوستەنتەنیە))ی عوسمانیدا دامەزرابوون.

سەفەوی شێعەگەری وەک مەسهەبی ڕەسمی وڵاتەکەیان ڕاگەیاند و بە شێوەیەکی توندیش هێرشیان دەکردە سەر ٣ خەلیفەی هەوەڵی موسڵمانان (ئەبوو بەکر، عومەر و عوسمان) و هاوژینی موحەمەد ئایشە.

خوی لە خویدا دەرکەوتنی دەوڵەتی سەفەوی بە ڕوانگە و مەسهەبێکی دیکەوە عوسمانییەکانی قوستەنتەنیەی تووڕە و بێزار کردبوو، بەڵام کاتێک هەواڵی دژایەتی و جنێوپێدان بە ڕێبەر و دامەزرێنەرانی ئیسلامیان لە لایەن دەوڵەتێکی مودەعی ئیسلامەوە دەبیست، حەجمێنیان لی دەبڕا و لە ڕێگەچارەیەک دەگەڕان تا پێشی پێشکەوتنیان بگرن.

لە سەردەمی بە دەسەڵاتگەیشتنی سەلیم سوڵتان دا چەندین نامەی ((ئامۆژگاری)) و دواتر هەڕەشەیان بۆ شای سەفەوی نارد کە واز لەم جۆرە جنێوانە بێنێ، بەڵام وەڵامێکی دڵخوازیان وەرنەگرتەوە. بۆیە سوڵاتان سەلیم بە پێچەوانەی باب و باپیرانی، ڕووی هێرشەکانی لە ئەورووپا وەرگێڕا و دوای دەرکردنی دەیان هەزار خەڵکی شێعە، یان بە قسەی ئەودەمی خویان ((ڕافزی)) لە ژێر دەسەڵاتی خوی، هێرشێکی گەورەی کردە سەر شای سەفەوی و لە ماوەیەکی کەمدا تەورێز، پێتەختی شا سمائیلی داگیر کرد. ئەم شەڕە کە بە شەڕی چالدیران بە ناوبانگە، سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەی دوو فێرقەی دینی ئیسلام و دوو دانە لە هێزە باندەستەکانی ناوچەی ئێمەش بوو. لەم ڕووداوە شوومەدا کوردستان بۆ یەکەم جار وبە شێوەیەکی ڕەسمی لە نێوان ئەم دوو هێزە ڕەشە دا دابەش کرا، هێڵی سنووری ئەم دوو جەمسەرە

خوێنینە بە سەر دڵ و ناو دەروونی نەتەوەی کورد دا کێشران. هەڵبەت ئەوان چەندین جەنگ و هەزاران کێشەی دیکەیان لە ماوەی دەسەڵاتیان دا بۆ هاتە پێش، بەڵام قەت لە بیریان نەکرد کە:

ئەوان ئەگەر دژمنی خوێنی یەکتریش بن کە هەبوون، ژێرچەپۆکی و توانەوەی کورد وەک نەتەوە، بەشێک لە پلان و بەرژەوەندی هاوبەشی هەردووکیانە. بۆ ئەم مەبەستە هاوشان و هێندێک جاریش جیاواز کاریان بۆ ئەم مەبەستەیان دەکرد، بەڵام ئەوەی ئەو کات و هەتا ئەم ڕۆژگارە سەیر و سەمەرەیەی ئیستاشمان لەم راستییە تاڵە حاڵی نەبووە کورد و سیاسەتکارەکانی بوون. جا سیاسەتکاری خێڵەکی و گەمژەی سەردەمی سارۆبیرە، یان کەراوات لە ملی نەوتفرۆشی لە مێشکا عەشایەری ئەم سەردەمەمان لەم بار و بوارەدا فەرقیان نیە.

ئەوەی بە ناوی حکوومەتی سەفەوی لە مێژووی ئێراندا ناو دەبرێ، بناغەکەی کوڕەخێڵێکی تورک و بە وتەی هێندێک سەرچاوە کورد، لەساڵی ١٥٠١ دانرا. لە یەکەم رووبەڕوو بوونەوەی دا لەگەڵ سپای عوسمانی بە سەختی تێکشکا و پێتەختەکەشی کەوتە دەست دژمن، بەڵام خوی گرتەوە، هەستایەوە سەرپێ و زیاتر لە دوو سەد ساڵێش حکوومەتی بە سەر ئەو جێئوگرافیایەدا کرد کە ئیستە ئێرانی پێ ئەوترێ. حکوومەتێک کە بە کردەوە دەستی دەرەکی و بە تایبەتی نوێنەرانی خەڵیفەی ئیسلام (جا لە شام و بەغدا بێت یان ئیستانبووڵ) لە کار و باری وڵاتی «عەجەم»دا کورت کردەوە.

سوڵتان سەلیم دوای تێکشکاندنی سەفەویان لە چالدێران گەڕایەوە ئیستانبووڵ و ئینجا مەسیری پەلامارەکانی کردە ناوچە عەرەبیەکان. لە شامەوە تا بەغدا و لە بەغداوە تا فەلەستینی تێکڕا خستە ژێر دەسەڵاتی خوی. دوای ئەم کارە کە سنووری دەسەڵاتەکەی بەرینتر و ناوبانگیشی زیاتر کرد، جگە لە سوڵتان، لەقەبی خەلیفەی موسوڵمانانیشی بۆ خوی

زیاد کرد، ناردی کلیلی هەردەووک شوێنی پیرۆزی موسوڵمانانیان بۆ هێنا و خوی وەک ((خادەمی حەرەمەینی شەریفەین)) راگەیاند.

ئەم وەزعە لە قازانجی سپا و دەوڵەتی سەفەوی بوو چوونکە، لە لایەک بە کردەوە عەرەب وەک دژمنی سەرسەختی ئەوان لە پەل و پۆ خرابوون و بە هیچ شێوەیەک لە توانایان دا نەبوو مەترسییەک بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتی عەجەم درووست بکەن. دەسەڵاتێک کە ئیستە بە کردەوە خویان بە ئیسلامی راستەقینە پێناسە دەکرد و حیسابێکێشیان بۆ حاکمانی مەکە و خەلیفەی ئیستانبووڵیش نەدەرکرد. دیارە ئەم هەنگاوەی سەفەویان دیسان ئەو خەونەی لای بژاردەی عەجەم زیندوو کردەوە کە ئەوان بۆ خویان خاوەن بڕیاری وڵاتی خویانن و (( تازی))، کە ئەوان ئیستەش بۆ عەرەب بە کاری دێنن توانای حکوومەتکردنی بە سەریان دا نەماوە.

بەڵام لە سەرەتای سەدەی سێهەمی دەسەڵاتی سەفەوی دا، دیسان ئەم خیاڵە سەوزە بۆ ئەلیت و نۆخبەی ئێران بوو بە کابووسێکی تاڵتر لەوانەی پێشوو، جارێکی دیکە ((شێرە بەفرینە)) ی دەسەڵاتیان لە بەر پەلامارێکی بچووکی دەرەکی دا لاوازیی و هیچبوونی خوی بۆ هەموان دەرکەوت. سپایەکی چەند هەزار سواری سەرۆک خێڵێکی ئەفغانی (مەحموودی ئەفغان) گەییشتە بەر دەروازە بەرزەکانی (( نیسفی جەهان)) و کە دڵنیا بوو کەس نیە بێت و پێشی پێ بگرێ، بێ هیچ بەرگرییەکی شیاوی باسکردن، شار و کۆشک و پێتەختی ((شاهەنشای)) ئێرانی خستە ژێ پێ ئەسپەکانی، کەنیشک و کەنیزی شای بە تاڵان بردن و خوشی بوو بە خاوەن تاج و تەخت و ناوەندی ئەمپراتۆری و دەوڵەتی شیعەی کردە شوێنی مانەوەی خۆی و بوو بەشا.

هەموو دەورانی نادر شا و ((کەریمە کوردە)) سەرەتایەکی خوێنین بوو بۆ هاتنەوەی خێڵێکی دیکەی تورک تا جارێکی تر دەسەڵاتێکی خۆجیی و

دوور لە دەستێوەردانی دەسەڵاتی عەرەب، عەجەم حاکعمیماڵی خویان بن. قۆناخێکی تازە لە مێژووی تیژکردنەوەی رق لە نێوان ئەم خێڵانەدا دەست پێ دەکات و لە سەردەمی پەهلەوی یەکەمدا ئەگاتە لووتکە.

شەڕی یەکەمی جیهانی، بە تێکڕای نەگبەتییەکانیەوە قازانجێکی جیهانی گەورەشی هەبوو. قازانجی تێکەوەپێچانی ئەمپراتۆرییە خوێنڕێژ و تاوانبارەکان. هەر لە نەوعی ئورووپاییەکەی لە ئوتریش – مەجارەوە کە سەبەب و هەڵخڕێنەری ئەم شەڕە ماڵوێرانەکەرە بوو، تاکوو دەگاتە شێوەی ئاڵمانی و رووسیەکەی. لە دەسەڵاتی داپڵۆسێنەرانە و سەدانساڵەی سوڵتانی عوسمانیەوە تا سەرەنجام دەستاگا و دەرباری تا بنملان گەندەڵ و فاسدی بنەماڵەی قاجار. تێکڕا و سەرجەمیان پێچرانەوە و لە زبڵدانی مێژوو هاوێژران و بەداخەوە لە ژێر داروو پەردووەکانیانەوە چەند دیکتاتۆر و ((هەیوولا))ی دیکەی وەک هێتلەر، ئەتا تورک و رەزا خانی میرپەنج لە دایک بوون تاکوو دنیا و ناوچەش تووشی قۆناخێکی دیکەی خوێنڕشتن، ئەم جار بە ناوێکی دیکەوە بکەن...

دوای نشتنەوەی کەف و کوڵی شۆڕشی گـەورەی فەرانسە، کە بە کردەوە فیۆداڵیزمی ئورووپای هەڵتەکاند و رێگای بۆ شۆڕشی پیشەسازی، لە پانتاییەکی گەورەتر دا کردەوە، وڵاتانی گەورەی رۆژاوا و لە پێشیانەوە بریتانیا دەستیان کرد بە بنکۆڵکردنی ئەمپراتۆری عوسمانی.زۆر بە حەوسەڵە و لە سەرەخۆ، چاڵیان بۆ کەند، پاڵیان پێوەنا و بە کردەوە لە پەل و پۆیان خست. سەرەتا لە بالکان، دواتر لە باشووری ئورووپا و سەرەنجام لە میسر وەدەریان نا.

ئامرازی ئەم پاشەکشەیەی دەسەڵاتی سوڵتان، لە بنەڕەت دا نارەزایەتی خەڵکی دەڤەرەکە لە سیستەمی تاڵانچی و تاوانباری بنەماڵەی عوسمانی بوو. بەڵام ئورووپاییەکانیش ژیرانە باوەشێنی رقوقینی خەڵکیان کرد،

گەشاندیانەوە و سەرەنجام بوو ئاگر و لە جەستەی ئەم دەسەڵاتە رزیو و داتەپیوە بەربوو. ئاگری هەڵگیرساوی رقی خەڵک هاوکات و لە چەند لاوە، سپا و دەسەڵاتە سەدانساڵەکەی لاواز و هەنگاو بە هەنگاو پاشەکشەی پێ کرد و سەرەنجام کاتێک لافاوێکی گەورەتر لە چاوەڕوانی ژنراڵەکانی خەلیفە هاتە بەر دەرگا، ئیدی بەرگەی بەرگری نەگرت و دوای هێندێک ملەجێڕێ دەست و لاقی راکێشا و مرد..

موستەفا کەماڵ میراتگری ئەم دەسەڵاتە کۆن، گەورە و زاڵمانەیە بوو. جگە لەوەش میراتگری دوو ژنراڵی لە خوی گەورەتر بوو. گەورە هەم لە باری تەمەن و هەمیش لە باری پلە و پایەی سەربازییەوە.

تەلعەت و ئەنوەر پاشا، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە لە پیریی و نەخوشیی سوڵتان عەبدول حەمید کەڵکیان وەرگرت و بە کردەوە تەواوی دەسەڵاتەکانی ئەو و سپاکەیان خستە دەست خویان. ئەم دوو ژێنراڵە کە بە کردەوە ببوونە بڕیاردەری ئەمپراتۆرییەکی گەورە، لە کۆڕانکارییەکانی دنیادا بە لای دەسەڵاتی ئاڵماندا کەوتن و هێندە لەو وڵاتە نزیکبوونەوە کە مەجالێک بۆ مانۆڕ و بێ لایەن مانەوەیان نەما و کاتێک جریقیەی یەکەمی شەڕی جیهانی یەکەم لێدرا، ئەوانیش بە کردەوە کەوتنە ناو ئاگرەکەی.

لە گەرمەی ئەم شەڕەدا کە سپای عوسمانی لە هەموو بەرەکاندا روو لە شکان و پاشیکشە بوو، تەلعەت و ئەنوەر پاشا بەشێک لە گورگە هارەکانیان لە بەرەی شەڕ گێڕایەوە و بە پلانێکی چەپەڵ و دڕەندانە بەریاندانە گیانی ناڕازیانی ناوخۆی ئەمپراتۆرییەکەیان و ئەوەی مێژوو وەک ژێنوسایدی ئەرمەنییەکان، بە دەست سپای عوسمانی تۆماری کردوە لەم قۆناخە و بە دەستووری راستەوخۆی ئەم دوو تاوانبارە ئەنجام درا.

موستەفا کەماڵ جۆرێک «فرانکسیسکۆ فرانکۆی»ی تورکیاش بوو. ئەویش وەک فرانکۆ لە ماوەی شەڕ و ئەم گێژاوە گەورەیە دا کە تووشی

وڵاتەکەی ببوو بە کردەوە لە ناوقورنگەی ئاگر و لەو ژێنراڵانەی سپای عوسمانیش بوو کە گیانبازی گەورەی لە خوی نیشاندا. بەڵام دوای تێکشکانی جەرگبڕی سپاکەی بە کردەوە میراتی ئەم شکانەشی بۆ مایەوە و ڕێگایەک جگە لە هەوڵدان بۆ هەستانەوە، یان هەڵاتن و لە شوێنێکدا بێ ناو و نیشان مردن (وەک تەلەعەت و ئەنوەر کردیان) نەما بوویەوە کە ئەو بێ دوودڵی ئەوەی یەکەمیانی هەڵبژارد، بەڵام فەرقی ئەو لەگەڵ فرانکۆ ئەوەیە کە کە فرانکۆ هەموو دیموکرات، سێکۆلەر، کۆماریخواز و چەپی وڵاتەکەی سەرکوت و نابوود کردن و دوای دەیانساڵ دەسەڵاتی توتالیتەرانەی سەربازی، گەنجێکی ناو بنەماڵەی سەڵتەنتی دۆزییەوە، بە زۆر کردیە شا و تاجی لە دوورەوە فڕێدراوی پادشا کۆنەکانی سپانیای کردەوە سەری. بەڵام ئاتا تورک سوڵتانێکی نەخوش و لاوازی لە دەسەڵات خست، یاسا و ڕێسایەکی سێکۆلار و لە هێندێک بواریشدا دژەدینی دامەرزراند و خوی بوو بە ((سەرۆک کۆمارێکی داییمول عومر)).

دەوڵەتی تازەی تورک، دوای ئەنجامدانی هەزاران تاوانی گەورە کە یەکیان کوشتاری بێ ڕوحمانەی ئەزمیر و یەکێکی دیکەیان قڕکردنی خەڵکی دێرسیم و شوڕشی شێخ ڕەزایە (من لە دوو بابەتی درێژی بە ناوی چۆن مەستەفا کەماڵ بوو بە باوکی تورکان و کاتێک تورکان سێمیرنایان سووتاند، بە وردی باسی ئەم تاوانانەم کردووە) دەسەڵاتی بە سەر سەراسەری ئەناتۆلیدا گرت و، لەو ڕۆژگارەشەوە تا ئەم ڕۆژانەی ئەمڕۆ، جێگرەوەکانی موستەفا کەماڵ لە کوردستان خوێنی ژن، مناڵ، پیر و گەنجی ئێمە دەڕێژن و هەر جارە و ناوێکیشمان لە سەر دادەنێن، جارێک شێخ سەعیدی پیران و شێخڕەزا بە ((دیندار و کۆنەپەرەست)) جارێکیش پ.ک.کە و بزووتنەوەیەکی مودێڕن و مەدەنی بەرفراوان بە ((بێدین و زەردوشتی)).

لەگەڵ تێکەوە پێچرانی عوسمانی، دەسەڵاتی فاسد و ستەمکاری

فیودالّەکانی قاجاریش لە ئێران گزک درایە ناو زبڵدانی مێژوو. وڵات پشێوەی تێکەوت و لە هەر گۆشەیەکیەوە خان و دەرەبەگێک بوو بە دەسەڵاتدار. سمکۆی شکاک پلان و بەرنامەی سەرهەڵدانێکی گەورەی خستەکار و بە هۆی هاوکاتبوونییەوە لەگەڵ شۆڕشی شێخ مەحموود خوی گرێدانێکی گرنگیشی لەگەڵ دوو پارچەی کوردستان پێکهێنا.

ژمارەیەک لە بژاردە و ئەلیتی رووناکبیری فارس پێش دەستپێکردنی شەڕ روویشتبوونە ئەورووپا و لەوێ گیرسابوونەوە. بە هۆی خوێندنەوە تێکەڵی بیر و فکرە تازەکانی ئەو قاڕەیەی دنیا ببوون و لە دەرفەتێک دەگەڕان بگەڕێنەوەی ئێران و خەریکی جێخستنی روانگەکانیان بن.

ژمارەی زۆری ئەم کەسانە لە سەر بیرە کۆنە خنکاوە هەزارانساڵەکەیان، ئەوەی کە ئێران ((تەمەدونی گەورە، (( ئارایی رەگەزی بانتر)) و عەرەب (( تازی و مارمووڵەکخور)) خویان پێ گەیاندبوو و سەرچاوەی بیر و بینخواردنەوەی هەمووشیان ئەو نازیسمە نەخوشەوە بوو کە دواتر ئادێلۆف هێتلەر کردیە کتێب، کردار و کاولکارییەکی مێژوویی لێ شین بوویەوە.

گەڕانەوەی ئەم گرووپە ((رۆشنفکرە)) بۆ ئێران، هاوکات بوو لەگەڵ پاشاگەردانییەکی مەترسیدار کە لە وڵاتەکەیاندا حاکم بوو. وەزعی تازە و ناروونی وڵات تێکڕایانی خستە سەر ئەو تەگبیرە کە بە دوای کەسێک دا بگەڕێن و بیکەنە شای وڵات. خویان بچنە ژێربالّی و هێندە پەلوپۆی لێ زیاد کەن تا ئێران بکاتەوە وڵاتێکی بە هێز و خاوەن دەسەڵات.

ئاکامی ئەم هەوڵ و هەرایەی ئەلیتی باندەستیخوازی ئێڕان، بوو بە هۆی دەرکەوتنی کەسێکی ((گومنام)) و نادیار بە ناوی رەزا خانی میرپەنج. کەسێک کە لە رەوتی رووداوەکاندا بوو بە شا، دواتر شاهەنشا و لە کۆتاییش دا بە لاساییکردنەوە و چاولێکردنی موستەفا کەماڵ و دواتر هێتلەر، گەرەکی بوو تەواوی ئەو گەل و نەتەوانەی لە ژێر دەستیدان، بتوێنێتەوە و نەتەوەیەکی

((خالێسیان)) بە ناوی ((ملت ایران)) لێ درووست بکات. پڕۆژەیەک کە هەتا ئەم سەردەمەش لە لایان میراتگرانیەوە بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوام، بەڵام بێ ئاکام درێژەی پێ ئەدرێ.....

زۆر پێشتر لەوەی شەڕی جیهانی یەکەم روویدات، هەردووک زلهێزی ئەودەمی ئورووپا، واتا بریتانیا و فەرانسە تێکڕای کێشە کۆن و گەورەکانی نێوانیان وەلا نابوون و بە پلان و بەرنامەیەکی ورد کەوتبوونە بیری ئەوە کە نفووز و دەسەڵاتی خویان لە رۆژهەڵاتی ناوین و ناوچە عەرەبییەکانی ئەو گۆشەیەی دنیادا فراوان بکەن. هاوشان، بەڵام هەرکام بۆ مەبەستی تایبەتی وڵاتی خوی، کەس و جاسووسی کارزانیان بۆ ناوچەکە بەڕێ دەکردن و لە ژێرەوە خەریکی رێکخستن و چەکدارکردنی خێڵ و عەشایەرە عەرەبەکانی حیجاز، شام، بەغدا، بەسرە، لۆبنان و شوێنەکانی دیکە بوون تا ئەگەر رۆژی خوی گەییشت ئەوان لە بەرەی خویاندا بخەنەگەڕ و زەمینەی وەدەرنانی سپای بێزراوی عوسمانی لە وڵاتەکانی خویاندا ئامادە بکەن.

حکوومەتی بریتانیا لە بەرەبەیانی سەدەی بیستەمەوە دوو کەسی زۆر گرنگی دەستگای سیخوڕی خوی، واتا گێتروود مارگارێت بێل و تۆماس ئێدڤارد لۆرانس، کە بە لۆرانسی عەرەبستانیش بە ناوبانگە نارده ناوچە، ئەختیار و ئیمکاناتی تەواوی لە بەردەست خستن تا پلانەکانیان بە باشی جێ بە جێ بکەن. ئەم دوو کەسە و دەیان ئەفسەر و کاربە دەستی تری بریتانیا، بە ناو و شکڵی جیاواز، بەڵام بۆ هەمان مەبەست تا کۆتایی شەڕ و دابەشکردنی وڵاتی عەرەبان بە بیست و چەند دەوڵەت لە ناوچەدا مانەوە.

پێش ئەم پلانەی فەرانسە - بریتانیا، تێکڕای وڵاتانی عەرەبی تەنیا مەیدانێکی باجدان و بارکێشانی سپا و خەلیفەی عوسمانی بوون و تەنانەت مەکە و مەدینەش کە گرنگترین شوێنی پیرۆزی موسوڵمانانی دنیایە، بچووکترین رۆڵیان لە چارەنووسی ناوچەدا نەبوو. ژمارەیەکی کەم و زیاتر لە

دەستروویشتوانی شوێنە دەوڵەمەندەکانی دنیای ئیسلام، بە ئیزن و ئاگاداری پیاوانی خەلیفە بۆ حەج و زیارەت سەردانی ئەو دوو جێگایەیان دەکرد و ئەو ژمارەیەش بە زەحمەت لە تەواوی ساڵیکدا دەگەییشتە چەند هەزار کەس. بەڵام دوای وەرسووڕانی جەرخ و دامەزراندنی دەوڵەتی خێڵەکی ملکەچی رۆژاوا، مەکە و مەدینە بوونەوە ناوەندی بڕیار و جێ سەرنجی هەموو موسوڵمان کە بە پێ تێپەڕینی کات، ژمارەی حاجی و زیارەتکەرانی سەدان هەزار و دواتریش چەندین میلیۆنی لە ساڵێکدا تێپەڕاند.

بەغدا و شامیش، لە سەر سنوور و بن هەنگڵی دەسەڵاتی تورک دا بوونەوە خاوەن دەسەڵاتی خویان و لە لەبری ئیتاعەت و گوێگرتن لە ئیستانبووڵ، بوونە پەیڕەوی لەندەن و پاریس. دیارە ئەوەی لەم نێوانە دا دیسان هەموو شتێکی لە دەست دا، کوردەکان بوون کە هۆیە سەرەکییەکانیشی، بێ خاوەنی، نەبوونی رێبەرێیەکی شیاو و هۆشیارییەکی نەتەوەیی راستەقینە لە ناو کۆمەڵگاکەماندا بوو.

سازبوونی چەند دەوڵەتی عەرەبی و پشتیوانی بێ درێغی بریتانیا لەم دەسەڵتانە، دیسان باڵانسی هێزی لە زیانی دەوڵەتی تازە پێگرتووی عەجەم گۆڕی. بەڵام بریتانیا ئەم جارە هەردووک بەرەکەی کردە هاوپەیمانی خوی بۆ درووستکردنی بەربەستێک لە بەرانبەر تەشەنەکردن و پێشڕەوی کۆمۆنیسمی رووسیی کە خەریک بوو گشت ناوچە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. بۆیە سپای بریتانیا، وێڕای پلانەکانی لە ناوچە عەرەبییەکاندا، بە هانای سپای رەزا شای ئێرانەوە چوو و فڕۆکەی بریتانیایی سپای هێزەکانی جەنگەڵ، کە دژمنی دەوڵەتی تاران بوون بۆمباران کرد و لە شکستپێهێنانی ئەو شۆڕشە دا رۆڵی گرنگیان گێڕا.

دوای ئەم قۆناخە ئێتر سێ گۆشەیەک نوێ (فارسی- تورکی- عەرەبی، لە شێوە شۆڤینیستییە هەرە تۆخەکەی) لە سێ قۆژبنی ناوچەی ئێمەدا لە دایک

بوو. سێ گۆشەیەک کە من لەم بابەتە دا ناوی سێ گۆشەی شوومی ئێران، تورکیە و عەرەبستانم لێ ناوە. سێ گۆشەیەک کە وڵاتی ئێمە، کوردستانی لە ناو چنگە خوێنینەکانی دا قەتیس و گرفتار کردووە، ڕێگای دەریا و دنیای لێ بەربەست کردووین و دینی بۆ بەرژەوەندی و لە دژی ژیان و مانەوەی ئێمە بە کار هێناوە.

بڕیاردەرانی ئەم سێ گۆشە شوومە، لە سیاستداڕشتن و کاتی ڕوودانی ڕووداوە گرنگەکاندا، هەر کامیان لە سەر سازێک، بە هەوای مەسهەبێک، بە پێوانەی سیستەمێک و لە کاناڵێکی تایبەتی خویەوە، لە دژی یەک و جاری واشە هاوپەیمانی یەکتر بوون. بەڵام باندەستخوازی نەتەوە و گەلی خویان و ژێردەستهێشتنەوەی کورد وەک نەتەوە ستراتیژی هاوبەشی هەر سێکیان و، لەم ڕێگایەشدا ئەوەی لە دەستیان هاتووە لە دژی ئێمە کردوویانە بێ ئەوە سڵ لە هیچ شتێک بکەنەوە. ئینکار، کوشتار، کۆچدان، ئەنفال و تەنات شیمایی بارانیش....

ئەم قۆناخە تازەیەی دەوڵەتی نوێ تورکانی لێ دامەزرا و لە ڕەهەندە جیهانییەکەیدا بە قۆناخی دوای ئەمپراتۆرییەکان و لە بوارە ناوچەیەکەیدا بە قۆناخی دوای ساکس - پیکۆ ناسراوە، جیاوازییەکی دڕەندانەی زەقی بە نیسبەت کوردەوە تێدا بوو:

ئەمپراتۆری عوسمانی بە درێژایی تەمەنی خوی دەسەڵاتێکی زاڵمانەی بە سەر گشت شوێنێکی ژێردەستیدا حاکم کردبوو. تورکەکان و کەسی سەربە بنەماڵی عوسمانی لەم سیستەمە دا بە تەواوی نەتەوەی باندەست بوون و ئەوانی تر ئەبوا ملکەچیان بن. بەڵام خەڵکی سەربە نەتەوەکانی تریش مەجال و فرسەتی خۆدەرخستنیان هەبوو. بە وتەیەکی ڕوونتر، عوسمانی سیستەمێکی زاڵم و چەسێنەر بوو بەڵام نیازی تواندنەوە و سڕینەوەی هیچ گەل و نەتەوەیەکی نەبوو. لە هیچ شوێنێکدا تەنیا بە هۆی کوردبوون یان

عەرەببوون گوندێکیان نەسووتاند و ئەوەش کە لە دژی ئەرمەنییەکان کرا لە راستی دا ئەو سەردەمە بوو کە سوڵتان دەسەڵاتی نەما، رێژیمەکە روو لە هەڵوەشان بوو و ژنراڵەکانی لە ژێر کاریگەری ئەو وەزعەدا دەستیان کرد بە قڕکردنی ئەرمەنییەکان کە یەکێک لە گەورەترین تاوانەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە.

بەڵام لە ژێر سووتمانەکانی ئەم دەسەڵاتە کۆنەپەرەست و داڕزیوەدا دەوڵەتێکی نوێ تورک هاتە دەر کە زاڵم، فاشیست و تا سەر ئێسقان ناسیونالیستی تورک بوو. لە یاساوە تا کردەوەی رۆژانەی سەربازێکی سادەی، بە پلان و بەرنامە خەریکی سڕینەوەی ناسنامەی ئەوانیدیکە (ئەوەی خوی بە تورک نەدەزانی) بوو و لەم رێگایەشدا لە کوشتار و تاوان نە دەسڵەمینەوە و نە تێریشیان دەخوارد.

بە دەستوور و سەرپەرەستی راستەوخۆی موستەفا کەماڵ و، بەرچاوی سپای چوار وڵاتی رۆژاواییشەوە زیاتر لە سەد هەزار مەسێحی شاری ئێزمیریان قەتڵیعام کردن. دواتر بەربوونە گیانی خەڵکی کورد و دوای تێکشکان، شێخ سەعید و هەڤاڵانیان ئێعدام کردن. دواتر دێرسیم و شێخ رەزایان کۆمەڵکوژ کردن و سەرەنجام بە پلان و بەرنامە دەستیان کرد بە تاوانی توانەوەی نەتەوەیەکی چەندین میلیونی کە هەزاران ساڵ پێش ئەوان لەو شوێنە ئەژیان. – کوردەکان-.

عەینی ئەم کارانانەی موستەفا کەماڵ بوونە سەرمەشق بۆ نەوەی نوێ فێرە فاشیزمی ئێرانیش. رەزا خان لە ژێر باڵی کۆمەڵێک «رووناکبیری» ئورووپا دیتووی فارس دا پاشناوی خوی گۆڕی بۆ «پەهلەوی». دواتر بوو بە شای ئێران و دەستی کرد بە لاسایی کردنەوەی ئەتا تورک. لەم سەری وڵاتەوە تێکەوت و لەوسەریەوە دەنگی تاوانی سپایکەی دەبیسرا. کورد لەم بەرە و بەشەش دا کەوتە بەر نووکی حەملەی دەسەڵات لە تاران و سەدان تاوانی

گەورەی دەرحەق کرا کە کوژرانی سمکۆ و تێکشکاندنی شۆڕشەکەی تەنیا یەکێکیان بوو.

لە بەرەی عەرەبی تازە لە خەو هەستاویش دا، ئەم فکرە بوو بە فکری زاڵ کە ((ئومەی)) عەرەب ئەشی بکرێتەوە یەک و دەوڵەتێکی واحێدی بۆ ساز بکرێ. هەڵبەت ئەم کارەش ئەبێت بە توانەوەی ((ئەوانی دیکە)) و پێش هەمووشیان کورد کە کەمینەیەکی گەورەن دەست پێ بکات. بە لێکگرێدانی دوو وڵاتی میسر و سووریە قەدەخە و دابڕاندنی کورد لە دەسەڵات دەستی پێ کرد و بە درووستبوونی دوو لقی حیزبێکی فاشیست - ناسیۆنالیستی عەرەبی بە ناوی حیزبی بەعس، لە هەردووک وڵاتی ئێراق و سووریە گەییشتە لووتکە.

ئێتر دوای ئەم ناوە نەگریسەیە (بەعس) کوشتاری بەربڵاوی کورد لەم دوو وڵاتە تازە درووستکراوەدا دەست پێ دەکات و لەم رێرەوەدایە کە ئەنفال، کۆچ، شیمیایی و سەرەنجام وشەگەلی مرۆڤ هەژێنی وەک ((تەعریب))، ((تەرحیل)) و..... دێنە ناو گوێچکە و زمانی بێ خاوەنی کوردییەوە و ئەبنە مڵکمان. ئەبنە مڵکمان لە جێ وڵات، لە جێ شاخ، لە جێ گوڵ و گوڵاڵە سوورەکانی چیا سەر سەوزەکانمان. کوردستان ئەبێتە دەشتێکی گەرمی بێ گوڵ و گیا. شاخ هەڵدێن و لە بری گۆڵ مین، بۆمب، مین، بۆمب مین.......

## ئاکامی ئەم باسە درێژە بە کورتی:

١ - موستەفا کەماڵ لە تورکیە بوو بە دیکتاتۆرێکی زاڵ و هیچ کەس، تەنانەت ئەو کەسانەش کە وەک دەستی چەپ و راستی دەناسران، نەیاندەوێرا قسەیەکی لە روودا بکەن. تا مرد سەرۆک کۆماری تورکیەی

تازە و داتاشراوی خوی مایەوە. دوای مردنیشی بوو بە باوکی نەتەوەیەکی نەخوش کە بە چاوی سووک و زۆر بێ حورمەتانە ئەڕوانێتە ئەوانی دیکە و ئەم میراتەش فەرهەنگ و شێوەی دەسەڵاتداری تا ئیستای تورکیایە. کورد کە گەورەترین بەشی لە ژێر چەکمەی ئەم دەسەڵاتە فاشیستییە دایە، تاوان نەماوە لە سەری تاقی نەکرێتەوە و هیشتاش خوێن لە سەر و لە شی برینداری رۆژانە، سەعات و دەقێقەکانی رۆژیش ئەڕوا بێ ئەوە برینپێچێک، لە دنیای وەحشیانەی ئێمەدا پەیدا بێت و بە هاوارییەوە بێت.

ئەم ڕۆژانە کە سەرۆک کۆماری فاشیست- ئیسلامیستی ئەو وڵاتە، رەجەب تەیب ئەردۆغان، تا بنی هەنگڵی دەستەکانی تێکەڵاوی خوێنی زارۆک و ژن و پیری بێ دیفاعی کوردن، سەد هێندەی سەردەمی شۆڕشی شێخ سەعید و شێخ رەزا و، سەدان بەرانبەری دەورانی موستەفای خوێنخوری باوکیان، کوردی خایەن و نیشتمانفرۆشی لە چەشنی قانعی فەردی لە باکوور و باشووریشدا لە دەورە راوەستاون و تاوانەکانی بۆ پاساو ئەدەن و دوای هەر کوشتار و خوێنڕشتنێکیش دێن و بێ شەرمانە دەستە خوێناوییەکانی بۆ پاک ئەکەنەوە.......

٢ - رەزا خان بە هاوکاریی خوێندەوارانی ئەو سەردەمی فارس و، پشتیوانی بێدریغی بریتانیا بوو بە شای ئێران. کۆمەڵێک هەنگاوی گەورەی بۆ ئاوەدانی ئێران و بە تایبەتی ناوچەی فارسنشین هەڵگرتن. پڕۆسەی توانەوەی نەتەوەکانی تری کردە سەرلۆحەی کارەکانی و لەم رێگایەوە هەزاران تاوانی دڕەندانەی ئەنجام دان. زوانی لاواز و پرژ و بڵاوی فارسیی کۆکردەوە و بە زۆر و شەق کردەیە زمانی رەسمی هەموو دانشتوانی وڵات. هەموو جۆرە وشە و پەیڤێکی نافارسی قەدەغە کرد و سزای قورسی سەرپێچیکەرانی ئەدا.

رەزا شآ لەم قۆناخەدا لە گەلێک بارەوە موستەفا کەماڵی وەک مامۆستا و رێنوێنی کارەکانی حیساب دەکرد، بەڵام بە هۆی جیاوازی کاراکتەری

هەردووک دیکتاتۆر و جیاوازی وڵاتی بەر دەستیان، ئەو هەمیشە چەندین فرسەغ لە دوای کەماڵ پاشاوە ئەڕوویشت.

دەرکەوتنی نازیسم لە ئاڵمان و هێتلەر وەک ڕێبەری، کەڵکەڵەی نژادپەرەستانەی «نەتەوەی ئاریایی» لە ئێرانی رەزاخانی دا خستە مێشکی دەسەڵاتدارانەوە. لە جەرەیانی شەڕی دووهەم دا دەسەڵاتدارانی ئێران و رەزا خان بە تایبەتی سەمپاتی خویان، بە ئاشکرا بۆ ئاڵمان و هێتلەر نیشان دا و ئەمەش خوی بوو بە هۆی ئەوە کە بریتانیا ئارام و بێ دەردیسەر گوێچکەی شاهەنشا بگرێ و بینێرێ بۆ دۆڕگەیەکی دووری ئافریقا. بە هاودەنگی لەکەڵ ئامریکا و رەزایەتی سۆڤیەت، حەمە رازا شایان لە جێگای باوکی دانا و تا هاتنی کۆماری ئیسلامی دیکتاتۆریی و دەسەڵاتیی رەهای ئێرانیان پێ سپارد.

ئێرانی پەهلەویەکان بە مانای دیسان هەستانەوە و زیندوو بوونەوەی ئەو خەونە چەندین جار مردووەی ئێلیتی فارس بوو کە جارێکی تر ئەوانی کردەوە نەتەوەی باندەست. باندەست نەک هەر لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران دا، بەڵکوو جۆرێک «ژاندارمی» ئەو ناوچەیەش کە ئێتر لە بە هەڵەش بێت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوبانگی دەرکردبوو.

کۆماری ئیسلامی تێکڕای تایبەتمەندییە خرابەکانی رێژیمی شای بە میرات وەرگرتن و هێندێکێشی لێ زیاد کردن. دەسەڵاتێکی رەشی فاشیستی مەسهەبی شێعەی دامەزراند و لە بەرانبەر قوتبی سونی حیجاز دا قوتبوویە کە هەم نەتەوەی فارسی وەک باندەستی دەسەڵات هێشتەوە و هەم پرۆسەی سڕینەوەی ئەوانی دیکەی کە بە رووخانی دەسەڵاتی شا نیوەکار مابوو درێژە پێدا. کورد لەیرەشدا قوربانی یەکەم و مەیدانی تاقیکاری تاوانەکانی گۆشەی شوومی تاران مایەوە و ٣٦ ساڵ دوای تەمەنی دەوڵەتی شێعە - فارس لە ئێراندا هێشتاش کوشتار و سڕینەوەی بەردەوامە.

٣ - عەرەبەکان لە عەرەبستانی سعوودی خەونەکانی موحەمەدی بن عەبدول وەهابیان هێنایەدی. ئەو خەونانەی کە ئەو سەد ساڵ پێشتر بۆ وڵاتی عەرەبانی دەدیتن و، ئاواتی بوو نەتەوەی عەرەب بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی پەیامبەر موحەمەد. بە پێچەوانەی سەدان ساڵ دەسەڵاتی عوسمانی کە رەنگ و بۆنێکی بە مەکە و مەدینەوە نەهێشتبوو، ئالی سعوود بە هاوکاری رۆژاوا و بە تایبەتی بریتانیا، گشت شێوەکانی دەسەڵاتیان گێڕایەوە بۆ سەردەمی قورەیش. حیجاب لە حیجاز بوو ئیجبار و شەریعەت بوو بە قانوون. عەربستانی ئیستە کە مەبەست تەنیا وڵاتی سعوودییە، بوو بە سەرچاوەیەکی گرنگ لە دەسەڵات. پارەی نەوت و حەجی موسوڵمانان بوو بە خێرێک و رژایە گیرفانە گەورە و هیچکات پڕنەبووەکانی دەسەڵاتدارانەوە. شوێن و شێوەی ی هەڵکەوتن و، چیئۆپۆلیتیکێکی گەورە و گرنگیش ئەم دەسەڵاتبوونەی بۆ خێڵێکی عەرەب بە تەواوی مسەوگەر کرد.

لە سەردەمی پەهلەویەکان دا، گەر چێ رەگەزپەرەستانەترین وشە و تاریف (مارمووڵەکخور - تازی و...) بۆ عەرەب بە کار دەهات و ئەم بیرەش بە پلان کرابووە بیری زاڵی کۆمەڵگا، بەڵام لە دیپلۆماسی دوو وڵات دا هیچ رەنگێکی نەدابوویەوە و بە پێچەوانەوە، نێوانی تاران و حیجاز خوش و گەرمیش بوو. بەڵام کۆماری ئیسلامی هات و ئەم باڵانسەی تێکدا. تێکدانێک کە بە هاسانی بە هیچ کەس و لایەنێکی ناوبژیوان وەک خوی لێ نەکرێتەوە.

ئێراق و سووریە لە دامەزرانەوە تا رۆژگاری فەللاکەتباری ئەمڕۆیان، دەسەڵاتدار و بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگاکەشیان بە فەرهەنگی دژی کورد پەروەردە کراون. ئەگەر لە دەستیان بێت و بوێرن، تێکڕای دەسەڵاتدارانیان هەر ئەو قسەیە دەکەن کە موستەفا کەماڵ سەردەمانێک کردی. کورد بە تورکی کێوی، عەرەبی کێوی ناو دەبەن و ئەنفالکردن و کوشتنی ئەخەنە

ئەستوی خوی. چاو لە ناو چاومان ئەکەن و ئێژن:

خەتای خوتانە،.سەدام، خومیەنی و موستەفا کەماڵ تاوانیان دەرحەق کردن. ئەی بۆ ناتوێنە و ببنە ((خەڵکێکی موتەمەدێن؟)) ببنە فارس، تورک و عەرەب......

وتە و قسەی کۆتاییم لەم بارەوە ئەوەیەکە ئەم سێ گۆشەیە ٣ گۆشەیەکی نەگریس و شوومە. هیچکامیان لەوی دیکەیان، بە زەڕڕە باشتر یان خراوتر نیە. هەرسێک شێوەی دەسەڵات فاشیستی، ناسیۆنالیستی داپڵۆسێنەر و، ئەوەی ئاخرینی هەر سێکیشیان ئیسلامیزمیشی لێ زیاد بووە کە ماف نا، ژیانێکی شەرافەتمەندانەش بۆ کەس، تەنانەت خەڵکی خوشیان بە رەوا نازانن.

هەر کەسێک لە ناو رێبەر و پێشەنگانی بزووتنەوەی رەوا، پێشکەوتوانە و ئینسانی کورد دا بیهەوێ بە هاوکاری یەکێک لەم گۆشە شوومانە، ماف، هاوکاری، یان دەوڵەت بۆ کورد دابین بکات درۆزنێکی سیاسی گەورە، یان گەمژە و نەزانێکی ئەم بوارەیە.

٣٠-١-٢٠١٦

# ١٦

# باشووری کوردستان، دیموکراتیک، دیکتاتۆری، هیچکامیان یان هەردووکیان

# باشووری کوردستان، دیموکراتیک، دیکتاتۆری، هیچکامیان یان هەردووکیان

لە ناو ١٩٣ وڵاتی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئیستا ژوورەوەی ١٠٠ ئەندامیان بەشێوەی دموکراتیک ئیدارە ئەکرێن و رۆژبە رۆژیش ژمارەی ئەم وڵاتانە زیادتر دەبن. لەم وڵاتانەدا جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ،کە زۆربەی ئازادییەکانی پەیوەندیدار بە ژیانی ئینسانەوە لەبەر دەگرێ، پەسەند کراوە و دەوڵەتەکان ناچارن بێکەم و زیاد ملکەچی بن. بەڵام ئەم وڵاتانە هەموو وەک یەک نین و ئاستی پاراستن و رێزلێنانی ئەم مافانە لە پلەی جیاوازدایە کە دەکرێ لە سێ کاتاگۆری و دەستە دا دابەش بکرێن:

## دەستەی یەکەم:

وڵاتانی وەک کانادا،ئامریکا،بریتانیا،فەرانسە،هولەند،بێلژیک و وڵاتانی سکاندیناڤیان. هێندێک لەم وڵاتانە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە بە گۆڕینی یاسا و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی مۆنارشی و پاشاکانیان رێگەی سیستەمێکی دیموکراتیک و چەند دەنگییان بۆ خەڵکەکەیان پێکهێنا و دواتر لە سەرجەمی بلۆکی رۆژاوادا دیموکراسی و گشت یاساکانی بوونە پرەنسیبی نەگۆڕ. تا ئەوەی سەرەنجام سیستەمێک سەقمدار و جێگیر پێک هات کە ئیستا ئیدی بەشێکە لە مێژوو و کولتووری خەڵکەکەیان و بە هاسانی بۆ هیچ پاوانخوازێک تێک نادرێ. لە گشت پانتایی ئەم بەشەی دنیا دا ئەم روانگەیە هێندە بەهێزە کە زەحمەتە خەڵکی ئەم وڵاتانە بتوانن بیر لە دەسڵات و دەوڵەتێکی تر، جگە لە دەوڵەتی هەڵبژێردراوی خویان بکەنەوە.

لە گشت ئەم وڵاتانە دا ئەحزابی جۆراوجور، لە چەپەوە بۆ ڕاست بەشداری یارییە سیاسییەکانن و دەوڵەتان دێن و دەچن، بەڵام سیستەم هەر لە جێگای خویدایە.حیزبەکان خاوەن سەروەت و سامانی وڵاتەکە نین، بەڵکوو بوودجەیەکی دیار،روون و شەفافیان هەیە. هیچ بەشێکی مێدیا پشتی هیچ حیزبێک دژی ئەویتر ناگرێ. بەڵکوو لە قازانجی جەماوەر یەخەی حیزب و دەسەڵات ئەگرێ و داوای ڕوونکردنەوەی لێ دەکات. ئەگەر کارێک لار و نارێک ئەنجامدرا، ئەنجامدەر ئاشکرا و گەلێکجاریش ڕێسوا و بێ ئابڕوو دەکرێ.داگا دەستگایەکی سەربەخۆیە،جێگای بڕوا، متمانە و ڕێزی خەڵکە و، ئەوەی بۆ مافی هاووڵاتیانی خۆیان بگەڕیتەوە، دەوڵەت و حیزب بچووکترین دەستتێوەردانی تێدا ناکەن. گەلێکجاران سەرۆکانی ئەم وڵاتانە هاتوونەتە بەر دەمی داگا و حوکوم دراون یان لێپرسینەوەی توندیان لەگەڵ کراوە. کە وەک نموونە ئەکرێ ئیشارە بە ماجەرای واتێر گەیت، ماجەرای کلینتۆن و لێڤینسکی لە ئامریکا، داگایی ژاک شیراک لە فەرانسە ،هەڵپێچان لە تۆنی بلەیر سەرۆک وەزیری پیشووی بریتانیا و تازەترینیان بەرلسکۆنی سەرۆکوەزیرانی ئیستای ئیتالیا بکەین. لەم وڵاتانە دا زۆربەی نزیک بە تەواوی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دەپارێزرێ و تەنانەت مافی ئاژەڵ و گیانلەبەرانیش، سەد قات زیاتر لە مافی مرۆڤی وڵاتانی دیکتاتۆری پارێزراوە.

**دەستەی دووهەم:**

وڵاتانێکن کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و وەک ئاکامی ئەو شەڕە یان شەڕەکانی پەراوێزی ئەو هاتنە ئاراوە و لە دابەشکردنی دنیادا بوونە بەشی ڕۆژاوا و لە نزیکترەوە بەشی ئامریکا و بریتانیا وەک دوو

لە سەرکەوتوانی شەڕ. ئەم وڵاتانە بریتین لە ئاڵمانی رۆژاوا، ژاپۆن، ئیتالیا، هێند، تایوان،کوریای باشوور،یۆنان،ئیسرائیل و....کە هەرکامیان تایبەتمەندی و شێوەی درۆستبوون و پێشینەی نزیک یان دووری لە گەڵ ئەم ئازادییانەی خوی هەیە و باسکردنی وردی ئەم تایبەتمەندییانە لە دەرەوەی تاقەتی وتارێکی لەم چەشنەیە. ئەم وڵاتانە دوای شەڕ و هێندێکیان بڕێک دواتریش بوونە وڵاتی شێوەی دەستەی هەوەڵ و کەم کەم پرەنسیپە ئەسڵییەکانی دیموکراسی جێ کەوتن و ئەحزابی جیاواز بە شێوەی بەرین هاتنە ناو کایەی سیاسی و ئیستا هێندێک لەم وڵاتانە (بۆ نموونە ئاڵمان) هیچیان کەمتر لە دەستەی هەوەڵ نیە و بە سەربەرزییەوە خویان لەگەڵ دەستەی یەکەم و هێندێک جاریش وەک پێشەنگی ئەوان پێناسە ئەکەن.

**دەستەی سێهەم:**

وڵاتانێکن کە بە دوای رووخانی دیواری بەرلین و نەمانی جەمسەری سۆڤیەت پەیدابوون، وەکو وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات،پۆلۆنیا (لێهستان)، مەجارستان، رۆمانیا، بولغارەستان، سلڤاکی و چێک.

وڵاتانی ئامریکای باشوور(وک بریزیل، ئارژەنتین، نیکاراگۆا، شێلی، پێرۆ و..)

وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا (وەکو ئیندۆنێزی،مالێزی،تایلەند و...)

وڵاتی ئێراقی پاش سەدام و وڵاتانی ئافریقایی (وەکو ئافریقای باشوور،گینە،کێنیا و..).

ئەم وڵاتانە هەرچەند بە گشتی سیستەمی دیموکراسی مودیلی رۆژاوایان قبووڵ کردووە و هەوڵ ئەدەن خویان لەم بەرەیەدا ببیننەوە، بەڵام وەک

دەبینین پێشوەچوون و جێکەوتنی دیموکراسی و پرەنسیبەکانی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە. بۆ نموونە کارنامەی ئەم دەستەیە لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی بەرەی سۆڤیەتی پیشوو و تەنانەت لە بریزیل،ئارژەنتین و باشووری ئافریقاش زۆر باشە، بەڵام لە ئوکراین،گورجستان و کێنیا و... زۆر خراپە.

ئەمە بە کورتی پێناسەیەکی وڵاتانی دیموکراتیکی ئیستای جیهانە کە باسکرا، بەڵام با پێناسەیەکی کورتی دەسەڵاتی دیکتاتۆریش بکەین و ئەوکات بینە سەر باشووری کوردستان و بزانین جێگە و پێگەی ئەو لە ناو کام دەستەیە.

دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی، پێش هەموو شتێک پیویستی بە دیکتاتۆرێکە بۆچوونی خوی دیکتە بکات. واتا ئەوەی ئەو دەیهەوێ بێ هیچ ئەملاو ئەولایەک جێبەجێ بکرێ. دیکتاتۆرەکان ئەتوانن زمان، ئاین، ئیدەئۆلۆژی، پێشینە و جوگرافیای جیاوازیان هەبێ،(وەک چۆن ستالین، سەرەتا قەشە و دواتر کومونیستی فەناتیک، هێتلەر فاشیستی ناسیۆنالیست، خومەینی موسولمانی شیعەی فەناتیک،ئاتاتورک ناسیۆنالیستی دژی دین و...) بەڵام هەموویان لۆژیک و مەنتێقیان هەیە کە بریتییە لەوەیکە خەڵک بە نەزان و خویان بە کەس و مرۆڤی تایبەت و هەڵبژاردە ئەزانن.

بەدبینان لەم بارەوە ئەڵێن کە ئەوان خەڵکی بە مەڕ و خویان بەشوان ئەزانن. ئەگەر ئەمەش راست نەبێ، لانی کەم خویان بە باوک و خەڵکی بە مناڵی نابالغی نەفام دەزانن. بۆیە هەردەم بڕیار بۆ خویان و ئەنجامدانیشی بۆ خەڵک دەستنیشان ئەکەن.

دیکتاتۆرەکان دەکرێ نیازی باشیشیان هەبێ بۆ نموونە لێنین لە کانگەی دڵەوە یەکسانیی و نەهێشتنی جیاوازیی ناوبەری ئینسانەکانیی دەخواست، بەڵام لە رێگەی دیکتاتۆری پڕۆلێتاریا و بێدەنگکردنی هەموو نەیارانییەوە.

ستالین، مائۆ، تیتۆ، کاسترۆ و...ش هەر لە سەر ئەم ڕێبازە دەیانساڵ لە سەر دەسەڵات مانەوە.

لە مەنتێقی دیکتاتۆراندا حیزبی سیاسی یان بوونی نیە، یان تەنیا حیزبێکە کە سەنا و سەما بۆ ئەوان بکات. (حیزب فەقەت حیزبوڵای خومەینی، حیزبی ترازەنوێنی کومونیستان ، حیزبی کۆماری ئەتاتورک ، حیزبی ڕەستاخیری حەمە ڕەزای پەهلەوی، حیزبی بەعسی سەدام و..). مێدیا لە ژێر کۆنترۆڵی توند و سانسۆر کاری ڕۆژانەیە. ئازادیی بە گشت ڕەنگ و ڕەهەندەکانیەوە خنکێندراوە ، ڕەخنە قەدغەیە و کلکەسووتە و ماستاوکردن کولتووری زاڵە. لەم کولتوورەدا دیکتاتور شاعێر، ئابووریزان، دیرۆکزان، ژنراڵ و تەنانەت ئەستێرە ناسیشە.کەس بۆی نیە قسە لە قسەی بکات و بڕیاری شەڕ،سوڵح و مەرگ و ژیانیشی بەدەستە. ستالین،هێتلەر،خومەینی،سەدام، پینۆشە،ئەتاتورک و قەزافی لەم بارەوە بچووکترین جیاوازییان لە نێودا نیە.

## باشووری کوردستان:

لە باشووری کوردستان دا نەک یەک حیزب بەڵکوو دوو حیزب دەسەڵاتداری ئەسڵین و جگە لەو دوو حیزبەش، چەندین حیزبی دیکە بوونیان هەیە و ئازادانە بەپێ توانای خویان چالاکن. مێدیا تەنیا مڵکی حیزب نیە و گەلێک ڕۆژنامە، رادیۆ، تەلەڤیزیون و.. هەن کە بێ سانسۆر و دوور لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی دەسەڵات کاری خویان دەکەن. هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم و پارلومان کراوە و چەندین نوێنەری نەیاری حکوومەتیش بە لیست و داخوازی خویانەوە چوونەتە پارلۆمان. لەمانەش گرنگتر، لەم وڵاتەدا دیکتاورێک بەو پێناسەیەی سەرەوە وجوودی نیە و کەس نیە دیکتەی بۆچوونەکانی بکات و خەڵکیش ملکەچی بێت. بۆیە بە هیچ شێوەیەک

ناکرێ ئەم وڵاتە، (باشووری کوردستا) کە لە یاسا جیهانییەکاندا بەشێکە لە وڵاتێکیتر، بخرێتە ناو کاتاگۆری وڵاتانی دیکتاتۆرەوە و لەگەڵ ئەوان پێناسە بکرێ.

بەڵام ئەم وڵاتەی ئێمە، لە بەر ئەم هۆیانەی خـوارەوەش ناکرێ لە هیچکام لەو سێ دەستەی سەرەوەش کە وەک وڵاتی دیموکراتیک باسکران جێ بکرێتەوە چوونکە:

١ - هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکیاتی) خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆری سەرچاوە نادیارن و بێ وەڵامدانەوە بە خەڵک و ناشەفاف ئەم سەروەتە دەخڵ و خەرج دەکەن کە دوور و بە شێوەیەکی جددی ناکۆکە لەگەڵ ئەسڵەکانی حیزببوون لەو وڵاتانەدا.

٢ - کاری مێدیای سەر بەم حیزبانە کە سەرچاوەی هەزینە و داهاتی هەر حیزبە، ئوبجەکتیڤ و بێلایەنانە نیە و لە باسکردنی رووداوەکاندا کەمترین جیاوازی هەیە لە نێوان ئەم مێدیایانە و هی وڵاتانی دیکتاتۆریدا.کاری مێدیا نەک تاریف و پاراستنی دەسەڵات، بەڵکوو زانیاری راست و دوور لە لاگرتنی دەوڵەت- ئۆپۆزیسیۆن بە خەڵک و جەماوەرە و هیچیتر.

٣- دادگـا، وەک کۆڵەکەیەکی گرنگی دیموکراسی، لە باشووری کوردستان دا سەربەخۆ نیە. دەستتێوەردان و دەخاڵەتی حیزب و دەسەڵات زیاتر «قاعێدەیە تا ئێستسنا». ئەمە گەورەترین لەتمەیە لە دەوڵەت و ئەزموونی کورد لە دیموکراسی.

٤ - پۆست و بەرپرسایەتییەکان بێ لە بەرچاوگرتنی پسپۆڕی بۆ حیزبی دەسەڵاتدار و کەسی سەربە ئەوان دیاری کراوە و بەشی زۆری کۆمەڵگا و ئوپۆزیسیۆن لە دەرەوەی ئێدارەکردنی وڵاتدا هێڵراوەتەوە. (گرنگە بزانین کە رۆبێرت گەیتس وەزیری بەرگری ئۆباما سەربە کۆمارییەکانە! و چەند ساڵ وەزیری دەرەوەی سارکۆزیی سەرکۆماری فەرانسە، بێرناد کۆشنری

سوسیالیست بوو.)

٥ - گەندەڵی سەراپای کۆمەڵگا و دەسەڵاتی گرتووەتەوە و ئەم دیاردەیەش گەورەترین خاڵی لاوازی وڵاتێکە کە خوی بە دیموکرات پێناسە بکات، قودرەتی لە دەستی خویدا بێت و ساڵ لە دوای ساڵ درێژە بە سیستەمێکی گەندەڵ بدات بێ ئەوە رێگەچارەیەکی بۆ ببنیێتەوە.

٦ - پێشمەرگە کە سەردەمێک وەک تاجیسەر و شەرەفی نەتەوەیی ئێمە دەناسرا، ئامرازی دەستی ئەم دوو حیبەیە و ئەگەر هەر وا بڕوات و نەگۆڕدرێ بۆ هێزێکی نیشتمانیی، ناحیزبیی، حەتمەن بە جێ قازانج، ئەبێتە بەڵایەک و بە جێ پاراستنی خەڵک، ئەبێتە ئاگر و ماڵمان وەک دەیانجاری دیکە وێران ئەکاتەوە.

٢٠١١/٢/٢٦

# ١٧

# کورد و هاوسییەکانی

# کورد و هاوسییەکانی

کەسانێک هەن پێیان وایە کە کوردەکان هەزاران ساڵە لەم شوێنەی خویان پێ دەڵێن کوردستان، ژیان دەبەنە سەر و ئەوانەی ناکوردن و لەم ناوەدا نشتەجێن، دواتر هاتوونەتە وڵاتی ئەوان. مێژووی زیندوو و دیکومێنتکراوی بەشەر لە گشت شوێنێکی دنیا دا راست بێت لە کوردستان دا شێوێندراوە و نابێت هەر وتەیەک بە هاسانی وەک راستی قبووڵ بکرێ.

ئەوەی لەم بارەوە ناکرێ حاشای لێ بکرێ ئەوەیە کە، تا ئیستا هیچ کەسێک و لەوانە ئەو دەوڵەتانەی دەیانەوێ کوردان قڕ بکەن، نەیتوانیوە شوێنێکی تر جگە لە کوردستان، وەک شوێنی ئەسڵی و بنەڕەتی زێدی کوردان نیشان بدات. کەوابوو کوردان ئەگەر پێش لە هەموان نەهاتبنە ئەم شوێنە (کوردستان)، دوای کەسیش نەهاتوون.

سەدان ساڵە هاوسێیەکانی کورد (عەرەب، فارس و تورک) بە هەموو شێوەیەکی مومکین هەوڵی توانەوە و قڕکردنی کورد ئەدەن و لەم رێگایەش دا لە هیچ تاوانێک سڵیان نەکردووەتەوە. بەڵام هیچکامیان بە ئاکامی دڵخوازی خویان نەگەییشتوون و هێشتا کورد نەتواوەتەوە. لە راستیدا ئەو کات ئەوان دەستیان کرد بە توانەوەی ئێمە، ژمارەی هەموو کوردان چەن میلون زیاتر نەبوو، بەڵام ئیستا هەشیمەتی کوردان دەیان میلیونە (کوردی قسەزلی وا هەیە باسی ٥٠ میلین ئەکات). بێشک تەنیا نەتوانەوە خوێ، هیچ دەستکەوت و سەرکەوتنێک بۆ کورد نیە، بەڵام مانەوەی وەک نەتەوە تێکشکانێکی گەورەیە بۆ ئەوانەی کە بە پلان و بەرنامە و خەرجکردنی میلۆنەها و میلاردەها دولار ویستوویانە ئەم خەڵکە تەواو کەن. سەدام حوسەێن بە سپایەکی سەدان

هەزار کەسییەوە، گەورەترین پرۆژەی ژێنوسایدی لە کوردستان دا خستەگەڕ، بەڵام دواتر بە داخی زیندوومانەوەی کوردانەوە چووە سەر پەتی خنکان. تورکیە بە گەورەترین و پۆشتەترین سپای سەردەمەوە، ساڵانە سەدان میلیارد دولار لە ماوەی ۳۰۰ ساڵ دا خەرجی توانەوەی کورد دەکات، کەچی ((زانا و زانستگاکانی)) هاواریان بەرزە و دەڵێن کورد هەر زۆر ئەبن (١). ئێران لە سەرانسەری کوردستان دا پایەگا و سەربازی داناوە، جاش و جاسووسی سازکردووە و جادەی بۆ بەرزترین لووتکەی کوردستان کێشاوە تا تۆپ و تانگی بباتە سەر و کوردی پێ بتۆقێنێ، دیسان کورد هەر وەک و خوی ما و نەتوایەوە.

سووریە دەیان ساڵ حاشای لە بوونی کوردان کرد و تەنانەت ناسنامەی عەرەبیشی پێ نەدەدان، کەچی ئێستا دەیبینین دەست لە لاق درێژتر و خەریکە شەڕی مانەوەی شام و شینی بە وێرانەبوونی حەڵەب ئەکات.

دیارە ئەم سیاسەتەی کە دەسەڵاتدارانی هاوسێی کورد لە ماوەی سەدانساڵی رەبەق دا گرتوویانەتە پێش، بووەتە هوی ئەوە کە بەشێکی زۆری خەڵکی ئاساییشیان بڕوا بە درۆی دەسەڵاتداران بکەن و بوونی کوردان لە ژێر چەپۆکی خوشیان دا بە زیادی بزانن.

هێندێک جار ئەم بۆچوونە هێندە زەقە، مرۆڤ نەک هەر سەری سووڕ دەمێنێ، بەڵکوو لە مرۆڤبوونی ئەوان، یان هی خوی وە شک دەکەوێ. ئەم روانگە نا ئینسانییە دەگاتە ئەو رادەیە کە بەشێکی زۆری ئەم خەڵکە (نەک دەوڵەت و دەسەڵاتەکەیان) بە ئاشکرا بە تلانەوەی – تۆ - لە ناو خوێنی خوت دا کەیف دەکەن! بە ئازاربینینت خوشحاڵن و کە وە قسەش دێن دەڵێن: حەقی خوتانە! ئەی ئێوە بۆ سەربازەکانی ئێمە دەکوژن؟ ئەی بۆ دژی دەوڵەت رادەوەستن؟ ئەی بۆ بێدەنگ نابن؟

هەڵبەت تۆزێک بوێری و تۆزقاڵێک سەداقەت دەتوانێ یارمەتی ئەم

کەسانە بدات تا بگەنە ئەو ئاستە و بڵێن: ئەی بۆ ناتوێنەوە ؟!. بۆ نابنە تورک،عەرەب،فارس و.....؟

بەڵام بیری فاشیستی سەرچاوەکەی نائینسانیە و، لە ئینکار و سڕینەوەی ئەوی ترەوە دێتە دەرەوە. بۆیە ئەم کەسانە قەت ناگەنە ئەو پلەیەی راستبێژیی تا بێن و قسەی ئەسڵی دڵی خویان بە ڕاشکاوی بکەن.

کورد هیچ هاوسیەکی نیە وەک مرۆڤ لەگەڵی دا بجووڵێتەوە و حیسابی مرۆڤێکی تەواوی بۆ بکات. بۆیە هەردەم رووبەڕووی کرداری دڕەندانەی حەیوانی ئەبێتەوە. لە راستیدا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هیچکام لە بەشەکانی کوردستان و بەم نیسبەتەش حاکمانی تورک، فارس و عەرەبان دا، بە نیسبەت ئینکاری مافی کوردانەوە نیە. دەگمەن نەبێت هەموو دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتی ئەم نەتەوانە، توانەوە و لە بەینچوونی کورد بە راست و رەوا دەزانن و سەد هێندەی کوژرانی سەد گەنجێکی بێتاوانی کورد، بۆ کوژرانی سەربازێکی پیاوکوژی دەوڵەتی خویان ناڕەحەت دەبن و هیچکاتیش لە خویان ناپرسن: ئاخر ئەم سەربازە ئیسفەهانی، ئیستانبووڵی، یان بەسراییە، لە گوندێکی دوورەدەستی کوردستان دا چی دەکات تا بە دەستی کوردان بکوژرێ!؟

ئەمانە کۆمەڵێک راستی تاڵن و دەخوازێ ئێمەش دوای هەزاران جار تاقیکردنەوە وەک خویان تێیان بگەین. هەر بەم نیسبەتەش فکرێک بۆ خەلاسبوون لەم چاڵە و دەرهاتن لەم جەهەندەمە بۆیاسازکردووین بکەینەوە. کورد بە درێژایی مێژوو لە بەرامبەر پیلان و پەلاماری ئەم هاوسییە زاڵمانەی دا - تەنیا - پەلەقاژەی کردووە، ئەویش نەک بە هەموو جەستە و لەشی. بەڵکوو بە تەنیا ئەو بەشەی کە کەوتووەتە بەر گاز و قەپەی ئەم گورگانە.

لە درێژەی ئەم پەلەقاژەیە دا هێندێک جار رێگای هەڵاتن، هێندێکجار بەرخۆدان و هێندێکجاریش خۆڕادەستکردنەوەی گرتووەتە پێش. بەڵام

ئاکامی هەمووو ئەم کارانە یەک شت بووە و ئەویش ژێردەستی زۆرتر و چەوسانەوەی فرەتر. ئەمانە راستی تاڵن و سەیری ئاوێنەی مێژووی تاڵمان بکەین، بە هاسانی راستیانە بە چاوی خومان ئەبینین.

رێبەرانی سەرهەڵدانەکانی کورد زۆربەی کات بە پێ خویان، یان بە داو و درۆ ، دیلی دژمن بوون و، براونەتە بەر دەستی حاکمانی دەراوسێ. ئەم رێبەرانەی ئێمە لە کاتی بینینی حاکمانی فارس، تورک و عەرەب دا و زۆر جار بە زەلیلی ((خزمایەتی و برایەتی)) ئاینی، نژادی و مێژوویی کورد و ئەوانیان وەبیر حاکمانی ئەم نەتەوەانە هێناوەتەوە. بەڵام لە بەرانبەر دا لەگەڵ پێکەنین و گاڵتەی حاکم و مەحکووم، دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتی ئەم نەتەوانە روو بە روو بوون و دوای شکاندن و وردکردنێکی زیادە لە پیویست، بێ بەزەیانە براونەتە بەر پەتی سێدارە، یان هەر لەوێ خەڵتانی خوێنی خویان کراون. ئەمانەش ئەگەرچی گەلێک تاڵ، بەڵام راستین و هەڵاتن لە راستیش تەنیا خۆ فریودانە و هیچی دیکە.

دووپات و چەندین پاتبوونەوەی ئەم سێناریۆە تاڵانە لە مێژووی پڕ لە کارەساتی ئێمە دا تەنیا ئەوانی هار،جەری و ((گومڕا)) نەکردووە، بەڵکوو کەرامەتی مرۆڤی کوردیشی تێکداوە و جۆرێکی تایبەت لە مرۆڤ، لە کۆمەڵگەی کورد دا دروست بووە کە لەگەڵ خەڵکی هیچ وڵات و شوێنێکی دنیا دا بەراوەرد ناکرێ. بۆ نموونە بە خەروار کورد درووست بووە کە بە نۆکەری و پاشکۆی خەڵکی بوون ((سەربەرزە)) و بە هاووڵاتی دەرەجە دوو بوونی وڵاتێکی دواکەوتووی وەک ئێران، سوورییە، تورکیە و ئێراق ((شانازی)) دەکات. تەنیا ئەمە نا، بەڵکوو بەکرێگیراوی سەیر و سەمەرەی وەک عیسمەت ئێنۆنۆ، تەها عەقراوی، عیسا پژمان و قانعی فەردمان لێ هەڵ ئەکەون کە شانازییان ئەوەیە لە کومەڵکوژکردنی دێرسیم، هەڵەبجە، ئەنفال یان تێکدانی شۆڕشی ئەیلوول و کوشتاری دەیانساڵەی کۆماری ئیسلامی لە

کوردستان دا لە بەرەی ڕێژیمەکان دا ڕۆڵی دەرەجە یەکیان بینیوە!!؟

ئێمە ئەگەر بە وردیی سەرنج بدەینە سەرانسەری بزووتنەوەی کورد، ئەم وەزعەی ئیستای باشووری کوردستانی لێ بەدەرکەین، ئەوەکەی دیکەی جۆرێک شکان، یان درێژەی راوەستانی نابەرانبەر بووە. ئەو وەزعەی باشووریش جگە لەوە بەرهەمی هەڵەی سەدام و گۆڕانی باڵانسی هێز لە ناوچە، جۆرێک یەکیەتی و یەکدەنگی کورد خویەتی. هیچکەس نازانێ کە ئەگەر بەرەی کوردستانی نەبا، یەکەم رۆژ شەڕی ناوخۆیی دەستی پێ نەدەکرد، هەڵبژاردن و پارلومانی زوو لەت و پەتکراوی کوردیی نەدەهاتە ئاراوە و بەم نیسبەتەش پاراستن و پشتگیری جیهانی دەوامی نەدەهێنا.

ئێمە کوردەکان، بەم ڕێبەرانەی ئیستای باشووریشەوە، هیچکات وەک هێز، توانا و پۆتانسیەلی گشتی کوردەوە نەچووینەتە مەیدانی نەیارەکانمان، واتا فارس، تورک و عەرەبەکانەوە. هەردەم بە چەند و جاری واش بە چەندین دەستە چووینەتە بەر دەم و دەرگای ئەوان. تەنانەت ئەو دەمەش کە ئەوان ()شەل و پەت و لە حاڵی داڕمان و بێ دەر و دەرگا بوون، دیسان ئێمە پارچە، پارچە روومان لە دەرگا، یان سەنگەری دژ بەوان کردووە.

لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی ئێراندا، موجاهێدینی خەڵکی ئێران ئاوارە و دەربەدەر لە دەستی باوکیان (خومەینی) هەڵاتن و خویان خستە ماڵی ئێمە. مەنسوور حیکمەت، وەک ڕێبەری یەکێک لە گرووپە چەکانی ئێران بە دوایان رای کرد و پەنای بۆ کوردستان هێنا. زۆری نەکێشا هەردووکی ئەم ئاغایانە، لە ناو بەرەیەکی بزووتنەوەی ئێمەدا بوونە سەرۆک و ئێمە پاشکۆیان. وەک بینیمان دوای ساڵانێک سەرۆک و بڕیاردەربوون، لە هەموو دژمنێک خراپتر بەربوونەوە گیانمان و تەنانەت روحمیان بەوانەش نەکرد کە هێشتا لێیان حاڵی نەبووبوون!؟

ئەم دوو لایەنە تەنیا دوو نموونەن، دەنا لە کام لاوە سەیر بکەیت عەینی

سێناریۆیە.

رەنگە وا نیشان بدرێ کە من لەم وتارەدا دژی دانشتن، دانوساندن و سەرەنجام سازانم لەگەڵ ئەم هاوسییە نا دۆستانەی کورددا. بەڵام بە هیچ شێوەیەک وا نیە. من و هەموو کەسێکی تریش دەزانێ کە ئێمە لە سەردەمێک دا دەژین کە مرۆڤی ئەم سەردەمە گەرەکیشی بێ، بە هاسانی ناتوانی بە چاوی دژمن سەیری دەور و بەری خۆی ب کات و ناچارە دەرگای خوی رووبە دەرەوە واڵا بکات دەنا بای گۆڕان و نوێبوونەوەی دنیا دەرگاکەت دەڕووخێنێ. ئەم وەزعە کورد و ناکورد نانسێ و خوت لەگەڵ دنای نوێدا رێکنەخەی، حەتمەن زیانی گەورە و بە جێ مانی بەدواوە دەبێت.

لە راستیشدا خوو خدەی کورد و نێوەرۆکی بزاڤە سیاسیەکەی قەت وا نەبووە کە خوی ئیزۆلە بکات و گۆشەگیر بێت. بۆیە قسەی بنەڕەتیی من ئەوەیە کە ئێمە چۆن، لە سەر کامە داخواز، بە چی شێوەیەک، کەی و لەکوێ، لەگەڵ نوێنەرانی ئەم نەتەوانە، کە هیچ نەبێت سەدان ساڵە حازر نین بوونی ئێمە قبووڵ بکەن دادەنیشین و چۆنیان لەگەڵ دەدوین؟

رابــوردووی پڕ لە ئێشمان ئەزموونی فرە باشی بۆ دەرخستووین. ئێمە گەلێکجار لە زمان رێبەرانیشمانەوە هاوارمان کردووە کە ئێمە لەوان ((ئێرانی))، ئێراقی، تورکیایی و سووریایی ترین. ئەوەی بۆ ئێران بگەڕێتەوە تەنانەت بیستوومانە ئەوان خۆشیان پێمان بڵێن ئێوە ((ئێرانی رەسەنن)). ئەم قسەیە جگە لە رەهەندە خراپ و کۆنەپەرەستانەکەی (چوونکە ئەگەر ئێمە رەسەن، رەسەنتر و رەسەنترین بین ئەبێت، ئێرانی نارەسەنیش هەبن و ئەو کات دەرەجە یەک،دوو و....) خۆی درۆیەکی شاخداریشە، چوونکە مرۆڤ ناتوانێ زمانی رەسەنترین بەشی خەڵکی خوی ببڕێ، لە دەسەڵات بێبەشی بکات، بە چاوی ((غەیرە خودی)) سەیری بکات و هەرکە ویستیشی خەڵکیتر بترسێنێ، بێت چەند کورد لە پێشچاوی خەڵکەوە ئێعدام کات تا

بیانکاتە عیبرەت بۆ ئەوانی دیکە.

ئێمە لەم بارەوە ئەزموونمان لەگەڵ عەرەب و تورکەکان دا هەیە و دەبێت تێ بگەین کە ئەم ڕێگا هەڵەیە و تەنیا بۆ بیابانمان دەبات و بەس.

تەماشاکەن!

دوای ئەوە کورد لە ئێراق گەیشتوونەتە بەرزترین پلەی دەسەڵاتیش، وڵاتی ئێراق بووەتە مەیدانی تەڕاتێنی چەتە و مرۆڤخورانی داعش، هێشتا مەترسی قڕکردنەوەمان لە لایان حوکمی بەغداوە کەم نەبووتەوە و هەرکە دەوڵەتی فەلەجی ئیستای ئێراق، توانای هەستانەوەی هەبێت، تانکەکانی ئەخاتەوەگەڕ و بە زمانی گولە و زۆر، قسە لەگەڵ کورد دا دەکەن.

ڕێگەی ڕاست و کەم زیان ئەوەیە هەموو لایەک، حیزب، گرووپ، شەخس، مامۆستا، ئاکادێمیسین و...... تێکڕا بێنە سەر ئەم بڕوایە کە ئێمە داوایەکی روون، دیار و بێ پێچ و پەنامان لەم هاوسێانەمان هەیە. ئەویش ئەوەیە کە ئەوان بوونی ئێمە وەک خەڵکێک جیا لە خوایان بە رەسمی بناسن، ئەو ماف و دەستکەوتانەی بۆ خویان بە رەوای دەزانن بە

ئێمەشی رەوا ببینن. یەک دەنگ و بێ هەڵچوون وە بیریان بهێنرێتەوە کە، شەڕی سەدانساڵەی ئێمە لەگەڵتان هەر لە سەر ئەم داوایە بووە. حازرن کۆتایی بە شەڕ و ماڵوێرانی بێت فەرموون و ناتانەوێ ئێمە ملکەچ و تەسلیم نابین و سەدان ساڵیشە ئەم ڕێگایە تاقی دەکەنەوە و هیچ دەستکەوت و ئاکامێکی باشی بۆتان نەبووە.

دیارە ئێمە گەر وڵاتێکی سەربەخوشمان هەبێ، دیسان هاوسێ ئێوەین. خۆ ناتوانین کوردستان بکەینە کۆڵ و بیبەین بۆ شوێنێکی دیکەی دنیا.بۆیە دەمانەوێ وەک دەیان شوێنی دیکەی دنیا لە ئارامی و ئاسایش دا، لە پاڵ و لەگەڵ هاوسیەکانمان دا بژین، شتێک کە کورد لە هەموان زیاتر پیویستی پێیەتی و خەونی پێوە دەبینێ وەک یەک و برایانە و خوشکانە ژیانی گەلانە

پێکەوە.

دوای ئەم قسانە ئیدی شتێک بۆ باس و قسە لە سەر کردن بۆ هیچ تاک، یان گرووپێکی کورد نامێنێ و دەبێت چاوەڕوانی کاردانەوە و وەڵامی بەرانبەرەکەی بێت.

دیارە ئەم داخوازییە لە لای هەر تاقمێکی عەرەب، فارس یان ئەوانیتر، رووبەرووی بەرهەڵەستکاری توند دەبێتەوە و سەرچاوەی ئەوەش ئەوەیە کە ئەوان فێرن ئێمە زەلیل، چەند دەستە و دابەشکراو ببینن. کەوایە، بێن با ئێمەش جارێک بۆ هەمیشە بەوان بڵێین:

ئەو رۆژە بە سەرچوو کورد دوو جۆر قسە و چەندین نوێنەری جیاوازی هەبێت. رێگای سازان، یان شەڕ هەر ئەوەیە و ئێوە چەند دەنگ و دەستەش بن ئێمە تەنیا خاوەنی ئەم پەیامە هاوبەشەین بۆتان.

بێ هیچ شکێک کاریگەری ئەم وەڵامە لە سەر دۆزی سەدانساڵەی کورد هێندە گەورە دەبێت کە هەموان بە زوویی هەستی پێبکەن و لە ناو خەڵکەکەشمان دا ئەبێتە مایەی شانازی.

ئێمە تا رزگاری کۆتایی رێگایەکی گەلێک درێژمان لە پێشە. بێگومان ئەگەر بە رێگای هەڵەی جاران دا بڕوین، حەتمەن چەندین قات دوور دەکەوینەوە و بەم نیسبەتەش زیان و زەرەکانمان گەورەتر دەبن. ئەم گۆڕانکاریانەی بۆ ناوچەی ئێمە لە رێگادان، هەل و فرسەتی بە کەڵکیش بە دوای خویان دا دێنن. کورد ئەگەر وەک رابوردوو بێ پلان و بەرنامە و بە چەند دەنگی بڕۆاتە مەیدان، حەتمەن بە دەستی خاڵی و رەنگە بریندار یش لە مەیدان بێتە دەر. بەڵام ئەگەر یەکدەنگ و خاوەن هەڵویستێکی روون، دیار و مەعقوول بێت، رەنگە چەندین قۆناخ بە جارێک ببڕێ و لە ئامانجی کۆتاییش نزیک بێتەوە.

٢٠١٣-٩-٣

# ١٨

# هەلێکی زێڕینیتر بۆ کورد
# لە ڕێ دایە

# هەلێکی زێڕینیتر بۆ کورد لە ڕێ دایە

رووخانی ریژیم و دەسەڵاتی سەدام حوسەین وەک بوومەلەرزەیەکی بە هێز سەرجەمی ناوچەی ئێمەی هەژاند و نزیک بە دەهەیەک تێپەڕیوە بەڵام هێشتا ئاسەوارە چاک و خراپەکانی دەبینرێن و لە ناو نەچوون. ئەم گۆڕانە گرنگە بۆ هەموان زیانی هەبووبێت، بۆ ئێمەی کورد وە قازانج گەڕا و بەشێک لە خاک و خەڵکمانی لە ژێر چنگی یەکێک لە ریژیمە دڕەندەکانی مێژوو دا دەرهێنا، هیوا و هومێدی بە بەشەکانی تری کوردستان بەخشی ، داگیرکەران و هاوکارانی ئەوانی ترساند و بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد لە «خەونی خوشی شاعێرانەوە» لە راستیەکی دیار و مومکین نزیک کردەوە.

ئیستا پاش زیاتر لە هەشت ساڵ دۆست و دوژمن لەم بارەوە هاودەنگن کە کورد هەرچەند گەلێک دەستکەوتی بە نرخی خستنە دەست خوی، بەڵام پڕبەپێستی خوی کەڵکی لە هەلەکە وەرنەگرت و زۆر دەستکەوتی گرنگی، لە وانە شاری کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی تری لە خۆڕا و بێ هۆ لە کیس خوی دان کە دەستخستنەوەیان مەحاڵ نەبێت زۆر زەحمەتە، جا مەگەر هەلێکی دیکەی لەو چەشنە هەڵکەوێ. (*)

سەرنجێکی وردی ناوچەکە پێمان دەڵێ کە هەل و فرسەتێکی دیکە و رەنگە لەوەی پیشوو گەورەتریش لە رێگایە. با کۆمەڵێک رووداوی رۆژانەی دەورووبەرمان بخەینەی بەر چاو تا ئیدەعای بێ بناغە نەبێت:

١- ریژیمی سووریە وەک یەکێک لە داگیرکەران و داپڵۆسێنەری سەرهەڵدانی کوردەکانی ژێر چنگی خوی و، یەکێک لە چوارکوچکەی پیلانە

هەمیشەییە چوارقۆڵیەکەی دژی کورد، خەریکە لە رووخان و سەرەوژێربوون نزیک ئەکەوێتەوە. سەراسەری وڵاتی سووریە بە کوردستانەکەیشیەوە بووەتە مەیدانی سەرهەڵدان و دەوڵەتی بەعس جگە لە سەرکوتێکی شێتانە، هیچ چارەیەکی دیکەی بۆ نەماوەتەوە. شارەزایانی ناوچە و وڵاتی سووریە پێیان وایە هەموو مەرجەکانی رووخانی ریژیم بەعسی ئەسەد ئامادەن و ئەوەی ماوەتەوە کات و زەمانە کە هیچ کەس و تەنانەت دەوڵەتانی گەورەش ناتوانن پێشی تێپەڕینی کات بگرن. فەرزی من لەم لێکدانەوەیە دا ئەوەیە کە دەوڵەت و ریژیمی سووریە بڕووخێ. (**)

٢- لە وڵاتی تورکیە هەڵبژاردنێک کراوە و کورد تێدا بە دەستکەوت و ئیمکانی زیاترەوە هاتوەتە دەر. هەوڵی ناتەواو و ناڕوونی دەوڵەتی تورک بۆ چارسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد بەردەوامە و جارێ بە شێوەی کاتیش بێ بزاڤی کورد و رێبەرانیشی درێژەدان بەم رێگایەیان هەڵبژاردووە و بڕیار وایە بۆ ماوەیەکی نادیار ئاگربەست بکرێتەوە. شارەزایانی بواری تورکیە لایان وایە دەوڵەت و مەجلیسی نوێی تورکیە یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتە دەگۆڕێ و لە قانوونی تازە دا ئەگەریش راستەوخۆ ئیشارە بە بوونی نەتەوەی کورد نەکرێ، لانیکەم ئەو بەشە لە دەستووری ئیستا لادەبات کە دەڵێ هەموو هاووڵاتیانی تورکیە تورکن. ئەمەش خوی مەیدانی سیاسەتکردنی کورد بەرینتر دەکات تا ئەو پڕۆژەیە خویان ناویان ناوە «خۆسەری دیموکراتیک» بە کردەوە بێتە «ئەمری واقێع». فەرزی من لەم بارەوە هاودەنگیە لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیە. (***)

٣- لایەنە جیاوازەکانی ناو دەوڵەت و مەجلیسی ئێراق رۆژ لە دوای رۆژ ناکۆک و دژی یەکتر ئەوەستنەوە. دوای حەوتمانگ هاتو چوو،باس و باجدان و سات و سەودای ئاشکار و شاراوە توانییان دەوڵەتێک پێکبهێنن و دوای حەوتمانگیتر تازە دەردەکەوێ ئەو دەوڵەتە فەلەج لە دایک بووە. باڵی

شێعەی عەرەبی ئێراق نایهەوێ سونییەکان وەک وەزن و ئەندازەی خویان بەشداری حکوومەت بن و، سونییەکانیش دوای دەیان ساڵ ئاغایەتی کردن و حاکمی موتڵەقبوون، هەروا هاسان حازر نین وەک «براچکۆلە» بەشداری دەسەڵات بن. شارەزایانی وەزعی ئێراق پێیان وایە ئیمکانی تێکچوونی دەوڵەتی «تەوافوقی» گەلێک زۆرە و، جارێکیتر رێککەوتنەوەش گەلێک دوور دێتە بەر چاو.

بۆیە لەم گێژاوە دا کە کورد راستەوخۆ تێدا بەشدار نیە بەڵام ئاوتوماتیکی قازانجەکەی دێتە لای ئەوان و دەتوانن کەڵکی گەورەی لێ وەرگرن. جا مەگەر وەک زۆر جاریتر عادەتیان بووە، ئەم جارەش پشت لە قازانجی خویان بکەن و هەوڵی رێکخستنەوە و سازکردنەوەی ماڵی تێکڕووخاوی «ئەوان» بدەن. فەرزی من لەم بارەشەوە ئەوەیە کە ئەم جارە کورد لە قازانجی خوی تەڤبگەڕێ.

۴ - ریژیمی ئێران وەک داگیرکەر و دژمنێکی کاریگەر لە سەر دۆزی کورد، وێڕای کێشەکانی خوی سەرجەمی ئەم گۆڕانانە کاریگەری خراپی لە سەر دەکەن و هەڵقەی گەمارۆی لێ تەنگ ئەبێتەوە. لە وەزعێکی واش دا نەک هەر بۆ پارچەکانی تری کوردستان ناتوانێ مەترسییەک بێت بەڵکوو زەحمەتە بتوانێ درێژە بە سەرکوتی خەڵکی خوی و لەوانە کوردەکان بدات. بۆیە ئێرانیش سەرەنجام لە گێژاوێکی وادا تووشی گرفتی گەورەتر دەبێت.

سەرجەمی ئەم وەزعە ئەتوانێ هەل و فرسەتێک بخولقێنێ کە کورد بە خەونیش نەیبینیوە و ئەگەر بیهەوێ ژیرانە هەلەکە بە کاربێنێ، ئەتوانێ قۆناخێکی زۆر گەورە ببڕێ و لە سەرکەوتنی یەکجاری نزیک بێتەوە، بەڵام بە شەرتێک:

١- لە باشووری کوردستان هەرچێک زوو تر ئەم پرۆسەیە کە ئیستا دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن دەستیان پێ کردووە بەتەواوی و بە دڵسۆزییەوە

ببرێتە سەر و چاکسازییەکی راستەقینە لە باری ئیداری، سیاسی و کولتوورییەوە بکرێ کە خەڵک بە کردەوە بەرهەمەکەی ببینن.

٢ - کۆنگرە، یان کۆنفەرانسێکی نەتەوەیی ببەسترێ و تێدا هاوپەیمانییەک لە نێوان پارچەکانی کوردستان و سەرجەمی حیزبەکانیدا بێتە ئاراوە و چوارچێوەیەکیش بۆ هاوکاری دیاری بکرێ.

٣ - ستراتێژییەکی ئاشکرا و عەلەنی بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بە گشتی و بۆ هەر پارچەک بە تایبەتی دیاری بکرێ و مەیدانی هەڵسووڕانی سیاسی، رێکخستنی، دیپلۆماتیکی و سەربازی لایەنەکان دەس‌نیشان بکرێ.

٤- حیزبەکانی هەر پارچەیەک وێڕای بەشداری و ئەندام بوون لە کۆنگرە/ کۆنفەرانسی نەتەوەیی دا، لە پارچەی خویان دا بەرەیەکی هاوبەش پێک بێنن و لە رێگەی ئەو بەرەیەوە پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتی داگیرکەر دا پێکبێنن، رێنوێنی و رێبەری خەڵک بکەن و لە هەل و مەرجی نوێ دا تاکتیکی نوێ و بڕیاری هاوبەش بۆ خەڵک دەستنیشان بکەن.(دیارە جگە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە پارچەکانیتر دا عەمەلەن ئەم بەرەیە ئیستا هەیە.)

٥ - خاڵی کۆتایی و ئاکای ئەم باسە ئەوەیە کە رێبەریی حیزبەکان، بێ دەمارگرژی و خۆبەمێحوەرزانین، لە توانای بەرین و بەنرخی خەڵکی ئاکادێمیکی کورد کەڵکی پیویست وەربگرن و روانگە و بۆچوونەکانیان بە جدی وەربگرن.

*(*) وەک بینیمان دواتر هەلی باش و زۆر لەبار خولقا، داحش بوو بە هۆی ئەوە کورد گشت ناوچەکانی بخاتەوە ژێر دەستی خۆی و لە پلانی مناڵانەی رێفراندۆم و خیانەتی ١۶ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا بێ بەرگری درایەوە دەست داگیرکەرانی بەغدا.*

*(**) کۆتایی ساڵی ٢٠١١ رێژیمی سووریە بە گشت پێوەرێک لە لێواری رووخاندا بوو و*

دواتر هاتنی داعش و رووسیە بۆ ناو گەمەکە، سەد و هەشتا دەرەجە وەزعەکەی گۆڕی و ئیستا دوا رۆژەکانی ٢٠١٧، دەوڵەتی ئەسەد لە پۆزیسیۆنی هێزەوە قسە دەکات و جگە لە هێزی کورد، کەسی دیکەی لە بەرانبەردا نەماوە حیسابی هێزی بۆ بکات.

(***) کاتی نووسینی ئەم وتارە هەموان لایان وابوو کە دەوڵەتی تورک و ئاکەپە نیازی جۆرێک رێگاچارەن بۆ پرسی کورد. دوای پەشیمانبوونەوەی ئەردۆغان لە گشت قەوڵ و بەڵێنێک، ئێتر تورکیا لە سەر رەوت و رێڕەوێکی دیکەیە و زەحمەتە دوارۆژی بە هاسانی پێشبینی بکرێ.

٢٠١١-١١-١١

١٩

# دژمنانی
# یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

# دژمنانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

لەوە دا شکێک نیە کە گەورەترین سەرمایەی هەر حیزبێکی سیاسی ئێعتباریەتی. ئێعتبارێک کە لە هیچ وڵاتێک دا موفت و هاسان بە دەست نایە و ئەوەی بۆ وڵاتێکی ژێردەستی وەک کوردستانیش ئەگەڕێتەوە دەریایەک خوێن و کێوێک فیداکاری پیویستن تا ببیە حیزب و ئەویچ حیزبی جێ بڕوای خەڵک.

یەکیەتی نیشتمانی کوردستان سەربەرزانە ئەم رێگە دژوار و پڕ لە خۆبەخشییەی لە مێژە بڕیوە و ساڵانێکە وەک یەکێک لە سەرەکیترین حیزبەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی کورد رۆڵی سەرەکی ئەگێڕێ. دوای کوژانەوەی ئاگری شۆڕشی پڕ شکۆی ئەیلوول و هیوابڕانی جەماوەری کورد لە هەر چوار پارچە، کۆمەڵێک کەسی گیانباز، ئازا و دڵسۆز لە ناو سووتمانی ئەو ئاگرە دامرکاوە دا هەستانەوە و، لە کاتێک دا «دار و بەردیش رەنگی دەگۆڕی تا بەر رق و غەزەبی بەحس نەکەوێ» ئەوان کڵاشینکۆف لە شان چوونەوە سەر شاخ و بە توانەوە و خۆبەدەستەوەدان وتیان نا!. ئەمە یەکێک لە گەورەترین وەرچەرخانەکانی مێژووی ئێمەیە و میداڵی شانازییەکەشی بە بەرۆکی یەکیەتی نیشتمانییەوەیە.

یەکیەتی لە ماوەی چوار ساڵ دا (١٩٧٥ تا ١٩٧٩) بوونە هێزێکی وا دیار کە نەک هەر لە باشوور بەڵکوو لە رۆژهەڵاتی وڵاتیش دا جێ پەنجەیان دیار بێت و لەتەک رووخانی رێژیمی پالەوی دا لە دەرکەوتن و پەرەگرتنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئەو پارچەیەش دا رۆڵی گرنگ و کاریگەریان گێڕا.

ڕێبەرانی یەکیەتی و بە تایبەتی مام جەلال کەسی یەکەمی ئەم ڕێکخراوە، لە ماوەی تەمەنی سیاسییان دا گەلێک هەڵە و خەتای گەورەشیان بووە، بەڵام بە هۆی بەرینی پێگەی جەماوەری و بەرفراوانی ئاستی تێکۆشانیان هەردەم خەڵکی کوردستان چاوی لەم هەڵانەیان (وەک هەڵەی گشت حیزبەکانی تر) پۆشیوە و کە کاتی هاتووە، بە دەنگ و ڕەنگی خویان چوونتە پشتسەریان و بێ دوودڵی بەرز و بەرینیان کردووەنەتەوە.

لەم دوایانە دا کتێبێک لە ژێر سەردێڕی : ‹‹ پێشەوا و ڕێبەری گەورەمان ئیمام خومەینی›› دا بڵاوکراوەتەوە و دەستگای چاپ و بڵاوکردنەوەشی سەربە یەکیەتییە.

هەڵبەت ئەمە یەکەم جار نیە کە ڕێبەرانی باشوور و بە تایبەتی ڕێبەرانی یەکیەتی بەم جۆرە کارانەیان، ڕێز و ئێعتباری خویان لای جەماوەری کورد دێننە خوار. هەر لە سەردانە بێماناکانی مام جەلال بۆ سەر گۆڕی خومەینییەوە بگرە تا باسی ئەو دەورانەی کە گوایا مامە داوای کردووە لە خومەینی لە نەجەف نەمێنێ، بێتە کوردستان و ببێتە فەرماندەی ئەوان! (بێننە بەرچاوی خوتان خومەینی بە عابا و مێزەرەوە فەرماندەی پێشمەرگە بێت.!) یان ئەوەیکە مام جەلال خوی سەرۆک کۆماری وڵاتێک و نیوە حاکمی وڵاتێکی دیکەیە، کەچی دەبینین بیۆگرافییەکەی لە لایان جاسووسێکی سووکی ئیتلاعاتی ئێرانەوە، بە ناوی قانعیفەر ئەینووسرێتەوە، ئەویش بە فارسی و چە نووسینێک!

یان ئەوەێکە مەلا بەختیار موستەفا جەمرانی جەلاد بە شەهید ناو دەبات و شانازی دەکات کە لە نزیکەوە بینیویەتی! جەمرانێک کە لای زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵات وەک عەلی شیمیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەناسرێ و قاتڵی شەڕەکانی سەرەتای داگیرکردنەوەی کوردستانە.

خومەینی ڕێبەرێکی کاریگەر و کاریزماتیکی ڕەوتێکی کۆنەپەرستی

ئێرانی بوو. گومانی تێ دا نیە کە ناوبراو بۆ بیر و بۆچوونی خوی کەسێکی شیلگیر، ئازا و ماندوویینەناس بوو. بۆیە لایەنگرانی ئەتوانن ناوبراو بە گەورەترین کەسی دنیا بزانن و سەدان کتێبیشی لە سەر بنووسن وەک چۆن تا ئیستا کردوویانە. بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ گشت ئەو کەسانەی بڕوایان بە پێشکەوتن و دنیای شیاوی مرۆڤی ئەم سەردەمە هەیە، بە رێبەر و پێشەوا ناوبردنی ئەم کەسە دڕەندە، بێ رووحم و کۆنەپەرەستە جگە لە شەرم و شکان هیچی دیکە نیە.

خومەینی بچووکتیرین بڕوای بە هیچکام لەو بنەمایانە نەبوو کە یەکیەتییان بۆ دامەزراوە و تاقە خاڵێکی هاوبەشیش لە نیوان یەکیەتی و رەوتی خومەینیزم دا نیە.

یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە سەر بنەمای رزگاری کوردستان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دامەزراوە. شەڕی یەکیەتی و بەعس بۆ گەییشتن بە قودس و تەنانەت کەربەلاش نەبووە. ئامانجی یەکیەتی کۆمەڵگەیەکی سێکۆلاری دیموکراتیکە و هەزاران مرۆڤی شەریف بۆ گەییشتن بەم ئامانجانە لە ریزەکانی دا گیانیان بەخشیوە.

پێداهەڵگوتن بە تاوانبارێکی وەک خومەینی، هەوەڵ بێ رێزییە بەم شەهیدانەی یەکیەتی خوی و دواتر بە گشت ئەو کەسانەی ئازارێکیان لە رێژیمە دڕەندەکەی خومەینییەوە پێ گەییشتووە.

کوردی رۆژهەڵات ٣٤ ساڵە گیرۆدەی دەستی ئەم رێژیمەن و نەیانگەرەکە نەک لە حیزبێکی کوردیی هاوچارەنووسیان، بەڵکوو لە هیچ مرۆڤێکی شەریفی دنیاش ببیسن قاتڵانی گیان و تاڵانچیانی وڵاتیان بە پێشەوا بناسێنن.

هەڵبەت ئەم کارانە هیچ ئێعتبارێک بە تاوانبارێکی وەک خومەینی نادەن، بەڵام دڵنیام گەلێک لە ئێعتباری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لای

جەماوەری کورد، بە تایبەتی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کەم دەکەنەوە. یەکیەتی لەم ساڵانەی دواییدا بە ئەندازەی پیویست زیانی بە ناو و ئیعتباری خوی گەیاندووە و پیویست نەبوو ئەمەشی بێتە سەر.

دیارە یەکیەتیش وەک گشت حیزبێکی دیکەی کوردی دژمنی هەیە ودژمنەکانیچی بۆ بێ ئێعتبارکردنی تێ دەکۆشن بەڵام، لەم بارەوە هیچ دژمنێک هێندەی رێبەرەکانی خۆی، ئاگایانە یان لە بەر نەزانی، بەم شێوە هەرزانە حیزبی خویان بێ ئێعتبار نەکردووە.

تێبینی:

ئەم بابەتە هی ئەو رۆژانەیە کە ناوەندێکی سەر بە یەکیەتی کتێبێکیان لە سەر خومەینی بڵاو کردبوویەوە و لەو رۆژەوە تا ئەم سەعاتەش ئەم سیاسەتە چەوت و سووکەیان بە نیسبەت ئێران و ئێمە کوردی رۆژهەڵاتەوە درێژە داوە.

# ٢٠

# گێژاوی سیاسەتکردن لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەلپەرەستی هێندێک هەڵەشەکار

# گێژاوی سیاسەتکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەلپەرەستی هێندێک هەڵەشەکار

شەرتی بنەڕەتی بۆ ڕەخنە و ڕەدکـردنـەوەی کـرداری سەردەمێکی بزووتنەوەیەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، کە هەزاران ئینسان ئاگاهانە و بەوپەڕی بڕواوە گیانیان بۆ داوە، ئەوەیە کە نەفسی بزووتنەوەکەت قبووڵ بێت، لەبەرانبەری ڕیژیمی دژبەری ئەم جووڵانەوە دا خاوەن هەڵویستی روون بیت و داواکانی ئەم خەڵکە بە هی خوت بزانی. پێچەوانەی ئەوە کوردێک ناتوانێ ئەم بزووتنەوەیە بداتە بەر ڕەخنە و نەبێتە هاوکار، یان لە باشترین حاڵەتیدا هاودەنگی داگیرکەران.

کاتێک گرفت و کێشەیەک لە کۆمەڵگەیەک دا سەرهەڵئەدات، پیویستیی چارەسەرکردنیشی دەردەکـەوێ و شێوەی چارەسەرکردنەکەش زۆرجار بەدوای گرفتەکان دا دێتە مەیدان. لەو شوێنانە دا کە ژیان ڕەوتی سرۆشتی خوی تێپەڕ دەکات و لە سەرهەڵدان، مانەوە و چارەسەر نەکردنی گرفتەکەدا تەنیا سەبەبە ئاساییەکان بەشدارن؛ عاملی چارەسەر زوو دەگاتە ئامانج و کۆتایی بە کێشە و گرفتەکە دێت. بەڵام لە کۆمەڵگە «نائاساییەکان» دا هۆکاری تێکدەر و لەمپەر لە ریی چارەسەرکردن فراوانن. بۆیە گەلێک جار ئەو عاملەی کە وەک چارەسەر دێتە مەیدان ناکام دەبێت و پاش ماوەیەک کەڵک و کارایی خوی بۆ چارەی ئەو گرفتە (کە بۆی هاتووەتە مەیدان) لە دەست ئەدات. جا با خوشی بڕوا بەو بێ‌کەڵک بوونەی خوی نەکات!

وەک یاسای سرۆشت لە گشت شوێنێکی دنیا دا نیشانی داوە، کاتێک شتێک بێ کەڵکی و ناکارامەیی خوی دەرخست ئاڵتێرناتیڤی بۆ پەیدا دەبێت.

شەرتیش نیە ئەم ئاڵتێرناتیڤە نوێیە حەتمەن باشتر لەوەی پیشوو بێت. وەک لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی کورد دا دووسەد ساڵە دەیبینین و دەیبینینەوە! یان لە گرفتی بەر دەم دیمۆکراسیزاسیۆنی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیارە و گۆڕان و گۆڕینی رێژیمەکان نەبووەتە هۆی دابینکردنی دیمۆکراسی و سەبەستی.

بە قسەی دۆست و دوژمن هەژماری ئەو کوردانەی لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران دا دەژین هەژمارێکی میلیۆنییە. جا بە قسەی کوردانی «ژمارە نەزان» دە میلیۆن و بە وتەی سەرکوتکەرانیان چەند میلیۆن کەمتر. ئەم خەڵکە بەدرێژایی مێژوو لە سەرجەمی دەوڵەتەکانی ئێران ناڕازی و لە لایان ئەو دەوڵەتانەوە سەرەتاییترین مافەکانیان خراونەتە ژێر پێ. رەنگە هیچ کەس بە روونی نەزانێ کەی یەکەم سەرکوت و کوشتاری کوردان لە لایان ئێرانییەکانەوە دەستی پێکردوە. بەڵام لانیکەم مێژوو سەربڕینی پێنجسەد پیاو لە بناری قەندیل و ناردنی سەرەکانیان بە باری چەندین ئەسپ بۆ ئەسفەهانی دەرباری شا تەهماسبی سەفەوی، قڕکردنی دانیشتوانی قەڵای «دم دم» و کوژرانی «خانی لەپزێڕین»ی بە دەست شا عەباس بۆ تۆمار کردووین. روون و ئەبێت لە هەموانیش ئاشکرابێ کە ئەم رووداوانە نەک تەنیا پێش پێکهاتنی حیزبە چەکدارەکانی کورد و دواییینیان «پژاک»، بەڵکوو پێش ئەوە بوون کە تاران ببێتە شار و شا و دەسەڵاتی ئێرانی تێدا نشتەجێ ببێ!

ئەگەرچی لەم نەگبەتییانە دا کورد قەت یەکدەست و تێکڕا نەچوونەتە شەڕی ئەم زاڵمانە و پلان و بەرنامەیەکی هاوبەشیان بۆ رزگاری یەکجاری نەبووە (و هەر ئەمەش هۆیەکی گرنگی تا ئیستا بە دیلی مانەوەیە)، بەڵام ئەم نەتەوەیە، سەرەڕای دەرکەوتنی کۆمەڵێک خائێن و خۆفرۆش لە ریزەکانی خویدا کە خراپتر لە دژمن لە دژی خوی راوەستاون، دیسانیش هیچکاتێک بێدەنگ و تەسلیمی ئەم ستەم و چەوسانەوە بێ پسانەوە نەبووە. مێژووی

تاڵمان پڕە لە نموونەی زەق کە بە چەک و تەنانەت بێ چەکیش لەبەرابەر هێرش و تاوانەکانی دوژمندا راوەستاوە و لەم ریگایەش دا سەدان تراژێدی و کارەساتی بەسەر هاتووە. ئەوەی وەک ئەزموون لە دەسەڵاتدارانی ئێرانی بۆ کورد ماوەتەوە، فێڵ، دووڕوویی، چەواشەکاری پاچەقولەدان، «بە لۆکە سەربڕین» و تێرۆری ریبەرانی بووە.

ریژیمی ئێستای ئێران کە زیاتر لە سی ساڵە حاکمیەتی هەیە، ناوی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. جیاوازی رژیمی پێش کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ ریژیمەکانی پێش خویدا ئەوە بوو، جگە لە دڕەندەیی و بێڕوحمی دژی خەڵک، ئایدئۆلۆژی نژادپەرەسانەی نەتەوەی فارسی (کە جۆرێک بوو لە نازیزمی هێتلەری) کردبووە سەرتۆپی گشت پلانەکانی و بێشەرم و شاردنەوە گەرەکی بوو لە شەش نەتەوەی نشتەجێ ئەو وڵاتە، شتێک بە ناوی «میللەتی ئێران» (فارس) درۆست بکات! جیاوازی کۆماری ئیسلامیش لەگەڵ ریژیمی پێش خوی(ریژیمی پالەوەییەکان) ئەوەیە کە سەرەڕای هێشتنەوەی ئەو ئایدئۆلۆژییە فاشیستی‌یە، ئایدئۆلۆژی ئیسلامی شێعەشی وەک بناغەی گشت کارەکانی داناوە.

کورد بە چەک و بێچەکیش، هیچکات و بە هیچ شێوەیەک لە هیچ جێگایەکی ئەم دوو ئایدئۆلۆژییەی ریژیمی ئیستای ئێران دا بچووکترین شوێن و جێگای بۆ دانەنراوە، (هەڵبەت ئەگەر جاشیەتی و نۆکەری وەک شوێن و شوغڵ حیساب نەکەین). دیارە بوونی ژمارەیەکی زۆری کارمەندی پلە خوار، کە هەمیشە رئیس و فەرماندەرێکی ناکوردیان لەسەرە و هیچ دەورێکیان لە سیاسەتدانان و بەرنامەرێژییدا نی‌یە، بە شەراکەت لە دەسەڵات بەحیساب نایەت. بۆیە یەکەم رۆژی هاتنەسەرکاری ئەم دەستگا ترسێنەرە، جگە لە شەڕ و کوشتن هیچیتر لە کوردستان دا نێشانی خەڵک نەدرا و تا ئەم جۆرە بیرەش باڵادەست بێ چاوەڕوانی خێر لە دەسەڵاتدارانی ئێران

نیشانەی ساکاربینین یان فریوکارییەکی بێ پەردەیە.

ئەوەیکە کورد و ئەم دەسەڵاتە رەشە چۆن تووشی شەڕبوون، ئەوەیکە کورد بۆ یەکگرتوانە و بە پلان و بەرنامەیەکی رێک و پێکەوە، وتووێژ، ئامادەکاری و دواتر بەربەرەکانی ئەم ریژیمەی نەکرد، ئەوەیکە بۆ هێشتا دوای زیاتر لە سی ساڵ، ئێمە بە خوماندا نەهاتوینەوە و نەبووینەتە خاوەنی بەرە و یەکییەتیەکی جێ هیوای خەڵک و.... پرس گەلێکن کە ئەکرێ لە لایەن سەرجەمی خەڵکی کورد و بە تایبەتی خوێندەوارانی ئەم سەردەمەوە بێنە بەرباس، بەتوندی رەخنە بکرێن و رێگای چارەسەر، یان نزیک بوونەوە لە چارەسەری دەست نیشان بکرێ و ئەوەی لەم بارەوە گومانێکی هەبێ ئەبێت شک لە عەقڵی یان سەداقەتی بکرێ. بەڵام:

- شەرتی بنەڕەتی بۆ رەخنە و رەدکردنەوەی سەردەمێکی بزووتنەوەیەی رزگاریخوازیی گەلەکەمان، کە هەزاران ئینسان ئاگاهانە بەوپەڕی بڕواوە گیانیان بۆ داوە، ئەوەیە کە نەفسی بزووتنەوەکەت قبووڵ بێت، لەبەرانبەری ریژیمی دژبەری ئەم جووڵانەوە دا خاوەن هەڵویستی روون بیت و داواکانی ئەم خەڵکە بە هی خوت بزانی.

١ - لە گشت جووڵانەوەکانی چەشنی جووڵانەوەی کورد دا کۆمەڵێک بەها و نرخ پەیدا ئەبن کە رێزلێنانیان نەک پیویست، بەڵکوو ئەرکە بۆ هەموان. بێگومان بەهادارترینی ئەو نرخانەش ئەو کەسانەن کە لە رێگای ئامانجەکانی ئەو بزاڤەدا گیانیان فیدا دەکەن، واتا شەهیدەکانی ئەم ریگایە. ئەمە تەنیا لای ئێمە وەک ئەسڵ چاوی لێناکرێ، بەڵکوو لە گشت شوێنێکی دنیا و لە هەموو سەردەمەکاندا گیانبەختکردوانی رزگاریی و بەختەوەریی نەتەوەیەک رێز و حورمەتی تایبەتیان بوە و هەیە. فەرەنسەویەکان بە رێزێکی فراوانەوە ئەڕواننە ئەو کەسانەی کە رۆژانی داگیرکرانی وڵاتەکەیان لە ناو دارەستاندا مانەوە و شەڕی سەربازانی هێتلەریان کرد و دواتر لەو رێگایەدا

سەربەرزانە گیانیان بەخشی. فینلاندییەکان، ئەسپانییەکان، رووسەکان، جەزایەرییەکان، تورکەکان، فارسەکان و... هەروا گیانبەختکردوانی رێگەی رزگاری وڵاتیان بە تاجی سەر دەزانن نەک بە قوربانی دەستی حیزب، یان لایەنێک و دواتر بەجێ دژمن و داگیرکەر ئەو حیزب یان لایەنە «رەجم» کەن وەک چۆن ئیستا هێندێک گەمژە و هەڵەشەکاری ئێمە دەهۆڵی بۆ لێ دەدەن.

٢- دەکرێ کەسی رەخنەگر سەراپا دژی بەکارهێنانی چەک، توند و تیژی و بەکارهێنانی زۆر بێت، وەک مافی سرۆشتی خوشی لە هەر حیزبێکیش کە لەگەڵ چەک ئاشنایە خوی دوور بگرێ. ئەمە مافێکی رەوایە و کەس نابێت بە هۆی بوونی ئەم روانگەیە بدرێتە بەر تانە. بەڵام خاوەنی ئەم روانگەیەش نابێت هەرخوی بە ژیر، رووناکبیر، تێگەییشتوو و ئەوانیتر بە»دێهاتی››، نەزان و شەڕفرۆش بزانێ. کۆمەڵگە جیاوازە و مرۆڤەکانیشی وەک یەک بیرناکەنەوە. لە بزاڤە رزگاریخوازانەکانیش دا نموونەی وا زۆرن کە هێندێک خوازیاری خەباتی چەکدارین و هێندێکیتریش لە سەر بنەمای لێکدانەوەی خویان رێگەی خەباتی بێچەک بە باش دەزانن. نموونەی هەرە زەق لایەنگرانی داوید بینگوریان و هەمبەرەکانیان، لایەنگرانی میناخێم بیگین لە بزاڤی جوولەکەکاندا، یان خەباتکارانی ئیستە و ئەم سەردەمەی باکووری کوردستان و گەلێک شوێنی دیکەی دنیاش پڕن لە نموونەی هاوشێوە.

رابوردوو بە روونی دەری خستووە کە، ئەوە دەوڵەتەکانی ئێران و یەک لەوان کۆماری ئیسلامییە کە گشت رێگاکانی لە کورد گرتووە و ناچاری شاخ و جوابدانەوەی چەکداری کردووە. چەواشەکاری لەم بارەوە نەک بێ کەڵک، بەڵکوو شوورەییشە. بۆیە ئەوەی بزاڤی کورد (یان حیزبێکی تایبەتی ناو بزووتنەوەی کوردستان) بباتە خانەی تیرۆرەوە، لە بزووتنەوەی کورد دا جێگەی نابێتەوە و لە کۆتایی دا و لە باشترین حاڵەت دا رێسوا و دوور لە

جەماوەر ئەبێتە پاشکۆی سیاسەتەکانی ڕیژیم.

لەم ماوەی دوایی دا چەند بە ناو ڕووناکبیرێک سەریان هەڵداوە و گوایە بە ناوی دژایەتی لەگەڵ حیزبێکی تایبەت (پژاک) و شێوەکارەکانی، بێ ئەوە ئیشارە بە تاقە تاوانێکی ڕیژیم دەرهەقی گەلی کورد، لەوانە ئەو لێشاوی ئێعدامانە کە ڕیژیم لە لاوانی کوردی کردووە بکەن، لە ناشیرینترین وشە و ڕستەکان بۆ گەیاندنی مەبەستیان ناپرینگێنەوە. یەکێک لە قاڵبی ئەم حیزبە دا جووڵانەوەی کورد وەک تێرۆر ناو ئەبات و ئەویتر بەراوەردێکی پڕلە شوورەیی و بێبناغە لە نێوان ئەلقایدە و پژاک/پ.ک.ک دا دەکات. سێهەمی بۆ دەستگایەکی کوردی(نەورۆز تیڤی) کە زیاتر لە سی(٣٥) کەس لە «ئورووپا» بێ پاداش بە ساڵانە پێشمەرگایەتی تێدا دەکەن، وشەی سووکی «قەحبەخانە»بەکار دێنێ.ئەدەبیاتێک زیاتر لە نێوەرۆک و سیاسەتی ڕیژیمی تاوانپیشەی ئێران نزیکە تا گشت کەس و دەستەیەکیتر.

من نازانم ئەو نووسەرانە لە ساکاری خویانە وا بێ پەروا، تف و لەعەنەت لە نەیار و شەق لە گشت بەها و نرخەکانی جووڵانەوەی گەلێک هەڵ ئەدەن کە نەک هەر بۆ ئێمەی کورد، بەڵکوو بۆ گشت ئازادیخوازێکی ئێرانیش ئەبێت جێگای ڕێز بن ، یان ئەوەی «ماستەکە بێ موو نیە» من لەم بارەوە گەلێک شتنم هێشتا لا روون نیە بەڵام دڵنیام کە ڕەخنەگرتنی لەم چەشنە (بەم زمانە سووکە) بچووکترین یارمەتی بە باشتربوونی وەزعی ئەو جوورە «خەباتەی» ئەوان باسی دەکەن ناکات هیچ،بەپێچەوانە ڕەوایەتی زیاتر دەداتە شێوەخەباتی یەکرەهەندی سەرجەمی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لانیکەمی زیانەکانی بۆ گشتمان ئەوە بوون کە ئێمە هێشتا لە بەشداری بەشێکی خەڵکەکەمان لە جووڵانەوەدا بێ بەشین و ویستوومانە بە دەستێک چەپڵە لێدەین! بێ ئەوە گوێ بدەینە ئەو پەندە کوردیە کەدەڵێ «دەنگی نایە».

دواوتەم لەم بوارەدا ئەوەیکە، سەرەڕای هەڵکردنی شنەبای ئازادی لە ناوچە، قەیرانیئابووری،کۆمەڵایەتی و لە هەموان گرنتر قەیرانی مەشروعیەت و ڕێبەریکردنی وەک پیشوو، ریژیمی ئێرانی داگرتووە، گێژاوی سیاسەتکردن لە بەرەی ئێمە و لە ناو حیزبە سیاسییەکانمان دا (بە پژاکیشەوە) هێشتا بێ عەلاج دیارە و تا رۆژێک ئەم قەیرانە چارە نەکرێ، کورد یەکپارچە و یەکدەست نەچێتە شەڕی (مەبەست تەنیا شەڕە تفەنگ نیە) نەیارانی فراوان و زۆرداری، بینینی ئاسۆیەکی روون بۆ سەرکەوتنی کورد لە ئێراندا کارێکی هاسان نیە. دیارە هەڵویستی زیانبار و هێرشی هێستریکی بێبناغەی ئەم جۆرەکەسانەش لە دژی لایەنێکی کوردی و بێ هەڵویستییان لە لەبەرانبەر کۆگای تاوانەکانی ریژیمی ئیراندا دژ بە خەڵکی کورد، لەم گێژاوی سیاسەتکردنە دا لە هەڵەشەکاریەکی هەلپەرەستانە بەولاوە هیچیتر نیە.

٢٠١١-٥-٢٠

# ٢١

# گێژاوی سیاسەتکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەلپەرەستی هێندێک هەڵەشەکار

# رابوردووی لێڵ داهاتووی لێڵتری لە دوایە

*ئاوڕێک لە وتاری « لەبیرکراوەکانی»*
*بەڕێز (هێمن سەیدی)*

**دەروازە:**

شەڕی ناوخۆیی کوردان نەک هەر پێش شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات دەستی پێکردووە، بگرە تەمەنی زۆر لە تەمەنی ئەو حیزبانەش کۆنترە کە ئیستا لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا چالاکن:

ئێدمونز، یەکێک لە ئەفسەرانی سپای ئینگلیزی کە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم لە کوردستاندا بووە دەگێڕێتەوە:

دوو عەشیرەتی کورد پێکەوە ناکۆک بوون، سەرۆکی یەکیان ناوی سەگەکەی نابووە «شێرە« کە ناوی سەرۆکی عەشیرەتەکەیتر بوو، لە سەر ئەم ناولێنانە بوو بە شەڕیان و نزیک بە سەد کەسیان لێک کوشت!

ئەم رووداوە هی سەردەمی شەڕی یەکەمی دنیایە!

گومانێک لەوەدا نیە کە گشت ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە شەڕی ناوخۆدا بەشداری دەکەن بەشی خوشیان تاوانبارن و ئەبێت لە شوێن و جێگای خویدا وەڵامدەر بن بەڵام پێش هەموو شتێک ئەبێت ئەوەی لەم نێوانە دا لێ بکۆڵرێتەوە، پێناسە و لە لای گشتمان رسوا بکرێ، نەک مرۆڤەکان و کەسانێکی تایبەت، بەڵکوو ئەو دیاردە، نەخوشی یان خۆ و خدەیە کە مرۆڤی کورد هانئەدات بێ بیرکردنەوە برای خۆی بکوژێ. کاری رێزدار هێمن سەیدی «لە بیرکراوەکان» هەنگاوێکی گرنگە بۆ گەییشتن بەو

مەبەستە.

من کە هەوەڵ جار کەوتمە بیری نووسینی رووداوەکانی شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات، لە دووشت زۆر دەترسام، یەکەم ئەترسام بە هۆی کەم ئەزموونیم لە بواری نووسین دا نەتوانم شتێکی شیاوی خوێندنەوە بنووسم و دووهەم ئەترسام ئەم رووداوە تاڵانە ببنە هۆی دڵ ئێشانی خەڵکی ناوەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەتی ئەو کەسانە کە کاتی لە ئارادابوونی ئەم شەڕە منالێکی چەند ساڵە زیاتر نەبوون، بەڵام ئیستا بەشی زۆری کۆمەڵگەی ئێمە پێک دێنن!

دواتر کە گەییشتمە ناوەڕاستی کارەکەم دەرکەوت هەردووکی ئەم ترسانەم لە خۆڕا بووە و بە پێچەوانەی چاوەڕوانی من، هەم خەڵکێکی زۆر بە تامەزرۆییەوە ئەم رووداوانەیان خوێندەوە و هەم زۆربەی ئەو کەسانە عەلاقەمەندانە داوای بەردەوامی ئەم نووسینانەیان ئەکرد (دەیان نامەی چەندین لاپەڕەییم لەم بارەوە بۆ هاتووە) ئەو نەسڵە بوون کە من دەترسام ئەم داستانە ببێتە هۆی دڵساردبوونەوەیان.

نووسراوەکەی کاک هێمن سەیدی هەنگاوی دووهەمە لەم بارەوە و ئەوەیکە لە رۆژێک دا سەدان کەس ئەم بابەتە دەخوێننەوە گرنگی بابەتەکە بۆ خەڵکی کورد و خوێنەرانی سایتە کوردییەکان دەردەخا.

*****

لەو جێگایانەی کە بڕیاردەرانی وڵات رێز بۆ خەڵکەکەیان دادەنێن،کاتی هەڵە و هەڵخلیسکانیان بەرپرسانە روو دەکەنەوە خەڵک ، داوای بەخشین لەوان دەکەن و بەدوای بیانوو دیتنەوە بۆ شاردنەوە یا پاساودانی هەڵە و تاوانەکانیان نین. لەم جۆرە وڵاتانە دا ئەگەر شەڕێک بە هەر مەبەستێک بێتە ئاراوە، هەڵگیرسێنەرانی شەڕەکە لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕەکە، ئاشتییەکیش دێننە گۆڕ و پەیمان و قەراردادێک ئیمزا ئەکرێ و قەرار ئەدەن کە جارێکیتر

شەڕ نەکەنەوە. بەڵام لە لای ئێمە بەرپرسان لە بەر ئەوە «خوشەویستی» هەموو خەڵکی کوردستانن! هەرکات ویستیان پێکەوە شەڕ دەکەن و هەرکاتیش ویستیان بێ ئەوە باسی ئەو شەڕە بکەن پێکەوە دادەنیشن، مێوانی یەک دەکەن و شەرابیش بە سڵامەتی یەکتر هەڵ ئەدەن! ئەگەر کەسێکی نیوە ئەغیاریش ئەم ڕۆژە ڕەشانەی وە بیر هێنانەوە، ئەوە لە لای ئەوان «کای کۆن» بە بادان و « زامی کۆن» کولانەوەیە! ئەوەێش کە کێ مافی ئەوەی بەم بەڕێزانە داوە باسی شەڕێکی چەندینساڵەی ناو ماڵی کورد و کوژرانی سەدان ڕۆڵەی ئەم خەڵکە بە کای کۆن بشوبهێنن هێشتا لە کەس روون نیە.

*****

کۆمەڵە و دیموکرات پاش ماوەیەکی زۆر گرژی و شەڕ و یەکتر کوشتن لەملا و لەولا، لە زستانی ١٣٦٣ دا شەڕێکی فەرمی و سەراسەرییان دژی یەک (من لە داستانی گەمارۆ دا باسی چۆنیەتی ئەم دەستپێکردنەم کردووە نامەوێ دووپاتی کەمەوە) دەست پێکرد و تا ساڵی ١٣٦٩ درێژەی کێشا. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران قەت کۆتایی بەم شەڕە نە هێناوە و دوایین وتاریشی کە لە رادیۆ بەم بۆنەوە بڵاوی کردەوە ئەوە بوو کە:

کۆمەڵەیەک نەماوە تا ئێمە شەڕی لەگەڵ بکەین!

هیچکات هیچ بەشێکی ئەم دوو حیزبە بچووکترین تاوانی ئەم شەڕە ، کە گەورەترین زیانی بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان گەیاند نەگرتووتە ئەستۆ و، لاپەڕەیەکی دووخەتیش لە نێوان هیچکامیان دا تا ئیستا لەمبارەوە ئیمزا نەکراوە. دیارە قەول و قەرارێکیش نەدراوە کە جارێکیتر ئەم ئاشی خوێنە ناخرێتەوە گەڕ و ئەم خۆکوشتنە سەرهەڵنەداتەوە! ئەگەر لە هەرکام لە ئەندامانی بڕیادەری ئەم حیزبانەش بپرسی هەروەک رۆژەکانی شەڕ لایەنی بەرابەر تاوانبار دەکات و خوی بە حەقدار ئەزانێ.

ئاکامی ئەم وەزعە ئەوەیە کە برینەکانی ئەم شەڕە کۆن دەبن بەڵام بە

تەشەنەکراوی دەمێننەوە و بە هیچ شێوەیەک سارێش ناکرێن، ئاشکرایە کە برینی تەشەنەکردوو قەت سارێش نابێت مەگەر تیمار بکرێ دەنا هەرکات هەل بڕەخسێ (جێگای شەڕکردن هەبێ؟) بە هاسانی ئەکرێ کۆنەقین ببێتە هەوێنی شەڕی تازە و لە ئاکامی هەر ناکۆکییەکیشدا ئەم زامانە نەک سارێژ بەڵکوو تازە دەکرێنەوە. بۆ شاهێدیش مێژووی ئێمە، بە تایبەتی لە باشووری کوردستان پڕە لە نموونەی لەم چەشنە. پیویستە وەبیر بێنمەوە کە زیانی شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات تەنیا کوژرانی نزیک بە هەزار پێشمەرگەی هەردووکلا نە بوو، بەڵکوو ئاشبەتاڵکردنی سەدان کەسی پاک و دڵسۆز لە ڕیزی شۆڕش دا و تەفرووتوونا بوونی چەندین هێز و کومیتەی هەردووکلا بوو کە بە هۆی دڵساردبوونەوە لە کردەوەی ئەم دوو حیزبە هاتە ئاراوە. تەنیا وەک نموونە:

پایزی ۱۳۶۳ حیزبی دیموکرات لە سنە، مەریوان و کامیاران نزیک بە ۵۰۰ پێنجسەد پێشمەرگەی هە بوو کە لە سێ هێزو کومیتە پێک هاتبوون. بەڵام هاوێنی ۱۳۶۴ واتا ۷ مانگ داوی دەستپێکردنی شەڕ کەمتر لە ۱۵۰ کەسیان مابوونەوە! ئەو کەسانە بڕوا بەم ئامارە ناکەن ناوی خویان بڵێن تا من ناوی گشت ئەو کەسانەیان پێ بڵێم کە لە ماوەی ئەم حەوت مانگە دا کوژران یان وازیان لە پێشمەرگایەتی هێنا. تازە وەزعی هێزەکانی هەوشار، سەقز و دیواندەرە لەمەش خراپتر بوو. بێ گومان ئەم وەزعە لە کۆمەڵەش دا هەر بەم جۆرە بووە.

کاک هێمنی سەیدی وەک یەکەم کەس کە ئەندامی ڕێبەری یەکێک لەم حیزبانە بووە دەستی داوەتە کارێکی بەنرخ و جێگای قەدر. ئەم کارە ئەتوانێ هەم ڕوونکردنەوەیک بێت بۆ ئەو رابوردووە لێڵ و سەرداپۆشراوە کە هیچکام لە ڕێبەرانی ئەسڵی ئەم دوو لایەنە لە روویان هەڵنایە یان بوێری ئەوەیان نیە خویان بکەنە خاوەنی و، هەوڵ ئەدەن وەک «ڕووی نەدابێت»

چاوی لێ بکەن. هەروەها ئەتوانێ هاندەرێکیش بێت بۆ ئەو کەسانە کە ئەم باسەی ئەو بە کافی و تەواو نازانن و دەیانهەوێ لە روانگەی خۆیانەوە ئەم مێژووە بنووسنەوە.

رەنگە نووسینەکانی رێزدار سەیدی هێندێک کەم و کۆڕییان هەبێ، بە تایبەتی ئەو دەمانە کە ئەو لە نزیکەوە ئەم رۆژانەی نەدیوە. بەڵام ئەمە شتێک لە راستی رووداوەکان ناگۆڕێ و لە پیویستی باسکردنی ئەم مێژووە خوێناوییە کەم ناکاتەوە. گرنگی نووسینەکەی کاک هێمن لەوە دایە کە بە شوێن دیتنەوەی «تاوانبارێک» دا نیە بەڵکوو بە دوای سەبەب و دیتنەوەی دەردەکەوەیە.

لە کۆتایی دا من وەک کەسێک کە لە نزیکەوە ئەم رۆژە رەشانەی مێژووی گەلەکەم دیتوون، دەستخوشی لە کاک هێمن دەکەم و کارەکەی بە قەدرەوە چاو لێدەکەم چوونکە هەوڵدانێکە بۆ روونکردنەوەی رابوردوویەکی لێڵ و رابوردووی لێڵیش ئەگەر روون نەکرێتەوە بێگومان دوارۆژی تاریکی بەدوا دا دێت.

٢٠٠٩-۴-١